# بنەماکانی دەوڵەتی ئیسلامی

نووسینی

سەعید حەووا

وەرگێڕانی

مامۆستا کرێکار

# بنەماکانی دەوڵەتی ئیسلامی

نووسینی: سەعید حەووا

وەگێڕانی: مامۆستا کرێکار

بۆ پۆلی دووەمی ئامادەیی ئامەدی ئیسلامی

ساڵی: ٢٠٢٠ز-١٤٤١ك

پێگەی زادی

www.zadyreman.com

فەیسبووك

www.fb.com/zadyreman

تویتەر

twitter.com/zadyreman

ئیمەیل

Zadyreman@gmail.com

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إن الحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعينهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِالله مِنْ شُرُورِ أنْفُسنا وَمِنْ سَيِّئات أعْمَالنا، مَنْ يَهْدِه اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَشهدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ النساء: ١

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١﴾ الأحزاب: ٧٠ – ٧١

أمّا بَعْدُ: فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيث كتابُ الله، وَخيرَ الهَدي هَدْيُ مُحَمَّد صَلَى اللهُ عَلَيْه وَسَلَمَ وَشَرّ الأُمورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَة بِدْعَةٌ وَكُلّ بِدْعَة ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلالَة فِي النَّارِ.

# پێشەکی

ئیسلام هەردەبێت حکومەتێکی هەبێت تا پیادەی بکات و سەرپەرشتی بکات و بیپارێزێت. حکومەتی ئیسلامی زەرووورەتێکە بۆ پاراستنی عەقیدەی ئیسلامی لە دەستێوەردان و شێواندنی، لە لێکدانەوەی لار و وێری لادەران و تەفسیری چەوتی زەندەقە و ئینحیراف پێکرنی نیمچە کافران..

زەروورییە بۆ سەلماندن و چەسپاندنی حوکمی مورتەدد (لەدین هەڵگەڕاوە) لەسەر ئەواەی لە ئیسلام و موسوڵمانێتی پاشگەزدەبنەوە: (مَنْ بَدَّل دينَهُ فاقتلوهُ)[1] واتە: هەرکەسێك دینەکەی گۆڕی بیکوژن. کوشتن دەبێت حکومەتێك بیگرێتە ئەستۆ کە لە بارودۆخێکی ئاساییدا دەژی.

حکومەتی ئیسلامی زەرووورەتێکە بۆ پیادەکردنی خواپەرستیەکان:

ئەوانەی لە نوێژکردن سستن تەمێ دەکرێن، ئەوانەی لە زەکاتداندا سستن سەرزەنشت دەکرێن و تین و فشاریان دەخرێتە سەر، ئەوانەی حەجیان لەسەر فەرزە و نایکەن هاندەدرێن، هەرەشەیان لێدەکرێت.

---

[1] بوخاری (٣٠١٧)، ئەبو داود (٤٣٥١)، ترمذی (١٤٥٨).

- حکومەتی ئیسلامی زەڕووربیە بۆ پاراستنی گیانی خەڵکی:

- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِصَاصُ فِي ٱلۡقَتۡلَىۖ ١٧٨﴾ البقـــــرة: ١٧٨ واتە: مـــــــــــافی هەقسەندنەوەی کوژراوتان دراوەتێ و فەرزە.

- ﴿وَلَكُمۡ فِي ٱلۡقِصَاصِ حَيَوٰةٞ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٧٩﴾ البقـرة: ١٧٩ واتە: ژیانتـــان وا لە هەقسەندنەوەتاندایە، ئەی خاوەن هزر و ژیرییەکان. بۆیە ئەم مافەتان دراوەتێ تـا مومارەسەی بکەن و لەو ڕێیەشەوە بگەنە تەقواکاری..

- حکومەتی ئیسلامی زەڕووربیە تا ئابڕوو و ناموسی خەڵکی بپارێزێت:

- ﴿سُورَةٌ أَنزَلۡنَٰهَا وَفَرَضۡنَٰهَا وَأَنزَلۡنَا فِيهَآ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖ لَّعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ١﴾ النـــور: ١ واتە: ئەمە (ســـــورەتی نوور و ئەحکامەکانی سزا کە تێیدان) سوورەتێکە ئێمە ناردوومـانەتە خـوارەوە و فەرزمان کردووە.

- ﴿ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجۡلِدُواْ كُلَّ وَٰحِدٖ مِّنۡهُمَا مِاْئَةَ جَلۡدَةٖۖ ٢﴾ النور: ٢ واتە: ئەو ئافرەتەی زینادەکات و ئەو پیاوەی زینا دەکات هەر یەکەیان سەد قامچیان لێدەن.

- ﴿وَٱلَّذِينَ يَرۡمُونَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ثُمَّ لَمۡ يَأۡتُواْ بِأَرۡبَعَةِ شُهَدَآءَ فَٱجۡلِدُوهُمۡ ثَمَٰنِينَ جَلۡدَةٗ ٤﴾ النـــور: ٤ واتە: ئەو کەسانەی تۆمەتی داوێنپیسی بۆ ئافرەتانی بەمێرد هەڵدەبەستن و دەڵـێن زینایـان کردووە، بەڵام ناتوانن چـوار شـاهید لەسـەر ڕوداوەکە بهێـنن، هەشـتا جەلـدەیان لێدەن..

• حکومەتی ئیسلامی زەڕووورییە تا ماڵ و سامانی خەڵکی بپارێزێت:

- ﴿وَلَا تَأْكُلُوٓاْ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ ﴿١٨٨﴾﴾ البقرة: ١٨٨ واتە بەناهەق ماڵ و سامانی یەکتریی مەخۆن.

• حکومەتی ئیسلامی زەڕووورییە بۆ بەرپاکردنی جیهاد:

- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلْكُفَّارِ وَلْيَجِدُواْ فِيكُمْ غِلْظَةً ﴿١٢٣﴾﴾ التوبة: ١٢٣
واتە: ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە دژی کافرانی نزیك لێتانەوە جیهاد بەرپا بکەن و بکەونە کوشتاریان و با توند و تیژیشتان لێوە ببینن.

• حکومەتی ئیسلامی زەڕووورییە تا هەموو زانستیەك دەست موسوڵمانان بخات و نەوەکانیان لەسەر ئیسلام پەروەردەبکات و سیستەمەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سەربازی و ئەخلاقی و رۆشنبیریی ئیسلامی راپەڕێنێت.

• حکومەتی ئیسلامی زڕووورییە تا سەروەرێتی شەرع باڵادەست بێت و حوکمی سەرەتا و کۆتا ئەحکامی دینەکە بێت:

ئەگەر ئیسلام دەسەڵاتی حکومەتییان نەبوو، موسوڵمانان ناتوانن بانگەوازە خواییەکە و ئەحکامەکانی شەرع بکەنە سەرچاوەی ئاڕاستە و ئیدارە و حوکمڕانی و ناتوانن ئیسلام و موسوڵمانان بپارێزن، حەتمەن بەبێ دەسەڵات و حوکمڕانی زەلیل دەبن و دەکەونە بەرەڵایی و خراپەکاری، چونکە نەفسی مرۆڤ

و حەز و ئارەزووەكانی ناخوازن هیچ سنوریكیان هەبێت، ئەمەش بڵاوبوونەوەی (فەساد)ە كە وولات دەگرێتەوە:

- ﴿وَلَوِ ٱتَّبَعَ ٱلۡحَقُّ أَهۡوَآءَهُمۡ لَفَسَدَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ ۝٧١﴾ المؤمنون: ٧١ واتە: ئەگەر هەق شوێن هەوەسی ئەوانە بكەوتایە و بەپێی ئاڕاستەی ئەوان ڕەفتاری بكردایە، خۆ خراپەكاری هەر هەموو ئاسمانەكان و زەویی دەگرتەوە، لەگەڵ ئەوانەی تێیاندا دەژین.

كەوابوو هەر دەبێت حكومەتێك هەبێت كە دەسەڵاتی بەسەر ئەو خەڵكەوە هەبێت و بتوانێت لەهەوا و هەوەسەوە بیانهێنێت بەرەو تەقواكاری و لەبەرەڵاییەوە بەرەو پابەندی و سەرڕاستی، خەلیفەی ڕاشیدیی سێیەم (سەیدنا عوسمانی كوڕی عەففان خوا لێی ڕازی بێت) دەیفەرموو: (إن الله لَيَزَعُ بالسلطان ما لا يَزَعُ بالقرآن)، واتە: خوای گەورە ئەو كەسەی بە قورئان ڕاست نابێتەوە و نایەتەوە سەر ڕێ، بەدەسەڵات و هێز دەیهێنێتەوە سەر ڕێ.

- تا حكومەتێكی ئیسلامی نەهێنرێتە كایەوە موسوڵمانان لە هێمنی و ئاسوودەییدا نابن:

غەیرە موسوڵمان متمانەی ئەوەی پێناكرێت كە ئازادیی عەقیدە بۆ موسوڵمانان دابین بكات، غەیرە موسوڵمان متمانەی چەسپاندنی دادپەروەریی یەكسانی بۆ موسوڵمانان پێناكرێت و یاسا و شەرع و بەرژەوەندیی موسوڵمان ڕەچاوناكات، موسوڵمان لەژێر سایەی حكومەتی نائیسلامیدا دەشێت ئیسلامەكەی زۆر و زوو

بکەوێتە مەترسییەوە و ناچار دەکرێت گوێڕایەڵی غەیرە موسوڵمان لەسەرپێچی فەرمانی خوای گەورەدا بکات.. ئەمەش تەنگژەیە، چونکە پێچەوانەکارییە لە نێوان دید و تێڕوانینی عەقائیدیی ئیسلام و ڕەفتار و ڕەوشتی موسوڵمانانەوە. ئەمە جگە لەوەی ئەوە ژێردەستەیی و زەلیلییەکە کە لایەقی موسوڵمان نییە و لەگەڵ ئەو عیززەت و سەربەرزییەدا نایەتەوە کە خوای گەورە بۆ موسوڵمانی وویستووە:

- ﴿يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ ۚ وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٨﴾﴾ المنافقون: ٨ واتە: دەسەڵات و زاڵیی بۆ خوای گەورە و نێرراوەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) و موسوڵمانانە.

- ﴿وَلَا تَهِنُوا وَلَا تَحْزَنُوا وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾﴾ آل عمران: ١٣٩ واتە: وورە بەرەمەدەن و خەم و پەژارە مەخۆن و هەر ئێوە باڵادەست دەبن بەو مەرجەی بەڕاستی موسوڵمان بن.

کاتێك موسوڵمان دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حوکمی غەیرە موسوڵمانەوە ئەم باڵادەستی و عیززەتە لەدەستدەدات.. ئەوە هەر خۆی زەلیلییە.

ئەمە بەشێوەیەکی گشتییە.. ئەمما حکومەتانی ئەم سەردەمە مافیان بەخۆیانداوە کە لەهەموو شتێکی گەورە و گچکەی کاروباری هاوولاتیاندا حوکمیان هەبێت و بەوشێوەیەی خۆیان بەڕاست وڕەوای دەزانن و دەستێوەردانیان لە (وجود) یاندا هەبێت، ئەو دید و تێڕوانینەیان لەسەردا دەدات

کەخۆی بەڕاستی دەزانێت، ئەو بەرنامەیەی خۆی پێی پەسەندە دەیکاتە بەرنامەی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان و نەوەکانیان لەسەر دیدو ڕێی خۆی گۆشدەکات و لەسەر دابونەریت و ڕەوشتانێك ناچاریان دەکات کە حکومەت خۆی پێی وایە شیاوترین و پەسەندترینە و بێ ئەو دابونەریت و قییەمە قبووڵیان ناکات.. ئەمانە هەمووی مایەی لادانی دین و ڕادانی دیندارین، هۆکاری لاوازکردنی ئیسلام و ریشەکێشکردنی موسوڵمانانن، ئەگەر لەنەوەی یەکەمیشیاندا نەفەوتێن، نەوەی دووەم و سێیەمیان جگە لەناو هیچی تریان ئیسلامی نامێنێت، ئەگەر ناویشیان ڕێگا بدرێت! هەرکەسێك حاڵی موسوڵمانانی چین و یەکێتی سۆڤیەت و موسوڵمانانی ژێردەستی حکومەتە مورتەددەکانی جیهانی موسوڵمانانی خوێندبێت دەزانێت ئەمە حەقیقەتێکی واقیعی موسوڵمانانی ئەو وڵاتانەیە.

- حکومەتی ئیسلامی زەڕوورییە بۆ ئاڕاستەکردنی مرۆڤایەتی بەرەو ڕێگا و ئامانجی ڕاست و ڕەوا.

پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دوو دیاردەی هەیە:

دیاردەی یەکەم: پێشکەوتن لەدەستەبەرکردنی خێراتی گەردوون بۆ ژیانی مرۆڤایەتی.

دیاردەی دووەم: پێشکەوتنی مرۆڤە لە بوارەکانی ڕەوشت و ڕەفتار و جێگیری و ئاسوودەیی و دادپەروەری و زانینی ماف و ئەرك و بەجێهێنانیان..

ئەوە ئاسان تێبینی دەکرێت کە مرۆڤایەتی بەبێ ئیسلام لە دیاردەی یەکەمی پێشکەوتندا پێشبرکێ دەکات، بەڵام لە دیاردەی دووەمدا دوادەکەوێت.. بۆیە دەبینیت مرۆڤایەتی بەبێ ئیسلام، دەگەڕێتەوە سەر ڕەفتار و ڕەوشتی هەمەجێتی دڕندەیی جارانی، ڕەوشت نزمی و لاسەنگی جاهیلییەتی یەکەمینی.. کەوابوو مادام بوسترێت مرۆڤایەتی لەدیاردەی دووەمیشدا پێشکەوێت پێویستە ئیسلام ببێتە دید و تێڕوانین و بەرنامە و ڕێباز و ڕەفتار و ڕەوشت و داب و قیەم و ئیدارە و دەسەڵاتی ئاڕاستەکردنی، چونکە ئیسلام تاکە دید و ڕێی ڕاستە کە بتوانێت لەهەموو بوارەکانی ژیان و ڕەهەندەکانیدا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پارسەنگانە ئاڕاستە بکات..

هەرکاتێك دیاردەی یەکەمی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لەدیاردەی دووەمینی جیا ببێتەوە دژواریی چارەنووسسازانە ڕوو لەموسوڵمانان دەکات کە هەڕەشە لە (وجود)یان دەکات، جا ئەو جیابوونەوەیە لەسەر دەستی خۆیان و لەناوخۆیاندا بێتەکایەوە یان لەسەردەستی غەیرە موسوڵمان و لەووڵاتی غەیرە موسوڵماندا بێتەکایەوە، وەکو ئا ئەم واقیعەی ئێستای موسوڵمانان نیشانی دەدات.. هیچ چارەسەرێکیش لەبەردەم ئەهلی ئیسلامدا نییە ئەم واقیعە سەختەیان بگۆڕێت جگە لە دامەزراندنەوەی دەوڵەکەی ئیسلام، کە هەردوو جۆرە پێشکەوتنەکە لەخۆ دەگرێت و سنوورێك بۆ ئەو چەواشەکاری و دەستدرێژیانەی جاهیلییەتی سەردەم دادەنێت کە بە زەبر و زێڕ و چەواشەکاری دەیەوێت بیسەلمێنێت کە ئەو ڕاست و ڕەوایە..

- حكومەتی ئیسلامی زەرووریيە تا پەیامی جیهانگیرێتی ئیسلام بگەیێنێت بە مرۆڤایەتیی سەرزەمین:

تا مرۆڤایەتی بهێنێتە ژێر سایەی سەروەرێتی شەریعەتی خوای گەورەوە، تا کەس ناچاری گۆڕینی عەقیدەکەی نەکرێت و ڕەحمەتی ئیسلام مرۆڤ و گیانلەبەرانی تر بگرێتەوە و مرۆڤ لە دەستدرێژی و ستەمی مرۆڤ قوتاربببێت.. دادپەروەریی گشتگیر و ڕاست لە ژێر سێبەری ئیسلامدا نەبێت نایەتە دیی، بەبێ شەریعەتی ئیسلام حەتمەن تاکە کەسێك لە ئوممەتێك حوکمڕانی ئوممەتەکە دەکات، یان چینێك حوکمی هەمووان دەکات، یان خانەوادەیەك.. لەهەموو ئەم جۆرە حوکمانەدا مرۆڤ مرۆڤەکانیتر دەکاتە عەبدی خۆی و تەنانەت لە دیموکراسیترین سیستمی سەردەمیشدا هەروایە.. تەنها لە ژێر سایەی حوکمی ئیسلامدایە کە مرۆڤ نابێتە عەبدی غەیری خوای گەورە.

لەکۆتاییدا دەڵێین: ئیسلام بەبێ هەبوونی حوکومەتی دەسەڵاتداریی خۆی لەبەریەك هەڵدەوەشێت، وەکو لە فەرموودەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) هاتووە: (لَتُنْقَضَنَّ عُرَى الْإِسْلَامِ عُرْوَةً عُرْوَةً، فَكُلَّمَا انْتَقَضَتْ عُرْوَةٌ تَشَبَّثَ النَّاسُ بِالَّتِي تَلِيهَا، وَأَوَّلُهُنَّ نَقْضًا الْحُكْمُ وَآخِرُهُنَّ الصَّلَاةُ)[1] واتە: گرێکانی ئیسلام دانە دانەیان هەڵدەوەشێنەوە، هەرکاتێك گرێیەك هەڵدەوەشێتەوە خەڵکەکە دەست

---

[1] ئەحمەد (٢٢١٦٠)، ئیبنو حیببان (٦٧١٥)، تەبەڕانی (١١٦/٨)، ئەلبانیش لە (صحیح الجامع) (٥٠٧٥) دەفەرموێ: (صحیح)ە.

بەگرێـی دواتـرەوە دەگـرن، یەکەمـین گـرێ کە هەڵدەوەشـێتەوە حـوکم کـردنە بە شەریعەتی خوای گەورە و کۆتاشیان نوێژە.

هیچ پێکهاتەیەکی ئیسـلام لاواز و پەککەتـوو نەکەوت پـێش لەدەسـتچوونی حوکمی ئیسلام و ڕمـانی دەسـەڵاتی موسـوڵمانان.. کاتێـك حکـومەتی ئیسـلامی پایەدار مابوو هەموو پێکهاتەیەکی ئیسلام سەلامەت مابوو..

مادام ئەمانە هەموو زەڕووراتن و بۆ (وجود)ی ئیسلام و موسوڵمانان پێویسـتن و بەبـێ حکـومەتی ئیسـلامیش نایـانەدیی، کەوابـوو هێنـانەدیی حکـومەتی ئیسـلامی فەرزە، چـونکە هەرشـتێك بەو نەبێـت فەرز نـایەنەدیی، فەرزە. بـۆیە هەوڵـدان بـۆ دامەزرانـدنەوەی دەسـەڵاتی حکـومەتی ئیسـلامی فەرزی عەیـنە لەسـەرتاك تـاکی موسـوڵمانان، چـونکە فەرزی کیفـایە خۆبەخشـانە نامێنێـت تـا نەیەتەدیی.. کەوابوو کارکردن بۆ دامەزرانـدنی دەوڵەتـی ئیسـلامی دەسـەڵاتدار فەرزە لەسەر هەموو موسوڵمانێك.

هەربەم بـــۆنەیەوە حەزدەکەیـــن موســـوڵمانان وەبیـــربهێنینەوە ئەســـڵ لەپەروەردەکردنـــی موســـوڵماندا ئەوەیە کە پەروەردەیەکـــی کۆمەڵکارییـــانەیە. ڕەسەنێتی موسوڵمانیش لەوەدایە کە دەتوانێت کۆمەڵکارانە بـژی و خـۆی لەگەڵ کۆمەڵکارانـدا بگونجێنێـت. ئەسـڵ لە ژیـانی ئیسلامیشـدا ئەوەیە کە ژیـانێکی کۆمەڵکـارانەیە، مەگەر بە چەنـد حـاڵەتێکی زۆر دەگمەنـدا، بـۆیە موسـوڵمانان دەبێت یەك دەسـت و یەك ریـز و یەك کـۆمەڵ بـن، و یەك بـزاوت بەیەك ئاڕاسـتە بـکەن، هەمـوو ووزەیـان کۆمەڵکـارانە بەرەو ئەو ئاڕاسـتەیە بەگەڕ بـخەن کە

هێنانەوەی حوکمی ئیسلامە.. سەلماندن و چەسپاندنەوەی مەبەستەکانی هاتنی ئیسلامەکەیە، بۆیە هەردەبێت موسوڵمانان پەروەردەیەکی کۆمەڵکارانە ببنەوە، بەڵام لە ژێر سایەی حکومەتێکی ئیسلامی خۆیاندا.

(٢)

ئەو زەمینە مەرجەی کە حکومەتی ئیسلامیی لەسەر دادەمەزرێت و شەرعێتی پێ پەیدادەبێت پایەندبوونێتی بەشەریعەتەکەی خوای گەورە (کە پەیمان لەسەر ئەمە دەدات) و بەویست و هەڵبژاردنی موسوڵمانان دادەمەزرێت،[1] تا ئەحکامەکانی دین لە ژیاندا راپەڕێنێت و دژی هەموو بەرهەڵستکارییەك بوەستێتەوە کە ناخوازێت سەروەرێتی باڵا بۆ دینەکەی خوا بێت و بەس.

حوکمی چاك مەحاڵە بەبێ کاربەدەستی چاك بێتە دیی، ئیسلامەتیش بەبێ هەبوونی پیاوچاکان کە دەبنە کاربەدەستی دەوڵەت و کۆمەڵگەکەی مەحاڵە پایەداربێت.. هەریەکێك لەدەزگاکانی دەوڵەتیش پێویستی بەبەرنامەی ڕاست و ڕەوا و شیاو هەیە، ئەگەر ئەم بەرنامانە ئیسلامی نەبوون مەحاڵە دەزگاکانی

---

[1] نووسەری رەحمەتی ئاماژەی بەو مەرجە داوە کە شەرعێتی حوکمڕانی دەناسێنێت: یەکەمیان: پەیماندان کە شەریعەتی خوا دەگرێتە خۆ و تەنها ئەو دەکاتە ئەحکامی یاسا و ڕێسای وڵات، دووەمیان: دەبێ بە هەڵبژاردنی ئوممەت بێتەکایەوە، بۆیە ئەو حکومەتانەی شەریعەتی خوا پیادەناکەن ئیسلامی نین و ئەوانەش کە بەویستی ئوممەت نەهاتوونەتە سەر حوکم حوکمیان شەرعی نییە، ئەمە دوو خاڵی سەرەتایی و سەرەکی حوکمی ئیسلامین کە رۆژئاوا لە ئەهلی ئیسلامەوە فێربووە، جان جاك ڕۆسۆ لە ماوەردییەوە وەریگرت و کردی بە (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) کە لە دوو ڕوکنی [دەستوور]و [هەڵبژاردنی گەل] دادەمەزرێت، ئێستا سیستمی حوکم لە رۆژئاوا ئاوایە.

دەوڵەت ئیسلامی دەرچن، ئەگەر بەرنامەی دەزگاکانی دەوڵەت لەدید و ڕێی دەقەکان و واقیعی ژیانی کۆمەڵگەکەوە نەهاتبوو ئەوە ناشێت پێناسەی حوکمی ئیسلامی بەسەر ئەو دەوڵەتەدا بدرێت، بۆیە دەبێت هەموو سیستەمەکانی حوکم کە ئیدارە و ئاڕاستەی دەزگاکانی دەوڵەت دەکەن بەتەواویی ئیسلامی بن..

هەر دەوڵەتێك بە گەل و حکومەتییەوە، بە ئوممەت و دەسەڵاتی سیاسیەوە، بەهەموو دەزگاکانیانەوە ئیسلامی نەبن، بەرەو ئیسلام ناچن، بەڵکو بەرەو کوفرن.. کەوابوو دەبێت یەك بەیەکی دەزگاکانی دەوڵەت ئیسلامی بن.. ئوممەتەکەش هەروا دەبێت پەروەردەکراوی ئیسلامەکە بێت.. واتە کۆمەڵگەی ئەو دەوڵەتە ئیسلامییە دەبێت لە هەموو لایەنەکانی شارستانێتیدا بە ئیسلامەکەوە پابەندبن و ئەویان تێدا بدرەوشێتەوە، ئەگەر وانەبێت دەوڵەت -گەل و ئوممەتەکەی- سیفەتی ئیسلامی بەسەردا نابڕێت.

[ئەمە دەستورێتی دەوڵەتە، شەرعێتی دەزگاکانی یاسادانان (تەشریعی) و جێبەجێکردن (ڕاپەڕاندن) و داوەرییە، واتە: پەرلەمان و حکومەت و دادگا.. ئینجا فێرخوازی و سەربازی و ڕاگەیاندن و...هتد]

هەر حکومەتێك / دەسەڵاتدارێکی سیاسی ووڵات بەویست و ئیرادەی سەربەستی موسوڵمانان نەهاتبێتە پێش ستەمکارە، دەستدرێژکارە و مافی ئوممەتەکەی پێشێلکردووە.

حکـومەتی ئیسـلامی جـۆرێکی تـایبەتی حکومەتانـە، لەهەمـوو حکـومەتی سیسـتمەکانی تـر جیـاوازە، چـونکە ئەو زەمیـنە و بنەمایـانەی لەسـەریان دادەمەزرێـت، جیـاواز و تـایبەتن.. چـونکە ئیسـلام دیـد و تێـڕوانین و پێناسـەی تـایبەت بە خـۆی دەربـارەی ئـوممەت و نیشـتمان و سـەرۆکایەتی دەوڵەت و چۆنیەتی ڕێکخستنیان هەیە.

ئیسلام سیستم و سیاسەت و ئاڕاستەی تایبەت بەخۆی هەیە لەڕووی ئابووری و سـەربازی و یاسـایی و ڕۆشـنبیرییەوە کە لە زەمیـنە و بنەمـا و ڕوانـگەی خۆیەوەن.

هەرلەبەر ئەم تایبمەتمەنـدێتیانەیە کە دەزگاکـانی دەوڵەتـی ئیسـلامیش لەدەزگـای دەوڵەتـان جیـاوازن، چ لەلایەنـی بەرنـامە و ئامانجیـانەوە، چ لەلایەن کاربەدەستان و جۆریـانەوە.. لەمـانەوە ئەوە ڕوون دەبێـتەوە کە تیـۆری حـوکمی ئیسلامی دەربارەی کێشە سەرەکیەکان حوکمی تـایبەتە و تەنهـا ئەویـش مـایەی بەختیارکردنی کۆمەڵگە و پارسەنگ ڕاگرتنی دەوڵەتی هەیە.

مرۆڤایەتی دەیان سیستمی حـوکمکردنی داهێنـا و مومارەسـەی کـرد و هێشـتا بەردەوامـە لە داهێنـان و داڕشـتنی سیسـتمی تـر، بەڵام واقیعـی کۆمەڵگاکـان سەلماندی کە هەر چەوسـانەوە و ژان و ناسـۆریان لـێکەوتەوە، جەنـگ و شـەڕ و شـۆڕ و دەسـتدرێژی و پێشـێلکاری مـافی تـاك و کۆیـان لـێکەوتەوە، زەلیلـی و سووکایەتی و ژێردەستەیی تاك و کۆی گەلانی لێکەوتەوە، داڕمانی دابونەریت و ڕەوشتی بەرزی لێکەوتەوە.. لەڕاستیدا مرۆڤایەتی هەقە ئیتر دید و ڕێـی ئیسـلام

بگرێتەبەر کە بزانێت چی بۆی چاکە و چی خراپە، چی خۆشحاڵی دەکات و چی پشێو و ئاڵۆز؟!

تا پیاوچاکانی واقیعناس، زانا و دانا، لەخواترس و قیامەتی؛ سەرکردایەتی و ئاڕاستەوانێتی مرۆڤایەتی نەگرنەدەست، تا ئەحکامەکانی شەریعەتی خوا حوکمی ڕەفتاری تاك و کۆی گەلان نەکات و هەمووان بەرەو لوتکەی راقێتی شارستانێتی نەبات و بە ئیسلام ئاسوودەیان نەکات، هەروا لە فەوزادا دەمێننەوە و بە ژان و ناسۆر و سەرگەردانییدا ڕۆدەچن..

ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین وێنایەکی ئەو ژیانە گشتیە بخەینە ڕوو کە ئیسلام دەیەوێت بۆ کۆمەڵگە و دەوڵەتەکەی خۆیی دابمەزرێنێت، تا موسوڵمان ئەوەی لەبەرچاو دیاربێت کە چۆن بە دید و ڕێی ئیسلامەکەیەوە بەرە و سەرکردایەتی مرۆڤایەتی دەچێت و جارێکی تر ئاڕاستەی شارستانێتی خۆیی دەکاتەوە. بۆیە لێرەدا لەسەر کۆمەڵێك زاراوە دەدوێین و دەیانناسێنین، وەکو ئوممەت، خیلافەت، نیشتمان، سیستمی سیاسی، ئابووری، سیاسەتی فێرخوازی و ڕاگەیاندن، سیاسەتی سەربازی، سیاسەتی سزایی (جەزائی)، هەروەها هەندێك لە دەزگاکانی دەوڵەتی ئیسلامی.

ئوممەتێك لە مێژووی کۆن و نوێدا هەیە کە ئوممەتی ئیسلامە.. ئەم ئوممەتە وولاتێکی هەیە کە دارولئیسلامە یان (دارولعەدل)ە، حکومەتێکی لێوە دێتەکایەوە کە بەسیستمی خیلافەت حوکمی دەکات کە سیایسەتی یاسا و ڕێسادانانی خۆیی بە رۆشنی هەیە، سیاسەتێکی دادپەروەرانەی ئابووری هەیە،

سیاسەتێکی سەربازیانەی باڵا و راقیێتی خۆیی هەیە، سیاسەتێکی سـەرکەوتووی فێرخوازیی ڕەسەنی خۆیی هەیە، سیاسەتێکی ئاڕاستەوانی ڕاگەیاندنی (میـدیا)ی هەقخــوازی هەیە.. خیلافەتــێکە کەدەزانێــت ئەرکەکــانی سەرشــانی دەرهەق بەناوەوە و دەرەوەی کیانی خۆی چییە؟ رۆشـن و ئاشـکرا و ڕاشـکاوە تێیـدا، بـۆ هەریەکێك لەم سیاسەت و سیستمانەش دەزگای تایبەت بە خۆیی هەیە کە ماف و ئەرك و دەسەڵاتیان تێدا دیاریکراوە.

پێش ئەوەی بچیـنە نـاو بابـەتەکـانەوە پێویسـتە ئەوە بیـرخەینەوە، کە ئـێمەی موســوڵمان - تەنهــا ئــێمە – حەق و دادپەروەرێتــی ســنووری مــاف و ئەرك و دەسەڵاتمان بۆ دیاریدەکات، بۆیە مرۆڤایەتی کاتێك ڕاسـت و دروسـت خۆمـان و دینەکەمان دەناسێت ترسی لێمان نابێت مادام دڵنیای بکەین کە بە ئیسلام حوکمی دەکەین، چونکە ئیسلامەکە پلە و جێ و ڕێـی هەمـوو مرۆڤێـك - موسـوڵمان یـان کافر- شیاوانە دیاریـدەکات.. ئەوانەی لە موسـوڵمان دەترسـن و گـوایە پەرۆشـی لەدەستدانی شارستانێتی مرۆڤایەتییانە بە هەڵەداچوون، چونکە لەوە دەترسن ئەو ئــازادییە فشــە و فریوکــارییەی هەیە لەدەســت بچێــت و ئــازادیی ڕاســتیان دەستنەکەوێت، ئەوانەیان لەنەزانینی ئیسلامەوە ترسیان بـۆ دروسـتبووە، یـان لە نەمانی بەرژەوەندی باتڵ و هەوا و هەوەسیان دەترسن و خەمیانە ڕێیان بگیرێت.

ئەمەش پێویســتە بخەیــنەوە یــاد کە ئــێمە لێــرەدا ئەرکەکــانی دەوڵەتمــان خستۆتەڕوو، لە شوێنێکی تردا ئەرکەکانی تاکمان باسکردووە، ئەگەر چـی لێـرەدا هەندێکیان پێکەوە دێنەوە بەرچاو لەوانەی کە ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی دروسـت

بوو چی لەسەر تاکی کۆمەڵگە دەبێتە ئەرك، یان ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی نەبـوو چی تر دەبێتە ئەرکیان؟ بەهەرحاڵ، بە گشتی باسەکانی ماف و ئەرك و دەسـەڵاتی تاك و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسلامی لێرەدا باسکراوە.

# باسی یەکەم:

# ئوممەت

## بڕگەی یەکەم:

## ئوممەت ئیماندارانی مێژووە:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُونِ ٩٢﴾ الأنبياء: ٩٢ واتە: ئا ئەمە ئوممەتەکەتانە، یەك ئوممەت و منیش پەروەردگارتانم دەی سابمپەرستن.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱتَّقُونِ ٥٢﴾ المؤمنون: ٥٢ واتە: ئائەمە ئوممەتەکەتانە، یەك ئوممەتە و منیش پەروەردگارتانم دەی سا هەر لەمن بترسن.

ئەم ئوممەتەی ئێمەش لە ریزیدان ئوممەتی هەموو نێردراوانی خوایە.. هەر لەسەیدنا ئادەمەوە (علیه السلام) تا محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) ، پێغەمبەرانی خوا و شوێنکەتووانیان - لەهەر کات و شوێن و نەوەیەکی مرۆڤایەتیدا بوون – هەر بەیەك ئوممەت هەژماردەکرێن، ئەم یەك ئوممەتەش ئوممەتی ئیسلامە، ئەمە ئەو تاکە ئوممەتەیە کە موسوڵمان خۆی لە ریزیدا دەبینێتەوە کە بە برایەتی دینی و وەلائی عەقیدەکەوە هەموو پەیوەستن، نابێت موسوڵمان برایەتی وەلائی بۆ هیچ کۆمەڵێکی تر هەبێت.

ئەم ئوممەتە کە ئیسلام بەرنامە و ڕێبازی بووە، بە دوو قۆناغدا تێپەڕبووە:

قۆناغی یەکەم: قۆناغی پێش پەیامی محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم).

قۆناغی دووەم: ئەو قۆناغەی لە دەسپێکی پەیامی محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەسپێدەکات.

پێش محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) پەیامی ئیسلام لەچوارچێوەی ناوچەیەك و قەومێکدا دەردەکەوت، چونکە نێرراوانی پێشوو هەریەکەیان بۆ قەومێك دەنێرران یان بۆ ناوچەیەك و تەنها ئەو قەوم و دانیشتوانی ئەو جێیەیان بانگێشتی ئیسلام دەکرد، هەروەکو کە پەروەردگار چیرۆکی زۆریانمان لە قورئاندا بۆ دەگێڕێتەوە هەر لە سەیدنا نوحەوە بۆ سەیدنا هود و بۆ سەیدنا شوعەیب و بۆ سەیدنا صالح (علیهم السلام)، هەریەکەیان دەیانفەرموو (یا قوم) لە سەیدنا عیساشەوە (علیه السلام) دەگێڕنەوە کە ئەویش فەرمووی: (بُعِثْتُ لِخُرافِ بني إسرائيل الضَّالة) واتە: بە پێغەمبەرێتی نێرراوم بۆ مەڕە گومڕاکانی جوولەکە (بەنو ئیسرائیل).

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (وكانَ النبيُّ يُبْعَثُ إلى قَوْمِهِ خَاصَّةً)[١] واتە: هەر پێغەمبەرێك تایبەت دەنێرا بۆ قەومەکەی خۆی.

بە خەڵاتی پێغەمبەرێتیەکەی جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) بانگەوازی خوایی لەو قۆناغەی پێشوویەوە کە بۆ قەومێك یان ناوچەیەك دەبوو چووە قۆناغێکی تری پێشتر کە هەموو مرۆڤایەتی و هەموو جیهان بگرێتەوە، بۆیە ئیتر بانگهێشتەکە لە (یا قوم) ەوە گۆڕا بۆ (یا أیها الناس) و هەموو مرۆڤایەتی

[١] بوخاری (٤٣٨)، موسلیم (٥٢١).

بەرپرسێتی وەڵامدانەوەی پەیامی پێغەمبەریـان (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم) كەوتە سەر، چونكە ئیتر پێغەمبەری تـر نـایەت و ناشـێت كەسـێك هەرلەسـەر پەیـامی پێغەمبەرە پێشووەكە بمێنێتەوە و باوەڕ بەپێغەمبەرێتـی محمـد (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّم) نەهێنێت: ﴿وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ۝٤٠﴾ الأحزاب: ٤٠

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّم) دەیفەرمـوو: (لا نَبِـيَّ بَعْـدِي)[١]، واتە پێغەمبەری تر لەپاش من نییە.

- هەروەها دەفەرمویٚ: (لَوْ كَانَ مُـوسَى حَيًّـا مَـا وَسِـعَهُ إِلَّا أَنْ يَتَّبِعَنِـي)[٢] واتە: ئەگەر موسا (علیە السلام) زیندوو بووایە هەردەبووشوێن من بكەوێت.

- خــــوای گەورە دەفەرمـــــویٚ: ﴿وَإِذۡ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ لَمَآ ءَاتَيۡتُكُم مِّن كِتَٰبٖ وَحِكۡمَةٖ ثُمَّ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مُّصَدِّقٞ لِّمَا مَعَكُمۡ لَتُؤۡمِنُنَّ بِهِۦ وَلَتَنصُرُنَّهُۥۚ قَالَ ءَأَقۡرَرۡتُمۡ وَأَخَذۡتُمۡ عَلَىٰ ذَٰلِكُمۡ إِصۡرِيۖ قَالُوٓاْ أَقۡرَرۡنَاۚ قَالَ فَٱشۡهَدُواْ وَأَنَا۠ مَعَكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ۝٨١﴾ آل عمران: ٨١ واتە: خـوای گەورە بەڵێنـی لە هەموو پێغەمبەرانی خۆی (علیهم السلام) وەرگرت كاتێك پەیامی خۆیی بۆ ناردن كە كاتێك ئەو نێرراوە دێت كە پەیامی ئێوەی بەلاوە ڕاستە (كە محمـد المصطفى یە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم)) حەتمەن دەبێت ئێوەش باوەڕی پێبهێنن و پشتی بگـرن، (هەروەها ئوممەتەكانیان).. خـوای گەورە جەختـی لێكـردنەوە و پێـی فەرمـوون: تەواو، بڕیارتان لە سەریدا و قبوڵتانكرد؟ بەڵێنم دەدەنێ لەسەر ئەو باوەڕپێهێنان و

---

(١) بوخـاری (٣٤٥٥) و موسـلیم (١٨٤٢) لەئەبوهـورەیرەوە خـوا لێی ڕازی بێـت، سـەرەتای فەرموودەكە: (كانتْ بنو إسرائيلَ تسوسُهمُ الأنبياءُ ...)

(٢)

سەرخستنەی؟ فەرموویان: بەڵێ خوایە بڕیارمان لەسەریدا و پەیمان بێت پشتیوانی لێدەکەین و سەریدەخەین، فەرمووی: دەی سا شاهێدبن شاهێدی لەسەر شوێنکەوتووانی خۆشتان بدەن کە دەبێ باوەڕی پێ بهێنن و پشتیوانی لێبکەن، منیش وەلتاندا شاهێدی دەدەم و شاهێدم.

بەم بڕیار و شاهێدیدانە و بەڵێنی پشتیوانی لێکردنە هەرهەموو گەلانی مرۆڤایەتی، بەهەموو جیاوازییەکی ڕەنگ و زمان و ئینتیمایانەوە، ڕەش و سپیان، لەئاسیا و ئەفریقابن یان لە ئەمریکا و ئەوروپا و لە ئۆقیانووسیا (ئوستراليا) یان لەهەر شوێنێکی تر، هەموو ئوممەتی یەك نێرراوی خوای گەورە دەبن و فەرزە لەسەریان بە دەم بانگەوازەکەیەوە بێن و دینەکەی وەرگرن و ئیقتیدای پێبکەن.. فەرزە شەریعەتەکەی وەرگرن و تەسلیمی ببن.. ئەگەر ئەم گەلانە دینەکەیان قبووڵکرد، ئەوا هەموو دەبنە یەك ئوممەت، ئەگەر قبووڵیان نەکرد، هەر ئەوانەی قبوڵیانە و موسوڵمان بوون دەبنە ئوممەتی ئیسلامی[1] و هەموو موسوڵمانێك دەبێتە ئەندامێکی ئوممەتی ئیسلامی.. هەرکەسێك ئەم بڕیارە نەدات و ئەم باوەڕ و هەستەی لەناخدا نەڕوێت بەموسوڵمان حسێب ناکرێت.. ئەمە بەڵگە نەویستێکی ئینتیمای ئوممەتە و هەر موسوڵمانێك ئەندامێکە تێیدا.

---

[1] پێم وایە دەبوو بفەرموێ ئەممەتی ئیسلام یان ئەممەتی مەسوڵمان، ئەممەتی ئیسلامی زاراوەی سەردەمە و زۆرتر ئاماژەی جوگرافییە ۆ ئەو وولاتانەی سەردەم کە وولاتی موسوڵمانن، لە قورئاندا ئوممەتەکە بە (أمة مسلمة) هاتووە.

# بڕگەی دووەم:

## نیشانەکانی یەك ئوممەتی ئیسلامی:

نیشانەی یەکێتی ئوممەتی ئیسلامی زۆر و پێکەوە تەنراون و موسوڵمانان بەشێوەیەکی زۆر جیددی پێوەی پایەندن، ئەمەیە وایکردووە موسوڵمانان ئوممەتێکی تایبەت و زۆر جیاوازبن لە خەڵکی تر، موسوڵمانان کە لە کەسایەتی ئیسلامییدا دەتوێنەوە و لەهەموو کات و شوێنی گەلاندا کە موسوڵمان دەبینرێت یەکسەر دەناسرێتەوە (و دەزانرێت ئا ئەمەی لە ئەندۆنیسیایە هەروەکو ئەوەیە کە لە سۆماڵە و هەردووکیان وەکو ئەو موسوڵمانەن کە لەباکوری نەرویج موسوڵمانبوون!).

لەنیشانە ئاشکراو دیارەکانی یەك ئوممەتی موسوڵمانان:

١- یەك عەقیدەیی:

(لا اله الا اللّٰه و محمد رسول اللّٰه) بنەمای ڕیشەیی یەکبوونی موسوڵمانانە، هەرکەسێك ئاوا شایەتمان بهێنێت و بەڕەفتار (گوفتار وکردار)ی ئاشکرا دژی نەبێتەوە، یەکێك دەبێت لەم ئوممەتە، هەرکەسێکیش ئاوا شایەتمان نەهێنێت لەدەرەوەی ئەم ئوممەتە دەبێت..هەرکەسێك بۆ خوای گەورە موسوڵمان بێت و باوەڕ لەناخیدا بچسپێت و بەشێوازی ڕەفتاری پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ

وَسَلَّم) عەبدێتی بۆ خوای گەورە بنوێنێت کە عەبدێتی غەیری خوای گەورە نەکات، ئەوە موسوڵمانە.

موسوڵمانان ئاوا لەو باوەڕەدان کە خوای کردگار تاك و پاکە و خواپەرستیشی بەیەك شێوە بە موسوڵمانان ڕاگەیاندووە کە هەر دەبێت بەو شێوەیە بیپەرستن. (تا تەوحیدی خوای گەورەیان لەدید و تێڕوانیندا دەرکەوێت، هەروەکو کە دەبێ لەخوا پەرستییاندا دەرکەوێت).

٢- یەکجۆریی خواپەرستی:

ئەو خوا تاك و پاکەی ئێمەی موسوڵمان باوەڕمان بە خوایەتییەکەی هێناوە فەرموویەتی کە ئێمەی بۆ پەرستنی خەلقکردووە، دەفەرموێ:

- ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾﴾ الذاريات: ٥٦ واتە: پەری و مرۆڤم بۆ پەرستنی خۆم خەلقکردووە.

باوەڕهێنان بە خوای پەروەردگار بەوە دێتەدی کە موسوڵمانەکە بەهەست و هۆشی و ڕەفتار (گوفتار و کردار) خواپەرستی بکات، مرۆڤێتی مرۆڤیش بەم ئینتیما و خواپەرستییە دەبێت، ئەو خواپەرستیەی لەسەر هەرهەموو موسوڵمانان فەرزکراوە هەر یەکە، هەموو موسوڵمانێك نێرینە و مێیینە، حاکم و مەحکووم، مەلا و نەخوێندەوار وەکو یەکن تێیدا، لەسەرهەمویان فەرزە و هەمووشیان هەر بەیەك جۆر ئەدای دەکەن. ئەمەش مانایەکی تری یەکبوونی موسوڵمانان و ئینتیمایانە، ئەمە جگە لەوەی خواپەرستیە ئیسلامییەکان واتا و کاریگەری خۆیان هەیە کە دەبنەوە بە هۆکاری ئیزافی بۆ بەهێزبوونی گیانی کۆمەڵکاریی

ئوممەتی و پتەوبوونی شیرازەی پەیوەندی نێوان تاك و كۆی ئوممەت و توند و تۆڵبوونی ئینتیماكە.

بۆ نموونە: قیبلەی نوێژی هەر هەموو موسوڵمانانی جیهان یەكە، موسوڵمانان لەهەركوێ بن لەشەو و ڕۆژێكدا - لانی كەم - پێنج جار ڕوودەكەنە كەعبە، ئەمەش كاریگەرە لەیەكخستنی هۆشی هزر و هەستی ناخی هەریەكەیان، كە ئا ئەم خەڵكەی وەكو من ڕوویان لە كەعبەیە یەكین و هەموومان ئەندامی خواناسی ئوممەتی ئیسلامین..

هەروەها ڕۆژووگرتنی مانگی رەمەزان، كە موسوڵمانانی جیهان لەیەك مانگدا بەیەك جۆر بەڕۆژوو دەبن و ڕەفتار و ڕەوشتیان تارادەیەكی زۆر وەكو یەكی لێدێت (چونكە خواناسانەتر ڕەفتار دەكەن)، ئەمەش ئەو هەستەی لای موسوڵمان دروست ئەكات كە ئا ئەوەتا ئەندامانی ئەم ئوممەتە هەروەكو لەناوخۆیاندا وەكو یەكن، ئوممەتەكەشیان لەهەموو كۆمەڵگەیەكی تری بەشەری جیایە.. ئەمە جگە لەوەی كە ڕۆژووەكەش وەكو نوێژەكە گیانی برایەتی دینی و هەستی ئینتیمای یەك ئوممەتی لە موسوڵماندا دەڕوێنێت.

حەجكردنیش هەروایە.. موسوڵمانێكی زۆری زمان و ڕەنگ و وواڵت جیاواز هەموو ساڵێك لە مەككە كۆدەبنەوە و لەیەك كاتدا ملیۆنەها و یەك جۆر ڕەفتار (گوفتار و كردار)ی خوا پەرستی پێكەوە ئەنجامدەدەن. سروشتی فەرزێتی حەجەكە وایە كە هەرموسوڵمانێك توانای جەستەیی و دارایی حەجكردنی هەبێت و پێشتر حەجی نەكردبێت فەرزە لەسەری بچێتە حەج... بەم ڕێسا و ئەحكامەش

موسـولّمانان لەهەر هەمـوو جیهـانەوە بەشـداری حەجکـردنەکە دەکەن، چـونکە وولات نییە لەم سەرزەمینەدا - لەم زەمانەدا - موسولّمانێکی بەتوانای حەجکردنـی لێ نەبێت[1]، بەمەش موسولّمانانی هەموو شوێنێك دەچنە یەك شـوێن، بەیەك جـۆر پۆشـاکەوە و یەك جـۆر رِسـتەی خواپەرسـتی دەڵێـنەوە و یەك جـۆر بـزاوت و هەڵوێسـتیان پـێکەوە دەبێـت. لەحەج و بەحەجکـردنەکە موسـولّمانان لەیەکتریـدا دەتوێنەوە. هەموویـان هەسـتی ئینتمیـای یەك ئـوممەتی خۆیانـدەکەن، کەس لەو هەموو ملیۆنەها حاجییە پۆشاکی یان گوفتاری یان بزاوتی و هەڵوێستی رِەفتـاری جیاوازیی خۆیی نییە، هەموو وەکو یەك جەستە دەبزوون و دەسرەون!! یەك جۆری خواپەرستی هەرچەندە خۆی نیشانەی یەك ئوممەتییە، لەهەمان کاتیشدا هۆکار و پاڵنەری ئەو یەك ئوممەتییەشە..

---

[1] حکومەتی عەرەبستان ناچاربوو بریاربدات کە لەهەر ملیۆنێك موسوڵمانی وولاتێك هەزار حاجی بچێتە حەج، ئەندۆنیسیا دووسەد و چل ملیۆنە دووسەد و چل هەزاریان دەچن، گامبیا ملیۆن و نیـوێکن هەزار و پێـنج سـەد کەسـیان دەچـن و وەهەروەهـا وولاتـانی ئەورِوپـا و ئەمریکـا و کەمایەتییەکان بێ حیساب بۆیان هەیە بچن، هەرچەندە خەریکە ئەمیش رِێك دەخرێت.

٣- یەك جـــــۆر قییەمـــــی ڕەوشــــــت و یەك جــــــۆر ڕەفتـــــارکردن:
هەموو موسوڵمانێك پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) بە پێشـەوای نموونەی دەزانێت و هەوڵدەدات بە پێی سوننەتی جەنـابی ڕەفتـار بکـاتەوە، لە هەمــوو بــزاوت و سرەوتێکیــدا ئیقتیــدای پێــدەکات، ئەمە وادەکــات موسوڵمانانی دنیا یەك جۆر ڕەفتار و ڕەوشتیان هەبێـت و هەموویـان لەسـەر یەك جۆر ئاداب بن.

بۆنموونە: هەموو موسوڵمانان یەك جۆر ئـادابی نانخواردنیـان هەیە، لەکـاتی لە خەو هەستانیانەوە تاکـاتی نوسـتن بە کۆمەڵێـك داب و ئـادابەوە ڕەفتـار دەکەن، تەنانەت شێوەی نوستنیشیان، ئادابی دەست بەئاوگەیاندنیان، ئـادابی سـڵاوکردن، ئــادابی میوانــداری، ئــادابی ئاخــاوتن، ئــادابی ســەردانی نەخــۆش، تەنــانەت موسوڵمانێکی هیندستانی کە دەپژمێت وا ڕەفتار دەکات کە موسوڵمانێکی عەرەب لەکاتی پژمینیـدا ڕەفتـار دەکـات، ئـادابی ڕۆیشـتنی هەمـوو موسـوڵمانان یەکە.. ئەسـڵی ڕەوشتیشــیان وایە هەمــوو دەبــێ ئــارام بــن ئەگەرچــی لەڕادە و بــڕی ئارامگرتنیاندا جیاوازن، چونکە کەسایەتیان جیاوازە، بەڵام هەموویان ڕاسـتگۆن، بەوەفان، سەرڕاستن، ئەمیـنن ڕاسـپاردە دەپـارێزن، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبـوایە کە مرۆڤ بە پێی سروشتی خەلقبوونە جیاوازەکانیان لێك جودان، موسوڵمانان هەموو دەبوونە نموونەی نوسـخە (کـۆپی)ی یەکتریـی؛ لە دنیـادا هـیچ دەوڵەتێـك نییـە، کۆمەڵگەکەی ئەوەندە لە ڕەفتار و ڕەوشتیاندا هاوشـێوەبن، کەچـی تـاك و کـۆی

هەر هەموو گەلانی ئوممەتی ئیسلام بەو شێوە سەیرە یەکێتی ڕەفتار و ڕەوشت و داب و نەریتیان هەیە.

٤- یەکێتی مێژوو:

مێژووی موسوڵمان بەخاکی نیشتیمانەوە نەبەستراوە، بەڕەنگی پێست و جۆری زیمانی خەڵکەکەیەوە بەند نەبووە، مێژووی موسوڵمان کە مایەی شانازی و سەربەرزییەتی مێژووی ئیسلامەکەیە، مێژووی پێغەمبەرانی خوایە (علیهم السلام).. من موسوڵمانم، مێژووەکەم پەیوەستە بە سەیدنا ئادەم و نووح و عیسا و موسا و محمدەوە (علیهم السلام)، هەروەها بە مێژووی ئیماندارانەوە، بەکاروانی شوێنکەوتووانی پێغەمبەرانی پێشەواوە.. مێژووی من بە تەنها بەوانەوە پەیوەستە و منیش بەوە سەربەرزم لە کاروانی ئەواندابم و یەکێك بم لەو مێژووە.. من پەیوەندیم بە هیچ مێژوویەکی ترەوە نییە مەگەر پەیوەندی واقیعەکەی هاوبەشی نێوان من و غەیری منە.. موسوڵمانێکی عەرەبی بە مێژووی جاهیلییەتەوە پەیوەست نییە و سەر بەو نییە و شانازیی پێوە ناکات، پەیوەندی ئینتیما و وەلائی بەو جاهیلییەتە عەروبییەی پێش ئیسلامەوە نییە، شەرم لەو لەهەموو جاهیلییەتێکی تر دەکاتەوە، شانازی تەنها بە ئیسلامەکەیەوە دەکات و بەو سەربەرزە، ئەمە هەست و هەڵوێستی هەموو موسوڵمانێکی سەرزەمینە، هیچ موسوڵمانێك نییە وانەبێت، هیچ موسوڵمانێك نییە

پەیوەندی (برایەتی) و (هەستی ئینتیما)ی بە ئەهلی جاهیلییەتەوە هەبێت، برایەتی لەگەڵ موسوڵماندا دەگیرێت نەك لەگەڵ کافر و موشریك و جاهیل.

مێژووی موسوڵمان مێژووی ئوممەتی ئیسلامییە، واتە مێژووی نێرراوانی خوای گەورە (عليهم السلام)، ئەمەش مایەی سەربەرزی و شادمانی و گەورەیی موسوڵمانەکەیە، کە هەست دەکات ئینتیمای بۆ ئەم کەڵە پیاوە هەڵکەوتانەی مێژووە، نەك بۆ ئەهلی شیرك و جاهیلییەت و خراپەکار و ستەمکاران.

ئەمە ئەو دید و تێڕوانینە عەقائیدییەیە کە موسوڵمان بە خزمەتی خوای خاوەنی دەگات پێی: ﴿قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ١٣٦ فَإِنۡ ءَامَنُواْ بِمِثۡلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهۡتَدَواْۖ وَّإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا هُمۡ فِي شِقَاقٖۖ فَسَيَكۡفِيكَهُمُ ٱللَّهُۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ١٣٧﴾ البقرة: ١٣٦ – ١٣٧ واتە: ئەی موسوڵمانینە بڵێن ئێمە باوەڕمان بەخوای گەورە هێناوە، بەو قورئانەی بۆمان هاتۆتە خوارەوە و بەوکتێبە ئاسمانیانە هێناوە کە بوونەتە پەیامی سەیدنا ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و ئەولادەکانی، هەروەها پەیامەکەی سەیدنا موسا و سەیدنا عیسا و پەیامی هەموو پێغەمبەرانی تری خوای گەورە کە بەوەحی بۆیان هاتووە، باوەڕمان بە پێغەمبەرێتی هەموویانە و جیاوازی ناخەینە نێوان هیچ کامێکیانەوە (ئێمە وەکو جولەکە و دیان نابین باوەڕ بەهەندێکیان بهێنین کە نێرراوی خوان و بەهەندێکی تریان نا، یان باوەڕ بە هەندێك لە پەیامەکانیان بهێنین و باوەڕ بەوانی تریان نەهێنین). باوەڕمان بەهەموویان هەیە و بۆ خوا موسوڵمانین.. ئەگەر ئەوانیش (جولەکە و دیان) وەکو ئێوە باوەڕیان هێنا ئەوە ئەوانیش هیدایەتی خواییان وەرگرتووە و کەوتوونەتە

سەر بەرنامە و ڕێبازی خوای گەورە، ئەگەر پشتیشیان هەڵکرد و ڕوویان لە دین و دینداریێتیتان نەکرد، لێیان گەڕێن، ئەوە کەوتوونەتە بەرەی بەرامبەر و لایەنی کوفریان هەڵبژاردووە، ناکۆکی ناوخۆیان بەسە بۆ هەڵوەشاندنیان، خوای گەورە دەیکاتە هۆکاری فەوتانیان، خوای گەورە بیسەری گوفتار و بینەری ڕەفتار و حاڵ و بارودۆخیانە.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (إِنَّ الله قَدْ أَذْهَبَ عَنْكُمْ عُبِّيَّةَ الجَاهِلِيَّةِ وَتَعَاظُمَهَا بِآبَائِهَا)[1] واتە: خوای گەورە لووتبەرزی و خۆ بەگەورە زانینی جاهیلییەتی لەناوتاندا لابردووە، هەروەها شانازیی کردنتان بە باب و باپیرانتانەوە.

- هەروەها دەفەرموێ: (لَيَنْتَهِيَنَّ قَوْمٌ يَفْتَخِرُونَ بِآبَائِهِمْ أَوْ لَيَكُونُنَّ أَهْوَنَ عَلَى الله من الجُعْلَانِ)[2] واتە: ئەوکەسانەی کەشانازیی بە باب وباپیرانیانەوە دەکەن (کە ئەهلی جاهیلییەت بوون با کۆتایی پێ بهێنن، دەنا لای خوای گەورە لە گووخلێنکە[3] بێ نرختر دەبن.

هەرجۆرە شانازیی و خۆبادان و هەستی سەربەرزییەك کە موسوڵمان بە غەیری ئیسلام و موسوڵمانانەوە بینوێنێت لە ڕۆحی ئیسلامەتیی دەباتە دەرەوە، چونکە

---

(١) ترمذی (٣٢٧٠)، ئەلبانیش لە (صحيح الترمذي)دا دەفەرموێ: (صحيح)ە.

(٢) بەززار (٢٩٣٨)، ئەلبانیش لە (صحيح الجامع)دا فەرموێ: (صحيح)ە.

(٣) گووخلێنکە ناوی کوریی قالۆنچەیەکی ڕەشە کە پتکێك پیسایی جیادەکاتەوە و خڕی دەکات وەکو هەڵمات (کەلا شوشە) و ئینجا بە لووتی پاڵی پێوەدەنێت تا دەیگەیەنێتە شوێنی مەبەست.

سەرسمدان و پێ هەڵەنگوتنە، کەوتنەخوارەوەیە بۆ دۆڵی دژواریی جاهیلییەت (و نزیکبوونەوەیە لە کوفر و شیرك و جاهیلییەت).

٥- یەکێتی زمان:

ئیسلام عەقیدە و خواپەرستی و ڕەفتارە، زمان دەربڕی ئەم زاراوانە و واتاکانیانە، بۆیە زمان هۆکارە (وەسیلە)یە نەك مەبەست، لەبەرئەوەیە کە خوای گەورە هەر نێرراوێکی هەڵبژاردبێت لە ناو قەومی خۆیاندا هەڵیبژاردووە تا بەزمانی خۆان پەیامی خوایان بۆ ڕوون بکاتەوە، دەفەرموێ:

﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوۡمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمۡۖ ٤﴾ إبراهيم: ٤ واتە: هەر نێرراوێکمان ناردبێت، هەربەزمانی قەومەکەی خۆی بووە تا دینەکەیان بۆ ڕوونکاتەوە..

خوای گەورە لە قورئاندا ئاماژەی بەوەداوە کە جیاوازی زمان و ڕوخساری مرۆڤەکان چەندەها بەڵگە و نیشانەیان تێدایە لەسەر پەروەردگارێتی و خوایەتی خوای گەورە:

- ﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦ خَلۡقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفُ أَلۡسِنَتِكُمۡ وَأَلۡوَٰنِكُمۡۚ ٢٢﴾ الـــروم: ٢٢ واتە: لە نیشانەی گەورەیی و زانایی پەروەردگارێتی خوای گەورە خەلقکردنی ئاسمانەکان و زەوی و هەمەجۆریی زمان و ڕەنگ و ڕووخساری خۆتانە.

کەوابوو جیاوازبوونی زمان و ڕەنگ و ڕوخساری خەڵکی سروشتییە.. بەڵام ئاشکرایە کە قورئان و سووننەت بەزمانی عەرەبین کە سەرچاوەی پەیامەکەی

پێغەمبەرەکەی خوان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم). لەو روانـگەوە کە هەمـوو جیهـان بەرپرسە لەوەرگرتنی دینەکە تێگەیشتنی دینەکەش لە زانینـی عەرەبـیەوە نەبێـت نابێت، بـۆە شـتێکی بەڵـگە نەویسـتە کە زمـانی عەرەبـی ببێـتە زمـانی ڕەسـمی ئوممەتی ئسلامی بە تایبەتی و زمانی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشـتی.. ئیمامـی شافیعی رحمه الله دەفەرموێ: (خـوای گەورە فێربـوونی زمـانی عەرەبـی لەسـەر هەموو ئوممەتان فەرزکردووە، چونکە داوای لەهەموویان کراوە بـاوەڕ بە قورئـان بهێنن و خواپەرستیەکان بە زمانی عەرەبی ئەنجامبدەن).

شەرعناسـانی حەنەفـی فەرموویـانە: (زمـانی عەرەبـی فەزڵـی بەسـەر هەمـوو زمانەکانی تردا هەیە، زمانی عەرەبی زمانی ئەهلی بەهەشتە[1]، هەرکەسێك فێـری ببێت یان خەڵکی فێر بکات پاداشتی دەبێت).

هەرکەسێك ئارەزایی لە زمانی عەرەبی زیاتر بکات زیاتر لە ئیسلام تێـدەگات، بۆیە داوا لە ئوممەتان کراوە کە دینەکە وەرگرن (زمانی عەرەبـیش ئـامێری یەکەم و سەرەکی و گرنگی تێگەیشتنە لەدینەکە). بەرەسمی بوونی زمانی عەرەبـی لای ئـوممەتی ئیسـلامی مانـای لادان و سـڕینەوەی زمانەکـانی تـر نیـیە، بەڵکـو مەسەلەکە ئەوەیە کە: هەر دەبێت ئوممەتی ئیسلامی زمانێکی هاوبەشی لە نێوان

(١) شـێخی ئەلبـانی رحمـە الله - کە خۆشـی عەرەب نەبـوو – هەمـوو ئەو ڕیوایەتـانە بە زەعیـف دەناسێنێت کە باسی فەزڵی زمانی عەرەب دەکەن یان دەوترێت کە زمانی ئەهلی بەهەشتە، من پێم وایە زمـانی عەرەبـی زمـانی دەوڵەت و ئـوممەتی موسـوڵمانە و فێربـوونی فەرزێکـی شـەرعیانە و زەروورەتێکی بەشەریانەیە، بەتایبەتی لەسەر داعی و مەلا و کەسایەتییە ئیسلامییەکان. - و -

گەلانیدا هەبێت، شتێکی مەعقوولیش نییە زمانێکی تری غەیری عەرەبی ببێتە زمانی ڕەسمی ئوممەت، لەکاتێکدا کە هەر هەموو تاك تاکی ئوممەت بە زمانی عەرەبی خواپەرستیەکانیان ئەنجامدەدەن، کەوابوو زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمی و یەکەمی ئوممەتەکەیە و زمانی تری هەر قەومێك زمانی دووەمێتی هەروەکو کە عەرەبەکان زمانی عەرەبی فوسحا زمانی ڕەسمیانە و زارگۆتن (لەهجە)کانیان زمانی دووەمیانە.

کە دەڵێین زمانی عەرەبی زمانی ڕەسمی ئوممەتە مانای دەمارگیری نییە، چ لەخۆماندا - حاشا ولیللا - چ لەکەسانی تریدا ئیسارە بکەین – نەعوزو بیللا - مەسەلەکە ئەوەیەکە فێربوونی زمانی عەرەبی (لەکۆن و نوێدا) جێ شانازیی ئەو کەسەبوو کە فێری بووە و لێی شارەزابوو.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (يا أيُّها الناسُ إن الربَّ واحدٌ، والأبَ واحدٌ، وليست العربيةُ بأحدِكم من أبٍ ولا أُمٍّ، وإنما هي اللسانُ، فمن تكلم بالعربيةِ فهو عربِيٌّ)[1] واتە: هۆ خەڵکینە، خوای پەروەردگار یەکە، باوکی هەموان یەکە (کە سەیدنا ئادەمە (علیه السلام)) دینەکەش هەریەکە، زمانی عەرەبیش نەباوکە و نەدایکە بۆهیچتان، عەرەبی زمانە، هەرکەسێك بەزمانی عەرەبی دووا ئەوە عەرەبە.

---

(١) ئیبنو عەساکر (٢٢٤/٢٤) بە مورسەلی هێناویەتییەوە و شیخی ئەلبانیش لە (السلسلة الضعيفة / ٩٢٦) دەفەرموێ: (ضعيف جدا).

٦- یەکێتی دیدوڕێ و هەست و هۆش:

دیدوڕێی موسوڵمانان لە ژیاندا (و دەربارەی گەردوون و ژیان و مرۆڤ) دیدوڕێی پێغەمبەران (علیهم السلام) و صیددیقان و شەهیدان و پیاوچاکانە، کە بەردەوام داوا دەکەن خوای گەورە زیاتر هیدایەتیان بدات بۆ پێوەپایەندبوونی:

- ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧﴾ الفاتحة: ٦ – ٧ واتە: خوایە گیان ڕێگاڕاستەکەی خۆتمان نیشاندە، کەگرتمانە بەر یارمەتیدەرمانی لە پێوەپایەندبوونیدا.. ڕێبازی ڕاستی تۆ ڕێبازی ئەو کەسانەیە کە خۆت نیعمەتی خۆتت بەسەردا ڕشتووە، خوایە لە ڕێچکە و ڕێبازی ئەوانەمان لادەیت کە غەزەبیان لێگیراوە (جولەکە) یان گومڕا و ڕێ بزربووان (دیانەکان).

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (تركْتُكُم على الجادة، ليلُها كنَهارِها لا يَزيغُ عنها إلَّا هالكٌ)[1] واتە: ئێوەم لەسەر ڕێگاییەکی ڕاست و ڕەوان جێهێشتووە، کە شەوی وەکو ڕۆژە و ڕووناکە، ئەوی لێی لادەدات فەوتاوە..

---

(١) نوسەری ڕەحمەتی نوسیویەتی ئەحمەد و ئیبنو ماجە بەسەنەدی (حەسەن)ەوە، بەڵام فەرموودەکەم نەدۆزییەوە، فەرموودەیەکی تر هەیە هاوشێوەی ئەمە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (لقَد تركْتُكُم على مثلِ البَيضاءِ، ليلُها كنَهارِها لا يَزيغُ عنها إلَّا هالِكٌ)، هەریەك لە ئیبنو ماجە (٤٣)، ئەحمەد (١٧١٤٢)، ئەبو داود (٤٦٠٧)، ترمذی (٢٦٧٦) بە درێژی هێناویانەتەوە، هەروەها ئیبنو ئەبی عاسم لە (السنة/٤٨) هێناویەتیەوە و لەفزەکەش هی ئەوە، شیخی ئەلبانیش لە (صحیح کتاب السنة) دەفەرموێ: (صحیح)ە.

سەیدنا عومەر خوا لـێی ڕازی بێت فەرمووی: (تُرِكْتُم على الواضحة، ليلُها كنهارِها)[1] واتە: لەسەر ڕێ و ڕێبازێکی ڕۆشن کە شەویشی ڕووناکە وەکو ڕۆژەکەی جێهێڵراون.

سەیدنا عەلی خوا لـێی ڕازی بێت فەرمووی: (تُرِكْتمْ على الجَادَّة، منهجٌ عليه أمُّ الكتاب)[2] واتە: ئێوەم لەسەر ڕێگایەیەکی ڕاست و ڕەوا جێهێشتووە، یەعنی لەسەر بەرنامەیەك کە قورئانە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (مَن فارقَ الجماعةَ قَيْدَ شِـبْرٍ، فَقَدْ خَلَـعَ رِبْقَـةَ الْإِسْـلَامِ مِـنْ عُنُقِـهِ، وإن صـلَّى وَصَـامَ وَزَعَـمَ أَنَّـهُ مُسـلِمٌ)[1] واتە: هەرکەسێك کۆمەڵ (ئـوممەتی موسـوڵمان کە لەسـەر دیـدوڕێی سـەلەف) جـێ بهێڵێـت، بـا بـڕی بسـتێکیش بێـت، ئەوە گەردانەی ئیسـلامەتیەکەی لەگەردنـی داڕنیوە و لایداوە، با نوێژیش بکات و بەڕۆژووش ببێـت و واش لاف لێبـدات کە موسوڵمانە.

هەروەکو کە دید و تێرشوانینی ئوممەتی ئیسلام (دەربـارەی گەردوون و ژیـان و مرۆڤ) لە دید و تێڕوانینی ئوممەتانی تر جیاوازە، ڕێ و ڕێبازیشی لەهەمـووان جیاوازە.. ڕێگای کە ڕێگای پێغەمبەرانە، دید و تێڕوانینیشی لەوەحـی خـواییەوە هـاتووە کە هەر پێغەمبەرانـی خـوا (علـيهم السـلام) هێناویـانە، بـۆیە ئـوممەتی

---

[1] ئەحـمەد (١٢٦/٤) ئیبنـو مـاجە (٤٣)، مونـذیریش لە (الترغيـب والترهيـب / ١٤٦/١) بە (حەسەن)ی ناساندووە.

[2] (جامع الأصول / (١ / ٢٩٣).

ئیسلامی هەموو فیکر و ڕوانگە و پێناسەیەکی لە قورئان و سوننەتەوە وەرگرتووە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قَدْ جَآءَكُم بَصَآئِرُ مِن رَّبِّكُمْ ۝١٠٤﴾ الأنعام: ١٠٤ واتە: بەڵگە و هەنجەتی ڕاست و ڕەوایی دیدوڕێی خۆتانتان لە خوای پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە.

هەروەها: ﴿هَٰذَا بَصَآئِرُ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ ۝٢٠﴾ الجاثية: ٢٠ واتە: ئەمە (ئەم قورئانە بە دیدوڕێ و ئەحکامەکانیەوە) مایەی بەرچاوڕوونی خەڵکییە.

لەم روانگە و زەمینە عەقائیدییە خواییەوە دەردەکەوێت کە دید و تێڕوانین و فیکر و بیری موسوڵمانان یەکە، چونکە هەموویان هەر لە فورئانەوە وەریانگرتووە کە مایەی هیدایەت و بەرچاوڕوونی هەموویانە.

جگە لەم دید و تێڕوانینە فیکری و عەقائیدییەی کە یەکە و موسوڵمانانی کردووە بەیەك ئوممەت، هەست و هۆشیشیان هەر بەدین و دینداریتییەکەیان بووە بەیەك. کۆمەڵێك سیفاتی دەروونی خراپ لە مرۆڤدا پەیدادەبن کە

---

(١) أحمد (٤/٢٠٢)، هەروەها ئەبو داود (٤٧٥٨) بەشێکی حەدیسەکەی بە کەمێك جیاوازی هێناوەتەوە و سەحیحە: (مَنْ فَارَقَ الْجَمَاعَةَ شِبْرًا، فَقَدْ خَلَعَ رِبْقَةَ الإِسْلَامِ مِنْ عُنُقِهِ)، ترمذیش (٢٨٣٦) بەلەفزی جیاواز لە حەدیسێکی درێژ هێناویەتییەوە و دەفەرموێ: (حديث حسن صحيح غريب).

کاریگەریی لەسەر ڕەفتـار و ڕەوشـتی دروسـت دەکـات و لاسـەنگ و خـوار و خێچـی دەکـات، ئیسـلام ئەمـانەی لە مرۆڤـی موسـوڵماندا ڕاسـتکردۆتەوە و بـۆ ڕەزامەندیی خوای گەورە وایلێکردوون ئینفیعالاتی خۆیان کـۆنترۆڵ بـکەن و ئەو سـیفەتە خراپـانە لەناخیانـدا دەرکەن و بەپـاڵفتەی دەروون و ڕەوشـتبەرزیی خواناسان خۆپارسەنگ بکەن.. هەروەها چەندەها سیفەتی چـاك لەنـاخی مرۆڤـدا هەن کە دەبـنە پـاڵنەری خێرخـوازی و چاکەکـاریی مـرۆڤ، ئیسـلام ئەمـانەی لەمرۆڤی موسوڵماندا بەهێزترکردووە و بەئومێدی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە خۆی پارسەنگ دەکات، بەناخی پاك وڕەوشتی چاك..

لەم زەمینـەیە پەروەردەسـازییەوەیە دەبینرێـت لەهەر جـێ و ڕێ، لەهەرکـات و شوێن، لەهەرنەوەیەکی موسوڵماناندا موسـوڵمانان زیـاتر لەدیـنەکە تێگەیشـتبن و پێـوەی پابەنـدبووبن و لەسـەر دیـدوڕێی پێغەمـبەران (علـیهم السـلام) خەڵکـی بانگهێشـتی ئیسـلامەکە بـکەن و قیامەتیـانە هەڵسـوکەوت لەگەڵ دەوروبەریاندابکەن، چاکتر و ڕەسەنتر و پارسەنگتر دەبـن و حەتمەن کـاریگەرتر و جێمتمانەتریش دەبن.. ئینجا ئەوانەی لەسـەرئەم پـاڵفتەی دەروون و ڕاقیبـوونی ڕەوشت و چاکسازانە ڕەفتارکردنە پەروەردەدەبن، دەبنە پێشـڕەوانی ئـوممەتەکە و نموونەی شارستانیانەی بەرچاوی مرۆڤایەتی..

٧- یەکێتی یاسا و ڕێسا و دەستوور:

سەرچاوەی ئەحکامەکانی دەسـتوور و یاسـای ئـوممەت قورئـان و سـوننەتن، بەهـیچ کلۆجێـك ناشـێت موسـوڵمانان یاسـایەکی تریـان هەبێـت کە پـێچەوانەی ڕێسـاکانی قورئـان و سـوننەت بێـت، لەم ڕوانـگەوەیە کە دەبـێ موسـوڵمانانی

ئـوممەت لەهەركـات و شـوێنێكدابن هەردەبێـت ئەحكـامی یاسـای سزاكانیان - بۆنموونە - هەروەكو ئەحكـامی سـەودا و مامەڵەیـان، یـان ئەحكـامی كاروبـاری شەخسییان وەكو یەك بێت و هەموویـان لە قورئـان و سـوونننەتەوە سـەرچاوەیان گرتبێت، بەهەمان شێوەی یاسای نێودەوڵەتی هەمـوو لایەكییـان هەردەبـێ وەكـو یەك بێـت و لە قورئـان و سـوونەتەوە هـاتبن، ئەگەرچـی ئیجتیهـادی پێشـەوا و شەرعناسـانیش لەلێوارگرتنیانـدا لێیـانەوە ڕاجـوێ بـووبن. ئـوممەت لەسـەرئەوە ڕێكن كە خەلیفە و ئەهلی حەل و عەقـد یـان شـوراكەی دەوروبەری بۆیـان هەیە ڕاجوێیی نێوان موجتەهیدان یەكلابكەنەوە، ئەم یەكلاكردنەوەیەش هێـزی یاسـای هەیە و دەبێتە داوەریی حـوكم پێكـردن، ئـاوا هەسـت دەكرێـت كە ئـوممەتەكە لە ڕێساكانی ئەحكام و یاسادارشتندا یەكە، هەروەكو كە لەسـەرچاوەی دەسـتوور و یاســایدا یەكە، ئەمە ڕێ لەوەناگرێــت كە ئەگەر ویلایەتێكــی داروئیســلام تایبەتمەندیەكی مەزهەب یـان دیـد و هەڵوێسـتێكی شـەرعیی تـایبەت بەخۆیـان هەبێـت، بۆیـان ڕەچـاو بكرێـت و ڕێ بـدرێن لەچوارچێـوەی گشـتی دەسـتوری خـیلافەت و یاسـای حـوكمی گشـتیدا هەنـدێك ڕێكەوتنـی تـایبەت بەخۆیانیـان هەبێت.[1]

---

[1] نوسـەری ڕەحمەتی لەدواییـی ئەم كتێبەدا ئەمە زیـاتر ڕوون دەكاتەوە كە ئەگەر تایبەتمەندیی زمان بێت یان مەزهەب ڕەچاو دەكرێت و ویلایەتی سەربەخۆیان دەبێت وەكو ویلاتی كوردستان و شیعەستانێك.

٨- یەكێتی سەركردایەتی:

ئوممەتی ئیسلامی لە ئەسڵدا یەك سەركردایەتی هەیە كە پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) و لەسەر موسوڵمانان فەرزە گوێڕایەڵی بن و ملكەچی بۆ فەرمانەكانی دەربڕن، دوای كۆچی دوایی كردنی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەبێ موسوڵمانان (بەویستی ئازادیان) خەلیفەیەك هەڵبژێرن تا شەریعەتی خوایان لەسەر بچەسپێنێت و ڕێبەرێتیان بكات بۆ بڵاوكردنەوەی بانگەوازی خوایی و حوكمكردنی دەوڵەت و ئوممەت.. موسوڵمانان بەرپرسن كە گوێڕایەڵی و ملكەچی بۆ دەربڕن مادام بەقورئان و سوننەتەوە پابەندبێت، كە خەلیفە دیاریدەكرێت موسوڵمانان بەیعەتی دەدەنێ.. ئەوكاتە بەیعەتی لەگەردنی هەموو موسوڵمانانی جیهاندا دەبێت و هەموو دەبێت ملكەچی فەرمانەكانی بن، لەهیچ حاڵەتێكدا نابێت موسوڵمانان بێ خەلیفەبن، هەبوونی خەلیفە، هەبوونی ڕەمزی یەكێتی ئوممەت و هێز و پێزیانە، هێزی ئوممەت زەمانەتی توانای بەرگریی لەخۆكردنە، زەمانەتی بڵاوكردنەوەی ئازادانەی بانگەوازی خوای گەورەیە، هەبوونی خەلیفە و دەوڵەت و ئوممەتی یەكگرتوو زەمانەتی لادان و ڕادانی كوفر و شیرك و خراپەكاریی جاهیلییەتە..

*****

بەم یەكبوونە، بەیەكبوونی عەقیدە و یەكێتی خواپەرستی و یەكێتی قیەم و ڕەوشت و ڕەفتار و یەكێتی مێژوو و یەكێتی زمان و یەكێتی دیدوڕێ و هەست و هۆش و یەكێتی دەستوور و یاسا و یەكێتی سەركردایەتی و ڕێبەریی، ئوممەتی ئیسلامی لەبەهێزترین حاڵەتیدا دەبێت، شكۆمەند و بەسام و هەیبەت دەبێت،

چونکە موسوڵمانان یەك ئوممەتن کە بەپەیوەندیی برایەتـی دینـی پـێکەوە بەنـدن: ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٞ ١٠﴾ الحجرات: ١٠، موسـوڵمانان دۆسـتایەتی و وەلائیـان بـۆیەکترە و سەرپەرشتیاریی یەکترین، خەمی یەکتریان لەبەرە: ﴿وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ ٧١﴾ التوبة: ٧١.. ئوممەتی ئیسلامی هەموویان وەکو یەك جەستەن.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (مَثَلُ الْمُؤْمِنِين في تَـوادِّهِمْ، وتَراحُمِهِمْ، وتَعاطُفِهِمْ مَثَلُ الجَسَدِ إذا اشْتَكَى منه عُضْـوٌ تَـداعَى لـه سـائِرُ الجَسَـدِ بالسَّـهَرِ والْحُمَّـى)[1] واتە: نمـوونەی موسـوڵمانا لەناوخۆیانـدا لە خۆشەویسـتی و بەزەیی و سۆزیان بەرامبەر یەکتریدا وەکو یەك جەسـتەن، کە ئەگەر ئەنـدامێکی ئەو جەسـتەیە ئـازارێکی هەبـوو، هەمـوو ئەنـدامەکانی تـری جەسـتەکە تـا دایاندەگرێت و شەونخوونی دەکێشن..

موسـوڵمانان ئـاوا خەمخۆر و سـەرخەری یەکـترین و نـاومومکینە پشـتی غەیـرە موسوڵمان بگرن، یا کەسوکاریشیان بن:

- ﴿لَّا تَجِدُ قَوۡمٗا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ يُوَآدُّونَ مَنۡ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوۡ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمۡ أَوۡ أَبۡنَآءَهُمۡ أَوۡ إِخۡوَٰنَهُمۡ أَوۡ عَشِيرَتَهُمۡۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلۡإِيمَٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٖ مِّنۡهُۖ وَيُدۡخِلُهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُۚ أُوْلَٰٓئِكَ حِزۡبُ ٱللَّهِۚ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٢٢﴾ المجادلة: ٢٢ واتە: نامومکینە کەسانێك ببینیت کە باوەڕیان بە خوای گەورە و بەڕۆژی دوایی هەبێت و لەهەمان کاتدا کەسانێکیان خۆشبوێت کە دوژمنایەتی

---

[1] بوخاری (٦٠١١)، مسلم (٢٥٨٦).

خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) بکەن، با باوك و باپیریان ئەولادیان برایان تیرە و هۆزی خۆشیان بن.. ئەوانە خوای گەورە ئیمانی لەدڵیاندا جێگیرکردووە و بەفریشتەی خۆی پشتیوانی لێکردوون، خوای گەورە ئەوانە دەخاتە بەهەشتانێکەوە کە ڕووبار و جۆباریان بە ژێردا دەڕوات، بەنەمری تێیدا دەمێننەوە، ئەوانە خوای گەورە لێیان یازی بووە و ئەوانیش لەخوای گەورە ڕازیبوون، ئەوانە حزبی خوای گەورەن، ئەرێ، حەتمەن حزبی خوای گەورەش سەرکەوتوو و سەرفرازە..

## بڕگەی سێیەم:

## ڕەگەزنامە و ناسنامەی موسوڵمان عەقیدەکەیەتی:

موسوڵمان نە لەڕووی هزر و ژیرییەوە، نە لەڕووی هەست و هۆشەوە نەلەلایەنی ویژدان و سۆزەوە و نەلە لایەنی کردەوەییەوە بەغەیری ئوممەتی ئیسلامییەوە پەیوەست نابێت، هەموو گیانی ئاماژەی ئینتیمای ئومەتەکەی دەکات، ناسنامە و ڕەگەزنامە و سیمای ناسینەوەی موسوڵمان عەقیدەکەیەتی، بۆئەوە دەژی و لەپێناوی ئەودا دەمرێت، هەموو توانا و ووزەیەکی بۆ سەرخستنی عەقیدەکەی بەگەڕدەخات و لەڕوانگەی ئەوەوە دەڕوانێتە گەردوون و ژیان و مرۆڤ، دۆستایەتی خزمایەتی هەر لە چوارچێوەی عەقیدەکەیدا دەگرێت، نە ئینتیمای کەسوکارانە نە ئینتیمای تیرە و هۆز و نە ئینتیمای قەوم و زمان و نیشتمانی بەلاوە گرنگ دەبێت ئەگەر لەگەڵ عەقیدەکەیدا نەسازێن.. ئەمانەشی کاتێك قبووڵە کە عەقیدەکەی قبووڵی بن، دەنا هەرهەمووی ڕەفز دەکاتەوە.

سەیید قوتب (رحمە اللە) خاوەنی (معالم في الطريـق) لە ژێـر ناونیشـانی (جنسـية المسلم عقيدته)دا نووسیوێتی:[1]

## ڕەگەزنامە و عەقیدەی موسوڵمان

ئەو رۆژەی کە ئیسـلام هـات، وەك چـۆن بیروهۆشـێکی نـوێی هێنـایە کـایەوە دەربارەی حەقیقەتی نەریت و جۆری هەڵسەنگاندن، و دەربارەی ئەو کەسەی ئەم نەریت و جۆرە هەڵسەنگاندنەی لێوە وەردەگرێت، بیروهۆشێکی نوێشی دەربارەی حەقیقەتی پەیوەندی و پەیوەستەکانی کۆمەڵ هێنا..

ئیســـلام بـــۆ ئەوە هـــاتووە کە مـــرۆڤ بەرە و لای خـــوا بگێـــڕێتەوە، ئەم دەسەڵاتدارێتییەش بکات بەتەنها دەسەڵاتدارێتییەك کە وەك بوون و ژیانی خۆی لێـوە وەردەگرێـت، بەهـا و نەریتـیش هەرلەوەوە وەربگرێـت، چـونکە هەمـوو پەیوەندی و پەیوەستێکی مرۆڤ هەر بۆ ئەو دەسـەڵاتدارێتییە دەگەڕێـتەوە، هەر وەکو کە لەئیرادەی ئەویشەوە هاتوون و بۆ ئەویش دەگەڕێنەوە.

ئیسـلام بـۆ ئەوە هـاتووە تـا یەك جـۆرە پەیوەسـتی بچەسـپێنێ.. یەك جـۆر پەیوەستی.. ئەویش ئەوەیە کە خەڵکی لەبەر خاتری خوا یەکتریان بوێ و بۆ خـوا

[1] نووسەری ڕەحمەتی دیارە لەبەر بارودۆخی سەردەمی نووسینی کتێبەکەی کە لەژێر دەسەڵاتی بەعسی کافری سوریا دابوو، پاشان چووە عێڕاق کە هەر لەژێر دەسەڵاتی بەعسی کافر دابوو، بۆیە ئەو نەینووسیوە سید قطب (رحمه الله)، ئەوە من نووسیومە، ئەو هەر نووسیوێتی [يقول صاحب (معالم في الطريق)].

پەیوەندییان پێکەوە ببەسترێ، خۆ ئەگەر ئەو پەیوەستە نەما ئەوا ئیتر نەهیچ جۆرە پەیوەندییەك دەمێنێ و نەخۆشەویستی:

- ﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ﴿٢٢﴾﴾ المجادلة: ٢٢

واتە: کۆمەڵێك نابینیت کە بەڕاستی باوەڕیان بەخوا و ڕۆژی دوایی هێنابێت، بەڵام سۆز و خۆشەویستیش بۆ یەکێك دەرببڕن کە دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات، با ئەو کەسە باوکیشیان بێت، یا کوڕیان بێت، یا برایان بێت، یا لەتیرە و هۆزیشیان بێت.

خواش تەنها یەك حزبی هەیە و بەس، هەموو حزب و دەستە و کۆمەڵێکیتر هی شەیتان وطاغوتن:

- ﴿الَّذِينَ آمَنُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ۖ وَالَّذِينَ كَفَرُوا يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطَّاغُوتِ فَقَاتِلُوا أَوْلِيَاءَ الشَّيْطَانِ ۖ إِنَّ كَيْدَ الشَّيْطَانِ كَانَ ضَعِيفًا ﴿٧٦﴾﴾ النساء: ٧٦

واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، لەپێناوی خوادا دەجەنگن، بەڵام ئەوانەی بێ باوەڕن لەپێناوی (طاغوت)دا دەجەنگن، دەسا ئێوەش - ئەی باوەڕدارەکان - لەگەڵ شوێنکەوتوانی شەیتاندا بجەنگن.. بیانکوژن.. دڵنیاش بن فێڵی شەیتان لاوازە.

تەنها یەك ڕێگای خواویستیش هەیە، ئیتر هەموو ڕێگایەکیتر بەرەو غەیری خواویستی دەچن:

- ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٥٣ ﴾ الأنعام: ١٥٣

واته: ئەمە ڕێگای ڕاستی منە شوێنیکەون، شوێن تووله ڕێگاکانیتر مەکەون کە لەڕێبازی خواویستی لاتان دەدەن.

تەنها سیستمێکیش هەیە سیستمی ئیسلامی بێت، غەیری ئەو سیستمە جاهیلییە:

- ﴿ أَفَحُكۡمَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ يَبۡغُونَۚ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ حُكۡمٗا لِّقَوۡمٖ يُوقِنُونَ ٥٠ ﴾ المائدة: ٥٠

واته: ئایا حوکمی جاهیلییەتیان دەوێ؟ بۆچی حوکمی کەس هەیە لەحوکمی خوا چاکتر بێت بۆ ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە؟ تەنها شەریعەتێکیش هەیە شەریعەتی خوایی بێ، غەیری ئەویش هەوا و هەوەس پەرستییە!

- ﴿ ثُمَّ جَعَلۡنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡرِ فَٱتَّبِعۡهَا وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ ١٨ ﴾ الجاثية: ١٨

واته: پاشان تۆمان خستە سەر شەریعەتێکی ڕێك و جوان، تۆش شوێنیکەوە، شوێن هەوا و هەوەسی ئەوکەسانە مەکەوە کە لەڕاستی بێ ئاگان و نەزانن..

تەنها یەك حەقیش هەیە و بەس، غەیری ئەویش گومڕایی و سەرگەردانییە:

- ﴿ فَمَاذَا بَعۡدَ ٱلۡحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَٰلُۖ فَأَنَّىٰ تُصۡرَفُونَ ٣٢ ﴾ یونس: ٣٢

واته: لەحەق بگەڕێتەوە چیتر هەیە غەیری گومڕایی؟ ئیدی بۆچی لەڕێبازی حەقخوازی لادەدەن؟

تەنها وولاتیش (دار الإسلام)ە.. ئەو وولاتەی کە سیستمی ئیسلامی حوکمی دەکات و تەنها شەریعەتەکەی خوا تێیدا دەسەڵاتدارە، و سزا ئیسلامییەکانی تێدا ڕادەپەڕێنرێ و موسوڵمانەکان هەندێکیان دەبنە سەرپەرشتیاری هەندێکیتریان.. غەیری ئەم وولاتەش (دار الحرب)ە، پەیوەندی موسوڵمان لەگەڵ (دار الحرب)دا یان شەڕکردنە لەگەڵی یان پەیمان بەستنە، بەڵام هەرچۆنێك بێت بە (دار الإسلام) ناژمێررێ و لەنێوان دانیشتوانی وولاتی (دار الحرب) و موسوڵماندا (وەلاء) نامێنێ.

- ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَمۡ يُهَاجِرُواْ مَا لَكُم مِّن وَلَٰيَتِهِم مِّن شَيۡءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُواْۚ وَإِنِ ٱسۡتَنصَرُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ فَعَلَيۡكُمُ ٱلنَّصۡرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞۗ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ٧٢ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٍۚ إِلَّا تَفۡعَلُوهُ تَكُن فِتۡنَةٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَفَسَادٞ كَبِيرٞ ٧٣ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ حَقّٗاۚ لَّهُم مَّغۡفِرَةٞ وَرِزۡقٞ كَرِيمٞ ٧٤ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنۢ بَعۡدُ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ مَعَكُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ مِنكُمۡۚ وَأُوْلُواْ ٱلۡأَرۡحَامِ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلَىٰ بِبَعۡضٖ فِي كِتَٰبِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمُۢ ٧٥﴾ الأنفال: ٧٢ - ٧٥

واتە: ئەوانەی بەڕاستی باوەڕیان هێنا و کۆچیان کرد و جیهادیان لەپێناوی خوادا کرد بەماڵ و گیانیان، هەروەها ئەوانەش کە بوونە پشتیوان و لایەنگیر و یارمەتیدەری کۆچکەرەکان، هەردوولایان پێکەوە کۆمەڵێك پێك دێنن و لەنێو خۆیاندا دەبنە یەك، ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوە و کۆچیان نەکردووە هەقتان نەبێ بەسەریانەوە تا ئەوانیش کۆچ دەکەن و دێنە ڕیزتانەوە، بەڵام ئەگەر داوای یارمەتییان لێ کردن بۆ سەرخستنی دینەکە، پێویستە یارمەتییان بدەن - تەنها لەو

کاتـانەدا نەبێـت کە داواکەیـان دژی تیـرەیەك بێـت کە ئێـوە پەیمانتـان لەگەڵیـدا بەستبێ، ئەو کاتە مەچـن بەدەنگیـانەوە و داواکەیـان بەجـێ‌مەهێنن و پەیـمانەکە مەشکێنن - خوای گەورەش تەواو ئاگادارە بەسەر ئەو کردەوانەدا کە دەیکەن. بێ باوەڕەکـانیش هەنـدێکیان یارمەتیـدەری هەنـدێکیتریانن، ئەگەر ئێـوەش - لەنێـو خۆتاندا - کۆمەکی یەکتری نەکەن و پێکەوە یەك نەبـن؛ خـراپە و تـاوانێکی زۆر لەزەویدا پەیدادەبێت، ئەوانەی باوەڕی پتەویان هەبوو و کۆچیان کرد و جیهادیـان لەپێناوی خوادا کرد، بەڕاستی ئەوانەن موسوڵمانی ڕاسـتەقینە، خـوا لێیـان خـۆش دەبێت و ڕزق و ڕۆزییەکـی زۆریشـیان پـێ دەبەخشـێت. هەروەهـا ئەوانەش کە دوای ئەمان باوەڕیان هێنا و کۆچیان کرد و جیهادیشیان کـرد، ئەمـانەش لەڕیـزی ئێوەن و ئەو مافەی ئێوە هەتانە ئەوانیش هەیانە..

ئیسلام ئا بەم ڕوونی و ئاشکراییە تەواوەوە، ئا بەم حوکمە بنەبـڕەوە هـات.. بـۆ ئەوە هات تا مرۆڤ بەرز بکاتەوە و لە پەیوەستی خاك و قـوڕ و گۆشـت و خـوێن (کە هەر لەپەیوەستی خاك و قـوڕن) ڕزگاریبکـات - موسـوڵمان نیشـتمانی نیـیە، جگە لەو وڵاتەی شەریعەتەکەی خوا حوکمی دەکات.. ئەوجـا پەیوەنـدی نێـوان دانیشـتوانی ئەو وڵاتە و موسـوڵمان لەسـەر بنـاغەی پەیوەسـتی خواویسـتی دروست دەبێت.. هەروەها موسوڵمان ڕەگەزنامەی نییە، چونکە تەنها عەقیـدەکەی ڕەگەزنـامەیەتی، کە ئەویـش وای لێ‌دەکـات ببێـتە ئەنـدامێك لە (نەتەوەی ئیسلامی) کە لە (دار الإسلام)دا دەژی. هەروەها موسوڵمان خزمایەتی نییە، تەنهـا

ئەوە نەبێت کە لەسەر بناغەی عەقیدەی خواویستی دادەمەزرێ.. چونکە پەیوەستی خزمایەتی دەبێ لەسەر بناغەی خواویستی ڕیشە داکوتێ.

خزمایەتی موسوڵمان بریتی نییە لە خزمایەتی دایك و باوك و ژن و عەشیرەت و تایەفە، مەگەر لەسەر پەیوەندی خواویستی دامەزرابێ:

- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١﴾ النساء: ١

واتە: ئەی خەڵکینە لەو خوایە بترسن کە هەمووتانی لەیەك کەس دروست کردووە و لەویشەوە خێزانەکەی دروست کردووە، (ئادەم و حەووا)، لەوانیشەوە ژن و پیاوی زۆری تری دروست کردووە و بەسەر زەمیندا بڵاویکردنەوەو لەو خوایە بترسن کە یەکتری پێ سوإند دەدەن و ئاگاتان لەخزمایەتیشتیان بێت..

ئەم ڕێسایە ڕێگای ئەوە ناگرێت کە هەڵسوکەوتی ژیان لەگەڵ دایك و باوکدا هەربەشێوەیەکی ڕاست و چاك بکرێت، ئەگەرچی جیاوازیشیان لە عەقیدەدا هەبێت، بەڵام بەو مەرجەی ئەو دایك و باوکە نەچنە ڕیزی بەرەیەك کە دژ بەئیسلام وەستابێت.. چونکە ئەوکاتە ئیتر نەپەیوەندی دەمێنێ و نەهەڵسوکەوت لەگەڵیاندا.. عبداللّٰەی کوڕی عبداللّٰەی کوڕی ئوبەی نموونەیەکی ئاشکرا و جوانمان بۆ دێنێتەوە.

ئیبنو جریر دەگێڕێتەوە لە ئیبن زیادەوە کە وتوویەتی: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) عبداللّٰەی کوڕی عبداللّٰەی کوڕی ئوبەیی بانگ کرد و پێی فەرموو: ئاگات

لێیه باوکت چی دەڵێ؟ ووتی: دایك و باوکم بەقوربانت بن، دەڵێ چی؟ فەرمووی: دەڵێ: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مەدینە دەبێ خاوەن عززەتەکان زەلیلەکان دەرکەن، ووتی: جا ڕاست دەکات، بەخوا ئەی پێغەمبەری خوا تۆ و خوا خاوەن عززەتن و ئەو زەلیله، بەگەورەیی خوا سا ئەی پێغەمبەر گەرچی ئەو کاتەی جەنابت تەشریفتان هێنا بۆ مەدینە هەموو خەڵکی یەثرب دەیزانی کە هیچ کەسێکی یەثریبی نەبووە بەقەدەر من دایك و باوکی خۆش ویستبێ، بەڵام ئێستا ئەگەر خوا و پێغەمبەری خوا ڕازیبن سەری هەردووکیان دێنمە بەردەستت.

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) فەرمووی (نا)، کاتێ گەڕانەوە بۆ مەدینە عبداللَّهی کوڕی عبداللَّهی کوڕی ئوبەی لەبەر دەرگای مەدینە وەستا و شمشێرەکەی دەرهێنا و باوکی گرت و ووتی: تۆ ووتوتە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مەدینە دەبێ خاوەن عززەتەکان زەلیلەکان دەرکەن؟! بەخوای گەورە سا ئێستا پێت دەڵێم کە عزەت بۆ پێغەمبەرە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) یا بۆ تۆیە، بەگەورەیی خوا ئا لێرەدا ڕات دەگرم و ناهێڵم بچیتە ژێر سێبەرێکی مەدینە تا خوا و پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) مۆڵەت نەدەن. باوکی هاواری کرد: ئەی هاوار هۆزی خەزرەج: کوڕەکەی خۆم ناهێڵێ بچمەوە ماڵی خۆم: ئەی هاوار هۆزی خەزرەج کوڕەکەم ناهێڵێ بچمەوە ماڵی خۆم، کوڕەکەشی هاواری کرد: بەگەورەیی خوا ناهێڵم بچیتە ژێر هیچ سێبەرێکی مەدینە تا خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) ڕازینەبن. ئەوجا هاتن بۆ لای پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) و پێیان ووت، ئەویش فەرمووی: بچن بۆلای و پێی بڵێن: (ڕێی بدە با بچێتەوە ماڵی

خۆی)، ئینجا هاتنەوە بۆ لای عبداللَّه و پێیان ووت. ئەویش ووتی: ئێستاکە مادام فەرمانی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) هات، بڕۆ قەیناکە..

جا ئەگەر پەیوەستی عەقیدە بەسترا، ئەوا موسوڵمانان برای یەکن، با لەڕووی نەژاد و خزمایەتیشەوە یەك نەگرنەوە: ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٞ ۝١٠﴾ الحجرات: ١٠، بۆ دڵنیابوونیش:

- ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَواْ وَّنَصَرُوٓاْ أُوْلَٰٓئِكَ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ ۝٧٢﴾ الأنفال: ٧٢

واتە: ئەوانەی بەڕاستی باوەڕیان هێنا و کۆچیان کرد و جیهادیان بەماڵ و گیانیان لە پێناوی خوادا کرد، هەروەها ئەوانەش کە بوونە پشتیوان و لایەنگیر و یارمەتیدەری کۆچکەرەکان، هەردولایان پێکەوە کۆمەڵ پێك دێنن و لەنێو خۆیاندا دەبنە یەك.

ئەم سەرپەرشتیکردنەش تایبەتی نییە بەنەوەیەکەوە، بەڵکو نەوەکانیتری دوایش دەگرێتەوە، و سەرەتای ئەم نەتەوەیە بەکۆتاییەکەیەوە دەبەستێ، ئەویش بەپەیوەستێکی خۆشەویستی و سۆز و دڵسۆزی و (ولاء) دەربڕین:

- ﴿وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلۡإِيمَٰنَ مِن قَبۡلِهِمۡ يُحِبُّونَ مَنۡ هَاجَرَ إِلَيۡهِمۡ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمۡ حَاجَةٗ مِّمَّآ أُوتُواْ وَيُؤۡثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ وَلَوۡ كَانَ بِهِمۡ خَصَاصَةٞۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ۝٩ وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ ۝١٠﴾ الحشر: ٩ - ١٠

واته: مەدینەییەکان کە خاوەن ماڵ و دارایی و باوەڕی پتەوبوون ئەو کەسانەیان زۆر خۆش دەویست کە کۆچیان دەکرد بۆ لایان، لەمەش دڵگران نەدەبوون کە دەسکەوت و غەنیمەتی جەنگ دەدرا بەکۆچکەرەکان، هەمیشە بەرژەوەندی ئەوانیشیان دەخستە پێش هی خۆیانەوە گەرچی خۆشیان ئاتاج بوونایە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەمان ڕەزیل و ماڵ خۆشەویست نین، ڕزگاربووش ئەو کەسەیە کە خۆی لەبەخیلی و پیسکەیی دەپارێزێت.

***

خوای گەورەش کاروانە پیرۆزەکەی پێغەمبەران دەکاتە نموونە بۆ موسوڵمانانی دەهێنێتەوە، ئەو پێغەمبەرانەی کە بەلق و پۆپی زەمانەدا هەڵچوون:

- ﴿وَنَادَىٰ نُوحٌ رَّبَّهُۥ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ٱبۡنِي مِنۡ أَهۡلِي وَإِنَّ وَعۡدَكَ ٱلۡحَقُّ وَأَنتَ أَحۡكَمُ ٱلۡحَٰكِمِينَ ٤٥ قَالَ يَٰنُوحُ إِنَّهُۥ
لَيۡسَ مِنۡ أَهۡلِكَۖ إِنَّهُۥ عَمَلٌ غَيۡرُ صَٰلِحٖۖ فَلَا تَسۡـَٔلۡنِ مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٌۖ إِنِّيٓ أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ ٤٦ قَالَ رَبِّ إِنِّيٓ
أَعُوذُ بِكَ أَنۡ أَسۡـَٔلَكَ مَا لَيۡسَ لِي بِهِۦ عِلۡمٞۖ وَإِلَّا تَغۡفِرۡ لِي وَتَرۡحَمۡنِيٓ أَكُن مِّنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٤٧﴾ هود: ٤٥ - ٤٧

واته: نوح - سەلامی خوای لێ بێت - هاواری کردە خوای گەورە و فەرموصی: ئەی خوای گەورە و پەروەردگارم ئەم کوڕەم خۆ لەخێزانی منە و پەیمانی تۆش ڕاستە و تۆش دادپەروەرترینیت، (کاتی خۆی خوای گەورە پەیمانیدا بەنوح کە ماڵ و خێزانەکەی رزگاربکات لە خنکان) و خوای گەورە فەرمووی: ئەی نوح ئەو کوڕە لەخێزانی تۆ نییە، ئەو خۆی کردەوەیەکی ناشرینەو تۆ داوای شتێك مەکە کە ئاگاداری تەواوت لەشەرعێتی بەجاإغ ئەو شتە نەبێت، ئامۆژگاریت دەکەم کە خۆت نەخەیتە ڕیزی نەفامانەوە، نوح فەرمووی: ئەی پەروەردگارم من

پەنا بەتۆ دەگرم لەوەی شتێك بكەم كە ئاگاداری نەبم.. پەشیمانم و داوای لێخۆش بوونت لێ دەكەم.. ئەگەر تۆ لێم خۆش نەبیت و بەزەییت پێمدا نەیەتەوە، ئەوا دەكەومە ڕیزی ڕەنجەڕۆ و زەرەرمەندانەوە.

- ﴿۞ وَإِذِ ٱبۡتَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ رَبُّهُۥ بِكَلِمَٰتٖ فَأَتَمَّهُنَّۖ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامٗاۖ قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِيۖ قَالَ لَا يَنَالُ عَهۡدِي ٱلظَّٰلِمِينَ ١٢٤﴾ البقرة: ١٢٤

واتە: خوای گەورە ئیبراهیم پێغەمبەری تاقیكردنەوە و بەچەند وشە و فەرمانێكی شەرعی، ئەویش بەرێكی بەجێی هێنان، پاشان خوای گەورە فەرمووی دەتكەمە پێشەوای خەڵكی، ئیبراهیم فەرموی: ئەدی نەوەكانم؟ خوای گەورە فەرموی: لەلایەن منەوە پیاو خراپ و ستەمكاران نابن بە پێشەوا..

- ﴿وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ رَبِّ ٱجۡعَلۡ هَٰذَا بَلَدًا ءَامِنٗا وَٱرۡزُقۡ أَهۡلَهُۥ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ مَنۡ ءَامَنَ مِنۡهُم بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ قَالَ وَمَن كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُۥ قَلِيلٗا ثُمَّ أَضۡطَرُّهُۥٓ إِلَىٰ عَذَابِ ٱلنَّارِۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ١٢٦﴾ البقرة: ١٢٦

واتە: ئیبراهیم فەرموی: ئەی پەروەردگارم، ئەم شارە (شاری مەككە) بكە بەشارێكی هێمن و پڕ ئاسایش و ڕزق و ڕۆزی دانیشتوانی بدە لەمیوەهات و بەروبوومی تر (هەڵبەت ئەوانەی باوەڕیان بەخوا و بەرۆژی دوایی هێناوە)، خوای گەورە فەرمووی: بەڵام ئەوەی كافربوو وە باوەڕی نەبوو، ماوەیەكی كەم خۆشی و لەزەتی دنیای دەدەمێ، پاشانیش بەرە و سزای دۆزەخ ڕایدەكێشم، پاشەرۆژێكی خراپیشی دەكەمە نسیب..

کـاتێکیش ئیبراهـیم بـاوك و کەس و کـاری دەبینـێ وا هەر لەسـەر گـومڕایی بەردەوامن، جێیان دەهێڵێ و بڕیاری گۆشەگیرییان لێ دەدات:

- ﴿وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَأَدْعُواْ رَبِّي عَسَىٰٓ أَلَّآ أَكُونَ بِدُعَآءِ رَبِّي شَقِيًّا ﴿٤٨﴾﴾ مريم: ٤٨

واتە: ئیبراهیم فەرموی: لێتان جیـادەبمەوە و گۆشـەگیر دەبـم لەخۆشـتان و لەو بت و بەرنامـانەش کە ئێـوە لەجیـاتی خـوا بانگەوازیـان بـۆ دەکەن.. مـن شـوێن ڕێگەی خوای خۆم دەکەوم و بانگەوازی ئەو بڵاو دەکەمەوە.. هیواشـم وایە خـوا نەمشکێنێ و سەرم خات لەم بانگەوازەمدا..

هەروەهـا خـوا باسـی ئیبراهـیم دەکـات و بەو سـیفەتەی نمـوونەی جـوانی پێشەوایەتییە:

- ﴿قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِيٓ إِبْرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ إِذْ قَالُواْ لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةُ وَٱلْبَغْضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤْمِنُواْ بِٱللَّهِ وَحْدَهُۥٓ ﴿٤﴾﴾ الممتحنة: ٤

واتە: موسوڵمانینە ئێـوە بەڕاسـتی لەئیبراهـیم و شـوێنکەوتوانیدا سەرمەشـق و پێشەوایی و مامۆستایی چاکتان دەست دەکەوێت، کاتێك کە بەتیـرە و هـۆزەکەی خۆیان ووت: ئێمە بـێ بەریـن لەخۆشـتان و لەوەش کە دەیپەرسـتن، ئەوانە خـوا پێیـان ڕازی نیـیە، بـۆیە ئـێمەش ئێوەمـان ناوێـت و دژایەتـی ئاشـکرادەکەین بەرامبەرتان، ڕق و قینیش هەر لەنێوانماندا بەهەمیشەیی دەمێنێـتەوە، هەتـا ئێـوە باوەڕدێنن بەخوای تاك و تەنها..

هەروەها لاوەكانی (یاوەرانی ئەشـكەوت: أصـحاب الكهـف)یش ئەوەتـا واز لە كەسوكار و نەتەوە و نیشتمانیان دێـنن و بەجێیـان دەهـێڵن، تـا دیـنەكەی خۆیـان بپارێزن و بەرەو خوا بەعەقیدەكەیانەوە كـۆچ بـكەن، دوای ئەوەی دڵنیـابوون كە جێگایەك نەماوە كە نیشتمان و كەسوكار وگەل و عەشیرەتەكەیاندا پەنایان بدات:

- ﴿إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ ءَامَنُواْ بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَٰهُمْ هُدًى ﴿١٣﴾ وَرَبَطْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُواْ فَقَالُواْ رَبُّنَا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ لَن نَّدْعُوَاْ مِن دُونِهِۦٓ إِلَٰهًا ۖ لَّقَدْ قُلْنَآ إِذًا شَطَطًا ﴿١٤﴾ هَٰٓؤُلَآءِ قَوْمُنَا ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ ءَالِهَةً ۖ لَّوْلَا يَأْتُونَ عَلَيْهِم بِسُلْطَٰنٍۭ بَيِّنٍ ۖ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا ﴿١٥﴾ وَإِذِ ٱعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ إِلَّا ٱللَّهَ فَأْوُۥٓاْ إِلَى ٱلْكَهْفِ يَنشُرْ لَكُمْ رَبُّكُم مِّن رَّحْمَتِهِۦ وَيُهَيِّئْ لَكُم مِّنْ أَمْرِكُم مِّرْفَقًا ﴿١٦﴾﴾ الكهف: ١٣ - ١٦

واتە: یاوەرانی ئەشـكەوت كـۆمەڵە لاوێـك بـوون، باوەڕیـان بەپەروەردگـاری خۆیان هێنابوو، ئێمەش زیاتر ڕێنماییمان كردن، دڵمان بەهێزتركردن بەتـایبەتی دوای ئەوەی ڕاپەڕین و هەستان و ووتیان: خوای پەروەردگاری ئێمە ئەوەیە كە خاوەنی ئاسمانەكان و زەوییە و جگەلەویش بانگەوازی هیچ كەسـێكیتر نـاكەین و شـوێن یەكێكیـتر نـاكەوین، چـونكە ئەگەر غەیـری ئەمە شـتێكیتر بڵێـین، یـا بڕیـاری شتێكیتر بدەین، ئەوە بەهەڵەداچووین و ڕێمان لێ‌تێك چـووە و گـومڕاین، ئـا ئەوە گەلەكەی خۆمانە وا شـوێن بەرنـامەیتری غەیـری بەرنـامەكەی خـوا كەوتـوون ! ئەگەر ڕاست دەكەن، بۆ بەڵگە لەسەر ئەوە نـاهێننەوە كە دەیپەرسـتن؟ كـێ لەوە تاوانبـارترە كە درۆ بەدەم خـوای گەورەوە دروسـت دەكات؟..مـادام ئێـوەش لەو نەتەوە گـومڕایە جیـابوونەتەوە و وازتـان لەپەرسـتراوەكانیان هێنـاوە بـڕۆن بـۆ

ئەشکەوتەکە، خوای گەورەش خۆی ڕەحم و بەزەیی خۆیتان بەسەردا دەڕێژێت و جێ و ڕێی گونجاوتان بۆ ئامادە دەکات و سەریشتان دەخات..

هەروەها ژنی نوح و ژنی لوط، کاتێك عەقیدەیان لەگەڵ عەقیدەی مێردەکانیاندا جیاوازبوو، لێك جوێبوونەوە:

- ﴿ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱمۡرَأَتَ نُوحٖ وَٱمۡرَأَتَ لُوطٖۖ كَانَتَا تَحۡتَ عَبۡدَيۡنِ مِنۡ عِبَادِنَا صَٰلِحَيۡنِ فَخَانَتَاهُمَا فَلَمۡ يُغۡنِيَا عَنۡهُمَا مِنَ ٱللَّهِ شَيۡـٔٗا وَقِيلَ ٱدۡخُلَا ٱلنَّارَ مَعَ ٱلدَّٰخِلِينَ ١٠﴾ التحريم: ١٠

واتە: خوا نموونەی بۆ بێباوەڕان هێناوەتەوە بەخێزانی نوح و خێزانی لوط، کە هاوسەری دوو بەندەی پیاو چاك و صاڵحی ئێمەبوون (کە نوح و لوط بوون)، کە هەردووکیان خیانەتیان لێ کردن و باوەڕیان بەپێغەمبەرێتی مێردەکانیان نەهێنا و شوێن ڕێگەی خوایی نەکەوتن، بۆیە ئەوانیش فریایان نەکەوتن و لای خوا نەهاتن بەهانایانەوە تا شەفاعەتیان بۆ بکەن.. سەرەنجام پێیان ووترا: هەردووکتان بچنە ناو ئاگرەوە لەگەڵ بێباوەڕاندا..

- ﴿وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱمۡرَأَتَ فِرۡعَوۡنَ إِذۡ قَالَتۡ رَبِّ ٱبۡنِ لِي عِندَكَ بَيۡتٗا فِي ٱلۡجَنَّةِ وَنَجِّنِي مِن فِرۡعَوۡنَ وَعَمَلِهِۦ وَنَجِّنِي مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ١١﴾ التحريم: ١١

واتە: وە خوا نموونە بۆ خاوەن باوەڕەکان دێنێتەوە بەژنەکەی فیرعەون، کە نزای کرد و وتی: خوایە لای خۆت، لەبەهەشتدا مالێکم بۆ پێکەوە بنێ و لەفیرعەون و کردەوەکانی ڕزگارم بکە و خوایە لەدەست ئەم نەتەوە ستەمکارە ڕزگارم بکە..

ئـا بەم جـۆرە خـوا نمـوونەی هەمـوو جـۆرە پەیوەسـت و پەیوەنـدی دێنێـتەوە..
پەیوەستی باوکێتی و کوڕێتی وەك چیرۆکی نوح، پەیوەستی کوڕێتی و نیشـتمان
وەك چیرۆکی ئیبراهیم، پەیوەستی خزمایەتی و کەسـوکار و گەل و نیشـتمان وەك
چیرۆکی یاوەرانی ئەشکەوت، پەیوەستی ژن و مێردایەتی وەك چیرۆکی ژنەکانی
نوح و لوط و ژنەکەی فیرعەون.

ئەو کـاروانە پیـرۆزە هەروا بەردەوام دەبـێ و بیروهۆشـی ڕاسـتەقینەی خـۆی
دەربـارەی پەیوەنـدی و پەیوەسـتییەکان ڕوون دەکـاتەوە.. تـا نەتەوە مـام
ناوەندییەکەی لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێشووە زۆرەی نموونە و پەند و ئامۆژگاری و
تـاقیکردنەوانە پێـك دێـت.. لەسـەر ئەو نەخشـە و پرۆگـرامە خـواییە نەتەوەی
موسـوڵمان دێنێتەکـایەوە، جـا بـا لەڕێیشـیدا هـۆز و تیـرەش لێـك دابـڕێن، یـان
پەیوەندی نێوان ئەندامانیماڵێك هەڵوەشێتەوە، چونکە جیاوازی عەقیـدەیی هەیە
لەنێوان ئەندامەکاندا، بۆیە خوا لەسیفەتی موسوڵماناندا دەفەرموێ:

- ﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓا۟ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَـٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ۖ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا ۚ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ ۚ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ٢٢﴾
المجادلة: ٢٢

واتە: کۆمەڵێك نابینیت کە بەڕاستی باوەڕیان بەخوا و بەڕۆژی دوایـی هێنـابێ
و کەچـی سـۆز و خۆشەویسـتیش بـۆ یەکێـك دەربـڕن کە دژایەتـی خـوا و
پێغەمبەرەکەی بکات، با ئەو کەسە باوکیشیان بێت، یـا کوڕیـان بێـت، یـا برایـان

بێـت، یـا لەتیـرە و هۆزیـان بێـت، ئەوانە خـوا بـاوەڕی لەدڵـدا جێگیرکـردوون و بەفریشتەش لایەنگـری کـردوون، پاشـان دەشـیانخاتە بەهەشـتێکەوە کە ڕووبـار بەژێریدا دەڕوات و ئەمان تێشیدا بەنەمـری دەمێنـنەوە، خـوا لەوان ڕازی بـووە و ئەوانـیش لەم ڕازیبـوون، ئـا ئەوانەن حزبـی خـوا.. بەڕاسـتی حزبـی خـواش سەرکەوتوون..

کاتێك پەیوەستی خزمایەتی پسا لەنێوان محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم) و ئەبـو لەهەب (أبو لهب)ی مامی و عەمری کوڕی هیشام (أبو جهل)ی ئامۆزای.. کاتێك موسـوڵمانە کۆچکەرەکـان کەسـوکار و خزمەکانیـان لە جەنگـی بەدردا کوشـت، ئەوکـاتە پەیوەسـتی عەقیـدە بەپـتەوی لەنێـوان کۆچکەرەکـان و پشـتیوانەکاندا دروست بوو.. هەمان پەیوەسـتیش بـووە پێکەوەبەسـتنی موسـوڵمانە عەرەبەکـان بەبراکانیتریـان: صـوهەیبی ڕۆمـی و بیلالـی حەبەشـی و سـەلمانی فارسـی.. ئەو ساتەش هۆزپەرستی و ڕەگەزپەرستی و خاك پەرستی نەما.. پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) بەرامبەر ئەو ڕەگەزپەرستییە فەرموی: (دعوهـا فإنهـا منتنـة = وازی لێبهێنن (لەڕەگەزپەرستی) ئەوە بۆگەنییە).. وەپێی فەرموون: (ليس منَّا مَن دعـا إلى عصبيَّةٍ، وليس منَّا مَن قاتَل على عصبيَّةٍ، وليس منَّـا مَـن مـات عـلى عصـبيَّةٍ) واتە: هەر کەسـێك بـانگەوازی ڕەگەزپەرسـتی بکـات ئەوە لەئـێمە نیـیە، هەر کەسێك لەسەر ڕەگەزپەرستی بجەنگـێ ئەوە لە ئێمەنیـیە، هەر کەسـێك لەسـەر ڕەگەزپەرستی بمرێ ئەویش لەئێمە نییە.. بەو شـێوەیە مەسـەلەی ئەو بـۆگەنییە کۆتایی هات.. بۆگەنی تیرە و هۆزپەرستی.. بەو جۆرە دەنگی ڕەگەزپەرستی کپ

کرا.. تا تەواو لەو میکرۆبە پیسە ڕزگاربوون.. میکرۆبی پیسی هۆزپەرستی..
ئەو ڕزگاربوونەش بوو مرۆڤایەتی گەیاندە دواپلەی بڵندی ئاسۆ.. دوور لەبۆگەنی
گۆشت و خوێن و پیسی خاك و قوڕپەرستی.. لەو ڕۆژەوە بڕیاردرا کە نیشتمانی
موسوڵمان بریتی نییە لە پارچەیەك زەمین، بەڵکو نیشتمانی موسوڵمان (دار
الإسلام)ە، ئەو وڵاتەی کە دەبێتە پەناگەی ئەم و ئەمیش بەرگری لێدەکات و لە
پێناوی بەرفراوانکردنیدا شەهید دەبێ.. ئەم (دار الإسلام)ەش وڵاتی هەموو
کەسێکە کە خاوەن عەقیدەی ئیسلامی بێت، وە بەشەریعەتەکەی خوا ڕازیبێت..
هەروەها وڵاتی هەموو کەسێکیتریشە کە ڕازی بێت بەوەی ئیسلام ڕژێمی بێت -
با موسوڵمانیش نەبێت - وەك خاوەن ئایینەکانیتر کە لە (دار الإسلام)دا دەژین..
ئەو وڵاتەش کە ئیسلام سەرپەرشتی ناکات و شەریعەتەکەی خوا حوکمی
ناکات، کە لەلایەن موسوڵمانەوە بە(دار الحرب) دەناسرێ، هەروەها لەلایەن
(ذمي)یشەوە هەروا دەناسرێ. ئەگەر لەدایك بوونی و خزم و ماڵ و سامانی
موسوڵمان لەوێدابوو دەبێ دژی بوەستێ و شەڕی بەرامبەر بەرپا بکات.

محمدیش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) بەو شێوەیە شەڕی دژی مەککە بەرپاکرد، ئەو
مەککەیەی تێیدا لەدایك بووبوو و هۆز و تیرە وکەسوکار و ماڵ و منداڵی
یاوەرەکانی و سامانیان لەوێدابوو، کە بەجێیان هێشتبوون، ئەو مەککە بۆ
پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) و شوێن کەوتووەکانی هەر نەبوو بە (دار
الإسلام) تا ئەو ساتەی هەموو مەککە مل کەچی بۆ ئیسلام دەربڕی و
شەریعەتەکەی خوای تێدا ڕاپەڕێنرا.

ئەمە ئیسلامە.. تەنها ئەمەیە.. ئیسلامەتی قسەیەك نییە و بەسەر زماندابێت، یان وەنەبێ لەدایك بوونێك بێت لەولاتێكدا كە لافیتەیەكی (ئیسلام)ی لەسەر چەقێنرابێت، یان نازناوی ئیسلامی بێت، هەروەها وەنەبێت لەدایك بوونێك بێت لەخێزانێكی ئیسلامیدا كە دایك و باوكەكە موسوڵمان بووبن:

- ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾﴾ النساء: ٦٥

واتە: نا.. وانییە وەك بێباوەڕەكان دەڵێن، سوێندبێ بەخواكەی تۆ باوەڕناهێنن و بەخاوەن باوەڕ حساب ناكرێن تا تۆ - و بەرنامەكەی تۆ - نەكەن بەحەكەم لەو شتانەی لەنێوانیاندا ڕوودەدەن.. پاشان هیچ گرێیەك لەدڵ و دەرونیاندا نامێنێ دەربارەی حوكمەكەی تۆ، ئەوجا ملكەچی تەواو دەربڕن.

بەڵێ تەنها ئەوەیە ئیسلام.. تەنها ئەو وولاتەش (دار الإسلام)ە.. نەك خاك و ڕەگەز و خزمایەتی و هۆز و تیرە و نەژاد..

ئیسلام خەڵكی لەوە ڕزگاركرد كە بەقوڕەوە بنوسێن، واشی لێكردن كە چاو ببڕنە ئاسمان، هەروەها لەكۆتی خوێن و كۆتی ئاژەڵی ڕزگاریكردن و وای لێكردن بەرەو ئاسۆی بڵندی خواویستی بەرز ببنەوە.

ئەو وولاتەی كە دەبێ موسوڵمان سۆزی خۆشەویستی بۆی هەبێ و پارێزگاری لێبكات پارچە زەوییەك نییە، هەروەها ڕەگەزنامەی موسوڵمان كە پێی دەناسرێتەوە ڕەگەزنامەی حوكم نییە، هەروەها تیرە و هۆزی موسوڵمان كە پەنای

دەباتەبەر و بەرگری لێ دەکات خزمایەتی خوێن نییە، ئەو ئاڵایەش کە موسـولْمان شانازی پێوە دەکات و لەپێناوی بەرزکردنەوەیدا شـەهید دەبـێ، ئـاڵای نەتەوەیـی نیـیە.. هەروەك لەو سـەرکەوتنەی کە موسـولْمان چـاوی تێدەبـڕێ و بەهیـوای وەدەست هێنانێتی و سوپاسی خـوای لەسـەر دەکـات زاڵ بـوونی سـوپایی نیـیە، بەڵکو سەرکەوتن ئەوەیە کە خوا دەفەرموێ:

- ﴿ إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ۝١ وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا ۝٢ فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ وَٱسۡتَغۡفِرۡهُۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا ۝٣ ﴾ النصر: ١ - ٣

واتە: کاتێ سەرکەوتنی خوایی هات وولات هاتە ژێر دەستتان و بینیت خەڵکـی وا پـۆل پـۆل هـاتنە نـاو ئـایینەکەوە، تەسـبیحاتی خـوای گەورە بـکە و داوای لێخۆشبوونی لێ بـکە، بەڕاسـتی خـوا لێخۆشـبووە و تەوبە و گەڕانەوەی بەنـدە وەردەگرێت.

ئەو سـەرکەوتنەش تەنهـا لەژێـر ئـاڵای عەقیـدەدا وەدەسـت دێ، نەك لەژێـر ئاڵایتردا، جیهادیش لەپێناوی خـوادا دەبـێو بەس، لەپێنـاوی سەرخسـتنی دیـن و شەریعەتەکەی خوادا، نەك لەپێناوی ئامانجیتردا. هەروەها بەرگریکـردنیش تەنهـا لە (دار الإسلام)ە کە ئەو مەرجانەی تێدابێت، نەك بەرگریکردن لەوڵاتێکیتر. پاش هەمـوو ئەمـانەش دەبـێ تێکۆشـان تەنهـا لەپێنـاوی خـوادا بـێ و بەس، نەبـۆ غەنـیمەت، نەبـۆ پلەوپـایەی دنیـایی، وەنەخـاك و نەتەوەپەرسـتن، تەنـانەت

نەبەرگریکردنیشــە لەکەسـوکار و منـداڵیش، مەگەر بەو ڕادەیەی کە لەئـاژاوە و دین داخورانیان بپارێزرێن!

لەئەبــو موســاوە دەگێــڕنەوە - خــوا لێــی ڕازی بێــت - کە ووتــوویەتی: (لە پێغەمبەریان پرسی کابرایەك لەپێناوی ئازایەتیدا دەجەنگێ، یەکێکیـتر لەپێنـاوی نەژاددا دەجەنگێ، یەکێکیتر بۆ ڕیا، لەوانە کامیان لەپێناوی خوادایە؟ فەرمـووی: هەر کەسـێك بـۆ ئەوە بجەنگێـت کە ووشـەی خـوا سـەرکەوێت، ئەوە لەپێنـاوی خوادایە)..

شەهیدبوونیش تەنها لەو پێنـاوەدایە، نەك لەجەنگیـتردا، یـان بـۆ مەبەسـتیتری غەیری بەرزکردنەوەی ووشەی خوا.

لەهەرچی ووڵاتێکدا، دژی عەقیدەی موسوڵمان وەستان و بەرپەچـی دینەکەیـان دایەوە و شەریعەتەکەی خوایان پیادەنەکرد و پەکیان خست، ئەوە (دار الحـرب)ە، با ئیتر کەسوکار و هۆز و نەتەوە و سامان و بازرگـانی موسوڵمانیشـی تێـدابێت.. بەپێچەوانەشـەوە، هەرچـی وڵاتێـك عەقیـدەی موسـوڵمانی تێـدا پـارێزراو بـێ و شەریعەتەکەی خوای تێدا پیادەبکرێت، ئەوە (دار الإسلام)ە، با ئیـتر کەسـوکار و هۆز و نەتەوە و سامان و بازرگانی موسوڵمانیشی تێدانەبێت.

نیشتمان: وڵاتێکە عەقیدە و پڕۆگرامی ژیان و شەریعەتێك حـوکمی دەکـات کە لەلایەن خواوە داڕێژرابن.. ئەمەشە مانای ئەو نیشتمانەی شیاوی (مرۆڤ)ە..

ڕەگەزنامەش: عەقیدە و پرۆگرامی ژیانە، تەنها ئەمەشە ئەو پەیوەستەی شیاوی (مرۆڤ)ە.

دەمارگیری تیرە و هۆز و نەتەوە و ڕەگەز و ڕەنگ و خاك، دەمارگیرییەکی کەم و کورت و دواکەوتووانەن.. ڕەگەزپەرستی ئەو جاهیلییەتەن کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە دەیبینێ بەدرێژایی ئەو ماوانەی لایەنی ڕۆحیان تێدا وشك دەبوو، ئەوەی کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەربارەی دەیفەرموو: (بۆگەنییە) ئەم وەسفەی کە هەر خۆی بێزلێکردنەوە و ڕشانەوەی لێدێت.

بۆیە کاتێك جوولەکە ئیدعای ئەوەیان کرد کە گوایە جولەکە گەلێکن کە خوا هەڵیبژاردوون، خوا بەرپەرچیدانەوە و مەسەلەی هەڵسەنگاندنی گێڕایەوە بۆ ڕادەی باوەڕهێنان لەهەموو گەل و نیشتمان و نەتەوە و نەوەکانی مرۆڤایەتیدا:

- ﴿وَقَالُواْ كُونُواْ هُودًا أَوۡ نَصَٰرَىٰ تَهۡتَدُواْۗ قُلۡ بَلۡ مِلَّةَ إِبۡرَٰهِـۧمَ حَنِيفٗاۖ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ١٣٥ قُولُوٓاْ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيۡنَا وَمَآ أُنزِلَ إِلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطِ وَمَآ أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَآ أُوتِيَ ٱلنَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمۡ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّنۡهُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُسۡلِمُونَ ١٣٦ فَإِنۡ ءَامَنُواْ بِمِثۡلِ مَآ ءَامَنتُم بِهِۦ فَقَدِ ٱهۡتَدَواْۖ وَّإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا هُمۡ فِي شِقَاقٖۖ فَسَيَكۡفِيكَهُمُ ٱللَّهُۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ١٣٧ صِبۡغَةَ ٱللَّهِ وَمَنۡ أَحۡسَنُ مِنَ ٱللَّهِ صِبۡغَةٗۖ وَنَحۡنُ لَهُۥ عَٰبِدُونَ ١٣٨﴾ البقرة: ١٣٥ - ١٣٨

واتە: وتیان: ببنە جولەکە یان گاور دەکەونە سەر ڕێبازی ڕاستی، بڵێ: نەخێر ئاینەکەی ئیبراهیم ڕاستە و دوور لەلار و وێرییە و هاوەڵی بۆ خوا بڕیارنەداوە، بڵێن: باوەڕمان هێناوە بەخوا و بەوەی نێرراوە بۆمان، هەروەها بەوەی بۆ ئیبراهیم

و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و نەوەکانی هاتووە، وەبەوەی درا بەموسا و عیسا و ئەوەی لەلایەن خواوە بۆ هەموو پێغەمبەران هاتووە، جیاوازی ناخەینە نێوان هیچ کامێك لەوانەوە، وەئێمە بۆ خوای گەورە مل کەچین. ئەگەر بەو شێوەیەی ئێوە باوەڕتان هێناوە ئەوانیش باوەڕیان هێنا ئەوا ڕێبازی ڕاستیان گرتووە، خۆ ئەگەر پشتیان هەڵکرد و گوێیان نەدایە، ئەوا ئەوان لەپەرتەوازەیی و سەرلێتێکچووندان، خوای گەورە تۆ لەوان دەپارێزێت، خوا خۆی بیسەرە و بەهەموو شتێك زانایە، ئەمە ڕێبازی راست و ڕێك و پێکی خوایە، ڕێگەی کێیتر لەڕێبازی خوایی جوانترە؟ ئێمەش هەموو پەرستیاری ئەوین.

بەڵێ لەڕاستیدا گەلی هەڵبژێرراوی خوایی، نەتەوەی موسوڵمانە کە لەژێرسایەی خواویستیدا کۆبوونەتەوە، لەگەڵ ئەو هەموو ڕەگەز و نەتەوە و ڕەنگ و نیشتمانەشیاندا:

- ﴿ كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ تَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَتَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَتُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِۗ ١١٠ ﴾ آل عمران: ١١٠

واتە: بەڕاستی ئێوە چاکترین نەتەوەیەك بوون لەنێو خەڵکیدا پێك هاتن، کە فەرمان بەچاکە دەکەن و بەرهەڵستی خراپەدەکەن و باوەڕیشتان بەخوا هێناوە..

ئەوە نەتەوەیەکە لەنەوەی یەکەمی ئیسلامدا پێك هات، کە ئەبوبەکری عەرەب و بیلالی حەبەشی و صوهەیبی ڕۆمی و سەلمانی فارسی و برا بەڕێزەکانیتریانی تێدا کۆببووە و.. ئەو نەتەوەیەی کە نەوەکانیتریش هەر لەسەر ئەو شێوەیەی

ئەوان پێـك هـاتن.. كە ڕەگەزنامەكەیـان بـریتییە لەعەقیـدە.. نیشتمانیشـیان (دار الإسـلام)ە و حـاكمیش خـوای گەورەیە و دەسـتوری وولاتـیش تەنهـا قورئـانی پیرۆزە..

ئەم بیروباوەڕە بەرزە - بەرامبەر وڵات و ڕەگەزنامە و خزمایەتی - دەبـێ لەدڵ و دەروونـی خاوەنەكـانی بـانگەوازی خواییـدا بچەسـپێ و بەشـێوەیەكی ڕوون و ئاشكرای وا دابین ببێ كە بیروهۆش و هەست و سۆزی جاهیلییەتی تێكەڵ نەبێت و هـاوەڵ بـۆ خـوا پەیـداكردن نەخـزێتە نـاوی، وەك: هـاوەڵ بـۆ خـوا پەیـداكردن لەمەسـەلەی خـاك، لەمەسـەلەی ڕەگەز، لەمەسـەلەی نەتەوایەتـی، لەمەسـەلەی نەژاد، هاوەڵ بۆ خوا پەیداكردن لەمەسەلەی بەرژەوەندییە بچوك و كەمەكـان، كە خوا هەموویان لەتایەكدا كۆدەكاتەوە و لەتـاكەی بەرامبەریشـدا بـاوەڕ دادەنـێ.. ئەوجا خەڵكی سەرپشك دەكات كە چی هەڵدەبژێرن بۆ خۆیان با هەڵی بژێرن:

- ﴿ قُلۡ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ وَإِخۡوَٰنُكُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ وَعَشِيرَتُكُمۡ وَأَمۡوَٰلٌ ٱقۡتَرَفۡتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٞ تَخۡشَوۡنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرۡضَوۡنَهَآ أَحَبَّ إِلَيۡكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٖ فِي سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّىٰ يَأۡتِيَ ٱللَّهُ بِأَمۡرِهِۦۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٢٤ ﴾ التوبة: ٢٤

واتە: بڵێ: ئەگەر باوكتان و ماڵ و منداڵتان و براتان و خێزانتان و تیرەكانتـان و ئەو سامان و داراییەی پەیداتان كردووە و ئەو بازرگانییەی دەترسـێن لەدەسـتان بچێت و ئەو خانوو و كۆشـكەی پێـی ڕازیـن، زیـاتر لەخـوا و پێغەمـبەرەكەی و

جیهاد لەپێناوی خوادا خۆشتان دەوێت دە خۆتان ئامادەکەن تا خوای گەورە تۆڵەی خۆیتان لێ دەکاتەوە.. خوا هدایەتی کۆمەڵی خراپەکار و فاسقان نادات.

هەر بەو شـێوەیە - ئەم مەسـەلەیە - دەبـێ لەدڵ و دەروونـی شـوێنکەوتوو و هەڵگرانی ئەم بانگەوازە خواییەدا بچەسپێ، نـابێ بەهـیچ شـێوەیەك ئەو گومـانە سادە و ساویلکانەی هەن دەربارەی حەقیقەتـی جـاهیلییەت و حەقیقەتـی ئیسـلام لەمێشکی خاوەن بانگەوازەکاندا دروست ببێ.. هەروەها ئەو گومانانەش کە هەن دەربارەی سیفاتی (دار الحرب) و (دار الإسـلام)، چـونکە هەریەکەیـان بیـروڕا و سیفاتی تایبەتی خۆیان هەیە.. وڵاتێـك ئیسـلام حـوکمی نەکـات، ئیسلامەتیشـی تێدانییە و شەریعەتەکەشی پیادە ناکرێت.. تەنها ئەو ووڵاتەش (دارالإسـلام)ە کە ئیسلامی تێـدایە بەسیسـتم و بەرنـامە و یاسـایەوە.. ئەگینـا لەبـاوەڕ بگەڕێـتەوە کوفرە، هەموو شتێکیتری غەیری ئیسـلامەتیش جـاهیلییەتە.. لەحەقـیش بـترازێ گومڕاییە..

# برگەی چوارەم:

## نەوەی یاوەران نموونەی باڵای ئوممەتی ئیسلامین:

ئەم ئوممەتە ئیسلامییە لە واقیعی کردەوەییدا لە سەردەمی سەرەتای وەحیەوە دەستی پێکردووە و پێکهاتووە، ئەو نەوەیەی یاوەران کە لەبەردەستی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) پێگەیشتن چاکترین و باڵاترین نموونەی ئوممەتی ئیسلامین، هەتا هەتایە هەرواش لەبەرچاوی نەوەکانی داهاتوودا دەمێننەوە، خوای گەورە بەوە وەسفی کردوون کە چاکترین ئوممەت بوون لەسەرزەمیندا هاتبنەکایەوە.

دەفەرموێ: ﴿كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ تَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَتَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَتُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِۗ ١١٠﴾ آل عمران: ١١٠ واتە: ئێوە باشترین ئوممەت بوون کە نیشان خەڵکی درابن کە فەرمان بەچاکە دەکەن و بەرهەڵستی لە خراپە دەکەن و باوەڕیشتان بەخوای گەورە هێناوە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (إنَّكم تُتمُّونَ سَبعينَ أُمَّةً، أنتُمْ خَيرُها وأَكْرمُها علَى اللَّهِ)[1] واتە: بەئێوە حەفتاهەمین ئوممەت تەواو دەبێت، ئێوە چاکترین ئوممەتیانن و لای خوای گەورەش بەڕێزترینیان.

---

[1] ترمذی (٣٠٠١)، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الترمذي)دا بە (حەسەن)ی ناساندووە.

هەروەها دەفەرموێ: (مَثَلُ المُسْلِمينَ، واليَهُودِ، والنَّصارَى، كَمَثَلِ رَجُلٍ اسْتَأْجَرَ قَوْمًا يَعْمَلُونَ له عَمَلاً يومًا إلى اللَّيْلِ، علَى أجْرٍ مَعْلُومٍ، فَعَمِلُوا له إلى نِصْفِ النَّهارِ، فقالوا: لا حاجَةَ لنا إلى أجْرِكَ الذي شَرَطْتَ لنا وما عَمِلْنا باطِلٌ، فقالَ لهمْ: لا تَفْعَلُوا، أكْمِلُوا بَقِيَّةَ عَمَلِكُمْ، وخُذُوا أجْرَكُمْ كامِلًا، فأبَوْا، وتَرَكُوا، واسْتَأْجَرَ أجِيرَيْنِ بَعْدَهُمْ، فقالَ لهما: أكْمِلا بَقِيَّةَ يَومِكُما هذا ولَكُما الذي شَرَطْتُ لهمْ مِنَ الأجْرِ، فَعَمِلُوا حتَّى إذا كانَ حِينُ صَلاةِ العَصْرِ، قالا: لكَ ما عَمِلْنا باطِلٌ، ولَكَ الأجْرُ الذي جَعَلْتَ لنا فيه، فقالَ لهما: أكْمِلا بَقِيَّةَ عَمَلِكُما ما بَقِيَ مِنَ النَّهارِ شيءٌ يَسِيرٌ، فأبَيا، واسْتَأْجَرَ قَوْمًا أنْ يَعْمَلُوا له بَقِيَّةَ يَومِهِمْ، فَعَمِلُوا بَقِيَّةَ يَومِهِمْ حتَّى غابَتِ الشَّمْسُ، واسْتَكْمَلُوا أجْرَ الفَرِيقَيْنِ كِلَيْهِما، فَذلكَ مَثَلُهُمْ، ومَثَلُ ما قَبِلُوا مِن هذا النُّورِ)[١] واتە: نموونەی موسوڵمانان و جولەکە و دیانان لەوەگرتنی نووری ڕێی خوادا وەکو ئەوەیە کە کابرایەك کۆمەڵە خەڵکێکی بە کرێ گرتبێت کە کارێکی بۆ ئەنجامبدەن، بەڵام ئەوان تا نیوەڕۆ ئیشیان کرد و کۆڵیاندا، ووتین کرێکەشمان ناوێت کە کردبوومان بەمەرج، ئیشەکەشمان هەڵوەشاوەبێت (نەئیشەکەمان بە ئیش بۆ حسێب بکە و نەکرێشمان دەوێت)، کابرا پێی ووتن: وامەکەن، ئیشی ڕۆژەکەتان تەواوبکەن و پاداشتی تەواویی خۆتان وەرگرن، بەڵام ئەوان گوێیان بە ئامۆژگارییەکەی نەدا و وازیانهێنا و ڕۆیشتن، دوای ئەوان کۆمەڵە کەسێکی تری بەکرێگرت، پێی ووتن: ئەم ئیشە ئەمڕۆ تەواو بکەن و مەرج بێت کە پاداشتی تەواویی خۆتان وەرگرن. ئەوانیش کەوتنە ئیش تا کاتی عەسر، ئەوکاتە بەکابرایان ووت: ئیشەکەمان بۆ حسێب مەکە نامانەوێت بەردەوام بین و کرێکەشمان بۆخۆت، کابرا پێی ووتن:

---

[١] بوخاری (٢٢٧١).

ڕۆژ زۆری نەماوە تەواو ببێت، کاری ڕۆژەکەتان تەواوبکەن و پاداشتی هەموو ڕۆژەکە وەربگرن، بەڵام گوێیان نەدایێ و ڕۆیشتن، کابرا کۆمەڵە کەسێکی تری بەکرێگرت، پێی ووتن: ئەم ئیشە ئەمڕۆ تەواو بکەن و مەرج بێت کە پاداشتی هەموو ررۆژەکەتان بۆ حسێب بێت، ئیتر کەوتنە سەرکار و بەردەوام بوون تا خۆر ئاوابوو، پاداشتی کاری هەردوو کۆمەڵە کەسەکانی پێشوویان بۆ خۆیان مسۆگەرکرد.. ئا ئەوە نموونەی ئەوکەسانەیە کە ئەم نووره (وەحییە)ی خوای گەورەیان وەرگرت و وەلیان کرد تاسەر نەیانگرتەبەر.

هەر بوخاری لە ئیبنو عومەرەوە خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) فەرمووی: (إنَّما بَقاؤُكُمْ فِيما سَلَفَ قَبْلَكُمْ مِنَ الأُمَمِ كما بيْنَ صَلاةِ العَصْرِ إلى غُرُوبِ الشَّمْسِ، أُوتيَ أهْلُ التَّوْراةِ التَّوْراةَ، فَعمِلُوا حتَّى إذا انْتَصَفَ النَّهارُ عَجَزُوا، فَأُعْطُوا قيراطًا قيراطًا، ثُمَّ أُوتيَ أهْلُ الإنْجيلِ الإنْجيلَ، فَعمِلُوا إلى صَلاةِ العَصْرِ، ثُمَّ عَجَزُوا، فَأُعْطُوا قيراطًا قيراطًا، ثُمَّ أُوتِينا القُرْآنَ، فَعمِلْنا إلى غُرُوبِ الشَّمْسِ، فَأُعْطِينا قيراطَيْنِ قيراطَيْنِ، فقالَ: أهْلُ الكِتابَيْنِ: أيْ رَبَّنا، أعْطَيْتَ هَؤُلاءِ قيراطَيْنِ قيراطَيْنِ، وأَعْطَيْتَنا قيراطًا قيراطًا، ونَحْنُ كُنَّا أكْثَرَ عَمَلًا؟ قالَ: قالَ اللَّهُ عزَّ وجلَّ: هلْ ظَلَمْتُكُمْ من أجْرِكُمْ من شيءٍ؟ قالوا: لا، قالَ: فَهو فَضْلِي أُوتِيهِ مَن أشاءُ)[1] واتە: مانەوەی ئێوە لە چاو ڕێژەی ئەوانەی پێش خۆتاندا وەکو ئەوماوەیەی نێوان عەسر و خۆرئاوابوونی ئێوارەیە، ئەهلی تەورات (جولەکەکان) تەوراتیان درایێ، کاریان پێکرد تا نیوەڕۆ، پاشان ووتیان ناتوانین

---

[1] بوخاری (٥٥٧).

زیاتر کاربکەین، بۆیە قیرات قیراتیان دراییّ، پاشان ئەهلی ئینجیل (مەسیحییەکان) هاتن و ئینجیلیان دراییّ، ئەوانیش کاریان بە ئینجیل کرد تا عەسر، لەویّوە ووتیان ناتوانین زیاتر کاربکەین، ئەوانیش قیرات بە قیرات دڕایانیّ (بۆنموونە هەر سەعاتەوە قیراتیّك)، پاشان قورئان بە ئیّمە درا، ئیّمە تا خۆرئاوابوون کارمان کرد و تەواوبووین، بۆیە دوو قیرات دوو قیرات بۆ ئیّمە حسیّب کرا.. ئیتر ئەوان - ئەهلی دوو کتیّبە ئاسمانییەکە - ووتیان: خوایەگیان دوو قیرات دوو قیرات بۆ ئەوانت حسیّب کردووە بۆ ئیّمەش یەك قیرات یەك قیرات؟ لەکاتیّکدا ئیّمە زیاتر کارمان کرد، خوای گەورە پیّی فەرموون: واگومان دەبەن کە لە پاداشتی خۆتانم کەمکردبیّتەوە و هەقی خۆتانم نەدابیّت؟ عەرزیان کرد: نا خوایەگیان، فەرمووی: دەی سا ئیتر ئەوە چاکە و فەزلّی خۆمە بەهەرکەسیّك بمەویّت پیّیدەبەخشم.

بوخاری و نەسائی لە ئەبوهورەیرەوە خوا لـیّی ڕازی بیّت دەگیّڕنەوە کە پیّغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) فەرمووی: (أَضَلَّ اللَّهُ عَنِ الجُمُعَةِ مَن كانَ قَبْلَنا، فَكانَ لِلْيَهُودِ يَوْمُ السَّبْتِ، وكانَ لِلنَّصارَى يَوْمُ الأحَدِ، فَجاءَ اللَّهُ بنا فَهَدانا لِيَومِ الجُمُعَةِ، فَجَعَلَ الجُمُعَةَ والسَّبْتَ والأحَدَ، وكَذلكَ هُمْ فيه تَبَعٌ لنا يَومَ القِيامَةِ، نَحْنُ الآخِرُونَ مِن أهْلِ الدُّنْيا، والأوَّلُونَ يَومَ القِيامَةِ، المَقْضِيُّ لهمْ قَبْلَ الخَلائِقِ)[١] واتە: خوای گەورە هیدایەتی ئەوانەی پیّش ئیّمەی نەدا تا ڕۆژی هەینی بکەنە ڕۆژی

---

[١] نوسـەر ڕەحمەتی دەفەرمویّ بوخـاری و نەسـائی ڕیوایەتیـان کـردووە، بەڵام حەدیسـەکەم لای بوخــاری نەدۆزیەوە، بەڵکـو لای موسـلیمە (٨٥٦)، وە نەســائیش (١٣٦٧) لە حــوذەیفەی کــوڕی یەمانەوە بە کەمیّك جیاوازی هیّناویەتییەوە.

خۆیان، جولەکە ڕۆژی شەممەیان کرد و دیانەکانیش ڕۆژی یەکشەممە، خوای گەورە ئێمەی هێنا و ڕۆژی هەینیی نیشانی ئێمەدا تا بیکەینە ڕۆژی خۆمان، بۆیە ڕۆژانی هەینی و شەممە و یەکشەممە بوونە ڕۆژی ئەهلی ئەم سێ دینە (چونکە شەممە و یەکشەممە لە پێش هەینیدا دێن)، ئەوان هەر شوێن ئێمە دەکەون، لەدنیادا ئێمە لەدواوەین، بەڵام لەقیامەتدا ئێمە یەکەمین دەبین، ئێمە پێشتر داوەری دەکرێین و پاداشت دەدرێینەوە.

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (نحن الآخِرُونَ السَّابِقُونَ، بَيْدَ أنَّهُـمْ أُوتُـوا الكِتـابَ من قَبلِنا، ثُمَّ هذا يَومُهُمْ الذي فَرَضَ اللهُ عليهِمْ، فاخْتَلَفُوا فيه، فَهَدَانا اللهُ لـهُ)[١] واتە: ئێمە دواتری پێشکەوتووانین، هەرئەوەیە کە ئەوان پـێش ئـێمە پەیـامی خواییـان بۆچـووە، پاشـان ئەمە ڕۆژی ئەوانە، ئەو ڕۆژەیە کە خـوای گەورە لەسـەری فەرزکردن بەڵام تێیدا ڕاجوێ بوون، خوای گەورە ئێمەی ڕێنمایی کرد تـا (هەینـی) بکەینە ڕۆژی خۆمان.

- ئەم باشێتی و چاکێتی ئوممەتە تا ڕۆژی دوایی هەروا دەمێنێتەوە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (مثَلُ أُمَّتـي مثَـلُ المطَـرِ؛ لا يُدْرَى أوَّلُه خيرٌ أمْ آخِرُه)[٢] واتە: ئوممەتەکەی من وەکو بارانە، نازانرێـت کۆتـایی

---

[١] بوخاری (٨٧٦)، موسلیم (٨٥٥)، نەسائی (١٣٦٧).

[٢] ترمذی (٢٨٦٩)، ئەحمەد (١٢٣٢٧)، ئیبنو حیببان (٧٢٢٦)، ترمذی دەربارەی حەدیسەکە دەفەرموێ: (حسن غريب من الوجه)، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الترمذي)دا دەفەرموێ: (حسن صحيح).

بەخێرترە یان سەرەتای. (مەبەستی ئەوەیە کە خێر و بەرەکەت لەم ئوممەتەی مـن نابڕێت هەر لەسەرەتایەوە تا کۆتایی..).

# بڕگەی پێنجەم:

## کۆڕا (ئیجماع)ی ئوممەت حەقە:

ئەم ئوممەتە ئسلامییە لەسەرحەق نەبێت کۆنابێتەوە، بۆیە کۆڕای ئوممەت لەسەر دید و ڕایەك یان بزاوت و هەڵوێستێك بێت، ئەوە حەقە و پێویستە بگیرێتە بەر.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (لَنْ تَجْتَمِعَ أُمَّتِي عَلَى ضَلَالَةٍ، فَعَلَيْكُمْ بِالْجَمَاعَةِ، فَإِنَّ يَدَ اللَّهِ عَلَى الْجَمَاعَةِ)[١] واتە: هەرگیز ئەم ئوممەتەی من لەسەر گومڕایی کۆنابێتەوە، بۆیە پێویستە لەسەرتان بە جەماعەت/ئوممەتەوە پابەندبن، دەستی خوای گەورەش وەل جەماعەتدایە.

لەم دید و پێناسەوە: پابەندبوون بە ئوممەتی موسوڵمانانەوە پابەندبوونە بەحەقەوە، دابڕانیش لێی لەحەقدابڕانە، بۆیە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (مَن فارَقَ الجماعةَ شِبرًا فَقَدْ خَلَعَ رِبْقَةَ الإسلامِ مِنْ عُنُقِهِ)[٢] واتە: هەرکەسێك بستێك لە جەماعەتی موسوڵمانان/ئوممەتی موسوڵمانان

---

[١] تەبەڕانی (١٢/ ٤٤٧) (١٣٦٢٣)، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الجامع / ١٨٤٨) بە سەحیحی داناوە.

[٢] ئەبو داود (٤٧٥٨) لە ئەبو زەڕی غەففاریەوە، شێخی ئەلبانی لە (صحيح الترمذي) بە (صحيح) و شێخی ئەرنائوطیش لە (تخريج سنن أبي داود) بە (صحيح لغيره) ناساندوویانە.

دووربکەوێتەوە، ئەوە ملوانکە نیشانەکەی موسوڵمانێتی لەگەردنی خۆی داماڵیووە.

مەبەست لە (جەماعەت) کۆبوونەوەی نەزان و فاسق و عەوامە ڕەشۆکەکە نییە، چونکە ئەوانە نوێنەری جەماعەت نین و نابن، جەماعە بریتین لە خواناسان و شارەزایانی ئەحکامەکانی دین و دیندارە سەرڕاستەکان کە بە دینەکەوە پابەندن، هەروەها بانگخوازانی خواویستی و پیاوچاکانی موسوڵمانانە. بۆیە ئەگەر یەکێك لەمانە لەسەر حەق بوو مانای وایە ئوممەتە و لەسەر حەقە. ئیبنو مەسعوود خوا لێی رازبێت دەیفەرموو: (الْجَمَاعَةُ مَا وَافَقَ الْحَقَّ وَإِنْ كُنْتَ وَحْدَكَ) واتە: جەماعەتبوون ئەوەیە لەسەر حەق بیت، با بەتەنهاش بیت.

دەشێت ڕاجوێیی و جیاوازی بکەوێتە ناو ئوممەتەوە، دەشێت ژمارەیەکی ئێجگار زۆری ڕۆڵەکانی لەڕێ لادەن، بەڵام خوای پەروەردگار بەڵێنی داوە کە بنەما و بناغە و سیفەتە پێکهاتەکانی ئوممەتەکە بپارێزێت و سیما و سیفەتی خێر و خێرخوازێتی هەر پێوە بمێنێت، کە نیشانەی کاملبوونی (ئوممەت و دین و بزاوت)ێتی.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (سَأَلْتُ رَبِّي ثَلاَثًا، فأعْطَانِي ثِنْتَيْنِ وَمَنَعَنِي وَاحِدَةً، سَأَلْتُ رَبِّي: أَنْ لا يُهْلِكَ أُمَّتِي بالسَّنَة فأعْطَانِيهَا، وَسَأَلْتُهُ أَنْ لا يُهْلِكَ أُمَّتِي بالغَرَقِ فأعْطَانِيهَا، وَسَأَلْتُهُ أَنْ لا يَجْعَلَ بَأْسَهُمْ بَيْنَهُمْ

فَمَنَعَنِيهَا)[١] واته: سێ داواو له خـوای پەروەردگـارم کـرد، دوانیـانی پێبەخشـیم و یەکێکیانی لێگرتمەوە: داواو لێیکرد کە ئوممەتەکەم بەگرانی نەفەوتێت، بەڵێنـی دامێ، داواو لێکرد کە ئوممەتەکەم بە لافاو نەفەوتێت، بەڵێنی دامێ، داواو لێکـرد کە جیاوازی و ناکۆکی نەخاتە ناو ئوممەتەکەمەوە، بەڵێنی ئەوەی پێ نەدام.

- بوخاری و موسلیم لەپێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (لَا يَزَالُ أُنَاسٌ مِنْ أُمَّتِي ظَاهِرِينَ، حَتَّى يَأْتِيَهُمْ أَمْـرُ اللَّهِ وَهُـمْ ظَـاهِرُونَ)[٢] واته: بەردەوام خەڵکانێکی ئوممەتەکەم دیار و ئاشکرا لەسەر حەق دەمێننەوە، تـا فەرمانی خوای گەورەشیان بـۆ دێـت (مردنیـان) هەروا لەسـەر دیـد و ڕێـی حەق دەمێننەوە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحُكۡمَ وَٱلنُّبُوَّةَۚ فَإِن يَكۡفُرۡ بِهَا هَٰٓؤُلَآءِ فَقَدۡ وَكَّلۡنَا بِهَا قَوۡمٗا لَّيۡسُواْ بِهَا بِكَٰفِرِينَ ۝٨٩﴾ الأنعام: ٨٩ واته: ئەوانەی کە پەیام و واقیعناسی و پێغەمبەرێتیمان بۆ ناردوون فەرزە پێیەوە پابەندبن، ئەگەر لێی لادەن حەتمەن کۆمەڵە خەڵکانێکی تری بۆ هیدایەت دەدەین کە وەکو ئەوان لـێی لانادەن و کافر نابن پێی.

دەشێت کەسانێکی کەم نوێنەرێتی ئەم ئوممەتە بکەن و ببنە نیشانەی بوون و چاکێتی، هەروەکو کە دەشێت هەزاران (و ملیۆنەها)بن، یان هەموو مرۆڤایەتی بێت.

---

[١] موسلیم (٢٨٩٠).

[٢] بوخاری (٣٦٤٠)، موسلیم (١٩٢١).

## بڕگەی شەشەم:

## پەیامی ئیسلام بۆ هەموو مرۆڤایەتییە:

خوای گەورەی پەروەردگار بۆ هەموو مرۆڤایەتی محمدی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) کردووە بەنێرراوی خۆی، وەك دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا ٢٨﴾ سبأ: ٢٨ واتە: ئێمە کە تۆمان بە مژدەدەر و هۆشدەر ناردووە، بۆ هەرهەموو خەڵکیمان ناردوویت.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا ١٥٨﴾ الأعراف: ١٥٨ واتە: ئەرێ هۆخەڵکینە من نێرراوی خوای گەورەم و بۆ هەرهەمووتان هاتووم.

کەوابوو هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئوممەتی بانگهێشتەکەیەتی و بەرپرسن لە بەدەنگەوە هاتن و موسوڵمانبوون تا ببنە ئوممەتی ئیسلامی، ئەو ئوممەتە کە بانگەوازی پێغەمبەرانی (عليهم السلام) لە خۆگرتووە.. موسوڵمانان بریکاری پێغەمبەری خوان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) لە بانگهێشتکردنی خەڵکی بۆ ئیسلام، کە دەبێت یان موسوڵمان ببن یان دەسەڵات و سەرووەرێتی حوکمی ئیسلام قبووڵ بکەن و جزیە بدەن، یان خۆ ئامادەبکەن بۆ جەنگ دژی موسوڵمانان تا خوای گەورە لایەك بە لایەکدا دەخات، دۆستانی دینەکەی سەردەکەون، یان دوژمنانی.. بۆیە دەبێت ئوممەتی ئیسلامی لە بزاڤێکی بەردەوامدابێت، ڕەنجێکی بەردەوام بدات تاخەڵکی بهێنێتە بازنەی ئیسلام و ئوممەتەوە کە دەبێت بەڕازیبوون و سەربەستی و سەرپشکی خۆیان بێت، نەك ناچارکردنیان.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ﴾ البقرة: ٢٥٦ واتە: لە قبوڵ کردنی دین و دینداریێتیدا ناچاکردن و زۆرەملێ نییە.

ئەوانەی موسوڵمان نابن و لەناو موسوڵمانانددا دەژین، مەرجە لەسەریان دەسەڵاتی (سیاسی) و ئەحکامی شەریعەتی ئیسلام قبوڵ بکەن، واتە لە ژێر سایەی دەسەڵات و سەروەرێتی دینەکە دابن.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِۚ﴾ الأنفال: ٣٩ واتە: جەنگیان بەرامبەر بکەن تا هەڵگەڕانەوە لەدین و ڕێگریکردن لەدینداریێتی موسوڵمان نەمێنێت و سەروەرێتی (دەسەڵاتی باڵای حوکمڕانی و ئەحکامی یاسا) بۆ دینەکەی خوا دەبێت و بەس..

خوای گەورە بەڵێنی خۆیی بەم ئوممەتە داوا کە ئەگەر سەرڕاستانە بەدینەکەوە پابەندبێت و تەنها خوای تاك و پاك بپەرستێت و شەریعەتی ئەو پیادە بکات سەریدەخات و دەیگەیێنێتە تەمکین (واتە دەسەڵاتی باڵای حوکمڕانی).

دەفەرموێ: ﴿وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ لَهُمۡ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗاۚ يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗاۚ﴾ النـور: ٥٥ واتە: خوای گەورە بەڵێنی بەوکەسانەتان داوە کە باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان کردووە کە لەسەر زەمیندا زاڵ و باڵادەستیان بکات، هەروەکو کە موسوڵمانانی پێشووی زاڵ و باڵادەستکرد (وەکو بەنو ئیسرائیل کە بەسەر جەبابیرەکانی فەلەستیندا زاڵبوون و سەیدنا داوود (علیه السلام) بوو بە حوکمڕان)، خوای گەورە بەڵێنیشی داوە کە زاڵ و دەسەڵاتداریێتی

بـاڵا (سـەروەرێتی یاسـا)ش بە دینەکەیـان دەدات، کە ئەحکامەکـانی جێبەجـێ بکرێت و هەموو یاسا و ڕێسایەکی کوفر وەلانرێت، هەروەها بەڵێنی داونەتـێ کە ئەو ترس و بیمەی ئێستا تێیدان بۆتان دەگۆڕێت بۆ ئەمان و ئاشتی و هێمنـی، بەو مەرجەی هەر مـن بپەرسـتن و هاوبەشـم بـۆ دانەنـێن (نە لە دیـد و تێڕوانینـی عەقائیدیدا نە لە دروشمی پەرستندا لە یاسا و ڕێسادا)..

هەروەها دەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ ٣٣﴾ التوبة: ٣٣ واتە: ئەوە خوای گەورەیە کە نێرراوەکەی خۆیی بە پەیامی هیدایەتدان و دینی حەق و ڕەواوە ناردووە تا بەسەر هەموو دینەکانی تریدا زاڵ بکات..

ئەمە بەڵێنـــی خـــوای گەورە و زانـــا و بەدەســـەڵاتە و حەتمەن دێـــتە دیـــی، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ڕۆژێك دێت یان موسوڵمان دەبن یان دەکەونە ژێـر سـایەی سەروەرێتی شەریعەتی ئیسلام و حوکمی موسوڵمانانەوە، ئەم بەڵێـنە زۆرجـاریش لەسەر زمانی پـاك و شـیرینی پێغەمـبەری ڕاسـتگۆمان هـاتووە.. واقیعـیش زۆر لایەنی تا ئێستا سەلماندووە.

# بڕگەی حەوتەم:

## موسوڵمان لە ئینتیماکردنیدا بۆ ئوممەتی ئیسلام ئازاد نییە:

موسوڵمان لەوەدا سەرپشك نییە كە ئایا دەبێتە ئەندامی كام كۆمەڵە: ئوممەتی ئیسلامی یان تیرە و هۆز یان نیشتیمان و گەلەكەی؟ وەلائی خۆی بەكامیان دەدات؟ برایەتی و هەستی ئینتیمای دینی لەگەڵ كامیاندا دەبێت و ووزە و توانای بۆ بەهێزكردنی كامیان دەخاتە گەڕ؟ ئەگەر تیرە و هۆز و گەل و نیشتیمانەكەی لەوبەر ئوممەتی ئیسلامەوە وەستان.. موسوڵمان لەیەكلاكردنەوەی هەڵبژاردنی بەرەیەكیاندا سەرپشك نییە، ئازاد نییە تا كامیانی بوێت ئەویان هەڵبژێرێت چونكە ناشێت وابزانێت بەرەی بەرامبەر ئوممەتی ئیسلام هەڵدەبژێرێت و بەموسوڵمانیش بمێنێتەوە، چونكە موسوڵمان نامێنێت.. كاتێك بەرەی تیرە و هۆزە بێدینەكەی یان بەری گەل و نیشتیمانە ناموسوڵمانەكەی هەڵدەبژێرێت لە بەری ئوممەتی ئیسلامیدا نامێنێت، چونكە كافر و دووڕوو بووە و نامومكینە (نوێژ و ڕۆژووەكانی بكات و لەبەری كافرانیشدا ئەندام بێت) دوو دیدی جیاواز و دوو ڕێی جیاواز لەیەك كاتدا بگرێتەبەر.. ئایەتی قورئان لەم بارەوە زۆرە كە ئەوە لەسەر موسوڵمان فەرزدەكات كە دەبێ لە ریزی ئوممەتە ئیسلامییەكەیدا بێت.. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) حاڵەتێك دەخاتە بەرچاوان كە ئەگەر

زەمانێك هات ئوممەت نەدەسەڵاتی سیاسیی مابوو نە کۆمەڵگە ئـوممەتییەکەی، موسوڵمان دەبێ چی بکات؟ دەفەرموێ با بەتەنها موسوڵمانانە بژی و نەچێتە ڕیزی پیر و کۆمەڵی کوفر و شیرك و جاهیلییەتەوە.

- بوخاری و موسلیم و ئەبو داوود لە حـوزەیفەی کـوڕی یەمـانەوە خـوا لــێی ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (كانَ النَّـاسُ يَسْـأَلُونَ النَّبِـيَّ (صَـلَّى اللَّهُ عليـه وَسَلَّمَ) عَنِ الخَيرِ، وَكُنْتُ أَسْأَلُهُ عَنِ الشَّرِّ مَخَافَةَ أَنْ يُدْرِكَنِي، فَقُلْتُ: يا رَسولَ اللهِ، إنَّا كُنَّا في جَاهِلِيَّةٍ وَشَرٍّ، فَجَاءَنَا اللَّهُ بهذا الخَيْرِ، فَهلْ بَعْدَ هذا الخَيْرِ من شَرٍّ؟ قـالَ: نَعَـمْ، فَقُلْتُ: وهلْ بَعْدَ ذلكَ الشَّرِّ من خَيْرٍ؟ قالَ: نَعَمْ، وَفِيهِ دَخَنٌ، قُلتُ: وَما دَخَنُهُ يـا رسـول اللهِ؟ قالَ: قَوْمٌ يَسْتَنُّونَ بغيرِ سُنَّتِي، وَيَهْدُونَ بغيرِ هَدْيِي، تَعْرِفُ منهمْ وَتُنْكِـرُ، فَقُلْـتُ: فهلْ بَعْدَ ذلكَ الخَيْرِ من شَرٍّ؟ قالَ: نَعَمْ، دُعَاةٌ علَى أَبْـوَابِ جَهَـنَّمَ مَـن أَجَـابَهُمْ قَـذَفُوهُ فِيهَا، فَقُلتُ: يا رَسولَ اللهِ، فَما تَـرَى إنْ أَدْرَكَنِـي ذلـكَ؟ قـالَ: تَلْـزَمُ جَمَاعَـةَ المُسْـلِمِينَ وإمَامَهُمْ، قُلتُ: فإنْ لَمْ يَكُنْ لهمْ جَمَاعَةٌ وَلَا إمَامٌ؟ قالَ: فَاعْتَزِلْ تِلكَ الفِرَقَ كُلَّهَـا، ولـو أَنْ تَعَضَّ علَى بأَصْلِ شَجَرَةٍ حتَّى يُدْرِكَكَ المَوْتُ وَأَنْـتَ عـلَى ذلـكَ)[1] واتە: خەڵكـی پرسیاریان دەربـارەی خێـر و چـاکە لە پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم) دەکرد، من پرسیارم دەربارەی خراپە و شەڕکاری لێدەکرد، دەترسام تووشم ببێـت. عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە لە جاهیلییەت و خراپەکاریدابووین، خـوای گەورە ئا ئەم خێر و چاکەیەی هێنایە ڕێ (ئیسلام)، ئایـا دوای ئەم خێـر و چـاکەیە خراپەکاریی(وجـاهیلییەت) دێـتەوە کـایە؟ فەرمـووی: بەڵـێ، عەرزم کـرد: ئەدی

---

[1] بوخاری (٣٦٠٦)، موسلیم (١٨٤٧)، ئەبو داود (٤٢٤٤).

دوای ئەو خراپەكارییە، خێر و چاكە دێتەوە كایە؟ فەرمووی: بەڵـێ، بەڵام قلپـۆك/ پـووچەڵی تـێكەڵە، عەرزم كـرد: قلپـۆكییەكەی چیـیە ئەی پێغەمـبەری خـوا؟ فەرمووی: خەڵكانێك (لەناو ئوممەتی ئیسـلامیدا) دێـنە پـێش كە لەسـەر دیـد و ڕێبـازی مـن نـابن و ڕێگـای مـن نـاگرنەبەر، زۆر شـتیان لێـدەبینیت بەدڵـتە و زۆرشـتیش كە بەدڵـت نیـیە و نكـۆوولّی لێـدەكەیت، عەرزم كـرد: ئەدی ئەی پێغەمبەری خوا، دوای ئەم خێر و چاكیە تێكەڵەیە ئایا خراپەكاری دێتەوە كایەوە؟ فەرمووی: بەڵێ: خەڵكانێك لەسەر دەروازەكانی دۆزەخ دەوەسـتن و خەڵكـی تـر بانگهێشـت دەكەن (بـۆ دیـد و ڕێبـاز و بەرنـامەی غەیـرە ئیسـلام)، هەركەسـێك بەدەنگیـانەوە بچێـت، فڕێـی دەدەنە نـاو ئـاگری دۆزەخەوە، عەرزم كـرد: ئەی پێغەمـبەری خـوا: ئامۆژگـاری چـیم دەكەیـت ئەگەر كەوتمە ئەو زەمـانەوە؟ فەرمووی بە كۆمەڵی موسوڵمانان و ئەمیر/پێشەواكەیانەوە پابەندبە و وەلیانـدابە، عەرزم كرد: ئەدی ئەگەر كۆمەڵ و ئەمیر/پێشەوایان نەمابوو؟ فەرمووی خـۆت لە هەموو تـاقم و كۆمەڵێـك دوورەپەرێـز بگـرە، ئەگەر قەپاڵـت بەڕەگە درەختێكـدا كردبێت بیكە و لەهەمووان دووركەوەرەوە، ئاوا بمێنەرەوە تا مەرگت دەگاتێ..

بێگومـان فەرمـوودەكە بەڵـگە نیـیە بـۆ ئەوەی ئێسـتا لەئەهلـی حەق و موسوڵمانانی سەرڕاست و دیندار دابڕێیت و گۆشەگیر بكەویـت، بە پـێچەوانەوە، فەرموودەكە داوا دەكـات كە بچیـتە ریـزی ئەهلـی حەق و كـۆمەڵی سەرڕاسـتی موسـوڵمانانەوە.. فەرمـوودەكە هەڕەشـە و ڕێگـرتنە لەچـوونە نـاو ئەهلـی باتـڵ و زیادكردنیـانە كە ناشـێت ئەوان هەرچەنـد زۆر بەهێـز دیـاربن موسـوڵمان بچێـتە ریزیان و ببێتە ئەندامیان.

# بڕگەی هەشتەم:

## ڕاوێژکاریی (شورا) سیما و سیفەتی ئەم ئوممەتە ئیسلامییەیە:

هەرچی شتێك پەیوەندیی بەکاروباری ئوممەتی ئیسلامییەوە هەبێت بەڕاوێژکاری و شوراکردن ئەنجامدەدرێت، خوای گەورە ڕاوێژکردنی موسوڵمانانی لەناوخۆیاندا وەکو نوێژ و ڕۆژوو و زەکاتدان کردووە بە سیفەت و فەرزی سەرشانی بەرپرسانی کاروبار:

دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِرَبِّهِمۡ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ٣٨﴾ الشورى: ٣٨ واتە: ئەو کەسانەی کە بەدەم پەیامی خوای گەورەوە هاتن و دینەکەیان وەرگرت نوێژ پیادە دەکەن (تا سیما و سیفەتی خواپەرستیتان پێوەدیاربێت) و کاروباری ناوخۆیان لە ڕاوێژکاریی خۆیان ئەنجامدەدەن و لەوەی پێمان بەخشیون دەبەخشن.

ئاوا دەبینیت ((وأمرهم شورى بينهم))ی خستۆتە نێوان نوێژ و زەکاتەوە.. تا ئەوە ڕوون بێتەوە کە کاروباری موسوڵمانان بەشورای خودی موسوڵمانان بەڕێوە دەچێت.. ئەم ئایەتە پرس و ڕا و ڕاوێژکاریی گەیاندۆتە دوای پلەی مەودا و مەسافە، کە بەگشتی دەفەرموێ کاروباری موسوڵمانان بە شورایە.. کاروباری گچکە و گەورەیان، هەرچی شتێك پێی بووترێت کاروباری موسوڵمانان با هی

دوو کەسیشیان بێت هەر دەبێ بە ڕاوێژ بێت.. لەسەردەمی خیلافەتی ڕاشیدیندا ئەمە بووبوو بە ڕێسا، ئوممەتی ئیسلامی پێشینەی لە ڕاوێژکاریدا هەیە:

- بەیهیقی و ئیبنوسەمعانی لە ئیبنو شیهابەوە دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (کاتێك مەسەلەیەکی ئاڵۆز دەهاتە ڕێی عومەری کوڕی خەتتاب خوا لـێی ڕازی بێت، گەنجەکانی بۆ کۆدەکردەوە و ڕاوێژی پێدەکردن تا ڕادەی بیرتیژییان بزانێت).

- هەروەها بەیهیقی لە ئیبنو سیرینەوە دەگێڕێتەوە کە (عومەری کوڕی خەتتاب خوا لـێی ڕازی بێت پرس و ڕای زۆر دەکرد، زۆر جار ڕاوێژی بەئافرەتانیش دەکرد تا ڕایەکی پەسەندی لێیانەوە دەسکەوێت و کاری پێ بکات).

لەموناقەشەی تایبەتکردنی پارچە زەوییەکەدا بۆ ئەقرەعی کوڕی حابیس و عویەینەی کوڕی حسێن کە سەیدنا ئەبوبەکر خوا لـێی ڕازی بێت کە خەلیفەبوو دابووی پێیان، سەیدنا عومەر خوا لـێی ڕازی بێت هاتە خزمەتی و موناقەشەی دەربارەی لەگەڵدا کرد، سەیدنا عومەر ڕازینەبوو پارچە زەویەکە – کە ماڵی گشتی بوو - بۆ ئەو دوو یاوەرە تایبەت بکات. بەسەیدنا ئەبووبەکری فەرموو: پێم بڵێ ئایا ئەو پارچە زەوییەی کە بەو دووپیاوەت بەخشیووە موڵکی تایبەتی جەنابتن یان گشتی موسوڵمانانە؟ فەمووی: موڵکی گشتی موسوڵمانانە، سەیدنا عومەر پرسیی: ئەدی چی وایلێکردیت بەتایبەت بیدەیت بەوان؟ فەرمووی: ڕاوێژم بەوانەی دەوروبەرم کرد، پێیان چاکبوو بیاندرێتێ)..

لەسیرەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) زۆر ریوایەت هەیە کە سەلماندن و چەسپاندنی ڕێسای ڕاوێژکاریی ڕوون دەکاتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) لەکاری گچکە و گەورەدا ڕای یاوەرانی بەتایبەتی سەیدنا ئەبوبەکر و سەیدنا عومەری خوا لێیان خۆش بێت وەردەگرت.

ئیمامی ئەحمەد دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم): (إِسْتَشَارَ النَّاسَ فِي الأُسَارَى فِي بَدْرٍ) واتە: ڕاوێژی بەیاوەران دەربارەی دیلەکانی قورەیش کرد کە لەغەزای بەدردا گیرابوون.

ڕاوێژکارییەکانی ڕۆژانی بەدر و ئوحود و خەندەق، هەروەها ڕاوێژکاریی کاروباری ئیداری وکۆمەڵایەتییەکان تۆمارن.

زۆر کێشە و باس دێتەڕێ کە پرس و ڕاوێژکردنی تایبەتمەندان و پسپۆران هەیە تێیدا، تا ڕای خۆیان لەسەر بدەن. لەمێژووی خیلافەتی ڕاشیدیندا ڕاوێژکاریی زۆر زۆربوو، یاوەرانی دوور و نزیکی دەگرتەوە، تەنانەت ئەو یاوەرانەی کە لە ویلایەتە دوورەکانیش بوون.. سەیدنا ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت بۆ سەیدنا عەمری کوڕی عاص خوا لێی ڕازی بێت نووسیی: (إن رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) يُشَاوِرُ في الحَرْبِ فَعَلَيْكَ بِهِ) واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) ڕاوێژ دەربارەی جەنگ دەکات، خۆ بگەیێنەرە خزمەتی.

سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت بۆ سەیدنا سەعدی کوڕی ئەبوو وەققاصی نووسی، دوای ئەوەی عەمری کوڕی مەعدی یەکریب و تولەیحەی کوڕی خوەیلدی ئەسەدیی بۆ ناردن خوا لێیان ڕازی بێت کە: (أَمْدَدتُّكَ

بِأَلفَيْ رَجُلٍ: عمرو بن معدِ يكرب وطُلَيحة بن خُوَيْلِد (رضي الله عنهما) فَشَاوِرْهُمَا فِي الحَرْبِ وَلَا تُوَلِّهما شَيْئاً) واته: دووهەزار پیاوی جەنگاوەرم بۆ ناردیت کە عەمری کوڕی مەعدی یەکریب و تولەیحەی کوڕی خوەیلدی ئەسەدین (کەهەریەکەیان بەهەزار پیاون)، ڕاوێژیان دەربارەی جەنگ پێبکە و بەرپرسیێتیان مەدەرێ. (مەشغوولێیان مەکە بەکاروبارەوە و با تایبەتت بن بە شورا پێکردنیان).

ڕاوێژکاریی بێگومان لەوباس و بابەتانەدا دەکرێت کە دەقێکی ڕۆشن و ڕاشکاویان لەسەر نییە، یان دەقێکیان لەسەرەکە چەندین واتای لێ دەفامرێتەوە، کە دەشێت ڕاوێژکاریی بۆ بکرێت کە مەبەست لێی کامیانە وکامیان زیاتر لەگەڵ مەبەستی شەرع و بەرژەوەندی خەڵکیدا دێتەوە. ئەمما ئەو باس و بابەتانەی دەقیان لەسەر نییە، بێگومان بواری زیاتری ڕاوێژکارییان تێدایە.. ئەم دووحاڵەتەی کاتی هەبوون و نەبوونی دەق لەسەر شتێك ئەوە دەخوازێت کە چەندین موسوڵمانی وریا و زیرەك و زانا و بیرتیژ بچنە سەرەوە و ئەنجوومەنی باڵای شورای موسوڵمانان پێك بهێنن. تا هەر کاتێك ڕووداوێکی نوێ هاتە پێشەوە کە حوکمێکی شەرعیانەی دەویست کە پێشتر دەرنەبرابێت، دەبێ ئەو زانا و بیرتیژانە یەکسەر کۆببنەوە و ئیجتیهادی تێدا بکەن و بزانن چۆن وکام حوکمەی شەرع دەیگرێتەوە. کەوابوو گەڕانەوە بۆ لای ئەم زانا موجتەهیدانە زەرووڕەتێکی واقیعییە، جگە لەوەی کە فەرزێکی شەرعیشە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ:

- ﴿وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ ٨٣﴾ النساء: ٨٣ واته: ئەگەر ئەو هەواڵەی پێیان گەیشتووە (بەموسوڵمانان بەگشتی) ئەگەر حوكمەكەییان بگەڕاندایەتەوە بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) و بۆ بەرپرسانی (زانا و شەرعناسی واقیعناسی) خۆیان، چونكە ئەوان دەزانن شیكاریی بۆ بكەن و ڕای گونجاوی لەسەر بدەن و حوكمی لێوە هەڵهێنجن.

ئەم زانا بیرتیژە تایبەتمەندانەی بوونەتە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای شورا هەر باس و بابەتێكیانی بێتە بەردەست دەزانن سەر بە چ ئەحكامێكە و چی دەگرێتەوە، واتە برگە یاساییەكەی بۆ دەدۆزنەوە تا حوكمی شەرع دەربارەی بزانرێت، هەر ئەوانیش دەزانن كە ئەگەر واقیعێكی نوێ بوو (حوكمی پێشوو لەسەر شتیوا نەبوو)، ئەمان لەبەرڕۆشنایی دەقە شەرعیەكاندا ئیجتیهادی تێدادەكەن و حوكمێكی شەرعی بۆ دەدەن، هەمان كاروباری دەوڵەت دەبێ بگەڕێتەوە لای ئەم ئەنجومەنە، كە خوای گەورە گوێڕایەڵی و ملكەچی خەلیفەی لەسەر ئوممەت فەرزكردووە، ئەوەشی لەسەر خەلیفە فەرزكردووە كە دەبێت بەراوێژكاریی ئەم ئەنجومەنە كاربكات و بەقسەیان بكات.. سەیدنا عومەری كوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت زۆر ئاشكرا و ڕاشكاو ئەمەی دەربڕیووە كە فەرموویەتی: (فَالنَّاسُ تُبَّعٌ لِمَنْ قَامَ بِهَذَا الأَمْرِ، مَا اجْتَمَعُوا عَلَيْهِ وَرَضُوا بِهِ لَزِمَ النَّاسَ وَكَانُوا فِيهِ تُبَّعًا لَهُمْ، وَمَنْ أَقَامَ بِهَذَا الأَمْرِ تَبِعٌ لأُولِي رَأْيِهِمْ مَا رَأَوْا لَهُمْ

وَرَضُوا بِهِ لَهُمْ مِنْ مَكِيدَةٍ فِي حَرْبٍ كَانُوا فيه تبعاً لهم)[١] واته: خەڵكی شوێنكەوتووی ئەو كەسە دەبن كە كاروباری ئەم ئیسلامە دەگرێتە دەست، ئەگەر كەسانێك كە لەدەوروبەریی كۆدەبنەوە پێی ڕازی بن، ئەوا خەڵكیش (ئوممەت) دەبنە شوێنكەوتووی ئەوان، ئەوكەسەی كاروباری ئەم ئیسلامە دەگرێتە دەست دەبێت بەپێی ڕاوبۆچوونی ئەمانەی دەوروبەریی بن كە شوران، ڕاوبۆچوونی بۆ دەردەبڕن و خەڵكەكەشی/ ئوممەتی بۆ ڕازیدەكەن و نەخشە و پلانی جەنگیشی لەگەڵدا دەرێژن و ئوممەتیش ئاوا دەبێتە شوێنكەوتوانیان.

هەركەسێك مێژووی خیلافەتی ڕاشیدە دیراسەبكات جۆرێتی ئەنجومەنی باڵای شورا دەزانێت چۆن بووە؟ لە كێ پێكهاتووە؟ هەموو ئەوانەی ڕاوێژكارانی خەلیفەكان بوون، هەڵكەوتە و لێهاتووانی ئوممەتەكە بوون (كە هاوشانی خەلیفە بەڕێزەكان بوون، وەكو ئەندامانیتری دە مژدە پێدراوە بەهەشتیەكان).

- ئیبنو سەعد لە ئەلقاسمەوە دەگێڕێتەوە: (كاتێك مەسەلەیەكی گرنگ دەهاتە پێش ئەبوبەكری صدديق خوا لێی ڕازی بێت، دەیویست ڕاوێژكاری بۆ بكات، بزانێت ڕای شەرعناسان چییە، پیاوانێكی موهاجیران و ئەنصاری بۆ كۆدەكردەوە، ئینجا عومەر و عوسمان و عەلی و عبدالرحمانی كوڕی عەوف و مەعازی كوڕی جەبەل و ئوبەیی كوڕی كەعب و زەیدی كوڕی ثابتی خوا لێیان ڕازی بێت بانگ دەكرد، هەر یەكێك لەمانە لە سەردەمی خیلافەتەكەی سەیدنا ئەبوبەكردا موفتی

---

[١] تەبەری لە (التاریخ) (٣/ ٤٨١) بە درێژی هێنایەتییەوە، ئیبنو حەجەریش بەدوو سەنەد ریوایەتی كردووە، یەكێكیان لەرێی عومەری كوڕی عبدالعزیزەوەیە رحمه الله.

بوون، خەڵکی فەتوای لەمانەوە وەردەگرت.. ئەبوبەکر خـوا لێـی ڕازی بێـت ئـاوا حوکمی کرد و ڕۆیشت، ئینجا عومەر خوا لێی ڕازی بێت هـات (بـوو بەخەلـیفە)، بەهەمان شێوە پرس و ڕای بەمان دەکرد و لەوکاتەدا کە ئەم خەلـیفە بـوو خەڵکـی پرسیاری شەرعییان دەبـردەوە لای عوسـمان و ئـوبەیی و زەیـد) خـوا لێیـان ڕازی بێت.

- ئیبنو سەعد و سەعیدی کوڕی قەنصور (مامۆستای ئیمامی موسلیم) لە ئەبـو جەعفەرەوە ئەم بەسەرهاتە دەگێڕنەوە: (عـومەری خـوا لێـی ڕازی بێـت هـات بـۆ ئەنجومەنی شورای موهاجیران: عەلی و عوسمان و زوبێر و تەڵحە و عبـدالرحمانی کوڕی عەوف خوا لێیان ڕازی بێت کە لە نێوان مینبەرەکە و گـۆڕی پێغەمـبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دانیشتبوون.. عومەر عادەتی وابوو، کە هەواڵێك یـان مەسەلەیەکی لەویلایەتەکانەوە بۆ بهاتایە و ڕای بوویستایە دەهـاتە لای ئەمـان و ڕاوێژی پێدەکردن).

- بوخاری لە ئیبنوعەبباسەوە خوا لێیان ڕازی بێت دەگێـڕێتەوە کە فەرمـووی: (قورئانەوانان یاوەرانی ئەنجومەنی دەوروبەری عومەری کـوڕی خەتتـاب بـوون خوا لێیان ڕازی بێـت، هەموویـان گەنـج بوونـایە یـان پیـر بەڕاوێژکـاری خـۆیی دادەنـان). قورئـانەوان (القـارئ) لەزاراوەی یاوەرانـدا واتە زانـای شـەرعناس و تەقواکار و واقیعناس..

- ئیبنوسەعد لە عەتتائی کوڕی یەسارەوە خوا لێی ڕازی بێـت دەگێـڕێتەوە کە فەرمووی: (عومەر و عوسمان خوا لێیان ڕازی بێت ئیبنوعەبباسیان بانگ دەکـردە

لای خۆیان و پرس و ڕایان وەکو ئەهلی بەدر پێدەکرد، لەسەردەمی هەردوکیاندا فەتوای دەدا تا کاتێك کۆچی دوایی کرد).

- یەعقوبی کوڕی یەزید دەفەرموێ: (عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت هەر مەسەلەیەکی بهاتایاتە پێش ڕاوێژی بە ئیبوعەبباس دەکرد خوا لێیان ڕازی بێت، دەیفەرموو قووڵ ڕۆدەچێت) واتە: زۆر لە بنج و بناوانی مەسەلەکە دەکۆڵێتەوە ئینجا ڕای لەسەر دەدات.

- سەیدنا سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێ: (کەسم نەدیوە وەکو ئیبنوعەبباس زیرەك و زەین ڕوون و ژیر و باش تێگەیشتوو و پڕ زانست و سینەفراوان بێت، دەمدی عومەری کوڕی خەتتاب بۆ ڕاوێژکردن لەهەموو مەسەلەیەکی گەورە و گرنگدا پرسی پێدەکرد، لەکاتێکدا کە ئەوانەی ئەهلی بەدریش لەدەوروبەریبوون).

لەووڵاتی غەیرە ئیسلامی کە پەرلەمان و دەستووریان هەیە، پەرلەمان مافی ئەوەی نییە یاسایەك بەپێچەوانەی دەستوور داڕێژێت، ئەمە بەڵگەنەویستە، چونکە ئەرکی سەرشانی پەرلەمان لەیاساداڕشتندا ئەوەیە کە یاسا واداڕێژێت کە پرەنسیپەکانی دەستوور بسەلمێنێت و بچەسپێنێت..

لەدەوڵەتی ئیسلامییدا بەڵگەنەویستە کە دەبێت یاساکانی دەوڵەت وا داڕێژرێن کە دەستوورە سەرەکیەکەی موسوڵمانان کە قورئان و سوونەتە بهێنێتە دیی. دەبێ ئاڕاستە و فەرمانی قورئان وسوونەت بسەلمێنێت و بچەوسێنێت،

نابێت دەوڵەت یاسایەك دەركـات پـێچەوانەی قورئـان و سـوونەت بێـت، بەڵكـو دەبێت لەوانەوە وەرگیرابێت.

ئەوەش دیسـان بەڵگەنەویسـتەكە كەسـانێك دەتـوانن ئەركـی یاسادارِشـتن و بەراورد كردن و گونجاندنی لەگەڵ شەرعدا ڕێكخەن كە خۆیان زانا و شەرعناسی بیرتیژ و شارەزای بـارودۆخ بـن، بە مانـایەكی تـر دەبێـت موجتەهیـدبن، لەوانەی گەیشتوونەتە ئاستی باڵای دەقناسی و واقیعناسی، تا بنـوانن حـوكمی شـەرع بـۆ هەموو كێشە و مەسەلە و باسێك بـدۆزنەوە كە دێـتە ڕێـی حـوكمی موسـوڵمانان، زەخیرەی زۆریشیان لە فیقهی مەزهەبەكـان لەبەردەسـتدایە كە دەتـوانن لەوانەوە وەربگرن و ئەگەر پێویست بوو دارِشتنەوەی نوێی بۆ بكەن، ئەم كەسە هەڵكەوتە شیاوانە خۆشیان مـوفتین، شـیاوی فەتـوادانن، چـونكە فەتـواش دەبێـت كـات و شوێن بو حاڵەتی كەسەكانی تێدا ڕەچاو بكرێت، ئەمەش لەتوانای كەسێكدایە كە شارەزاییەكی چاكی قورئان و سوننەت و شـەرع و ئوصـولی شـەرع و چـۆنیەتی وەرگرتنی ئەحكامدا هەبێت و شارەزای واقیعەكەش (كات وشـوێن و بـارودۆخی كەسەكان) بێـت، دەبێـت بزانێـت حـوكمێكی شـەرعی چـۆن لەسـەرچاوەكانیەوە وەردەگیرێـت، قورئـان وسـوننەت و ئـیجماع و قیـاس بـن، یـان دابونەریـت و ڕەچـاوكردنی بەرژەوەنـدی.. ئەم زانـا شەرعناسـە موجتەهیـدانەی كە دەگەنە ئەو ئاست و پـلەیە و دەبـنە شـورای ئـوممەت و دەوڵەت دەزانـن چـۆن دابونەریـت و ڕەچـــاودەكەن و بەرژەوەنـــدیی ئـــوممەت و دەوڵەتـــیش دەهێننەدیـــی.. ئەم شارەزابوونەی دەق و واقیع هاوڕێیە لەگەڵ سەرڕاستی دینداری و تەقواكـاری و بۆخـوا سـاغبوونەوە و دەسـتپاكی و دڵسـۆزی و پەرۆشـی ئیسـلام.. كاتێـك

پیـــاوانێکی ئـــاوا لێوەشـــاوە پێـــدەگەن و دەردەکەون، دەنـــاسرێن، شـــتێکی زۆر سروشتییە کە ببنە ڕاوێژکاری خەلیفە و لەمەرکەزی خیلافەتـدا ببنە ئەنجـومەنی بـــاڵای ڕاوێژکـــاریی دەوڵەت، یـــان ڕاوێژکـــارانی دەوری جێگیرانـــی خەلـــیفە و والیەکانی لە ویلایەتە ئیسـلامیەکانی دەوڵەتـی خیلافەتـدا.. گرنـگ ئەوەیە ئـاوا شیاو بووبن جا ئیتر خەلیفە بەڕاوێژکار تەعینی کردبن یان حزبواللەی پێشـڕەوانی ئوممەت هەڵیانبژاردبن، ئەگەرچـی بێگومـان هەڵبـژاردنەکە چـاکترە ئەگەر ئەوان خۆیان بۆ ئەنجومەنی ڕاوێژکارییەکە نەپاڵاوتبێت، چونکە دەبینن پێغەمبەری خوا (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم) لە بەیعەتـــی دووەمـــی عەقەبەدا ڕێـــدا بەیعەتـــدەران لەناوخۆیانـــدا دوازدە نەقیـــب (نـــوێنەر) هەڵبژێـــرن.. فەرمـــوودەش زۆرە کە ئەوە دەســـەلمێنن کە خۆشویســـتنی خەڵکـــی بـــۆ پیاوچاکـــان و دینـــدارانی سەرڕاســـت بەڵگەشە بۆ ئەوە کە خوای گەورەش ئەوانەی خۆشدەوێن.

لەفەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم) دەفەرموێ: (إِذَا أَحَبَّ اللَّهُ العَبْـدَ نَـادَى جِبْرِيـلَ: إِنَّ اللَّهَ يُحِـبُّ فُلَانًـا فأَحْبِبْـهُ، فيُحِبُّـهُ جِبْرِيلُ، فيُنَادِي جِبْرِيلُ في أَهْلِ السَّمَاءِ: إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ فُلَانًا فأَحِبُّوهُ، فيُحِبُّهُ أَهْلُ السَّمَاءِ، ثُـــمَّ يُوضَـــعُ لَـــهُ القَبُـــولُ في الأَرْضِ)[1] واتە: ئەگەر خـــوای گەورە کەســـێکی خۆشویست، بـانگی جبریـل(جوبرائیـل) دەکـات کەوا خـوای گەورە فڵانەکەسـی خۆشدەوێت، تۆش خۆشت بوێت، جبریلیش خۆشی دەوێت، ئینجا ئەویش بانگ لە نیشتەجێیانی ئاسمان دەکات: کە خـوای گەورە فڵانکەسـی خۆشـدەوێت، ئێـوەش

---

[1] بوخاری (٦٠٤٠)، موسلیم (٢٦٣٧).

خۆشـتان بوێـت، ئیـتر هەمـوو نیشـتەجێیانی ئاسـمان خۆشـیان دەوێـت، پاشـان خۆشەویستیەکەی بەدوادا دێت کە لە ناو خەڵکی سـەرزەمیندا قبـووڵ دەکرێـت. واتە خۆشەویست دەبێت.

لەریـواتی موسـلیمدا هـاتووە کە پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم) فەرمووی: (إنَّ اللَّهَ إذا أحَبَّ عَبْدًا دَعـا جِبْرِيـلَ فقـالَ: إنِّي أُحِـبُّ فُلانًـا فأحِبَّـهُ، قـالَ: فيُحِبُّهُ جِبْرِيلُ، ثُمَّ يُنادِي في السَّماءِ فيَقولُ: إنَّ اللَّهَ يُحِـبُّ فُلانًـا فـأحِبُّوه، فيُحِبُّـهُ أهْـلُ السَّماءِ، قالَ ثُمَّ يُوضَعُ له القَبُولُ في الأرْضِ، وإذا أبْغَضَ عَبْـدًا دَعـا جِبْرِيـلَ فيَقـولُ: إنِّي أُبْغِضُ فُلانًا فأبْغِضْهُ، قـالَ فيُبْغِضُـهُ جِبْرِيـلُ، ثُـمَّ يُنـادِي في أهْـلِ السَّـماءِ إنَّ اللَّهَ يُبْغِضُ فُلانًا فأبْغِضُوهُ، قالَ: فيُبْغِضُونَهُ، ثُمَّ تُوضَـعُ لـه البَغْضـاءُ في الأرْضِ)[1] واتە: ئەگەر خوای گەورە کەسێکی/عەبدێکی خوشویست، جبریل بانگ دەکات و پێـی دەفەرموێ: مـن فلانەکەسـم خۆشـدەوێت، تـۆش خۆشـت بوێـت، ئیـتر جبریلـیش خۆشی دەوێت، پاشان جیبریل بەئاسماندا ڕادەگەیەنێت، دەفەرمـوێ: خـوای گەورە فلانەکەسـی خۆشـدەوێت، ئێـوەش خۆشـتان بوێـت، ئـاوا ئەهلـی ئاسـمانیش خۆشیاندەوێت، پاشان پەسەندبوون و قبووڵبوونی لەسەرزەمین پێ ڕەوا دەبینرێـت (وخەڵکیش خۆشیاندەوێت). ئەگەر یەکێکیشی بوغزاند، جیبریل بانگ دەکـات و پێـی دەفەرمـوێ: خـوای گەورە فلانـکەس دەبوغزێنێـت، تـۆش بیبـوغزێنە، ئیـتر جیبریلیش دەیبوغزێنێت، پاشان جیبریل بەئاسمانەکاندا ڕادەگەیەنێـت، دەفەرمـوێ:

---

[1] موسلیم (٢٦٣٧).

خوای گەورە فڵانە کەس دەبوغزێنێت، ئێوەش بیبوغزێنن، ئـاوا ئەهلـی ئاسـمانیش دەیبوغزێنن، پاشان بوغزاندنی بەسەرزەمیندا بڵاودەبێتەوە و کەس خۆشی ناوێت. مەبەست لەوەی کە خەڵکی خۆشـیان بوێـت، مەبەسـت لەوخەڵـکە پیاوچاکـان و دینداران‌ن، ئەوانەش کە دەیوبغزێنن هەر ئەمان دەبـن نەك کـافر و فاسـق. کـافر و فاسق هەر لای خوای گەورە بوغزێنراون، پاشان لەسـەر زەمینیشـدا کـافر کـافری خۆشـدەوێت و فاسـق فاسـقی خۆشـدەوێت، بـۆیە مەبەسـت لە خۆشویسـتن و بوغزاندنەکە ئەهلی ئیمان و دیندارانن.. دەنا خۆ خوای گەورە دەبارەی ستەمکاران دەفەرموێ:

- ﴿وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ بَعْضًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴿١٢٩﴾﴾ الأنعـــــام: ١٢٩ واتە: هەر ئاواش -وەکو یاخیانی مرۆڤ و جنۆکەمان وا لێکرد ببـنە مـایەی چێـژو سـوود بـۆ یەکتریـی، ستەمکارانیشـمان والێکـردووە کە هەنـدێکیان ببـنە خەمخـۆر و سەرپەرشتی ئەوانی تریان، چونکە کاروکردەوەکانیان پێکەوەیە..

ئەوەی گـرنگە و جـێ بـایەخە ئەوەیە کە کەسـانی شـیاو دەبـنە ڕاوێژکـاری دەسـەڵاتدارانی دەوڵەتـی ئیسـلامی، کە بەڕاوبۆچوونیـانەوە پابەنـد دەبێـت، ئەم کەسـە شـیاوانەش هەر دەبێـت ئەنـدامانی حزبـوالله هەڵیـانبژێرن، چـونکە ئەم ئەنـدامانەش بۆخـوا سـاغبوونەتەوە و بـۆ بـانگەواز و جیهـاد لێبـڕاون و پەی بە بەرژەوەندیی دین و دنیا دەبەن و دەزانـن کـێ شـیاوی ڕاوێژکـاریی ئەنجـومەنی باڵای شورایە.. ئەمما بۆچی لەسەردەمی خیلافەتـی ڕاشـیدیندا ئەمە بە هەڵبـژاردن نەبوو؟ ئەوە لەبەرئەوەیەکە دەق هەیە کە جەخت لەوە دەکاتەوە کە چاکتر و باشتر

و ڕاستتره له حاڵەتی وادا - وەکو زەمانی چوارخولەفا بەڕێزەکە - خەلیفە و شورا ئاوابن (کە کۆمەڵگەکە کەم و گچکە و سادەیە و زۆرینەی لێوەشاوە و هەڵکەتووان ناسراون و دەقەکانیش بەشێوەیەکی گشتی داوای گوێڕایەڵی و ملەکەچی و بەیعەتدان دەکەن بۆ خەلیفەی شیاو.. ئەمما لەم سەردەمەدا حەتمەن بارۆدۆخەکە گۆڕاوە و ئەوشێوازەی یەکەم زەحمەتە بێتەدیی).

ئەمەش چەند نموونەیەك لەسەر چۆنیەتی چارەسەکردنی کێشە و ڕاجوێیەکانی ناو ئوممەتی ئیسلامی بە ڕاوێژکاریی و پاشان بڕیاردەرکردن بۆیان:

- دەربارەی دابەشکردنی زەوی و زاری گیراو لەلایەن سەربازانی ئیسلامەوە - بەتایبەتی لە عێراق کە پێی دەوترا (أرض السواد) دوو بۆچوون هەبوو:

بۆچوونێکیان دەیووت: وەکو هەموو دەسکەوتێکی تر پێویستە بەسەر سەربازان و جەنگاوەراندا دابەش بکرێت.

بۆچوونی دووەم دەیووت: دەبێت بخرێتە سەر سامانی گشتی بەیتولمال تا بۆ هەموو موسوڵمانان بێت. ئایا سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت کام بۆچوونەی پێ پەسەندبوو؟

سەرەتا ڕاوێژی لەگەڵ موهاجیرانی یەکەمینداکرد، سەیدنا عبدالرحمانی کوڕی عەوف خوا لێ ڕازی بێت فەرمووی: بەسەر جەنگاوەراندا بەشی کە، سەیدنا عوسمان و سەیدنا عەلی و سەیدنا تەڵحە و ئیبنوعومەر خوا لێیان ڕازی بێت فەرموویان: وەقفی بکە، بیخەرە سەرماڵی گشتی موسوڵمانان.

پاشان سەیدنا عومەر ناردی بەشوێن دە پیاوماقوڵ و شارەزای ئەنصاردا: پێنجیان لەهـۆزی ئەوس و پێنجیـان لەهـۆزی خەزرەج.. ئەمـان هەموویـان ڕایـان وابـوو بکرێتە وەقف تا ببێتە ماڵی گشتی موسوڵمانانی ئەو زەمانە و دواتر..

ئیتر سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت بڕیاریدا زەوی و زاری (سەواد) وەقـفە و موڵکی هەموو موسوڵمانانە.[١]

- کاتێك سەیدنا عومەر خوا لـێی ڕازی بێت کە لەکاتی خەلیفایەتیەکەیدا چـوو بۆ شام لەناوچەی (سوراغ) ئەمیرانی سەربازانی ئیسلامیی گەیشتێ، سەیدنا ئەبو عوبەیدە و ئەوانی تر خوا لێیان ڕازی بێت، هەواڵیـان دایـێ کە تـاعوون لەشـامدا بڵاوبۆتەوە، ئیبنوعەبباس خوا لێیـان ڕازی بێـت دەگێـڕێتەوە کە سـەیدنا عـومەر یەکسەر فەرمووی: موهاجیرانی یەکەمینی ئیسلامم بـۆ بانـگ بـکەن، ئەوانـیش هاتنە خزمەتی، ڕاوێـژی پێکـردن کە دەربـارەی بڵاوبـوونەوەی ئەو تـاعوونە چـی بـکەن؟ ڕایــان جیــاوازبوو. هەنــدێکیان فەرموویــان، کۆمەڵێــك لەیــاوەرانی پێغەمبەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) بەدەوری جەنـابتەوە مـاون، خۆشـت و ئەوانـیش تووشـی ئەم تـاعوونە مەکە و تەشریـف مەبەرە نـاو شـامەوە زیـاتر، هەندێکی تریان فەرموویان: جەنابـت بـۆ ئەنجامـدانی کـارێکی گەورە تەشریفـت هێناوە بەچاکی نازانین تەشریف ببەیتەوە، یـان لێـرە بوەسـتیت و نەچیـتە پێشـتر. فەرمووی: باشە هەر یەکەتان بچێـتەوە جێـی خـۆی، پاشـان فەرمـووی: ئەوانەی ئەنصـارم بـۆ بانـگ بـکەن، وەکـو موهاجیرەکـان ڕایـان بـوو بە دوو، بەوانیشـی

---

[١] بە تەفسیل وا لەکتێبی (الخراج)ی ئەبو یوسفدا.

فەرموو: باشە، هەر یەکەتا بچێتەوە سەرجێ و ڕێی خۆی. پاشان فەرمـووی پیـاوە پیرەکانی قوڕەیشم بۆ بانگ بکەن، لەوانەی دوای فەتحی مەککە موسـوڵمانبوون. ئیبنوعەببـاس دەفەرمـوێ: ئەوانیشـم بـۆ بانـگ کـرد، هەرهەموویـان ڕایـان یەك دەرچوو، یەك کەسیان ڕاجوێ نەبوو، فەرموویان: وامان پـێ چـاکە خۆشـت و ئەم موسوڵمانانەی لەخزمەتتدان لەم تاعوونە لادەیت و تەشریف ببەیتەوە، ئیتر سەیدنا عـومەر هـاواری لە خەڵـکەکە کـرد کە سـبەینێ بەیـانی مـن دەگەڕێـمەوە.. خەڵکـانێکیش خۆیـان ئامـادەکرد لە خزمەتیـدا بگەڕێـنەوە.. دواتـر سـەیدنا عبـدالرحمانی کـوڕی عەوف خـوا لـێی ڕازی بێـت تەشریفـی هێنـا کە لەبەر کاروباری تایبەتی خۆی دواکەوتبوو، فەرمووی: بەڵگەیەکم لایە.. گوێم لێبوو کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) فەرمووی: (إذَا سَمِعْتُمْ به بِأَرْضٍ فلا تَقْدَمُوا عليه، وإذَا وقَعَ بأَرْضٍ وأَنْتُمْ بهَا، فلا تَخْرُجُـوا فِـرَارًا منـه)[1] واتە: ئەگەر بیسـتتان لەناوچەیەك بڵاوبۆتەوە (تاعوونەکە) مەچنە ناویەوە، ئەگەر لەناوچەیەك بـوون و تێیدا بڵاوبۆوە، لـێی دەرمەچن، بەو ئومێدەی لەدەستی هەڵێن.

پاشـان سـەیدنا عـومەر خـوا لێـی ڕازی بێـت سوپاسـی خـوای گەورەی کـرد و تەشریفی بردەوە (بۆ مەدینە).

لێـرەوە جـگەلەوەی گەورەیـی و گرنگـی و فەرزێتـی ڕاوێژکـاریمان بـۆ دەردەکەوێت، دەگەینە ئەوەش کە دەشێت هەر ووڵاتێکی ئیسلامی ئەنجومەنێـك یان دوو ئەنجوومەنی شـورای بـاڵای خـۆیی هەبێـت، کە هەریەکەیـان سـیفات و

---

[1] بوخاری (٥٧٣٠)، موسلیم (٢٢١٩)، وە ئەبو داود (٣١٠٣) بە کەمێك جیاوازی.

تایبەتمەندێتی و پسپۆڕیی لەویتریان جیاوازبێت، یان سێ ئەنجومەن بێت و هەریەکەیان کار و ئەرکیان جیاوازبێت، دەشێت ئەم شێوازە بۆ کۆی دەوڵەتەئیسلامییەکانیش بێت کەسەر بەحکومەتێکی مەرکەزی بن نوێنەریان لای ئیمام/خەلیفە هەبێت.. بەهەرحاڵ ئەمە جارێ وازلێهێنراوە و ئەهلی حەل و عەقدی موسوڵمانان دەتوانن تێیدا بگەنە ڕای هاوبەش..

## بڕگەی نۆیەم:

## ئادابی ئوممەت ڕێ لە تەفرەقەی دەگرێت:

خوای پەروەردگار شەریعەتێکی پەروەردەیی بۆ ئەم ئوممەتە ناردووە کە ڕێ لەناکۆکی و ململانێ و پەرتەوازەبوونی بگرێت، لەبەرامبەریشدا هەموو هۆکار و پاڵنەرێکی یەکبوون و تەبایی و کۆمەڵکاریی خستۆتە بەرچاویان تا خۆ بەهێزکەن، بۆیە لەڕاستیدا هەر جۆرە ناکۆکی و ململانێ و دووبەرەکییەك کە دەکەوێتە نێوان موسوڵمانانەوە هۆکارەی نەزانینی دینەکەی خۆیان و کارپێنەکردنێتی، ئیهمالکردنی ئەحکام و سەرپێچی کردنیانە لێی، لەسەرەتای ئەم باسەدا ئاماژەمان بەهەندێك خاڵدا کە یەکێتی موسوڵمانان پتەوتر دەکات، لێرەشدا واچاکە ئاماژە بەهەندێکی تر بدەین لەوانەی ڕێ لەدووبەرەکی و ململانێ و پەرتەوازەبوونی موسوڵمانان دەگرێت.

- خوای گەورە غەیبەت کردن و دووزمانی لەنێوان موسوڵماناندا حەڕام کردووە، هەروەها جەنگ و جیدال و شەڕە قسە و خۆنواندن، هەروەها خۆدەرخستن و خۆشوستنی بەپرسێتی و سەرۆکایەتیکردن.. هەروەها دەمارگیری و تیرە و هۆزپەرستی و بانگهێشتی جاهیلییانەی خۆکۆکردنەوە لەسەر غەیری پەیوەندیی برایەتی دینی و حەڕامکردنی ناکۆکی و کوشتاریی یەکتری (شەڕی

براکوژی).. ئەمانە هەمووی و هاوشێوەیان دەبنە مایەی ناکۆکی و ململانێ و دوژمندارێتی کردنی یەکتریی..

- خوای گەورە حەسوودی و رق و قین و بوغزی لەموسوڵمانان حەڕامکردووە کە بەرامبەر موسوڵمانانی تر هەیانبێت، هەروەها غەشکاری و لێکدابڕان و لێک زویربوون، کە هەریەکێك لەمانە و هاوشێوەیان موسوڵمانان دەگەیێنێتە ناکۆکی و ململانێ و دوژمندارێتیکردنی یەکتریی.

- خوای گەورە دەیان جۆری لە شێواز و چۆنیەتی خاوەن بوونی ماڵ و موڵك لە موسوڵمانان حەڕامکردووە، وەکو بەخاوەنبوون لە ڕێی سووخۆرییەوە (کڕینی خانوو بە پارەی بانق)، هەروەها شاردنەوەی کاڵا و کەلوپەلی بازاڕ تا ماوەیەك بە ئومێدی گرانکردنی پاشان فرۆشتنی.. هەروەها حەڕامکردنی زەوت کردن و دەستبەرسەرداگرتن و جۆرەکانی قومار و هاوشێوەیان، کە هەریەکێکیان دەبێتە مایەی ناکۆکی و ململانێ و دوژمندارێتی کردنی یەکتریی..

- خوای گەورە ڕێینەداوە موسوڵمان مامەڵە لەموسوڵمانی تر تێکبدات، حەڕامە بچێتە خوازبێنی ئافرەتێك کە دەزانێت پێش ئەو خەڵکێکی تر چوونەتە داخوازیی.. دەبێت چاوەڕوان بێت تا ئەوان دەگەنە بڕیاری کۆتایی هێنانی یان وازلێهێنانی.. هەروەها تێکدانی سەودا و مامەڵەی کڕین و فرۆشتن و زیاندان لەیەکتریی.. ئەمانە و هاوشێوەیان دەبنە مایەی ململانێ و ناکۆکی و دوژمندارێتیکردنی یەکتریی..

- هەوەها گوێڕایەڵی و ملکەچی دەربڕین بۆ غەیری ئەحکامی شەرع حەڕامە کە مادام پێچەوانەی فەرمانی دینی خوا بێت، بۆیە ڕێی بە موسوڵمان نەداوە وەلائی خۆی بداتە کەسوکاری کافر یان گەل و نیشتمانی دوور لەدین.. بێگومان هەڵگەڕانەوەشی لەدەسەڵاتی شەرعێتی حوکمڕانانیش حەڕام کردووە و ڕێی نەداوە بەکەس لەخەلیفەی بەحەق هەڵگەڕێتەوە یان لەفەرمانی یاخی بێت، هەر یەکێك لەمانە و هاوشێوەیان دەبێتە مایەی ناکۆکی و ململانێ و دوژمندارێتیکردنی یەکتریی..

- ئیسلام هەموو جۆرە هەڵخەڵەتاندن و چەواشەکارییەکی حەڕام کردووە، لەکاروباری بازاڕدابێت یان لەکاروباری سیاسەتدا.. هەوەکوکە ڕێ لەموسوڵمان گیراوە و نابێت گۆشتی بەراز و شەڕاب بفرۆشێت، ناشێت بە ڕەفتار و ڕەوشتی جاهیلییانە ڕەفتار بکات، بۆیە ناشێت موسوڵمان ناو و ناتۆرە لەو خەڵکە بنێت، یان جاسووسیان لەسەر بکات و عەیب و عاریان دەرخات.. یان شیرازەی خزمایەتی بپسێنێت و پەیوەندیی برایەتی دینی لاوازکات.. نابێت دەنگ لەموسوڵمان دابڕێت و لەسێ ڕۆژ زیاتر لێك زویربن.. هەریەکێك لەمانەش دەبێتە مایەی ناکۆکی و ململانێ و دوژمندارێتی کردنی یەکتریی.

## بڕگەی دەیەم:

## ئەو کەسەی بەشداری چالاکی سیاسیی ئیسلامی دەکات دەبێت پێگەیشتووبێت:

هەندێك لە ئەفرادەکانی ئوممەتی ئیسلام دیندارانە پەروەردە دەبن و دەگەنە ئاستێکی باشی بیروهۆشی تێگەیشتن، ئاستێکی شیاویی ئیماندارێتی (لەڕووی تیۆریی/ نەزەری و پراکتیزە/ عەمەلی کردنەوە) و جۆرە کەسانێکی تر ناگەنە ئەم ئاستە و بەهیممەتیش نین یان نایانەوێت بیگەنێ یان ناتوانن، بۆیە هەر لەئاستەکانی خوارووی بیروهۆش و چالاکی و خەباتدا دەمێننەوە.. بێگومان ئەوانەی بەشداریی چالاکی سیاسیی ئوممەت دەکەن، ئەوانەی پۆلی یەکەمن: دیندارانی تێگەیشتوو و هۆشیار و پێگەیشتوو، کە سەریان لەکێشەی ناوخۆیی دەوڵەت و ئوممەت و ململانێ دەرەکییەکان دەردەچێت.. ئەمانەی کە سیفاتی حزبواللهیان تێدا هاتۆتە دیی شایستە و شیاوی کاری سیاسین، لەڕاستیدا ئەمانە دەبێت لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکەدا ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیان هەبێت، تا لەو ڕێیەوە بتوانن و بەشداری ئاراستەکردنی کۆمەڵگە و ئامۆژگاریکاریی کاربەدەستانی دەوڵەت بن.. هۆی سەرەکی تێکشکانی ئوممەتی ئیسلامی بەدرێژایی مێژووی خۆی پەرتەوازەیی ئەم ئەندامە پێگەیشتوانە و کۆنەبوونەوەیانە لەحزب و ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیان.. نابینیت چۆن لەزەمانی

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) و سەردەمی حوكمڕانی خەلیفە ڕاشیدینە بەڕێزەكاندا خوا لێیان ڕازی بێت چۆن ڕاوێژكارانی پێگەیشتووی ئوممەت لە خزمەتیاندابوون و بەردەوام لەدەوروبەریانبوون، ئەو بەڕێزانە ئەندامی حزبواللە قورئانیەكەبوون و بەردەوام لەمەركەزی خیلافەت بوون. سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت ڕێگای بەگەورە پیاوانی یاوەران نەدەدا مەدینە جێ بهێڵن، چونكە لەلایەكەوە دەیویست ئەوانیش كۆڵی بەرپرسێتی كاروباریی لەگەڵدا هەڵگرن و لەلایەكەی تریشەوە ئامادەی ڕاوێژكارییەكانی دەبن.. نابینیت لەدوای سەردەمی ڕاشیدین كە ئەم پیاوماقوڵانە نەمان، كە كەسانی شیاوی حزبواللەیی نەبوونە ڕاوێژكاری لای كاربەدەستان، چۆن ئوممەت لەو لوتكە بەرزەی زەمانی ڕاشیدینەوە دابەزییە خوارەوە و كەوتە خوارەوە، كەوتە سەر ڕێی چەوتی دیدلێڵی.. ئێستا كەوا الحمدلله ئوممەتی ئیسلامی لەدەسپێكی هەستانەوەی شارستانێتی نوێیدایە، پێویستە ئەم خاڵە سەرەكییە كاریگەرە ڕەچاوبكرێت، دەبێت هەوڵبدەین زۆرینەی ئوممەت بێنە ئاستی ئەندامێتی حزبواللەی قورئانی و ئەوانەی گەیشتوونەتە ئاستی باڵای شیاوێتی ئیدارەی دەوڵەت و ئاڕاستەی كۆمەڵگە لە ڕێكخراو و دەزگای سەربەخۆی خۆیاندا بن، تا لەوێوە بتوانن ڕۆڵی ڕاوێژكاریی خۆیان ببینن.. پێویستیشە بەردەوام ئاستی شیاوێتیان بەرزتر بكەینەوە و كەسانی تری خوار ئەوانیش پەروەدە و ئاڕاستەبكەین تا پێبگەن، تا زۆرترین ووزەی شیاو لەخزمەتی ئوممەتی ئیسلامییدا بخەینەوە گەڕ..

لەزنجیرەی كتێبی (فقه الدعوة) و (البناء) و (العمل الاسلامي)دا ئەم بابەتانەمان بەتەفسیلی زیاتر باسكردووە.

# باسی دووەم:

# خیلافەت[١]

---

[١] سەرچاوە باسەکانی سەرەتای فیقهی دەستووریی ئیسلامی زاراوەی (الإمامة العظمى) واتە پێشەوایەتی مەزن بۆ پلەوپایەی خیلافەت و (إمام) بۆ (خەلیفە) بەکاردەهێنن، بەڵام نەوەی دوای یاوەران و تابیعین زیاتر زاراوەی (خیلافەت) و (خەلیفە) بەکاردێنن تا لەگەڵ پێشەوایەتی مەزهەب و نوێژدا تێکەڵ نەکرێن، لەبەر هەمان هۆ پێمان چاکە (خیلافەت) و (خەلیفە) بەکاربهێنینەوە کە بەرفراوانتر و زانراوترن.

## بڕگەی یەکەم:

## سیما و سیفاتی خیلافە:

خاڵی یەکەم: هەبوونی خەلیفە فەرزە:
ناشێت ئەم ئوممەتە ئیسلامییە بێ خەلیفە بێت، ئەمە کۆڕا (ئیجماع)ی ئوممەتی لەسەرە، شەهروستانی دەفەرموێ: (یاوەران کە نەوەی سەرەتای ئوممەتن هەرهەموویان -بەبێ جیاوازی- لەسەر ئەوە رێکبوون کە هەر دەبێت پێشەوا (ئیمام) هەبێت، ئەو کۆڕایە بەوشێوەیە بەڵگەیەکی بنبڕە لەسەر فەرزێتی دانانی ئیمام و ئیمامەتی. (واتە: خەلیفە و خیلافەت).

- ئیبنوخەلدوون دەفەرموێ: (پاشان دانانی پێشەوا پێویستیەکی شەرعییە، کۆڕای یاوەران و تابیعینی لەسەرە، یاوەران لەکاتی کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) زوو بەیعەتیان بە ئەبوبەکردا خوا لێی ڕازی بێت، تا کاروباریان بگرێتەدەست، لەهەموو سەردەمانی دوای ئەوانیش هەر وابووە، لەهیچ کات و چەرخێکدا موسوڵمانان لێنەگەڕاون بێ پێشەوا ببن و ژیانیان ببێتە فەوزا، کۆڕای ئوممەت لەسەر ئەوەیە کە هەردەبێت پپێشەوا دابنرێت).

- نەسەفی دەفەرموێ: (موسوڵمانان هەردەبێ پێشەوایەکیان هەبێت، تا ئەحکامەکانیان لەو دا ڕابپەڕێنێت و سزاکانیان لەسەر بچەسپێنێت و سنووری

وولاّتیان (بەموجاهیدان) بپارێزێت، سوپایان ڕێکخات و زەکاتیان لێ وەرگرێت و ڕێ لەدز و جەردە و ڕێگران بگرێت و نوێژی هەینی و جەژنەکانیان بۆ بکات و ناکۆکییەکانی نێوانیان چارەسەربکات و لەشاهیدیدانیان لەسەر مافی یەکتریی بکۆڵێتەوە و سەرپەرشتی بەشوودانی گچکە بێ کەسانیان بکات و دەسکەوتی جەنگ (غەنیمەت)یان لێ بەشکات.. هەروەها کاری تری لەم جۆرە کە بەیەك یەکی ئوممەت ناکرێت).

- جورجانی دەفەرموێ: (دانانی پێشەوا لەتەواوکارترین بەرژەوەندیی موسوڵمانان و گەورەترین مەبەستی دینە).

ئەم پێشەوایەتییەی کە هەموو باسیان کرد کۆڕای ئوممەتی لەسەرە (خیلافەت)ەکە (خەلیفە) دەیگرێتە دەست.

خاڵی دووەم: سیستمی خیلافەت لەهەموو سیستمێکی تری حوکمڕانی جیاوازە:

سیستمی خیلافەتی ئیسلامی سیستمێکی تایبەت و دید و ڕێی ئیسلام ئەم سیستمەی لەهیچ لایەنێکەوە وەرنەگرتووە (نەنزیکانی وەکو فارس و ڕۆم، نەدوورەکانی وەکو هیندستان و چین)، بۆیە خیلافەت سیستمێکە لەهەموو سیستمێکی حوکمڕانی جیاوازە، دەشێت لەهەندێك لایەنیدا لەگەڵ سیستمی تری حوکمدا لێك بچن، بەڵام وەکو بنەما و ڕێسا و سیما و سیفاتی جەوهەری

لەهەموویان جیاوازە، چونکە ئەسڵی خیلافەت، وەکالەتدانی خوای گەورەیە بە نێرراوانی تا ئیدارە و ئاراستە و حوکم بکەن.

وەکو کە خوای گەورە بە سەیدنا داوود (علیه السلام) (کە نێرراوی خوا و حاکم/ پاشا بوو) دەفەرموێ: ﴿ يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلْنَٰكَ خَلِيفَةً فِى ٱلْأَرْضِ فَٱحْكُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴿٢٦﴾ ﴾ ص: ٢٦ واتە: ئەی داوود ئێمە تۆمان کرد بەبریکار لە سەرزەویدا، دەی سا تۆش ڕاست و ڕەوا حوکمی خەڵکێك بکە و شوێن هەوا و هەوەس مەکەوە دەنا لەڕێی خواویستیت لادەدات..

ئەو (ئـیمامەت/ پێشەوایەتی)یەی باسمانکرد بـریتیە لە بریکـارێتی پێغەمبەرێتی.. سەیدنا ئەبوبەکر خوا لـێی ڕازی بێـت هەر لەیەکەم ساتەوەختی بەخەلیفەبـوونیەوە، ئەمەی ڕوون کـردەوە، کاتێـك دوای بەیـعەت پێـدانی لە (سەقیفە/ کەپر)ەکەی بەرەبابی سەعد، کـابرایەك بـانگی کـرد: یـا خلیفـة الله/ هـۆ بریکاریی خوای گەورە، سەیدنا ئەبوبەکرد خوا لێی ڕازی بێت فەرمـووی: (لَسْـتُ خَلِيفَةُ اللهِ، ولكنِّي خليفةُ رَسُولِ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم))[1] واتە: مـن بریکـاری خوای گەورە نیم، بریکاری نێراوەکەی خوام (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم).

لەهەموو ماوەی حوکمی سەیدنا ئەبوبەکردا هەرئاوا بانگدەکرا (یاخلیفة رسـول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم). پێشەوایەتی کـۆمەڵگە و سـەرۆکایەتی حـوکمڕانی و

---

[1] ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردووە و پیاوانی سەنەدەکە پیاوانی فەرموودەی (سەحیح)ن.

ئیـدارەی دەوڵەتـی لە ئەسـڵدا کـاری پێغەمـبەرانە سـەلامی خوایـان لـێ بێـت، هەروەکو کە خوای گەورە بەسەیدنا ئیبراهیم (علیه السلام) دەفەرموێ:

- ﴿وَإِذِ ٱبۡتَلَىٰٓ إِبۡرَٰهِـۧمَ رَبُّهُۥ بِكَلِمَٰتٖ فَأَتَمَّهُنَّۖ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامٗاۖ ١٢٤﴾ البقرة: ١٢٤ واتە: خوای گەورە ئیبراهیمی بەچەند جۆرێك تاقیکردەوە، لەهەموویاندا دەرچوو، ئیتر خوای گەورە پێـی فەرموو: دەمەوێ بتکەمە پێشەوای خەڵکی..

کەوابـوو خـیلافەت لە حەقیقەتیـدا جێگرێتـی و بریکـارێتی پێغەمبەرێتیـیە و خەلیفە جێگر و بریکاری پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) بۆ پیـادەکردنی دینەکە و حوکمی شەریعەتەکەی دانراوە.

بۆ نموونە خوای گەورە لە ئەرکی سەرشانی پێغەمـبەری خـوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) کە دەبێـتە ئەرکـی خەلیفەکـانی دوای جەنـابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ:

١- ﴿كَمَآ أَرۡسَلۡنَا فِيكُمۡ رَسُولٗا مِّنكُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡكُمۡ ءَايَٰتِنَا وَيُزَكِّيكُمۡ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ ١٥١﴾ البقرة: ١٥١ واتە: هەروەکو کە نێریـاوێکی خـوایمان لەناوتانـدا هەڵبـژارد تـا پەیـامی ئێمەتان بەسەردا بخوێنێتەوە و پەروەردەتان بکـات و فێـری قورئـان و سـوننەت/ واقیعناسیتان بکات، کەوابوو ئەرکی یەکەمی پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) فێرکردنی قورئان و سوننەت و پەروەردەکردنی خەڵکییە پێیان.

٢- ﴿وَقَٰتِلُوهُمۡ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتۡنَةٞ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِۚ فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِمَا يَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ٣٩﴾ الأنفال: ٣٩ واتە: جەنگ و جیهادیان بەرامبەر بەرپابکەن تـا فیتـنە (لاواز کردنی دیـن و دینـداری بە پاشـگەزکردنەوەی موسـوڵمان لەدیـنەکەی یـان

ڕێگرتن لە دینداریێتی و فێربوون و گەیاندنی دینەکەی) ڕوونەدات و دەسەڵاتی سەروەری و باڵادەستی بۆ دینەکەی خوا دەبێت و بەس..

٣- دامەزراندنی حوکم و داوەریکردنی دادپەروەرانە و سەلماندن و چەسپاندنی حوکمی خوای گەورە:

أ- ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِصَاصُ ﴿١٧٨﴾﴾ البقرة: ١٧٨ واتە: هەقسەندنەوەتان لەسەر فەرزکراوە.

ب- ﴿سُورَةٌ أَنزَلْنَٰهَا وَفَرَضْنَٰهَا ﴿١﴾﴾ النور: ١ واتە: ئەم سوورەتەمان (نوور کە ئەحکامی سزایی تێدایە) لەسەرتان فەرزکردووە کە وەریگرن و ڕاپەڕێنن.

ئەمانە ئەرکی هەموو خەلیفەیەکن کە بریکاریێتی پێغەمبەرێتی دەخرێتە ئەستۆ.. کەوابوو سیستمی خیلافەت لەجیاتی پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) بۆ سەلماندن و چەسپاندنی شەریعەتەکەی خوای گەورە لەناو ئوممەتدا، ئەم خاڵە جەوهەرییە جیاوازییەکی سەرەکی سیستمی خیلافەتە لەگەڵ سیستمەکانی تری حوکمڕانیدا.

خاڵی سێیەم: خەلیفە لە هەڵبژاردنی ئوممەت بەرپرسێتی وەردەگرێت:

ئوممەتی ئیسلامی بەوست و ئیرادەی سەربەخۆ و لەباروودۆخی هێمنیدا خەلیفە هەڵدەبژێرێت، بەهیچ شێوەیەك ناشێت کەسێك بەسەر موسوڵماناندا بسەپێنرێت کە ئەوە خەلیفەتانە و ڕازیین.. نابێت و ناشێت، دەبێ خەڵکی ئازاد و سەربەستانە کەسێك هەڵبژێرن بۆ خەلیفایەتی کە خۆیان لێی ڕازین و متمانەی شیاوێتی

پێدەکەن. ئەمە مافی ئوممەتەکەیە و ناشێت زەوت بکرێت، ناشێت بخرێتە لاوە و ئیلغابکرێتەوە، چونکە خوای گەورە وەسفی کاروباری ناو موسوڵمانانی واکردووە کە بەرپرس و ڕاوێژکارییە: ﴿وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ ٣٨﴾ الشورى: ٣٨ ، کەوابوو شورا مافی موسوڵمانانە تا بەڕاوێژکاریی ناوخۆیان یەکێك لە خۆیان پەسەند بکەن و بۆ خەلیفایەتی هەڵیبژێرن، جا کە کاروباری گشتی ناوموسوڵمانان دەبێت بەڕاوێژکاریی بێت، چۆن دەشێت دانانی خەلیفە بێ ڕاوێژی ئوممەت ببێت، لەکاتێکدا هیچ کاروبارێکی موسوڵمانان لە حاکمێتی (دین و دینداریێتی) مەزنتر و کاریگەتر نییە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) نەیدەهێشت یەکێك ببێتە پێش نوێژ (ئیمامی نوێژ) ئەگەر مەئموومەکانی ڕازی نەبوونایە ئیتر چۆن پێشەوایەتی مەزنی ئوممەت (ئاراستەوانی کۆمەڵگە و حوکمڕانی دەوڵەت) بێ ڕازیبوونی خەڵکەکە دەبێت؟ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەیفەرموو: (مَنْ أَمَّ قَوْمًا وَهُمْ لِإمَامَتِهِ كَارِهُون، لَم تُجاوِزْ صلاتُهُ أُذُنَيْه)[1] واتە: هەرکەسێ ئیمامەتی نوێژی بۆ خەڵکانێك کرد کە حەزیان لە پێشنوێژییەکەی نەبێت، ئەوە نوێژەکەی لەدوو گوێچکەی خۆی تێنەپەڕیووە!

---

[1] نووسەری ڕەحمەتی ئەم فەرموودەیەی هەروا هێناوەتەوە بێ ئاماژەدان بە سەرچاوەکەی، منیش لە هیچ شوێنێك نەمدۆزییەوە، بەڵام فەرموودەی تر هەن هاوشێوەی ئەمن بەکەمێك جیاوازی: (أَيُّمَا رَجُلٍ أَمَّ قَوْماً وَهُمْ لَهُ كَارِهُونَ، لَمْ تَجُزْ صَلاَتُهُ أُذُنَيْهِ)، تەبەڕانی لە (المعجم الكبير / ٢١٠)، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الجامع / ٢٧١٨) بە (حسن)ی ناساندووە.

- بوخاری دەگێڕێتەوە کە سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت حەزەری کوشتنی دەدایە کەسێك کە بەبێ ڕاوێژکاریی موسوڵمانان خۆی کردبێتە ئەمیر! دەیفەموو: (فَمَنْ بَايَعَ رَجُلاً عَلَى غَيْرِ مَشُورَةٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ فَلاَ يُتَابَعُ هُوَ وَلاَ الَّذِي بَايَعَهُ تَغِرَّةً أَنْ يُقْتَلاَ)[1] واتە: هەرکەسێك بێ پرس و ڕاوێژی موسوڵمانان بەیعەتی بەکەسێدا، با کەس نەبێتە شوێنکەوتووی و کەسیش بەقسەی بەیعەتدەرەکە نەکات، چونکە ئەگەری کوشتنی هەردووکیان هەیە، کە لەدەرفەتێکی بێ ئاگاییاندا غافڵگیرانە بکوژرێن.

- ئەوەی زیاتر مافی هەڵبژاردنی خەلیفە لەلایەن موسوڵمانانەوە دەسەلمێنێت و دەچەسپێنێت، ئەم ڕیوایەتەیە کە لە ئیبنو عەبباسەوە خوا لێیان ڕازی بێت هاتووە کە خۆی دەفەرموێ: (قورئانم بەهەندێك کەس لە موهاجیران دەخوێند، لەوانە عبدالرحمانی کوڕی عەوف، جارێك فەرمووی: ڕات چییە ئەگەر کەسێك بچێتە خزمەت عومەر و پێی بڵێ ئەی ئەمیری موسوڵمانان ڕات چاکە بەرامبەر فڵانکەس؟ کە دەوترێت ئەگەر عومەر بمرێت بەیعەت دەدەمە فڵانکەس، خۆ بەیعەتدانەکەی ئەبوبەکر لەدەست دەرچوونێك بوو کۆتایی پێهات، عومەر زۆر تووڕە بوو، فەرمووی: (إِنِّي إِنْ شَاءَ اللَّهُ لَقَائِمٌ العَشِيَّةَ فِي النَّاسِ فَمُحَذِّرُهُمْ هَؤُلاَءِ الَّذِينَ يُرِيدُونَ أَنْ يَغْصِبُوهُمْ أُمُورَهُمْ)[2] واتە: من خۆم أن شاء الله دەچمە سەرمینبەر

---

[1] بوخاری (٦٨٣٠)، ئەحمەد (٣٩١)، عبد الرزاق لە (المصنف) (٩٧٥٨)، ئیبنو حیببان (٤١٣).

[2] بوخاری بە ژمارە (٦٨٣٠) بە درێژی هێناویەتییەوە، وە لەچەند شوێنێکی تریش بە شێوەی جیاواز هێناویەتییەوە.

و هۆشداریی دەدەمەخەڵکی لەسەر ئەوانەی کە دەیانەویچت مافی خەڵکی زەوت کەن..

دەبینیت سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت گەیاندنی کەسێکی بە خەلیفایەتی بێ ڕاوێژکاریی موسوڵمانان پێ وابوو کە ئەوە زەوتکردنـی مـافی خەڵـکەکەیە لە هەڵبژاردنی خەلیفەدا و ناشێت کەس پێشێلی بکات، با ئەوکەسـەش کەسـێك بـۆ خەلیفایەتی دەپاڵێوێت پاو چاکیش بێت وەکو سەیدنا عبـدالرحمانی کـوری عەوف خوا لـێی ڕازی بێت.

خـــالّی چـــوارەم: کەس خـــۆی بـــۆ خەلیفـــایەتی ناپاڵێوێـــت:

کەس ناشێت خۆی بۆ ئەم ئاستەپۆستە بپاڵێوێت، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّم) دەفەرمویّ: (إِنَّا وَاللهِ لَا نُوَلِّي عَلَى هَذَا الْعَمَلِ أَحَدًا سَأَلَهُ وَلَا أَحَدًا حَرَصَ عَلَيْه)[1] واتە: بەخوا قەسەم ئەم کاربەدەستیە نادەینەکەسێك خۆی داوای بکات سووربێت لەسەریی.

- هەروەهـا دەفەرمـویّ: (لا تَسأَلِ الإمـارَةَ، فإنَّـكَ إنْ أعْطيتَهـا عـن مَسـألَةٍ وُكِلْـتَ إلَيْهـا، وإنْ أعْطيتَهـا عـن غَـيرِ مَسْـألَةٍ أُعِنْـتَ عليهَـا)[2] واتە: داوای ئەمیرێتی مەکە، ئەگەر لەسـەرداواکاریی خـۆت دَرا پێـت، لێـت دەگەرێـن و یامەتیـت نـادەن لەسـەریی تـا سـەرکەوتووبیت، ئەگەر بەبـێ داوای خـۆت بتدرێتێ یارمەتیت دەدەن لەسەریی.

---

(1) موسلیم (١٧٣٣)، بوخاریش (٧١٤٩) بەکەمێك جیاوازی.

(2) بوخاری (٦٦٢٢)، موسلیم (١٦٥٢)، ئەبو داوود (٢٩٢٩)، ترمذی (١٥٢٩)، نەسائی (٥٣٨٤)، ئەحمەد (٢٠٦٢٢).

- هەروەها دەفەرموێ: (إِنَّ أَخْوَنَكُم مَنْ طَلَبَهُ) واتە: خائینترین کەستان ئەوەتانە کە داوای دەکات.

دەبێت موسوڵمانان خۆیان کەسێکی بۆ بپاڵێون و هەڵیبژێرن، چونکە موسوڵمانان بەگشتی حزبواللهن، ئەم حزبەش پیاوانی خۆی هەیە، پێشڕەو و ئاراستەوان و سەرکردایەتی خۆی هەیە، بالاترین دەستە سەرکردایەتی ئەم حزبواللهیە، کەسی پاڵێوراو بۆ خەلیفایەتی دەپاڵێون و دەیناسێنن کەدەمانەوێت بکرێتە ئەمیری موسوڵمانان، پاشنا موسوڵمانان ڕای خۆیانی لەسەر دەدەن، ڕای ئەوان لەسەر کێ کۆبۆوە، ئەو کەسەیان دەبێتە خەلیفە.

هەڵبژاردنی چوار خەلیفەی ڕاشیدینی بەڕێز ئاوابوو، ئەوانیش کە نوێنەری ڕاستەقینەی خیلافەتی دوای پێغەمبەرێتین، خوا لێیان ڕازی بێت، بالاترین دەستەی خزبواللەی ئەو سەردەمە پالاوتنی کە لەموهاجیران و ئەنصارەکان بوون، پاشان ڕاوێژی گشتی بەموسوڵمانانی تر کرا و متمانەیان پێکرا و بەیعەتیان درایێ، کە بەڕەزامەندیی موسوڵمانان بوون.

ئەوی گەیاندنییە ئەم ڕێسا و بڕیارە هەبوونی دەقی تایبەتی بوو، پالاوتن و ڕاوێژکاریی بوو.. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) ناوی هەندێك یاوەرانی بەسیفەت و نازناوی تایبەت هێنابوو، ئەم دەقانەی ناوهێنانی ئەو بەڕێزانەی لەخۆگرتبوو کاریگەربوون لە پالاوتن و هەڵبژاردنی خەلیفەکاندا.. بگرە خودی دەقەکان پالاوتنی هەندێك لەو پالێوراوە بەڕێزانە بوو، پاشان ڕاوێژکاریی لەسەر ئەوان بەدوایداهات.. ئێستا ئەو ڕێسایانە خۆیان گرتووە و ڕاوێژکاری ماوە (واتە

کەسەکان نەماون کە دەقەکانیان لەسەربوو، ئەوسا دەق و ڕێسا و ڕاویژکاریی هەبوو، ئێستا بۆ ئێمە ڕێسا و ڕاویژکارییەکە ماوە).. پاشان هەر دەبێت لەبارودۆخ و زەمانی ئێمەدا جیاوازیی لەبەرچاوبگرین کە چۆن ئەو خەلیفە بەڕێزانە پاڵێوران و هەڵبژێران و لەوبارودۆخە پڕ ئیمانییەی ئەوان و بارودۆخی زەمانی ئێمە کە دەمانەوێت بپاڵێوین و هەڵبژێرین.

خاڵی پێنجەم: کە بەیعەت درا بە خەلیفە دەبێت موسوڵمانان گوێڕایەڵی بن:

هەرکاتێك خەلیفە هەڵبژێردرا و بەیعەتی درایێ ئیتر دەبی موسوڵمانان گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن و ملکەچی بن، مادام خەلیفە بمێنێت، واتە تا مردنی هەرخەلیفە دەبێت[1]، یان تا کاتی نەتوانینی بە جێهێنانی ئەرکی سەرشانی، یان کاتێك ئینحیراف دەکات و لەڕێی ئیسلام لادەدات، یان شۆڕشی بەرامبەر دەکرێت و لادەدرێت، وەکو ئەوەی هێزێکی گومڕا و خراپەکار (بەڵام موسوڵمان) دێن و لایدەدەن و خۆیان خەلیفەیەکی تر لە جێگای دادەنێن.

---

(١) حوکمی چوار خەلیفەی ڕاشیدین خوا لێیان ڕازی بێت هەروابوو، بەڵام دوای ئەوان ڕاجوێی دروستبوو کە ئایا دەشێت ماوەی حوکمی خەلیفە دیاریبکرێت یان نا؟ بەتایبەتی لەم سەردەمەی ئێمەدا. ئەمە دەشێت موناقەشە بکرێت و ڕای کۆتایی لەسەر بدرێت، ئەمما پلەوپایەی خوار خەلیفە بێگومان جائیزە بەکاتەوە ببەسترێتەوە.

- پێغەمبەری خوا (صلَّى اللَّهُ عَلَيـهِ وَسَلَّم) لە فەرمـوودەی سـەحیحدا هـاتووەکە دەفەرمویّ: (إذا بُويِعَ لِخَلِيفَتيْنِ، فاقْتُلُوا الآخـرَ مـنهما)[1] واتە: ئەگەر لەیەك كاتـدا بەیعەت درا بەدوو خەلیفە، دواییـنەكەیان بكوژن.

هەروەها دەفەرمویّ: (مَنْ أَتَـاكُمْ وَأَمْـرُكُمْ جَمِيـعٌ عَـلَى رَجُلٍ وَاحـدٍ يُرِيـدُ أَنْ يَشـقَّ عَصاكُمْ أَوْ يُفَرِّقَ جَمَاعَتَكُمْ فاقْتُلُوهُ)[2] واتە: ئەگەر كاروبـاری خیلافەتتـان لەسـەر پیاوێـك كۆبووبـۆوە و ڕاتـان لەسـەری جەم بـوو، لەولاوە كەسـێكی تـر هـات و ویسـتی دووبەرەكیتـان بخـاتە نـاوەوە و كۆمەڵكارییەكەتـان لـێ تێـك بـدات، بیكوژن. (واتە كاتێك ئێوە خەلیفەتان بەشێوەیەكی شەرعی داناوە و كەسـانێكی تێكـدەر بـۆ فیتنەسـازیی دیـن و دەیانەوێـت لێتـان تێكـدەنەوە). بێگومـان ئەمە لەكاتێكدا دەبێت كەخەلیفەی شەرعی بەڕێگـای حەق و شـەرع هەڵبژێررابێـت و بەیعەتی درابێتێ، مەرجە كە خەلـیفەی حەق و بەڕێگـای حەق هـاتبێتە سـەركار، چونكە لەپێناسەی شۆڕشـگێڕانی ناحەقـدا دەوترێـت: ئەوانەن كە بەنـاحەق دژی خەلیفەی بەحەقی موسوڵمانان ڕاست بوونەتەوە و لـێی یاخیبوون، موسوڵمانان ئەو كاتە ملكەچیی فەرمانی خەلیفە بەحەقەكە دەبن و دژی یاخییەكان دەجەنگن.

- ئەگەر خەلـیفە هەسـتی كـرد ئـوممەتە ڕەعـیەتەكەی نـاڕازین لەبەیـعەت پێدانەكەی كە ئەهلـی حەل و عەقـد پێیانـداوە، بـۆی هەیە بەڕەعـیەتەكە بڵـێ وا

---

[1] موسلیم (١٨٥٣).
[2] موسلیم (١٨٥٢).

بەیعەتەکەیانم ڕەتکردەوە و ئێوەش ئازادن بۆخەلیفایەتیم هەڵدەبژێرن یـن نـا، یـان بەیعەتی ڕاوێژکارانی وەرگرتووە و دەیەوێت لە ڕەعیەتەکە دڵنیا بێـت کە ڕازیـن، بۆیە داوای بەیعەتی گشتی لەوانـیش دەکـات، هەروەکـو کە بـۆی هەیە هەردوو بەیعەتە تایبەت و گشتیەکە ڕەتکاتەوە و نەبێتە خەلیفە:

- ئەبو نوعەیم دەگێڕێتەوە کە سەیدنا ئەبوبەکر خوا لێـی ڕازی بێـت بەیعەتـی خیلافەتی پێدرا لەمزگەوت ڕووە و خەڵـکەکە فەرمـووی: (هـۆ خەڵکیـنە، ئەگەر گومانتان وایەکە من بەحەزی خۆم ئەم کارەم گرتۆتە دەست، یـان ویسـتوومە بـۆ کەسێکی تر نەبێت لە ئێوە یان لەموسوڵمانانی تر، نـا، وانـیە، بەوخـوایەی ڕۆحـی منی بەدەستە بەحەزی خۆم وەرمنەگرت، مەبەسـتم نەبـووە کەسـێك لە ئێـوە یـان لەموسوڵمانانی تر نەیگرێتە دەست، بەخوا قەسەم ڕۆژێـك لەڕۆژان، یـان شـەوێك لەشـەوانی تەمەنـی ڕرابـووردووم خـۆزگەم بـۆ نەخواسـتووە، بەخـوا قەسـەم نەبەئاشکرا و نە بەنهێنی داوام نەکردووە و نەمویستووە.. ئێستاش ئەمە کـۆڵێکی قورسە خراوەتە سەرشانم کە من خۆم توانای هەڵگرتنیم نییە مەگەرخـوای گەورە یارمەتیدەرم بێت، واللّٰە حەزم دەکرد یەکێکی تر لەیاوەرانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم) بیگرتـایەتە دەسـت، بەو مەرجەی دادپەروەرانە ڕەفتـاری لەگەڵتانـدا بکـردایە.. بـۆیە پێتـات ڕادەگەیـنم کە ئەمە مـافی ئێـوەیە و وابـۆم گێڕانەوە، بەیعەتم لەگەردنتاندا نییە، منیش کەسێکم وەکو ئێوە، خۆتان بزانن ئەم کارە دەدەنە دەست کێ).

- ئیبنوننەججار لەزەیدی کوڕی عەلییەوە لە باوکو باپیرییەوە خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە کاتێك ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت چووە سەر مینبەرەکەی پێغەمبەر خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) فەرمووی: ئایا کەستان هەیە ئەمەی پێناخۆشبێت کە دراوە بەمن؟ تا کارەکە رەتکەمەوە،سێ جار وای بەخەڵکەکە فەرموو، پاشان عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب خوا لێی ڕازی بێت هەستاوە فەرمووی: نا، واللهی نە لەسەرکارت دەخەین و نەدەشهێڵین وازی لێ بهێنیت، کێ دەتوانێت بتهێنێتەوە دواوە جەنابت کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) خستوتیە پێش). (مەبەستی پێشخستنی سەیدنا ئەبوبەکربوو بۆ پێشنوێژیی کردن بەموسوڵمانان لە کاتی کۆتا نەخۆشیی جەنابیدا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم)).

خاڵی شەشەم: ئەرکی یەکەمی خەلیفە ڕاپەڕاندنی وەحیی خواییە:

یەکەمین ئەرکی سەرشانی خەلیفە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی قورئانە، واتە حوکم کردن پـێی.
پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (إِسْمَعُوا وَأَطِيعُوا وَإِنِ اسْتُعْمِلَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ حَبَشِيٌّ كَأَنَّ رَأْسَهُ زَبِيبَةٌ مَا أَقَامَ فِيكُم كِتَابَ اللَّه)[1] واتە: گوێڕایەڵی و ملکەچ بن بۆ هەکەسێك کە دەبێتە ئەمیرتان، با قولەرەشێکی حەبەشیش بێت کە سەری وەکو مێوژ بێت، مادام حوکمتان بە قورئان بکات و بەردەوام بێت لەسەریی..

- هەروەها دەفەرموێ: (إِنْ أُمِّرَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ مُجَدَّعٌ يَقُودُكُمْ بِكِتَابِ اللَّهِ فَاسْمَعُوا لَهُ وَأَطِيعُوا)[1] واتە: ئەگەر کۆیلەیەکی لووت و گوێ بڕاو بوو بە ئەمیرتان، مادام بە پـێی قورئان ڕێبەریتان دەکات، گوێڕایەڵی بن و ملکەچی بۆدەربڕن.

دیارە کە ئەمیرێتی –هەرکەسیچك بیگرێتە دەست- مەرجدارە، یەکەم: بەوەی کە دەبێت بەپێی پەیامی خوای گەورە ڕەفتاربکات و ئەوبچەسپێنێت، ئەگەر واینەکرد لادەدرێت. دووەم: ڕاوێژدەکات لەو باسو بابەتانەدا کە دەقێکی قورئان و سوونەتیان بە ڕۆشن وراشکاویی لەسەرنییە.. ئەگەر خۆبەسەرکاری کرد وگوێی بە ڕاوێژکاریی نەدا لادەدریت. چونکە پەکخستنی ڕاوێژکاریی فاسقبوونە (چونکە گوناحە و کردوێتی) هەرکەسێك ئەمیربوو فسقی لێوە

[1] بوخاری (٦٩٣).

دەردەکەوێت شایانی لادان دەبێت، یان دەبێت وەلانرێت و ئیهمال بکرێت.. واجوێیەك لە نێوان شەرعناساندا لەسەر ئەمە هەیە..

خاڵی حەوتەم: خیلافەت پاشایەتی نییە:

لەم خاڵانەی سەرەوەدا هەندێك لایەنی حوکمی خیلافەت و خەلیفە ڕوون بۆوە، دەرکەوت کە سیستمی خەلیفایەتی زۆر جیاوازە لە جۆرە سیستمەکانی حوکمکردن لەم سەردەمە و پێشتردا..

- ئیبنوسەعد لە سوفیانی کوڕی ئەبولعەوجائەوە ئەگێڕێتەوە کە سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت جارێك فەرمووی: (وَاللَّهِ مَا أَدْرِي أَخَلِيفَةٌ أَنَا أَمْ مَلِكٌ، فَإِنْ كُنْتُ مَلِكًا فَهَذَا أَمْرٌ عَظِيمٌ)[٢] واتە: واللەهی نازانم من خەلیفەم یان پاشا؟ ئەگەر پاشابم ئەو شتێکی زۆر گەورە/ دژوارە.

---

[١] موسلیم (١٨٣٨)، هەروەها ئیبنو حیببان (٤٥٦٤) و ئەحمەد (٢٧٢٦٦) بە کەمێك جیاوازیەوە.
[٢] ئیبنو سەعد لە (الطبقات الكبرى) (٣/٣٠٦).

**كـابرايەك پێـی فەرمـوو: ئەی ئەمیـری موسـوڵمانان جیـاوازی خەلـیفە و پاشـا زۆرە، خەلـیفە جـگە لە حەق وەرناگرێـت و بەحەقـیش نەبێـت داینـانێتەوە، جەنابیشـت الحمـدالله وایـت، پاشـاش سـتەم لەخەڵکـی دەکـات، لەم دەسـتێنێت و دەیـدا بەو (بەنـاهەق) سـەیدنا عـومەر بێـدەنگ بـوو، ئیـتر دەسـتی کـرد بەگریان.**

- هەروەها لەسەلمانەوە خوا لێی ڕازی بێت دەگێـڕێتەو کە پێـی فەمـوو: ئەگەر جەنابت درهەمێك یان زیاتر و کەمترت لەخاکی موسوڵمانان وەرگـرت و بەنـاهەق خەرجت کردەوە، ئەوە پاشایت نەك خەلیفە..

خاڵی هەشتەم: خەلیفە بەرپرسی یەکەمی کاروباری کۆمەڵگە و دەوڵەتە:

خەلیفە ئەمیری موسوڵمانانە، چەقی مەرکەزیـی ئـوممەت و دەوڵەتە، لـوتکەی دەسـەڵاتە، کۆتـا پـلەی متمانەپێکـردنە، بەرپرسـی هەمـوو جەسـتە و پێکهـاتەی دەوڵەتە، ئەمیری شـوراکان و دەزگاکـانە و دەمڕاسـتی هەمـووانە، مـادام بە پێـی قورئان و سوننەت ڕەفتـار بکـات.. ئاسـتێك ئەوەنـدە گرنـگ بێـت و کەسـێك لە پەیکەری دەسەڵاتی حوکمدا ئەوەندە ئاست باڵا و کاریگەربێـت، حەتمەن دەبێـت مەرجی زۆر قورسیشی تێدابێت تا شیاوی ئەو پـلە و بەهایەبێـت، لەوانە: دەبـێ

ئەوەنـدەی زانسـتی شـەرعی هەبێـت بتوانێـت ئیجتیهـاد بکـات، لەشـارەزایی دنیاییشدا دەبێت زیت و ووریا و جوامێر و ئازابێت، شارەزایی سیاسەت و حـوکم و جەنگ و ڕێکەوتن بێت، دەبـێ موسوڵمانێکی خواناس و سەرڕاست و قیامەتی بێت.. جگە لە کۆمەڵێك مەرجی تر کە دەشێت ئەهلی مەزهەبەکان تێیـدا ڕاجـوێ بن.. شیعەکان دەڵـێن دەبـێ سـەیدزادەی هاشـمییان بێـت، واتە لەنەوەی سـەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بێـت.. بەڵام جمهـوری ئەهلـی سـوننەت ئەوەیـان بەلاوە مەرج نییە، بەڵکو هەر ئەوەندەی قوڕەیشی بێت باشە و لەپێشترە، خەواریجەکـان ئەوەش بەمەرج دانـانێن و دەڵـێن شـیاوێتی بەسـە، لەهەر خـانەوادە و هـۆز و قەومێك بێت گرنگ نییە. زۆرینەی ئوممەت لەسەر ئەوەن کە مەرجێکە خەلـیفە قوڕەیشی بێت، بەنوهاشمیش لە قوڕەیشن.

- بوخاری و موسلیم دەگێـڕنەوە کە پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم) فەرمـووی: (لاَ يَـزَالُ هَـذَا الأَمْـرُ فِي قُـرَيْشٍ مَـا بَقِـيَ مِـنْهُمُ اثْنَـانِ)[1] واتە: تـا دوو کەسیش لە قوڕەیش مابێت، خەلیفایەتی هەردەبێت لەوان بێت.

- هەروەها دەفەرموێ: (إنَّ هذا الأمْرَ في قُرَيْشٍ لا يُعَادِيهِمْ أحَدٌ، إلَّا كَبَّهُ اللَّهُ عـلَى وجْهِـهِ، مـا أقَـامُوا الـدِّينَ)[2] واتە: خەلیفـایەتی هەر لەقوڕەیشـدا دەبێـت مـادام بەدینەکەوە پایەندبن، هەرکەسێك دوژمنداریێتیان بکات لەسـەریی، خـوای گەورە لەسەر ڕوو ڕایدەکێشێتە دۆزەخەوە.

---

[1] بوخاری (٣٥٠١)، هەروەها موسلیم (١٨٢٠) و ئەحمەد (٦١٢١) بەکەمێك جیاوازی.
[2] بوخاری (٣٥٠٠).

- فەرمـــوودەی: (الأَئِمَّــةُ مِــنْ قُــرَيْش) واتە: خەلیفەکـــان لە قـــورەیش دەبـــن، بەناوبانگە.

- بەڵام سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت دەفەرمویٚ: (لَوْ كَانَ سَالِمُ مَـوْلَى أَبِي حُذَيْفَةَ حياً لَوَلَّيْتُهُ) واتە: ئەگەر سالمی خزمەتکاری حوزەیفە بمایا دەمکردە خەلیفە.

- ئیبوخەلدوون رحمه الله لە شـیکاریی ئەوەدا کە خەلـیفە دەبێـت لە قـورەیش بێت دەفەرمویٚ: چونکە قورەیش لەو زەمانەدا تـاکە هۆزێـك بـوو کە تەوەری کۆکردنەوەی هەموو عەرەب بوو، هەموو تیرە و هۆزەکان مەرکەزێتییان دەبوویێ، ئەوانـیش زوو ئیسـلامەکەیان هەڵگـرت و بەتوانـاوە بەرگرییـان لێکـرد.. ئەگەر لەسەردەمانێکدا قورەیش وا نەمان، نەیانتوانی بەئەرکەکانی خـیلافەت هەسـتن و ئەحکامی خوایی بچەسپێنن، یان پیاوانیان لایانـدا و سـەرپێچی فەرمـانی خـوای گەورەیان کرد، یـان ئەو مەرکەزێتـی و کۆبـوونەوەیەی خەڵکـی بـۆ هێزێکـی تـر دروسـت بـوو کە بەتوانـا بـوو لە هەڵگرتنـی پەیـامی خوایـیدا، ڕاسـت و ڕەوایە خیلافەتی بدرێتێ و یەکێك لەوانە –با قورەیشیش نەبێت- ببێتە خەلیفە.

کاتێك یاوەرانی ئەنصار (ئەهلی مەدینە) داوایان کـرد کە خەلـیفە لەوان بێـت، سەیدنا ئەبوبەکر بەدەقەکـان موناقەشـەی لەگەڵـدانەکردن، بەڵکـو بە نیشـاندانی واقیعەکەبوو، کە فەرمووی: (ئەوەی ئێوە باستان کرد (لەفەزڵ و چاکەی ئەنصار) هەمووی ڕاستە و ئێوە لەو چاکانە زیاتریشتان لەدەست هاتووە، بەڵام لەمەسەلەی بەردەســـتدا عەرەب غەیـــری قـــورەیش بەشـــیاو نازانێـــت کە ببێـــتە تەوەری کۆکردنەوەیان، قورەیش چەقی عەرەبە لەڕەچەڵەك و شوێنی ژیانیشدا.

سەیدنا ئەبوبەکر واقیعەکەی ڕەچاودەکرد، چونکە لەو سەردەمەدا عەرەبەکان لە غەیری قورەیش کۆنەبووبوونەوە، بەتایبەتی کە سەرۆکایەتییەکە بە پێغەمبەرێتی سەیدنا محمدەوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) بەندبوو.. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) پێشتر ئەمەی ڕوون کردبۆوە کە فەرمووی: (النَّاسُ تَبَعٌ لِقُرَيْشٍ فِي هَذَا الشَّأْنِ مُسْلِمُهُمْ تَبَعٌ لِمُسْلِمِهِمْ وَكَافِرُهُمْ تَبَعٌ لِكَافِرِهِمْ)[1] واتە: خەڵكی شوێنکەوتووی قورەیشن لەم بارەوە، موسوڵمانیان سەر بەموسوڵمانیانە و کافریشیان سەربەکافریانە.

ئایا ئەو واقیعەی ئەو زەمانە عەرەبی تێدا دەژیا وایکرد کە خیلافەت هەردەبێت لە قورەیشدا بووبێت، یان سیما و سیفەتی تاك و کۆی قورەیشییەکان و پلە و مەنزیلەی قورەیشییەکان هۆکاربوو؟ ئایا خیلافەت بەم سیما و هۆکارانەی ئەو زەمانەوە بەندبوو، کە ئەگەر لەکات و شوێنی تردا ئەو سیما و هۆکارانە نەما ئەوەیش نامێنێت کە مەرج بێت خیلافەت لە قورەیششیەکاندا بێت؟ ئەمە کێشەیەکە سەر لەنوێ خوێندنەوە و بەدواداچوونی دەوێت، دەشێت سەرلەنوێ دیراسەی دەقەکان بکرێتەوە و ڕای کۆتایی لەسەر ئەم مەرجە دەرببڕێت، دەشێت دەقی تریش هەبن یارمەتیدەربن وەکو ئەو فەرموودەیەی (أبو الشيخ ابن حيان) لە کتێبی (الفتن) دا لە ئەبووهورەیرەوە گێڕاوێتییەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) فەرمووی: (يَنزِلُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ فَيَقْتُلُ الدَّجَّالَ، وَيَمْكُثُ أَرْبَعِينَ عَامًا يَعْمَلُ فِيهِمْ بِكِتَابِ اللَّهِ تَعَالَى وَسُنَّتِي، وَيَمُوتُ، وَيَسْتَخْلِفُونَ بِأَمْرِ

---

[1] بوخاری (۳۵۰۱)، موسلیم (۱۸۲۰).

عِيسَى رَجُلًا مِنْ بَنِي تَمِيمٍ، يُقَالُ لَهُ: الْمُقْعَدُ) واته: عیسای کوڕی مەریەم (علیهم السلام) دەججال/ججاڵ دەکوژێت، پاشان ماوەی چل ساڵ لەژیاندا لەناو موسوڵمانانداا دەمێنێتەوە کە بە پێی قورئان و سوننەتی من حوکمڕانی دەکات، پاشان دەمرێت، هەربە فەرمانی عیسا (علیه السلام) کەسێك لەهۆزی تەمیم کە ئەو پاڵاوتبووی دەکەنە ئەمیر کە پێی دەوترێت (موقعید).. سەرنجبدە دەقەکە دەفەرمویٚ کەسێك لە بەنو تەمیم (کە قوڕەیش نییە) دەکەنە ئەمیر/ خەلیفە.

دەقی تریش هەیە کە مەدحی بەنو تەمیم بەوە دەکات کە: (هُمْ أَشَدُّ أُمَّتِي عَلَى الدَّجَّالِ) واتە: بەنوتەمیم توندوتیژترین کەسی ئوممەتەکەم دەبن لەبەرامبەر دەججالدا.. جا ئایا دەتوانین بڵێین ئەو ڕۆڵەی بەنوتەمیم لەبەرامبەر دەججالدا دەیانبێت دەبێتە هۆکاری شیاوبوونیان بۆ خەلیفایەتی؟

ووردبوونەوە و حساب بۆ کردنی ئەو واقیعەی کە خیلافەتی تێدا دامەزرا گرنگە، لەوانەیە ئەزموونەکەی شەریف حوسەین/ شەریفی مەککە ئەزمونێکی دژوار و کاریگەر بێت لە مێژووی موسوڵماندا، کە بریتی بوو لەیەکەم هەوڵدانی عەرەبی بۆ دامەزراندنەوەی خیلافەت لەناو عەرەبەکاندا (کە لەدەست عوسمانیەکاندابوو)، بەڵام بارودۆخەکە وا خێرا تێکچوو کە خیلافەتی عوسمانیش ڕوخا و عەرەبەکان خۆشیان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی هێزە ئیستیعمارییەکانەوە، کە کافربوون و بوونە مایەی ئا ئەم پاشگەزبوونەوە لەدینەی کە لەو زەمانەوە دەیچێژین.. جا بۆ ئەوەی خاڵی واقیع سەرمان لێ تێکنەدات دەڵێین:

موسوڵمانی سەرڕاست ئەو کەسەیە کە وەلائی خۆی پاك و پوختە بۆ خوای گەورە ساغکردۆتەوە و خوای گەورەی بەهەست و کردەوە خۆشدەوێت و بەرامبەر موسوڵمان کەم و بێ دەسەڵات و زەلیلە و بەرامبەر کافران بەسام و هەیبەت و بەهێزە و کەسێکی موجاهیدە، ئا ئەم جۆرە موسوڵمانە سیفەتەکانی حزبوالله قورئانیەکەی لەخۆگرتووە، ئا ئەمە مافی ئەوەی هەیە کێشەی خیلافەت یەکلابکاتەوە کە بەکێ دەدرێت و بەکێ نادرێت؟ هەر تیرە و هۆزێك ئا ئەم سیفەتە حزبواللەهیانە لەدەستدات، یان یەکێکیان وەلکات و نەیمێنێت، لە بەرامبەردا گەلێکی تر هەیە کە ئەو سیفەتانەی هەموو تێدابێت، شتێکی سروشتیە کە خیلافەتەکە دەبێتە مافی ئەمان، ئەمان دەتوانن بڕیاری لەسەربدەن چۆن بۆ کێ دەبێت؟

بۆنموونە لەوکاتەدا کە عوسمانیەکان دەرکەوتن، جیهانی ئیسلامی لەوپەڕی زەلیلی و بێ دەسەڵات و دوور لە جیهاددابوو، وورە وووخاوبوو، ئامادەی جەنگ و جیهاد بۆ بەرگریی لەخۆکردنیش نەبوو، ئەگەر لەو زەمانەدا ئامار و ڕاگیرییەك لە جیهانی ئیسلامیدا بکریا و بپرسرایە کە ئایا چ گەلێك لە جیهانی ئیسلامیدا شایانی وەرگرتنی خیلافەتە کە موسوڵمانی دیندار و بەعیززەت و موجاهیدی تێدا زۆر بێت؟ حەتمەن کۆی وەڵامەکان ئەوە دەبوو کە ئالی عوسمان (عوسمانییەکان) پاڵێوراوی شیاوی خیلافەتن، بۆچی؟ چونکە قۆناغ بە قۆناغی کات و شوێن دەسەڵاتی خۆیان بەسەر موسوڵمانان و غەیرە موسوڵماناندا سەپاند، مەگەر هەڵبژاردنی خەلیفە لەوساتەوەختەی جیهانی ئیسلامیدا لە عوسمانیەکان جێی خۆی نەبوو؟ بەدیی، جێی خۆی بوو، دەشێت تیرە و هۆز و گەلێك

لەسەردەمانێکدا شایانی خیلافەت بن، چونکە مەرجەکانیان تێدا دەبێت، بەڵام لەسەردەمانێکی تریاندا هەر هەمان تیرە و هۆز و گەلن، بەڵام شایانی وەرگرتنی خیلافەت نامێنن.

ئەمما ئەگەر هەموو موسولمانان لەو ئاست و سیماو سیفەتانە دابن، هەموو دینداری سەر ڕاست و بۆ خوا سوڵحاو و موجاهید، حەتمەن دەبێت بەڕاوێژکاریی هەڵکەوتووانی هەمووان خەلیفە دابنرێت.

بەهەر حاڵ مادام کێشەکە لەکاتی ئاساییدا دێتەوە بەردەستی ئەهلی حەل و عەقد، ئەوان دەڕواننە پاڵاوتن و هەڵبژاردن و بڕیاردان و پاشان بەیعەت پێدان، ئەوکاتەی کە واقیعەکەی دێتە پێشەوە قسەی لەسەر بکرێت چاکە نەك ئێستا کە کێشەی خیلافەت لەهەموو سەردەمێکی پێشتر ئاڵۆزترە، گرنگ ئەوەیە بزانرێت کە دەبێ بەڕاوێژ بێت، چونکە کاری بەڕاوێژ هەمیشە خێری بەدوادا دێت.

خاڵی نۆیەم: خیلافەتی ئیسلامی بەچەند قۆناغ و بارودۆخێکدا ڕۆیشت:

١. سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدین.
٢. سەردەمی یەکەمی ئەمەوی تا کۆتایی یەزید.
٣. خیلافەتەکەی عبداللەی کوڕی زوبێر خوا لێی ڕازی بێت.
٤. خیلافەتی دووەمی ئەمەوی تاکۆتایی حوکمی مەڕوانی کوڕی محمد. خیلافەتی عەبباسی لە قاهیرە تا دەسەڵاتی سوڵتان سەلیم و تەنازولکردنی خەلیفەی عەبباسی لە خیلافەت بۆ سوڵتان سەلیم.
٥. خیلافەتی عوسمانی تاکۆتایی و ئیلغاکردنەوەی خیلافەت ساڵی ١٩٢٤.

بێگومان زۆرینەی کات کە ((خیلافەتی ئیسلامی))ی تێدا ڕاگەێنراوە، هەر بەناو بووە و مەرجەکانی خیلافەت و خەلیفە لە دەسەڵات و دەسەڵاتدارە باڵاکەدا نەبووە.. سیستمی خیلافەت لەسەر چەند بنەمایەك دادەمەزرێت:

١- هەڵکەوتووانی ئوممەت و پیاوماقوڵانی کەسێك دەپاڵێون کە ڕایان وایە کە شیاوی خیلافەتە.

٢- ئینجا ئەهلی حەل و عەقد خەلیفە هەڵدەبژێرن و بەیعەتی دەدەنێ

٣- پاشان لەمزگەوتی (گەورە و سەرەکی) موسوڵمانانی ئامادەبوو بەیعەی گشتی دەدەنە خەلیفەی نوێ بەو مانایەی کە مافی ملکەچێتیت بۆ دەردەبڕین بەرامبەر بەجێهێنانی ئەرکە ئیسلامیەکانی ئەستۆت.

٤- پاشان خەلیفە دەچێتە سەرکاری ڕۆژانەی لە بەڕێوەبەرێتی کاروباری ئوممەت و دەوڵەتدا.

گومانی تێدا نییە کە هەموو خەلیفەکان موسوڵمانببون، باوەڕیان بە عەیری ئیسلام نەبوو، لەسەر دین و دیدێکی تر نەبوون، غەیری ئیسلامیشیان لەعەقیدە و عیبادەت و شەریعەتدا بەسەر خەڵکیدا نەسەپاند، بەڵام بێگومان لەڕەفتاریاندا هەموو پارسەنگ نەبوون، لەجێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانیاندا وەکو یەك نەبوون، زۆرینەیان لاسەنگ و کەمتەرخەمبوون، یان لاواز و کەم کورتبوون، دەبوو هەر هەبێت تا موسڵمانان گوناحبارنەبن. موسوڵمانانی سەردەمانی پێش ١٩٢٤ گوناحی نەبوونی خیلافەتیان ئەوەندە لەئەستۆدا نەبوو، وەکو موسوڵمانانی دوای ئەو ساڵ و زەمانە..

ئەو کەسانە بەهەڵەداچوون کە پێیان وایە خیلافەتی ئیسلامی لەدوای خیلافەتی ڕاشیدیینەوە نەما، بەهەڵە لە دەقەکانیش و لەواقیعە مێژوویەکانیش گەیشتوون، چونکە خیلافەتی ئیسلامی سیستمەکەیە نەك هەرخەلیفە.. خەلیفەکان هەرچۆنێك هەڵبژێررابن/ دانرابن/ هاتبن و هەرچۆن و چەندێك هەڵەیان کردبێت سیستمی خیلافەتەکەی ئیلغا نەکردۆتەوە، چونکە بەپێی دەقەکانیش و واقیعەکەش خیلافەت بەردەوامبووە..

- لەفەرموودەی سەحیحی لای موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) فەرمووی: (إنَّ هذا الأمْرَ لا يَنْقَضِي حتَّى يَمْضِيَ فِيهِمِ اثْنا عَشَرَ خَلِيفَةً

... كُلُّهُمْ مِن قُرَيْشٍ)[1] واته: ئەم كارە (خیلافەت/ دەسەڵاتی سیاسی) تەواو نابێت هەتا دوازدە خەلیفە نەیەنە سەركار.. هەمووشیان هەر لە قورەیش دەبن..

ئەگەر وا لەفەرموودەكە بگەین كە دوازدە خەلیفە بەدوای یەكتریدا دێن ئەوە لە ڕاشیدینەوە دەست پێدەكات تاكۆتایی حوكمی عومەری كوڕی عبدالعزیز (١٠١ك مردووە)، ئەگەر حوكمی مەڕوانی كوڕی حەكەمی لێ دەركەین كە بەڕابواردن و مەستی و هەستی هەرزەییەوە خەریكبوو، كە حوكمی خیلافەتی عبداللەی كوڕی زوبێری بخرێتە شوێن، یان مەڕوانیش هەژماربكرێت و عبدالله حسێب نەكرێت. ئەگەر ریزبەندیی دوازدە خەلیفەكەش حسێب نەكەین ئەوە مانای وایە هێشتا دوازدەكە تەواونەبوون، لەم فەرموودە و لەفەرموودەكانی ترەوە كە لەم بابەت و باسەدان ئەوە دەسەلمێت كە خیلافەتی ئیسلامی بەكۆتایی هاتنی خیلافەتی ڕاشیدین كۆتا نەهاتووە، كەوابوو ئەو بۆچوونە لەگەڵ دەقەكاندا نایاتەوە وهەڵەیە، دیسان لەڕووی واقیعە مێژووییەكەشەوە هەڵەیە و لەگەڵ ڕای زۆرینەی زانا و شەرعناساندا نایاتەوە كە هەموو بەخیلافەتی ئیسلامییان حسێب كردووە، ئەمە خۆی شەرعییەتدانێكی ئیزافییە.. هەموو ئەوانەی بوون بە خەلیفە موسوڵمانبوون و هیچ دین و دیدێكی تری غەیری ئیسلامیان قبووڵ نەبووە و هیچ یاسا و ڕێسایەكی تریان نەگرتۆتەبەر، كە ئەحكامی شەریعەتی ئیسلام لادات یان لەگەڵیدا بووبێت بەدەستوور.. لەگەڵ ئەوەشدا كە هەندێك لەخەلیفەكان لاواز و هەندێكی تریان شلگیربووو، بەڵام ئەم سیفەتانەیان لە ئیسلام و ئوممەت نەبردنەدەرەوە.

---

[1] موسلیم (١٨٢١).

خاڵی دەیەم: هەبوونی دوو خیلافەت لەیەك کاتدا:

ئەو زنجیرە خیلافەتەی کە پێشتر نیشانمدا تاکە شێوەی خیلافەت نەبوو، چونکە یەکێکی وەکو عبدالرحمان الناصریش لە ئەندەلووس ڕایگەیاند کە خەلیفەیە. هەروەها عوبەدییەکان (فاتمییەکان) لە میسر۔ خیلافەتیان ڕاگەیاند و دواتر لە مەغریب زۆر مەلیك هاتن و خیلافەتیان ڕاگەیاند! نامانەوێت بچینە ناو باسە ناکۆکەکانەوە، لەڵام ئەمەمان باسکرد هەروەکو ئاماژەیەك بەهەبوونی فرەخەلیفایەتی لەیەك کاتدا.. ئایا فرە خەلیفایەتی لەیەك کاتدا جائیزە وەکو هەندێك لەشەرعناسانی مالیکی فەرموویانە؟ گوایە لەبەر ئەوەیابنووەکە دەوڵەتی ئیسلامی زۆر بەرفراوانبووە! بەڵام ئایا ئەم ئیجتیهادە لە زانستی تەواوی دەق و واقیعەکەوە هاتووە، یان ڕێکردنێك بووە لەگەڵ ئەو هەموو فرە دەسەڵاتەی لەو سەردەمەدا لە مەغریب و ئەندەلووس دەهاتنە کایەوە؟

پێم وایە ئەو ئیجتیهادە درەنگ پەیدابوو، لەژێر کاریگەریی ئەو واقیعە نالەبارەی مەغریبدابوو کە هەرکەسە دەبوو بەدەسەڵاتداری گچکەی شوێنێکی کەم دەیووت من خەلیفەم.. بۆیە نابینیت کەس لەهیچ شوێنێکی غەیری مەغریب خۆی بە خەلیفەی هاوشان و هاوکاتی خەلیفەکانی ڕۆژهەڵات (عێراق و شام) دانابێت.. ئەم ئیجتیهادە کە گوایە فرەخیلافەتی جائیزە زۆر بەهادار و جێگیر نییە، چونکە هەم لەو واقیعەوە هاتووە و هەم لەدوای کۆڕای ئوممەت لەسەر ڕێنەدان

بە هەبوونی دوو خەلیفە لەیەك كاتدا، ئەمیشیان بەهێز و ڕاستە، چونكە بەڵگەی شەرعی لەسەرە و ژیریاریتر و واقیعیترە.

ئەمە لەلایەكەوە.. لەلایەكی تریشەوە: خیلافەت دیمەن و سیما و نیشانەی یەكێتی ئوممەتی ئیسلامییە كە لەلایەنەكانی سیاسی و سەربازی و شەعبییەوە لەیەكبووندا خۆی بەبەهێزی دەبینێتەوە، یەكبوونیش بەهەبوونی دەسەڵاتێكی سیاسی و ئیداریی و مەركەزیی دەبێت كە سایەی بەسەر هەموو موسوڵماناندا ڕابگات، لەلایەنی سێیەمیشەوە ئەهلی حەق لەسەر ئەوە ڕێكن كە جەنگی سەیدنا عەلی خوا لێی ڕازی بێت بەرامبەر بە سوپای معاویە خوا لێی ڕازی بێت جەنگێكی حەق و ڕاست و ڕەوابوو، چونكە پاراستنی خیلافەتی مەركەزی بوو، ئەگەر فرەخیلافەت جائیز بوایە سەیدنا عەلی ئەوەی نەدەكرد چونكە دەیزانی كە جەنگێكی شەرعی نییە، بەڵام ڕایگەیاند و كردی، لەوە دڵنیابوو كە كارێكی شەرعی دەكات و خیلافەتی ئیسلامی هەردەبێت یەك بێت.

لەلایەنی چوارەمیشەوە: چی دەڵێن دەربارەی ئەو فەرمووودە سەحیحەی لا موسلیم كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) تێیدا دەفەرموێ: (إذا بُويِعَ لِخَلِيفَتَيْنِ، فَاقْتُلُوا الآخَرَ مِنهما)[1] واتە: ئەگەر بەیعەت بەدوو خەلیفە درا، دووەمینەكەیان بكوژن.

---

[1] موسلیم (١٨٥٣).

ڕواڵەتی یەکێتی ئوممەتی ئیسلام وا لەخەلیفایەتی و حەجکردنەکەیدا: یەك خەلیفە و یەك کەعبە (هەردووکیان تەوەری بەدەوردا هەڵسوڕانن!)

- ئەبو هوڕەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) فەرمووی: (كَانَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ تَسُوسُهُمُ الأَنْبِيَاءُ كُلَّمَا هَلَكَ نَبِيٌّ خَلَفَهُ نَبِيٌّ وَإِنَّهُ لا نَبِيَّ بَعْدِي، وَسَيَكُونُ بعدي خُلَفَاءُ فَيَكْثُرُونَ. قَالُوا: فَمَا تَأْمُرُنَا؟ قَالَ: أوفوا بِبَيْعَةِ الأَوَّلِ ثم أَعْطُوهُمْ حَقَّهُمْ، واسأَلُوا اللَّهَ الَّذِي لَّكُم، فَإِنَّ اللَّهَ سَائِلُهُمْ عَمَّا اسْتَرْعَاهُمْ)[1] واتە: بەنوئیسڕائیلییەکان، پێغەمبەران سەرکردایەتی/ ڕێبەرێتیان دەکردن، کە پێغەمبەرێك کۆچی دوایی دەکرد پێغەمبەرێکی تر دەهاتە شوێنی، بەڵام من پێغەمبەری ترم بە دوادا نایەت، زۆر خەلیفە لە دوای من دێن. عەرزیان کرد: ئەدی فەرمانی چیمان پێدەدەیت بەرامبەریان بیکەین؟ فەرمووی: بەوەفابن بەرامبەر ئەو بەیعەتەی بەیەکەمینیانتان داوە و مافی خۆیان بدەنێ (لەگوێڕایەڵی و ملکەچی لە فەرمانە شەرعییەکانیاندا) و داوا لە خوای گەورە بکەن ئەو مافانەی هی ئێوەیە و ئەو نەیداونەتێ بتانداتێ، خوای گەورە لەسەر ئەوەی خستویێتیە بەر دەستیان موحاسەبەیان دەکات، بەڵام کاتێك کە بارۆدۆخێکی نائاسایی فەرز دەبێت، لەفەتوادادا دەبێت واقیعەکە ڕەچاوبکرێت.

---

[1] بوخاری (٣٤٥٥)، موسلیم (١٨٤٢).

## خاڵی یازدەیەم: یاخیبوون لە خەلیفەی شەرعی حەڕامە:

ئەگەر خەلیفەی حەق و شیاو بەرێگەی شـەرعیی حەق هەڵبژێـررا و بەیعەتـی درایە، ئیتر نابێت کەس بۆ فەرمانێتی بکات، نابێت کەس/ کۆمەڵێك لـێی یـاخی ببن، یان شۆڕشی بەرامبەر بکەن، پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانان گـوێڕایەڵی بن و ملکەچی فەرمانەکانی بن:

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (مَن أطاعَنِي فقَدْ أطاعَ اللَّهَ، ومَن عَصانِي فقَدْ عَصَى اللَّهَ، ومَن أطاعَ أمِيرِي فقَدْ أطاعَنِي، ومَن عَصَى أمِيرِي فقَدْ عَصانِي)[1] واتە: هەرکەسێك گوێڕایەڵێتی من بکات، ئەوە گوێڕایەڵێتی خوای گەورەی کردووە، هەرکەسێك لەفەرمانی مندا سەرپێچی بکات، ئەوە سەرپێچی لە فەرمانی خوای گەورە کردووە، هەرکەسێك گوێڕایەڵێتی ئەمیر بکات، ئەوە گوێڕایەڵێتی منی کردووە، هەرکەسێك سەرپێچی لە فەرمانی ئەمیردا بکات (لـێی یاخی بێت) ئەوە سەرپێچی لەفەرمانی مندا کردووە.

- هەروەها دەفەرموێ: (عَلَيْكَ السَّمْعَ والطَّاعَةَ في عُسْرِكَ ويُسْرِكَ، ومَنْشَطِكَ ومَكْرَهِكَ، وأَثَرَةٍ عَلَيْكَ)[2] واتە: پێویستە لەسەرت گوێڕایەڵ و ملکەچ (ی ئەمیرەکەت) بیت، لەناخۆشی و لەخۆشیتدا، لەوەی خۆت حەزت لێیە و لەوەی

---

[1] متفق علیه: بوخاری (٧١٣٧)، موسلیم (١٨٣٥)، نەسائی (٤١٩٣) .

[2] موسلیم (١٨٣٦)، نەسائی (٤١٤٩).

حەزت لـێی نییە (لەوەی بەدڵتە و پێت چاکە و لەوەی نابەدڵیت و پێت چاك نییە) و نابێت بۆ ئاست و پلەی بەرپرسێتیەکەی ئەمیرەکەت بکەویتە کێبڕکێ و خۆت بخەیتە پێش.

- وەهەروەها دەفەرموێ: (مَن كَرِهَ من أميرِهِ شـيئًا فَلْيَصْبِرْ، فإنَّـه مَـن خَـرَجَ مِـنَ السُّلْطانِ شِبرًا ماتَ مِيتَـةً جاهِلِيَّـةً)[١] واتە: هەرکەسـێك کە شـتێك لەئەمیـرەکەی دەبینێت و بەدڵی نیـیە بـا سـەبری لەسـەر بگرێـت، چـونکە هەرکەسـێك بسـتێك لەدەسەڵاتی شەرعی/ فەرمانی ئەمیـر دووربکەوێـتەوە و بمرێـت ئەوە مردنێکـی جاهیلییانە مردووە.

- هەروەها دەفەرموێ: (مَن خَرَجَ مِنَ الطَّاعَةِ، وفارَقَ الجَماعَةَ فَماتَ، ماتَ مِيتَةً جاهِلِيَّةً، ومَن قاتَلَ تَحتَ رايَةٍ عُمِّيَّةٍ يَغْضَبُ لِعَصَبَةٍ، أوْ يَدْعُو إلى عَصَبَةٍ، أوْ يَنْصُرُ عَصَبَةً، فَقُتِلَ، فقِتْلَةٌ جاهِلِيَّةٌ، ومَن خَرَجَ علَى أُمَّتِي، يَضْرِبُ بَرَّها وفاجِرَها، ولا يَتَحاشَى مِن مُؤْمِنِها، ولا يَفِي لِذِي عَهْدٍ عَهْدَهُ، فليسَ مِنِّي ولَسْتُ منه)[٢] واتە: هەرکەسێك لە گوێڕایەڵی دەسەڵاتداری شەرعی دەرچێت و لەکۆمەڵی موسوڵمانان (دید و ڕێبازی سەلەف) دەرچێت و بمرێت ئەوە مردنێکی جاهیلییانە مردووە، هەرکەسێك لە ژێر ئاڵایەکی کوێرانەدا (بێ ئامانج و بەرچاوڕوونیی شەرعییانە) بجەنگێت و لەبەر دەماگیری تووڕەببێت و خەڵکی بۆ دەمارگیری بانگ بکات و دەمارگیری سەربخات و ئاوا بکوژرێت، ئەوە کوژرانێکی

---

[١] بوخاری (٧٠٥٣)، وە موسلیم (١٨٤٩) بە کەمێك جیاوازی.

[٢] موسلیم (١٨٤٨)، هەروەها نەسائی (٤١١٤) و ئەحمەد (٧٩٤٤) بە کەمێك جیاوازییەوە.

جاهیلییانەی بەسەرخۆدا هێناوە، هەرکەسێك شۆڕش دژی ئوممەتی من بكات و بكەوێتە كوشتن و بڕینی چاك و خراپ و دەست لەئیماندااران و پیاوچاكانی نەپارێزێت و بەو بەڵێن و پەیمانانەوە پابەند نەبێت كە داویێتی، ئەوە لەمن نییە و منیش لەو نیم.

- هەروەها دەفەرموێ: (ثَلاثَةٌ لا يُكَلِّمُهُمُ اللهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ وَلا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ: ... وَرَجُلٌ بَايَعَ إِمَامًا لا يُبَايِعُهُ إِلاَّ للدنيا، فَإِنْ أَعْطَاهُ مِنْهَا ما يريد وَفَى له، وَإِنْ لَمْ يُعْطِهِ لَمْ يَفِ)[1] واتە: سێ پۆل خەلكی هەن كە خوای گەورە لەڕۆژی قیامەتدا نایاندوێنێت و لاناكات بەلایانەوە و ناڕوات بۆیان و لەگوناحیان داناشۆرێت و پاك نابنەوە، سزای زۆر بەژانیشیان دەبێت... [لەوانە:] كابرایەك كە بەیعەتی بە ئەمیر/ ڕێبەر/ خەلیفەیەك داوە، بەڵام لەبەر خاتری بەرژەوەندیی دنیایی خۆی بەیعەتەكەی پێداوە، ئەگەر دایانێ/ بەرژەوەندییان بۆ هێنایەجێ وەفادارانە بەبەیعەتەكەوە پابەند دەبێت، ئەگەر نەشیدرایە، بێ وەفا و سپڵە دەبێت و گوێ بە بەیعەتەكە نادات..

- هەروەها دەفەرموێ: (مَن فارَقَ الجَماعَةَ شِبرًا فَقَدْ خَلَعَ رِبْقَةَ الإِسلامِ مِنْ عُنُقِهِ)[2] واتە: هەركەسێك بستێك لە جەماعەت (لەدەسەڵاتی شەرعیی ئەمیر یان

---

[1] بوخاری (٢٦٧٢)، موسلیم (١٠٨)، وە هەریەك لە ئەبو داوود (٣٤٧٤)، ترمذی (١٥٩٥)، نەسائی (٤٤٦٢)، ئیبنو ماجە (٢٢٠٧)، ئەحمەد (٧٤٣٥) بە كەمێك جیاوازی هێناویانەتەوە.

[2] ئەبو داود (٤٧٥٨) لە ئەبو زەڕی غەففاریەوە، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الترمذي) بە (صحيح) و شێخی ئەرنائوطیش لە (تخريج سنن أبي داود) بە (صحيح لغيره) ناساندوویانە.

دیـدوڕێی پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم) بەتێگەیشـتنی سـەلەف) دووربکەویتەوە، ئەوە گەردنەی موسوڵمانێتی لەگەردنی خۆی داماڵیووە.

پێغەمبەری خوا (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم) لەدووحاڵەتـدا ڕێگـای بەراپەڕیـن و شۆڕشـکردن دژی خەلـیفە داوە و ڕێیـداوە جەنگـی دژ بەرپابکرێـت: لەکـاتی وازهێنانی لە نوێژکردن و لەحاڵەتی دەرکەوتنی کوفرێکی ڕوون و ئاشکراوە لـێی. دەفەرموێ:

- (خِيَارُ أَئِمَّتِكُمُ الَّذِينَ تُحِبُّـونَهُمْ وَيُحِبُّـونَكُمْ وَتُصَـلُّونَ عَلَـيْهِمْ وَيُصَـلُّونَ عَلَـيْكُمْ وَشِرَارُ أَئِمَّتِكُمُ الَّذِينَ تُبْغِضُونَهُمْ وَيُبْغِضُونَكُمْ وَتَلْعَنُونَهُمْ وَيَلْعَنُـونَكُمْ، قَـالَ: قُلْنَـا: يَـا رَسُولَ اللَّهِ أَفَلَا نُنَابِذُهُمْ عِنْدَ ذَلِكَ؟ قَالَ: لَا، مَـا أَقَـامُوا فِـيكُمُ الصَّـلَاةَ، لَا، مَـا أَقَـامُوا فِيكُمُ الصَّلَاةَ، أَلَا مَنْ وُلِّيَ عَلَيْهِ وَالٍ فَرَآهُ يَأْتِي شَيْئًا مِنْ مَعْصِيَةِ اللَّهِ فَلْيَكْرَهْ مَـا يَـأْتِي مِـنْ مَعْصِـيَةِ اللَّهِ وَلَا يَنْـزِعَنَّ يَـدًا مِـنْ طَاعَـةٍ)[1] واتە: چـاکترین ئەمیر/سـەرۆك/ خەلیفەتان ئەوانەن کە خۆشـتان دەوێـن و خۆشـیان دەوێـن، دعایـان بـۆ دەکەن و دوعاتان بـۆ دەکەن، خـراپترین ئەمیـر/ سـەرۆك/ خەلیفەشـتان ئەوانەن کە ڕقتـان لێیانە و رقیان لێتـانە، کە لەعنەتیـان لێـدەکەن (کە خـوایە لە ڕەحمەتـی خۆتیـان دووربـخەرەوە) و لەعنەتتـان لێـدەکەن (قسـەیان پێـدەڵێن و قسـەتان پێـدەڵێن). عەرزمان کرد: ئەی پێغەمبەری خوا بەشمشێر بەڕەنگاریان نەبینەوە؟ فەرمـووی:

---

[1] موسلیم (١٨٥٥).

نا، مادام نوێژتان لەناودا دەکەن، نا، مادام نوێژتان لەناودا دەکەن،[1] ئەوە بزانن کە هەرکەسێك ئەمیرێك/ والییەکی بەسەرەوە دانرا و دیتی گوناح دەکات، سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە دەکات، با گوناحەکەی ببوغزێنێت و هەق خۆی نەبێت، نەکا گوێڕایەڵی کردنی بۆ ئەو واز لێ بهێنێت.

- هەروەها دەفەرمویێ: (إنَّه يُسْتَعْمَلُ علَيْكُم أُمَراءُ، فَتَعْرِفُونَ وتُنْكِرُونَ، فمَن كَرِهَ فقَدْ بَرِئَ، ومَن أنْكَرَ فقَدْ سَلِمَ، ولَكِنْ مَن رَضِيَ وتابَعَ، قالوا: يا رَسولَ اللهِ، ألا نُقاتِلُهُمْ؟ قالَ: لا، ما صَلَّوْا)[2] واتە: ئەوە بزانن کە ئەمیرتان بۆ دادەنرێت کە ڕەفتاری وادەنوێنن پێتان جوان و چاکە، هەروەکو کە ڕەفتاری واش دەنوێنن کە پێتان ناشیرین و خراپە. هەرکەسێك ڕەفتارە خراپەکانیانی پێ ناخۆش بێت ئەوە لەگوناح دوورە، هەرکەسێك نکووڵی لە خراپەکانیان بکات دینی سەلامەتە و هەڵوێستی پەسەندە، ئەمما ئەو کەسەی پێی ڕازییە و شوێنیان دەکەوێت (لەگوناحکاریدا) ئەوە بەشداری گوناحەکانە و وەکو ئەوانە. عەرزیان کرد: جەنگیان بەرامبەر بەرپا نەکەین؟ فەرمووی: نا، مادام نوێژ بکەن.

- لەڕیوایەتی بەیعەتدانەکەی عوبادەی کوڕی صامیتدا خوا لێی ڕازی بێت هاتووە کە دەفەرموێ: (بَايَعْنَا رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) عَلَى السَّمْعِ

---

[1] لەمەوەیە کە هەموو سەرۆکە مورتەددەکانی جیهانی موسوڵمانان یەکەو جار لەتەلەفزیۆندا نیشاندەدرێن کە وان لەنوێژی هەینی یان جەژن و لەناو موسوڵماناندان و نوێژدەکەن! تەنانەت ئەوانەشیان کە کۆمەنیست بوون! - و -

[2] موسلیم (١٨٥٤)، وە هەروەها ترمذی (٢٢٦٥) و ئەبو داوود (٤٧٦٠) بە کەمێك جیاوازی هێناویانەتەوە.

وَالطَّاعَةِ ... وأَنْ لَا نُنَازِعَ الْأَمْرَ أَهْلَهُ ... إِلَّا أَنْ تَرَوْا كُفْرًا بَوَاحًا عِنْدَكُمْ مِنَ اللَّهِ فِيهِ بُرْهَانٌ)[1] واتە: بەیعەتمان بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دا لەسەر گوێڕایەڵی بۆ دەربڕین و ملکەچێتی بۆی.. هەروەها لەسەر ناکۆك نەبوون و کێبڕکێ نەکردنی ئەمیر/ دەسەڵاتدار/ خەلیفە بۆ پلە و ئاستەکەی یان بۆ لادانی، فەرمووی مەگەر لەوکاتەدا کە کوفرێکی زەق و ئاشکرایان لێدەرکەوێت کە بەڵگەی شەرعیتان لەسەری هەبێت کە کوفرە و لادانی فەرزبووە.

(الكفر البُواح) هەر ڕەفتارێکە کە دژی شایەتمانە (کە پێشتر لەبەشی ڕوکنەکانی ئیسلامدا باسمان کرد)[2]، پێشەوایان و شەرعناسان باسیان لە گوناحی ئاشکرا (فاسق بوون)ی دەسەڵاتدار/ خەلیفە و ئەمیرکردووە، کە ئایا بەئەنجامدانی گوناح بە ئاشکرا، یان گوناحی گەورە لێدەرکەوتن لادەدرێت؟ فەرموویانە، ئەگەر بتوانین بێ ئەوەی فیتنە و ئاژاوەی لێ پەیدا ببێت لایبدەین، دەبێ لایدەین، ئەگەر نا، نا.. هەندێك لە پێشەوایان دەفەرموون بە دەرکەوتنی گوناحی گەورەی یان بە کەوتنە گوناحیەوە ئیتر مافی گوێڕایەڵی و ملکەچێتی لەدەست دەدات، بەڵێ ڕاستە کە بەدرێژایی مێژووی موسوڵمانان زۆرجار خەلیفە و والی و کاربەدەست هاتنە سەرکار کە گوناحکار و خراپەکار بوون و لەبە زۆرداریيان یان لەبەر ناسکیی بارودۆخی ئوممەت و دوژمنانی سەرسەختی دەوروبەر نەتوانراوە دژیان بوەستنەوە و لایاندەن، بەڵام ناشێت ئەوە ببێتە

---

[1] بوخاری (٧٢٠٤)، موسلیم (٥٦)، وە هەریەك لە نەسائی (٤١٤٩) و ئیبنو ماجە (٢٨٦٦) و ئەحمەد (٢٢٧٢٥) بە لەفزی خۆیان هێناویانەتەوە.

[2] وا لەکتێبی (شایەتمان)دا، بیست ڕەفتارە.

نموونەی ئیقتیـداپێکردن و هەتاهەتـایە وابـڕوات، بەتـایبەتی لەم سـەردەمەدا کە زەحمەتە ئوممەتانی زینـدوو بهـێڵن کاربەدەسـتانیان بە ئاشـکرا گونـاح بـکەن و بەردەوامیش بن لەسەر دەسـەڵاتیان، لەنـاو موسـوڵمانانی سەردەمیشـدا الحمـدلله ئێستا بزاوتە ئیسـلامیەکان ئەنـدام و لایەنگـرە ڕێکخراوەکـان خۆیـان چـاوکراوە پەروەردەکـردووە و پـێگەی جەمـاوەری و ڕێسـای کۆمەڵکـاری و دەزگاکـانی ڕێکخستن ناهێڵن ئەمیرێك بە ئاشکرا سەرپێچی فەرمانی خـوای گەورە بکـات و بهێڵن بەردەوام بێت، ئەمە جگە لەوەی موسـوڵمانان دەتـوانن سـوود لەئەزمـوونی گەلانـی تـر وەربگـرن کە چـۆن لەزۆر وڵات دەزگـا دەسـتوورییەکانی دەوڵەت توانیویـانە سـەۆکی وڵات -بەلادانـی لەدەسـتوور یـان ڕەفتـارکردنی نایاسـایی- لایبدەن و کەسانی تر بخەنە جێیان، وەکو ئەوەی لە ئەمریکا دەزگا حکومییەکـان توانیـان (نیکسـۆن)ی سـەرۆکی وڵات لەسـەرۆکایەتی لابـدەن، دوای ئەوەی فەزیحەی (ۆترگێت)ی لێوە دەرکەوت..[1]

لێرەدا دەبێت ئێمە جیاوازی نێوان جۆری گوناحەکە بکەین کە خەلیفە/ ئەمیـر/ والییەك دەیکات، ئەگەر گوناحی کوفرین بێت ئەوە دیارە کە لەدین و ئـوممەتیش دەچێـتە دەرەوە و لادان و ڕادانـی بەتەئکیـد فەرز دەبێـت، ئەمـا ئەگەر گونـاحی (فسق)ین بوو، دەبێ سەیرکەین ئایا گوناحێکی نێوان خۆی و خوا گەورەیە (وەکـو شەڕاب خواردنەوە)، ئەمە دەشـێت بێـدەنگ بـن لەسـەری، بەڵام بەردەوام ترسـی

---

[1] ئەمە لەسەردەمی نوسەردا رحمە الله، لەسەردەمی ئێمەشدا دادگای ئەمریکا (بیل کلینتۆن)ی سەرۆکییان دایە دادگا لەسەر درۆیەك کە کردی و ووتی زینام لەگەڵ (مۆنیکا لیونسکی) نەکردووە.

خوای بخرێتەوە دڵ و ئامۆژگاری بکرێت، ئەمما ئەگەر گوناحەکە لەبازنەی خۆی تێدەپەڕی (وەکو دەستدرێژیکردنە سەر مافی خەڵکی و بەفیرۆدانی بەیتولمال و... ئەوانە) ئەمەیان ناشێت کەس لەسەری بێدەنگ بێت مەگەر نەتوانرێت بوەستێنرێت، چونکە بەرپرس لێرەدا پێچەوانەی بەیعەتەکەیە کە مەرج بوو (کتاب اللَّه و سنة رسوله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم))مان بۆ بخاتەبواری حوکم پێکردن، لەم حاڵەتەیدا کە مەرجی بەیعەتەکەی وەلاناوە بۆمان هەیە نەك هەرگوێڕایەڵێتی نەکەین و ملکەچی بۆ دەرنەبڕین، بەڵکو لایبدەین، بە هەرشێواز و هۆکارێك کە پێمان بکرێت.

خوای گەورەش ئەوەندەی توانای خۆمان لێی داواکردووین، کە فەرموویەتی: ﴿لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ٢٨٦﴾ البقرة: ٢٨٦ واتە: خوای گەورە داوا لە هیچ کەسێك ناکات زیاتر لەتوانای خۆی.. بەڵکو هەموو فەرمانەکانی کە پێیدەدات لە چوارچێوەی ووزە و توانای خۆیدایە، ئەمەشە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) ئاماژەی پێدەدات ودەفەرموێ: (فمَن جاهَدَهُمْ بيَدِه فَهو مُؤْمِنٌ، ومَن جاهَدَهُمْ بلِسانِه فَهو مُؤْمِنٌ، ومَن جاهَدَهُمْ بقَلْبِه فَهو مُؤْمِنٌ، وليسَ وراءَ ذلكَ مِنَ الإيمانِ حَبَّةُ خَرْدَلٍ)[١] واتە: هەرکەسێك بەدەست جیهادیان بەرامبەر بکات (بەرامبەر حاکمە مورتەددەکان) ئەوە موسوڵمانە، هەرکەسێك بەزمان جیهادیان بەرامبەر بکات ئەوە موسوڵمانە، هەرکەسێك بەدڵ جیهادیان بەرامبەر بکات ئەوە موسوڵمانە، ئەمما لەوە کەمتر ئەوە یەك گەردیلە باوەڕی لە دڵدا نەماوە.

---

[١] موسلیم (٥٠) لە فەرموودەیەکی درێژەوە.

خاڵی دوازدەیەم: خەلیفە پابەندی حەق دەبێت و ئێمەش گوێڕایەڵ و ملکەچ:

دەقەکان ڕۆشنن کە فەرمان بە موسوڵمانان دەدەن کە هەرکە خەلیفە هەڵبژێردرا و بەیعەتی درایێ، پێویستە هەموو گوێڕایەڵی بکەن و بەڕێزێکی زۆرەوە بڕواننە خۆی و پلە و پایە و فەرمانەکانی و ببنە سەربازی گیان لە سەردەستی بەرامبەر دوژمنەکانی.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەرفەرموێ: (مَن بَايَعَ إمَامًا فأعْطَاهُ صَفْقَةَ يَدِه، وَثَمَرَةَ قَلْبِه، فَلْيُطِعْهُ إنِ اسْتَطَاعَ، فإنْ جَاءَ آخَرُ يُنَازِعُهُ فَاضْرِبُوا عُنُقَ الآخَرِ)[1] واتە: هەرکەسێك بەیعەتی بە ئیمامێك/ ئەمیرێك/ خەلیفەیەك دا، دەستی خستە ناودەستی (پەیماندان و جەخت لێکردنەوەی) و بەروبوومی دڵی خۆیی دایێ (خۆشەویستی و ڕێز و ملکەچێتی)، با مادام لە توانایدایە گوێڕایەڵێتی بکات، ئەگەر کەسێکی تر کەوتە ململانێی ئەمیرەکە بۆدەسەڵات و بەیعەت لەگەردنی بدەن.

- هەروەها دەفەرموێ: (مَنْ أَتَاكُمْ وَأَمْرُكُمْ جَمِيعٌ عَلَى رَجُلٍ وَاحِدٍ يُرِيدُ أَنْ يَشُقَّ عَصَاكُمْ أَوْ يُفَرِّقَ جَمَاعَتَكُمْ فَاقْتُلُوهُ)[2] واتە: ئەگەر کاروباری خیلافەتتان لەسەر

---

[1] ئەحمەد (٦٥٠١) و ئەبو داوەد (٤٢٤٨)، هەروەها نەسائی (٤١٩١) و ئیبنو ماجە (٣٩٥٦) و مسلم (١٨٤٤) بەدرێژی هێناویانەتەوە.

[2] موسلیم (١٨٥٢).

پیاوێك كۆبووبۆوه و ڕاتان لەسەری جەم بوو، لەولاوه كەسێكی تر هات و ویستی دووبەرەكیتان بخاتە ناوەوه و كۆمەڵكارییەكەتان لێ تێك بدات، بیكوژن.

- كاتێك دانیشتوانی مەدینە بەیعەتی یەزیدی كوڕی معاویەیان لەگەردن داماڵی، ئیبنوعومەر خوا لێیان ڕازی بێت ئەولاد و كەسوكارە نزیكەكانی خۆیی كۆكردەوه و پێی فەموون: گوێم لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) بوو فەرمووی: (يُنْصَبُ لِكُلِّ غادِرٍ لِواءٌ يَومَ القِيامَةِ وإنَّا قدْ بايَعْنا هذا الرَّجُلَ على بَيْعِ اللَّهِ ورَسولِه، وإنِّي لا أعْلَمُ غَدْرًا أعْظَمَ مِن أنْ يُبايَعَ رَجُلٌ على بَيْعِ اللَّهِ ورَسولِه ثُمَّ يُنْصَبُ له القِتالُ، وإنِّي لا أعْلَمُ أحَدًا مِنكُم خَلَعَهُ، ولا بايَعَ في هذا الأمْرِ، إلَّا كانَتِ الفَيْصَلَ بَيْنِي وبيْنَهُ)[1] واتە: هەركەسێكە كە بەیعەت شكێن بێت لە ڕۆژی قیامەتدا ئالآیەكی غەددارێتی لاوه دەچەقێنن (لە ڕیوایەتی تردا هاتووه كە ئالآیەك لەسەر سمتی دەچەقێنن) تا لەدووورەوه بناسرێتەوه و بزانرێت ئەمە بەیعەت شكێن بووه.. ئێمەش بەتەئكید بەیعەتمان لەسەر قورئان و سوننەت بەو پیاوه داوه، منیش وانازانم غەدرێك/ سپڵەیی و بێ وەفاییەك هەبێت گوناحی هەبێت گوناحی لەوەگەورەتر بێت كە كەسێك بەیعەتی خواو پێغەمبەری دابێتە كەسێك و دوایی خۆی بۆ كوشتاری ئامادەبكات، ئەگەر بزانم یەكێكتان ئەو بەیعەتەی بەو پیاوەیداوه هەڵدەوەشێنێتەوه، ئەوه فاسڵی خستۆتە نێوان من و خۆیەوه و بەینمان نامێنێت.

---

[1] بوخاری (٧١١١).

- هەر ئیبنوعومەریش بوو خوا لێیان ڕازی بێت کە دەیفەموو: (نابینیت لەهیچ شتێك پەشیمان بووبمەوە، وەکو ئەوەی لە جەنگکردن دژی کۆمەڵە دەستدرێژیکار (الفئة الباغية) کە پەشیمان بوویبێتمەوە کە لە ریزی عەلییدا دەژیان نەوەستامەوە).[1]

- خوای گەورە کە ڕێینەداوە بەرامبەر خەلیفەکەمان بوەستینەوە و دژی بجەنگین مانای ئەوە نیە کە ڕێی ئامۆژگاری کردنی لێ گرتبین، نا، پێویستە حەقی بیرخەینەوە و یارمەتیدەری بین لە پابەندبوون بەحەق و چەسپاندنیدا، لە داوای دادپەروەری لێکردنی:

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (أفضَلُ الجِهادِ كلمةُ عَـدْلٍ عند سُلطانٍ جائرٍ)[2] واتە: باشترین جیهادکردن ووتنی حەق/ دادپەروەرانەیە لای دەسەڵاتداری ستەمکار.

- هەروەها دەفەرموێ: (الدِّينُ النَّصيحةُ ... لِلَّهِ ولكتابِهِ ولرسولِهِ ولأئمَّةِ المسلمينَ وعامَّتِهِم)[3] واتە: دین ئامۆژگارییەو وەرگرتنی ئامۆژگاریی و ئاڕاستەکانی

---

(1) تەبەڕانی بەچەند سەنەدەوە هێناویەتییەوە، سەنەدێکییان پیاوانی سەنەدی فەرموودەی سەحیحن.

(2) ئەبو داوود (٤٣٤٤) و ئیبنو ماجە (٤٠١١)، وە ترمذیش (٢١٧٤) بەکەمێك جیاوازی، وە هەروەها ئیبنو ماجە (٤٠١٢) و ئەحمەد (٢٢١٥٨) لەفەرموودەیەکی تری درێژ بە (كلمة حق) هێناویانەتەوە.

(3) موسلیم (٥٥)، نەسائی (٤٢٠٠)، ئەحمەد (١٦٩٤٧)، ترمذیش (١٩٢٦) بەکەمێك جیاوازییەوە.

خـوای گەورە و پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم) و پابەنـدبوونە بە فەرمانەکـانی قورئـان و سـوننەتەوە و گـوێڕایەڵێتی بەرپرسـانی موسـوڵمانانە و ئامۆژگاریکردنی ئەوان و موسوڵمانانە بەگشتی.

- هەروەها دەفەرموێ: (اسْمَعُوا، إنَّهُ سَيكُونُ بَعْدِي أُمَرَاءُ، فَمَنْ دَخَلَ عَلَيْهِمْ فَصَدَّقَهُمْ بِكَذِبِهِمْ وَأَعَانَهُمْ عَلَى ظُلْمِهِمْ فَلَيْسَ مِنِّي، وَلَسْتُ مِنْهُ، وَلَيْسَ بِـوَارِدٍ عَـلَيَّ الْحَـوْضَ، وَمَنْ دخل عَلَيْهِمْ وَلَمْ يُعِنْهُمْ عَلَى ظُلْمِهِمْ وَلَمْ يُصَدِّقْهُمْ بِكَذِبِهِمْ فَهُوَ مِنِّـي، وَأَنَـا مِنْـهُ، وَهُوَ وَارِدٌ عَلَيَّ الْحَـوْضَ)[1] واتە: گـوێبگرن، لەدوای مـن بەرپـرس و کاربەدەسـت (ئەمیر و والی و خەلیفە) زۆر دێن، هەرکەسێك چووە لایان و درۆکانیان بەڕاست زانـی و لەسەرسـتەمکردن یارمەتیانـدان، ئەوە نەلەمـنە و نەمنـیش لەوم، نەدێـتە سـەر حەوزە کەوسـەرەکەی مـن (کە خـواردنەوە لـێی پاداشـتی موسـوڵمانای سەرڕاسـت و دینـدارانی خـاوەن تەقـوان).. هەر کەسـێکیش نەچـووە لایـان و درۆکانیانی بە ڕاست نەزانی و لەسەرسـتەمکردن یـارمەتی نەدان، ئەوە لەمـنە و منیش لەوم و دێتە سەرحەوزی کەوسەری من.

- هـاوەڵی بەڕێـز عائـذی کـوڕی عەمـر خـوا لێـی ڕازی بێـت، چـووە لای عوبەیدوڵلای کوڕی زیاد (کە والی ئەمەویەکان بـوو لەبەسرە) و پێـی فەرمـوو: کوڕی من (عائذی کوڕی عەمر پیربوو و عوبەیدوڵلاش گەنج، دەنا کوڕی خـۆی نەبوو) گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم) دەیفەرمـوو: (إنَّ شَرَّ

---

[1] ترمـذی (٢٢٥٩)، نەسـائی (٤٢٠٨)، شـێخی ئەلبـانیش لە (صحيح الترمـذي)دا دەفەرمـوێ: (صحيح)ە.

الرِّعاءِ الحُطَمَةُ، فإيَّاكَ أنْ تَكُونَ منهمْ)[1] واته: خراپترین کاربەدەست ئەوەیانە کە خراپەکاربێت بەرامبەر خەڵکەکەی، ئاماں نەکات یەکێك بیت لەوانە.

دابونەریتی موسوڵمانان و ڕەفتار و ڕەوشت و بـزاوت و هەڵوێسـتی بەرامـبەر خەلیفە ڕێز و گوێڕایەڵی و ملکەچییەتی بـۆی مـادام فەرمانەکـانی شـەرعی بـن، دابونەریت و ڕەفتار و ڕەوشت و بـزاوت و هەڵوێسـتی خەلـیفەش پابەنـدبوونێتی بەدین وسەلماندنی و چەسـپاندنی ئەحکامەکـانی و دادپەروەرێتیـیە.. ئەگەر چـی بەداخەوە، گەورەترین بەڵا و ناسۆر لەوەوەهات کە کەسانێك دەبوونە خەلیفە نەبە دیندارییەوە پابەنـد دەبـوون و نەدادپەروەریشـیان ڕەچـاودەکرد، بـۆیە هێزدارانـی دەروروبەریشـی مـاف و ڕێـزی ئەویـان ڕەچـاونەدەکرد و ڕەعـیەتەکەش گـوێی بەفەرمانەکانی نەدەدا..

*****

دوای ئەم خاڵە سەرەکیانەی سیما و سیفاتی خیلافەت بەچاکی دەزانم هەنـدێك بڕگەی تـر دەربـارەی خەلـیفە و سیسـتمی خـیلافەت و بەکـورتی و پـوختکراوی لەنووسینی مامۆستا عبدالقادر عۆدەوە وەربگـرم، وابێـت کە لەگەڵ نەسـەقی ئەم کتێبەدا بگوجێت.. تێبینی ئەوە بکە کە هەندێك ناونیشان و خـاڵی دەشـێت لەوانە بێت کە باسکران، بەڵام مایەی سوود لـێ وەرگـرتنن بـۆیە لامـنەدان و نووسـین و لێوە نەقڵ کردنەکەش وای دەخواست بە ئەمانەتەوە لێوەی وەرگرین..

---

[1] موسلیم (١٨٣٠)، ئەحمەد (٥ / ٦٤).

مامۆستا عبدالقادر عوّده (رحمه الله) دەفەرموێ:[1]

هەندێك لەیاوەران ڕایان وابوو بووترێت (خەلیفەی خوای گەورە) هەروەکو کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) خەلیفە (جێنیشین)[2]ی خوای گەورە بوو، واتە بریاکار لە پیادەکردنی ئیسلامدا، بەو ئیعتیبارە کە سەیدنا ئەبوبەکریش وەکو پێغەمبەری خوا بریکاری خوای گەورەبوو، بەڵام ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت (خەلیفة رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم))ی پێ پەسەندتر بوو.

کاتێك سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت بوو بە خەلیفە پێی چاك بوو بووترێت ئەمیری موسوڵمانان (أمير المؤمنين) تا ووشەی (خەلیفە/ جێنشینی) دووبارە نەبێتەوە (و بوترێت خليفة رسول الله (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم))، بۆیە لەو سەردەمەوە بە خەلیفە ووتار ئەمیری موسوڵمانان، بەڵام پۆستەکە هەر بەناوی خیلافەت و ئیمامەتەوە مایەوە، هەرچەندە خیلافەت بەناوبانگترە و ئەوکەسەش کە دەیگرێتە ئەستۆ هەرچەندە بە ئەمیری موسوڵمانان بانگ دەکرێت بەڵام هەر پێیدەوترێت خەلیفە.

---

[1] تا کۆتایی ئەم باسە/کۆتایی بڕگەی شەشەم نووسینی ئەوە.

[2] لەکوردیدا (خەلیفە) جێنشینە چونکە لەدوای ئەو هاتۆتە جێی و نیشتەجێ بووە یان لەجێی دانیشتووە، لەبەر ئەوەی ئەمە بۆ خوای گەورە ناشێت ببێتە وەسف کە لەجێیەك دانیشتبێت و دواتر ڕۆیشتبێت مرۆڤێك شوێنی گرتبێتەوە، پێم پەسەند نییە جێنشین بۆ خوای گەورە بەکاربێت، بەڵکو بریکار ڕاسترە، والله أعلم.

جـاری وا هەیە بە خەلـیفە دەوترێـت (الإمـام الأعظـم) چـونکە خـوای گەورە دەربـارەی ڕزگـارکردنی موسـتەزعەفان و گەیانـدنیان بە ڕێبەرێتـی خەڵکـی و دەسـەڵاتداری ئیـداریی دەفەرمـوێ: ﴿وَنَجۡعَلَهُمۡ أَئِمَّةٗ وَنَجۡعَلَهُمُ ٱلۡوَٰرِثِينَ ۝٥﴾ القصص: ٥ واتە: دەیانکەینە پێشەوا و میراتگرانی وولات، لەم ڕوانگەوە بە خەلـیفە ووتـراوە (پێشـەوا/ إمـام) بـۆئەوەی لە ئیمامـی مـزگەوت و پێشـنوێژ جـودا بکـرێتەوە و وتوویانە (ئەعزەم) واتە گەورەترین و بۆتە پێشەوای مەزن/ باڵا.

دامەزراندنی خیلافەت فەرزە:

دامەزراندنی خیلافەت وەکو جیهـادکردن و دانـانی دادگـا و دادوەری یەکـێکە لە فەرزە کیفایەکان[١] کە ئەگەر کەسانی شـیاو پێـی هەسـتان و پێیـان ئەنجامـدرا فەرزێتـیەکەی لەسـەرخەڵکی تـر لادەچێـت، ئەگەر کەس هەوڵـی دانانیـانی نەدا هەموو موسوڵمانان گوناحبار دەبن، گوناحی نەبوونی خیلافەت لەگەردنـی هەمـوو موسوڵمانێکدا دەبێت تا کاتی دامەزراندنی.

هەندێك لەزانایان و شەرعناسان دەفەرموون گوناحەکەی دەچێتە ئەستۆی دوو پۆل لەموسوڵمانان، نەك هەمویان، یەکەمیان: خاوەن دید و ڕاوبۆچوونی ئیسـلامی کە ئەوان -لەئەسڵدا- دەبێـت خەلـیفە هەڵبژێـرن، ئەرکـی ئەوانە، کە خەلـیفە نەما

---

[١] فەرز دوو جـۆرە: فەرز عەیـن: واتە ئەوەی لەسـەر یەك یەکی موسـوڵمانانە، وەکە نـوێژکردن و ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان. فەرزی کیفـایە: ئەوەیە کە لەسـەر ئوممەتەکە بەدەسـتەجەمعی فەرزە و دەبێت بیکەن، بۆ نموونە بانگدان، زانینی زانستی میرات، جیهادکردن، نوێژی جەژن، داوەریکردن ... وەهەرووەها. - و -

ئەرکەکەی ئەمان لەسەریان فەرزدەبێتەوە، دووەمیان: ئەو کەسانەی کە سیفەتی خەلیفەیان تێدایە و نایەنە پێش.. تا ئەوکاتەی یەکێکیان بە خەلیفە دادەنرێت، گوناحبار دەمێننەوە.[1]

پێم وایە (مامۆستا عبدالقادر عۆدە رحمه الله وا دەفەرموێ) گوناحەکە هەموو موسوڵمانان دەگرێتەوە، چونکە فەرزێتی دامەزراندنی خیلافەت لەسەر هەموو موسوڵمانێکە، هەموو موسوڵمانێك تەکلیف کراوە.

سەرچاوەی فەرزێتی خیلافەت:

شەرع یەکەمین سەرچاوەی فەرزێتی دامەزراندنی خیلافەتە، دامەزراندنی خیلافەت لەسەر هەموو موسوڵمانێك - بە پێی داوای شەرع - فەرزە. شەرع داوای لەهەموو موسوڵمانان کردووە دایبمەزرێنن، بۆیە دەبێ بەهەمووان هەوڵبدەن تا دێتەکایەوە. ئەگەر دامەزرا فەرزێتی نامێنێت تا دیسان نوێ دەبێتەوە، بەلاچوونی خەلیفە، یان بەمردنی..

بەڵگەلەسەر فەرزێتی دامەزراندنی خیلافەت لەسەرموسوڵمانان زۆرە، لەوانە:

١- خیلافەت دیدوڕێی پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم):

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) خۆی ڕێگای دامەزراندنی خیلافەتی بۆموسوڵمانان دیاریکردووە و بەکردەوە نیشانیداوە، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) لەسەرەتاوە تاکی موسوڵمانی هێنا و کردنی بەکۆمەڵ.. دوایی

---

[1] الفراء الحنبلي: الأحكام السلطانية (ل ٣)، الماوردي: الأحكام السلطانية (ل ٤).

کـۆمەڵی موسـوڵمانانی کـرد بە کـۆمەڵگە (لەمەدینـە) و لەهەمـووان دەوڵەتێکـی دروسـتکرد، جەنـابی (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم) خـۆی سـەرۆکی دەوڵەتەکە بـوو (پێشەوای باڵا: ئیمامی ئەعزەم)ی بوو، دوو ئەرکی لەسەربوو: گەیاندنی دینەکەی خوای گەورە و جێبەجێکردنی فەرمانی خوای گەورە و ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە و ئیدارەی دەوڵەتەکە لەسنووری ئیسلامەکەدا. دوای کۆچی دوایـی کردنـی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) زەمانی گەیاندنی دین تەواو بوو، چونکە وەحـی نەمـا (و دیـنەکە کامڵ بووبوو).

دوای کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەری خـوا (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم) خەڵکـی پێویستیان بە گەیاندنی دینەکە نەما، چونکە قورئان و سـوننەت لەبەردەسـتدابوو، پێویسـتیان بە ڕێبەرێـك بـوو قورئـان و سـوننەتەکەیان لەنـاودا پیـادە بکـات و لەچوارچێوەی ئیسلامەکە ئاڕاستەیان بکات و کاروباری ژیانیان ڕێکخات، دوای ئەوەی کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) یەکەیەکی سیاسـی (کـۆمەڵگە و دەوڵەت وئیدارە)ی بۆ پێکەوەنابوون و بۆی بەجـێ هێشـتبوون، سـەرۆکایەتی دەوڵەت و پێشـــەوایەتی موســـوڵمانانی لەدنیـــای ئەوســـەردەمەدا بەکـــردەوە نیشاندابوون، کە ئەرکی هەموویانە و دەبێت وا ڕەفتـاربکەن.. ئیقتیـداکردنیش بە پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم) ئەوەی دەخواسـت کە موسـوڵمانان ئەم ئەرکی ئاڕاستەی کـۆمەڵگە و ئیـدارەی دەوڵەتـیە بگـرنە ئەسـتۆ و لە ناوخۆیانـدا یەکە سیاسیەکە (کۆمەڵگە و دەوڵەت و ئیدارە)ەکەی مەدینە بپارێزن و ئیـدامەی پێبـدەن، بـۆیە دەبـوو لەناوخۆیانـدا سـەرۆکێکی لێهـاتوو هەڵبژێـرن تـا یەکە سیاسیەکە بگرێتە دەست و نەهێڵێت هەڵوەشێتەوە، چونکە هەردەبێت ئەو ئەرکانە

بەردەوام بـن: ئەركـی ئاڕاسـتەكردنی كـۆمەڵگەكە (پێشـەوایەتی/ ڕێـبەری) وسیاسەتی دەوڵەت و ئیـدارەكەی.. ئەمە بەڵـگەی شـەرعی وهانـدەر و پـاڵنەری یەكەم بوو بۆ هەڵبژاردنی سەیدنا ئەبوبەكر خوا لێی ڕازی بێت بەخەلیفە.

٢- یاوەران دانانی خەلیفەیان پێ زەڕوورەتی دین و دنیابوو:

یـاوەران بەگشـتی و زانـا و شـەرعناس و فەرمانـدە و ڕاوێژكـارە خـاوەن ئەزموونەكان كە زۆر نزیك بوون لە پێغەمـبەری خـواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّم) هەر هەموو ڕایان لەسەر ئەوە كۆبـوو كە هەردەبێـت یەكێكیـان ببێـتە جێنشـینی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) و بریكـاریی، هەر دەبێـت یەكێكـی تـر سەرۆكایەتی دەوڵەتەكەیان بگرێتە دەست، بەتایبەتی كە بینیان هەر دوای ئەوەی سەیدنا ئەبوبەكر خوا لێی ڕازی بێت هـاتە نـاو خەڵـكەكە و كـۆچی دواییكردنـی پێغەمبەری خوای (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) ڕاگەیاند، هەست بە هەبـوونی بۆشـایی/ فەراغەكە بەتەواوی كـرا، ئەو مقۆمقـۆیەش كۆتـایی هـات كە یەكێـك دەیـووت كۆچی دوایی كردووە و یەكێكی تـر دەیـووت نـا غایـب دەبێـت و دێـتەوە.. بەڵام سەیدنا ئەبوبەكر ئاشكرا و ڕاشكاو بنبڕانە فەرمـووی: (أَلَا إِنَّ مُحَمَّداً قَدْ مَات، وَلَابُدَّ لِهَذَا الدِّين مَنْ يَقُوْمُ بِه) واتە: ئەرێ، بەتەئكید محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) كۆچی دوایی كرد، ئەم دینەش ئەوە دەخوازێت كە یەكێك دەسەڵاتی باڵای بگرێتە دەست و سەرپەرشتیاری بێت.. ئیتر موسـوڵمانان كە لە مەراسـیمی شـتن و كفـن كردنی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) كۆبووبوونەوە، (چوونە ژێر كەپر و ساباتی سەقیفەی بەنو سەعد)كۆبوونەوەیان بۆ هەڵبژاردنی خەلیفەیەك دەكرد، ئەم

کۆبـوونەوە و یەکڕاییەیـان بـوو بەکـۆڕا (ئـیجماع) کە یەکـێکە لەسـەرچاوەکانی ئەحکامی شەریعەت و (دوای قورئان وسوننەت ئیجماع دێت)، موسـوڵمان دەبێت پێوەی پایەنـدبێت وەکـو قورئـان و سـوننەت. دەزانـین کە هەر ئەوکـاتە یـاوەران ڕاجویێ بوون کە کێ ببێتە خەلـیفە و پۆسـتەکە وەربگرێـت، بەڵام ئەوە ڕاجـوێیی بوو لەسـەر کەسـەکە نەك لەسـەر پۆسـتی خـیلافەت کە گومانیـان لە فەرزێتـی دامەرزاندنی نەبوو.

٣- زۆر فەرزی شـەرعیی هەیە بـێ هەبـوونی هێـز و دەسـەڵات جـێ بەجـێ ناکرێت:

لەئیسلامدا هەندێك فەرزهەن جێبەجێکردنیان ئەرکـی خەلـیفەیە، ناشـێت تـاك تـاکی موسـوڵمانان لەخۆیـانەوە بـیکەن، مـادام فەرزی وا هەیە کە خەلـیفە دەخوازێـت، کەوابـوو دانـانی خەلـیفەش فەرزە، چـونکە هۆکـاری هێنـانەدیی فەرزەکەیە، ڕێسا ئوصولییەکەش دەفەرموێ (ما لا یتم الواجبُ إلا به فهو واجـب) واتە: ئەوەی کە فەرز بەو نەبێت نایاتە دیـی، فەرزە. ئەمە جـگە لەوەی هەبـوونی خەلیفە لادان و ڕادانی زیانە لەڕێـی خەڵکییـدا، زیـان دوورخسـتنەوەش لەدیـدی شـەرعەوە هەر فەرزە، کەوابـوو خـیلافەت هۆکـاری سـوودهێنان و زیـان دوورخستنەوەیە لە ئوممەت (جلب النفع ودفع الضرر)، ئەمەش ڕەهەنـدێکی تـری فەرزێتی خیلافەتە، سەدان بوار هەیە کە لەوێوە سـوود بەئـوممەت دەگەیەنرێـت وەکو ڕێکخستنی شەرعیانەی سەودا و مـامەڵە و هاوسـەرگیری و جیهـادکردن و جێبەجێکردنـی سـزای تاوانەکـان و دروشـمە دەسـتەجەمعییەکانی خواپەرسـتی (وەکو نویژی هەینی و جەژنەکان و..) ئەمانە هەمووی لەبەرژەوەندی خەڵکیـیە و

سوودیانی تێدایە، ئەمانە بەهەبوونی دەسەڵاتدارێك دەكرێت كە ڕەفتاری خەڵكەكە ڕێك بخات و ناوبژییان بكات و ناچاریان بكات سنووری خۆیان شەرعییانە بپارێزن.

ئەم دەسەڵاتدارێتییەیە كە دەبێتە مەرجەعییەتی بڕیار و یەكلاكردنەوەی ڕاجوێی و ناكۆكی.. ئەگەر لێگەڕێین وكەس ئەو خەڵكە لە چوارچێوەی شەرعدا ڕانەگرێت، كەس بەكەس نابێت و دەبێتە فەوزا.. دەستدار بێ دەست دەخوات و بەهێز بێ هێز هەڵدەلوشێت.. كۆمەڵگە دەبێتە دارستانی ململانێی یەكتر خواردن! بێگومان ئەمەش زۆر ئاسان و زوو سەردەكێشێت بۆ گەلەكۆمەكێ و زەوتكاری وخوێن ڕشتن.. ئەزموونی ژیان چەندین جار فەوزای وای نیشان موسوڵمانان داوە.. هەركاتێك خیلافەتیان نەمابێت (وەكو ساڵی ٦٥٦ كە مەغۆل بەغدای داگیركرد) یان هەبووبێت بەڵام هەربەناو، لاواز و بێدەسەڵات، سەربازان كەوتوونەتە كوتلەكاری و ناكۆكی و یەكتركوشتن و دوژمنانیش ئاسان توانیویانە دەسەڵاتی ئیسلامی لادەن و ئوممەت پەرتەوازە بكەن و بەدین و دیدی خۆیان حوكمی موسوڵمانان بكەن! خۆ واقیعی ئێستای موسوڵمانان زەقترین بەڵگەی بەڵگەنەویستە.[1]

---

[1] المواقف (ل ٦٠٤)، الخلافة (ل ١٠).

٤- قورئـان و سـوننەت جەخـت لە ديـاريكردنی بەرپرسـی موسـوڵمانان دەكەنەوە:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ ۖ﴿٥٩﴾﴾ النساء: ٥٩ واتە: ئەی ئەو كەسـانەی باوەڕتـان هێنـاوە ملكەچـی فەرمـانی خـوای گەورە و ملكەچی فەرمانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) وكاربەدەستانی خۆتـان بـن كە لەخۆتـانن و سەرپەرشـتیاری كاروبارتـانن.. كەوابـوو موسـوڵمانان كەسانێكیان هەیە كەسەرپەرشتیار و ئاڕاستەوانیانن، ئەمە لەهەمـوو زەمانێكـدا دەبێ هەبن.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) لە كۆمەڵێك فەرموودەی خۆیـدا جەخـت لەسەر گوێڕایەڵی و ملكەچێتی موسوڵمانان دەكاتەوە بـۆ ئەمیـر و دەسـەڵاتدار و پێشـەوا و ڕێـبەر و خەلـیفەی موسـوڵمانان و گوێڕایەڵینەكردنیـان بەتـاوانێكی ئەوەنـدە قـورس و سـەخت و دژوار دەناسـێنێت كە نـزیكە لە دیـن دەرچـوون! دەفەرموێ:

- (مَن خَلَعَ يَدًا من طَاعَة، لَقِيَ اللَّهَ يومَ القِيَامَـةِ لا حُجَّـةَ لـه، وَمَـن مَـاتَ وَلـيسَ في عُنُقِهِ بَيْعَةٌ، مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً)[١] واتە: هەركەسـێك دەسـتی لە گـوێڕایەڵی ئەمیـر/ والی/ خەلیفەی خۆی تەكانـد، ڕۆژی قیـامەت كە دەگـاتە دیـداری خـوای گەورە هیچ بەهانە و بەڵگەیەكی بەدەسـتەوە نابێـت (هەرچییـەك كە خـۆی كردوونـی بە

[١] موسلیم (١٨٥١).

بەڵگە و بەهانە پووچەڵ دەبنەوە)، هەرکەسێك وا بمرێت بەیعەتی ئەمیر/ والی/ خەلیفەیەکی لەگەردندا نەبێت، ئەوە مردنێکی جاهیلییانە مردووە.

- (مَن بَايَعَ إمَامًا فأعْطَاهُ صَفْقَةَ يَدِه، وَثمَرَةَ قَلْبِه، فَلْيُطِعْهُ إنِ اسْتَطَاعَ، فإنْ جَاءَ آخَرُ يُنَازِعُهُ فَاضْرِبُوا عُنُقَ الآخَرِ)[1] واتە: هەرکەسێك بەیعەتی بە ئیمامێك/ ئەمیرێك/ خەلیفەیەك دا، دەستی خستە ناودەستی (پەیماندان و جەخت لێکردنەوەی) و بەروبوومی دڵی خۆیی دایێ (خۆشەویستی و ڕێز و ملکەچێتی)، با مادام لە توانایدایە گوێڕایەڵێتی بکات، ئەگەر کەسێکی تر کەوتە ململانێی ئەمیرەکە بۆدەسەڵات و بەیعەت لەگەردنی بدەن.

- (مَن أطاعَنِي فقَدْ أطاعَ اللَّهَ، ومَن عَصانِي فقَدْ عَصَى اللَّهَ، ومَن أطاعَ أمِيرِي فقَدْ أطاعَنِي، ومَن عَصَى أمِيرِي فقَدْ عَصانِي)[2] واتە: هەرکەسێك گوێڕایەڵێتی من بکات، ئەوە گوێڕایەڵێتی خوای گەورەی کردووە، هەرکەسێك لەفەرمانی مندا سەرپێچی بکات، ئەوە سەرپێچی لە فەرمانی خوای گەورە کردووە، هەرکەسێك گوێڕایەڵێتی ئەمیر بکات، ئەوە گوێڕایەڵێتی منی کردووە، هەرکەسێك سەرپێچی لە فەرمانی ئەمیردا بکات (لێی یاخی بێت) ئەوە سەرپێچی لەفەرمانی مندا کردووە.

---

(1) ئەحمەد (٦٥٠١) و ئەبو داوود (٤٢٤٨)، هەروەها نەسائی (٤١٩١) و ئیبنو ماجە (٣٩٥٦) و مسلم (١٨٤٤) بەدرێژی هێناویانەتەوە.

(2) بوخاری (٧١٣٧)، موسلیم (١٨٣٥)، نەسائی (٤١٩٣) .

- (... لا نَبيَّ بَعْدِي، وَسَيَكُونُ بعدي خُلَفَاءُ فَيَكْثُرُونَ، قَالُوا: فَمَا تَأْمُرُنَا؟ قَالَ: أوفوا بِبَيْعَةِ الأَوَّلِ ثم أَعْطُوهُمْ حَقَّهُمْ، واسأَلُوا اللَّهَ الَّذِي لّكُم، فَإِنَّ اللَّهَ سَائِلُهُمْ عَمَّا اسْتَرْعَاهُمْ)[1] واته: من پێغەمبەری ترم بە دوادا نایەت، زۆر خەلیفە لە دوای من دێن، عەرزیان کرد: ئەدی فەرمانی چیمان پێدەدەیت بەرامبەریان بیکەین؟ فەرمووی: بەوەفابن بەرامبەر ئەو بەیعەتەی بەیەکەمینییانتان داوە و مافی خۆیان بدەنێ (لەگوێڕایەڵی و ملکەچی لە فەرمانە شەرعییەکانیاندا) و داوا لە خوای گەورە بکەن ئەو مافانەی هی ئێوەیە و ئەو نەیداونەتێ بتانداتێ، خوای گەورە لەسەر ئەوەی خستوێتیە بەر دەستیان موحاسەبەیان دەکات، بەڵام کاتێك کە بارۆدۆخێکی نائاسایی فەرز دەبێت، لەفەتوادادا دەبێت واقیعەکە ڕەچاوبکرێت.

- (مَنْ أَتَاكُمْ وَأَمْرُكُمْ جَمِيعٌ عَلَى رَجُلٍ وَاحِدٍ يُرِيدُ أَنْ يَشُقَّ عَصَاكُمْ أَوْ يُفَرِّقَ جَمَاعَتَكُمْ فَاقْتُلُوهُ)[2] واته: ئەگەر کاروباری خیلافەتتان لەسەر پیاوێك کۆبووبۆوە و ڕاتان لەسەری جەم بوو، لەولاوە کەسێکی تر هات وویستی دووبەرەکیتان بخاتە ناوەوە و کۆمەڵکارییەکەتان لێ تێك بدات، بیکوژن.

- کابرایەك پرسیارێکی عەرزی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) کرد: (أَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ عَلَيْنَا أُمَرَاءُ يَمْنَعُونَا حَقَّنَا وَيَسْأَلُونَا حَقَّهُمْ؟ فَقَالَ: اسْمَعُوا وَأَطِيعُوا،

---

[1] بوخاری (٣٤٥٥)، موسلیم (١٨٤٢).

[2] موسلیم (١٨٥٢).

فَإِنَّمَا عَلَيْهِمْ مَا حُمِّلُوا وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ)[1] واته: دەبینیت ئەمیری وامان بۆ دادەنرێت (جارێ ئەگەرە و لەوانەیە وابێت) کە مافمان زەوت دەکەن و داوای مافی خۆشیان لێدەکەن، چی بکەین؟ فەرمووی: گوێڕایەڵ بن و ملکەچییان بۆ دەربڕن، ئەوان گوناحی خۆیان دەگرنە ئەستۆ و ئێوەش پاداشتی خۆتان مسۆگەر دەکەن.

بەگشتی ئەوە لەم فەرموودانە دەفامرێتەوە کە هەردەبێت موسوڵمانان لەناوخۆیاندا ئەمیر/ پێشەوا/ خەلیفەیان هەڵبژێرن، ناشێت ئەمیریان نەبێت، هەر موسوڵمانێك بمرێت و ئەمیری نەبووبێت، بەیعەتی لەگەردندا نەبووبێت مردنی جاهیلییانە مردووە، پێویستیشە لەسەریان یەك خەلیفە هەڵبژێرن کە بوو بەدوو دەبێت دووەمینەکەیان بکوژن، ئەگەر تەنازولی بۆ خەلیفەی یەکەمین نەکرد، هەروەها ئەو کەسانەش دەکوژرێن کە خەریکی ئاژاوە و دووبەرەکی دەبن، لەکاتێکدا موسوڵمانان یەکن و یەك خەلیفەیان هەیە و گوێڕایەڵین.

٥- موسوڵمانان هەموو ئەندامی یەك ئوممەتن:

خوای گەورە موسوڵمانانی هەموو کردووە بەیەك ئوممەت، زمان و ڕەگەز و توخم و گەل و نەتەوە و وڵاتیان کاریگەریی خراپی لەسەر یەك ئوممەتێتییەکەیان نابێت ببێت.

---

[1] ترمذی (٢١٩٩)، موسلیمیش (١٨٤٦) بەکەمێك جیاوازییەوە.

- دەفەرموێ: ﴿وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱتَّقُونِ ۝٥٢﴾ المؤمنون: ٥٢ واته: ئائەوە ئوممەتەکەتانە، یەك ئوممەتە و منیش پەروەردگارتانم، سا هەر لەمن بترسن و تەقواکاربن.

- هەروەها: ﴿إِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱعۡبُدُونِ ۝٩٢﴾ الأنبياء: ٩٢

ئەرکی سەرشانی موسوڵمانانیش ئەوەیە کە هەموو هۆکار و پاڵنەر و وەسیلەیەك بگرنەبەر کە زیاتر یەکیان دەخات و وتەفرەقەیان لەناودا لادەدات، لەپێش هەمووشیانەوە پایەندبوونی سەرڕاستانە بە ئیسلام و دینداریتی سەرڕاستانە و دوورکەوتنەوە لە هۆکاری ناکۆکی و ململانێ.

- خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ ۝١٠٣﴾ آل عمران: ١٠٣ واتە: هەر هەمووتان پێکەوە دەست بەدینەکەی خواوە بگرن و جیاوازی و تەفرەقەتان تێنەکەوێت.

- هەروەها هەموو جۆرە ناکۆکی و دووبەرەکی و ململانێیەکی ناوخۆیی لێ حەرامکردوون کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَٱخۡتَلَفُواْ ۝١٠٥﴾ آل عمران: ١٠٥واتە: ئێوە وەکو ئەوانە مەبن کە تەفرەقەیان تێکەوت و جیاواز دەرچوون.

- ﴿وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ ۝٤٦﴾ الأنفال: ٤٦ واتە: مەکەونە ململانێی یەکتری و ناکۆکیتان لەناودا دروست نەبێت، دەنا شکست دێنن و هێز و دەسەڵاتتان لەدەست دەچێت..

هەموو ئەم دەقانە و هاوشێوەیان تەئكید لەیەكبوون دەكەنەوە و هۆشداری دەدەنە موسوڵمانان كە نەكەن بكەونە ناكۆكی و دووبەرەكی و شەڕە پاڵی یەكتری، چونكە ئێوە یەك ئوممەتن، یەك یەكەی سیاسین و دەبێت یەك دەوڵەتیشتان هەبێت، لەناوخۆشتاندا یەك خەلیفەی بۆ هەڵبژێرن.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (لاَ يَحِلُ لِثَلاَثَةِ نَفَرٍ يَكُونُونَ بِأَرْضِ فَلاَةٍ إِلاَّ أَمَّرُوا عَلَيْهِمْ أَحَدَهُمْ)[1] واتە: جائیز نییە سێ كەس بەدەشتێكدا بڕۆن و یەكێكیان لەخۆیان نەكردبێتە ئەمیر...

- هەروەها دەفەرموێ: (إذا خرَجَ ثلاثةٌ في سَفَرٍ فليُؤَمِّروا أحَدَهم)[2] واتە: ئەگەر سێ كەس چوونە سەفەرێك بایەكێكیان بكەنە ئەمیری خۆیان.

ئەم دووفەموودەیە بەڵگەن لەسەرئەوەی كە هەرسێ كەس بەرەو ژوور دەبێ یەكێكیان ببێت بە ئەمیریان، ئەمە ڕێ لە ڕاجوێیی و ناكۆكییان دەگرێت و ناهێڵێت هەریەكەیان سووربێت لەسەر ڕای خۆی و دەمارگیرانە ڕەفتار بكات كە حەتمەن كاردانەوەی ئەوانی تریش وادەبێت و سەرەنجام ناكۆك دەبن و پێكەوە هاوكارنابن، بەڵام ئەگەر ڕازی بوون یەكێكیان ببێتە ئەمیریان، كەوابوو هەر لەسەرەتاوە هەرسێكیان بەكۆمەڵكاری ڕازین و دەخوازن هاریكاری یەكتری بن

---

[1] ئەحمەد (٦٦٤٧)، ئەمە بەشێكە لە فەرموودەیەكی درێژ، ئەحمەد شاكر دەفەرموێ: (إسناده صحيح)، شێخی ئەرنائوطیش دەفەرموێ: (حسن)ە، بەڵام شێخی ئەلبانی لە (السلسلة الضعيفة) دەفەرموێ: (ضعيف)ە.

[2] ئەبو داوود (٢٦٠٨)، شێخی ئەلبانیش لە (صحيح أبي داود)دا دەفەرموێ: (حسن صحيح).

و ئامادەن پێکەوە نەخشە داڕێژن و پێکەوە بەرەنگـاریی کۆسـپ و مەترسـی ڕێ بینەوە.

جـا ئەگەر ئەمیردانـان و کۆمەڵکـاریی لەسـێ کەس داواکـراو بێـت کە لە سەفەردان و بەشـێوەیەکی کـاتی (مـوەقەت) پـێکەوەن، حەتمەن کۆبـوونەوەی ژمارەیەکی زۆرتـر کە لە شـوێنێك نیشـتەجێن و دانـانی ئەمیرێـك لە خۆیـان بـۆ خۆیان لەپێشتر و گرنگتر و کاریگەرترە، بەتایبەتی بۆ نموونە ئەوانەی لە گوندێك دەژیـان، هەردەبێـت دەمڕاسـتێکی بە دەسـەڵاتیان هەبێـت تـا ئاڕاسـتەی خێـر و چاکەیان بکات و کێشەکانی ناوخۆیان بۆ یەکلابکاتەوە و هانیاندا بـۆ بەرگـری لە خۆیان و بەها و بەرژەوەندییان.

٦- کاروباری ئوممەت و دەوڵەتی ئیسلامی بەڕاوێژە:

خـوای گەورە کە موسـوڵمانانای کـردووە بەیەك ئـوممەت و دامەزرانـدنی دەوڵەتێکـی ئیسـلامی بـۆ خۆیـان لەسـەر فەرزکـردن، فەرمانیشـی پێـداون کە بەڕێوەبردنی کاروباریان بە پرس و ڕای یەکـتر و ڕاوێژکـاری بێـت، چـونکە ئەوە سیما و سیفەتی دەوڵەت و ئوممەتی ئیسلامییە، بۆیە دەفەرمـوێ: ﴿وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ ٣٨﴾ الشورى: ٣٨ واتە موسوڵمانان کاروباریان بەڕاوێژکاریی ناوخۆیانە..

مـادام هەر دەبێـت موسـوڵمانان یەك ئـوممەت بـن و هەردەبێـت یەك خەلـیفە هەڵبژێرن تاحوکمی دەوڵەتەکە و پێشەوایەتی کۆمەڵگەکەیـان بکـات، بەرپرسـن لەوەی کە هەر کاتێك بینییان پۆستی خیلافەت چۆڵ بووە و خەلیفە نەماوە دەبێت

خێرا خەلـیفە هەڵبژێـرن، ناشـێت کە مـادام یەك ئـوممەتن و یەك دەوڵەتیـان هەیە زیاتر لە یەك خەلیفەش هەڵبژێرن.

## بڕگەی دووەم:

## مەرجەکانی خەلیفە:

بێگومان هەمووکەسێك ناشێت بۆ خیلافەت، چونکە پلە و پۆست و بەرپرسێتییەکی گەورەیە، ئەوی دەیگرێتە دەست دەبێت چەند مەرجێکی سەرەکی سەرەتایی تێدابێت، لەوانە:

١- موسوڵمانێتی:

شتێکی ئاساییە کە کەسێك بیەوێت ببێتە خەلیفەی موسوڵمانان هەر دەبێت موسوڵمان بێت، چونکە هەندێك ئەرکی دینی یان خەلیفایەتی بە موسوڵمان نەبێت ناکرێت، غەیری موسوڵمان ناتوانێت ئەوەندە بە ئیسلامەوە پابەندبێت کە دینەکە پیادە بکات و ئیدارەی دەوڵەتێك بە ئەحکامی ئیسلامی بکات.. ئیسلام ڕێی نەداوە غەیرە موسوڵمان ببێتە سەرۆکی باڵادەست بەسەر موسوڵمانانەوە.
خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿لَّا يَتَّخِذِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْكَـٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ ٱللَّهِ فِى شَىْءٍ ﴿٢٨﴾﴾ آل عمران: ٢٨ واتە: ناشێت موسوڵمانان کافران بکەنە سەرپەرشتیاری خۆیان و لایەنگرێتییان بکەن و لەولاوەش موسوڵمانانی تر وەل بکەن و بە برایەتی و پشتیوانی لێکردنیان ڕازی نەبن، هەرکەسێك وابکات فڕی بەسەر ئیسلامەوە نامێنێت و خوای گەورە نایگرێتە خۆ.. جا کە ئیسلام ڕێ نەدا

کـافر ببێـتە سەرپەرشـتیاری کاروبـاری موسـوڵمانان (وەکـو بەشـوودانی کـچە موسوڵمانەکە) ئیتر چۆن ڕێی دەدات ببێت بە خەلیفەی موسـوڵمانان؟! خەلیفـایەتی کە حـوکم کـردنە لـوتکەی سەرپەرشـتیاریی کـردنە، سەرپەرشـتیاری کردنـی موسوڵمان هەر دەبێـت لەلایەن موسـوڵمانەوە بێـت: ﴿وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ ٧١﴾ التوبة: ٧١ واتە موسـوڵمانان نێـرو مێیـان سەرپەرسـتیاریی یەکـترن و لایەنگرو پشتیوانن و بەخەمی یەکترەوەن.

- هەروەهـا دەفەرمـوێ: ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٍۚ إِلَّا تَفۡعَلُوهُ تَكُن فِتۡنَةٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَفَسَادٞ كَبِيرٞ ٧٣﴾ الأنفال: ٧٣ واتە: ئەوانەی کافرن هەنـدێکیان لەسەرخسـتنی ئەوانـی تریاندان و پشتی یەکتریی دەگرن، ئەگەر موسوڵمانانیش نەبنە پشتیوانی یەکـتری بەخەمـی یەکـترەوە نەبـن حەتمەن (فتـنە) یەکـێ گەورە ڕوودەدات، کـافران دەسـەڵاتدار دەبـن و موسـوڵمانان دەخەنە ژێـرتین و فشـار و ئەشـکەنجەوە و لەدینەکەیان پاشگەزیان دەکەنەوە و دەکەونە خراپەکاریی و فەسادنانەوە..
- هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَلَن يَجۡعَلَ ٱللَّهُ لِلۡكَٰفِرِينَ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ سَبِيلًا ١٤١﴾ النساء: ١٤١ واتە: خـوای گەورە ڕێنادات کافران ببنە خاوەن دەسـەڵاتی بـاڵا بەسـەر موسـوڵماناندا و وایـان لێبکەن واز لەدینەکەیان بهێنن.

٢- نێرینەیی:

مەرجە خەلـیفە نێـرینە بێـت، چـونکە ئـافرەت بە پێـی سروشـتی پێکهـاتەی جەستەی بۆ سەرۆکایەتی دەوڵەت ناشێت، چونکە ئەرکی خەلیفـایەتی سـەختە و ڕەنجێکی قورسی دەوێـت، جـگە لە دژوارێتـی فەرمانـدەیی جەنـگ و تەگبیـری

سوپا و هێزی ئەمنی و بڕیاری ڕێکەوتن و ئاشتی.. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە ئیسلام ڕاشکاوانە ڕێی لەوە گرتووە بەپرسێتی باڵای وولات بە ئافرەت بسپێررێت، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ:

- (لَنْ يُفْلِحَ قَوْمٌ أَسْنَدُوا أَمْرَهُمْ إِلَى امْرَأَةٍ)[1] بوخاریی و احمد و ترمذی و نسائی واتە: کەسانێك هەرگیز سەرفراز و سەرکەوتوو نابن کە کاروباری خۆیان بە ئافرەتێك بسپێرن.

لەڕیوایەتێکی تریدا دەفەرموێ: (لَنْ يُفْلِحَ قَوْمٌ ولَّوْا أَمْرَهُمُ امْرَأَةً)[2].

٣- شیاوی تەکلیفی شەرعی بێت:

واتە شایستە و شیاوی ئەوەبووبێت کە فەرزی تری بکەوێتە سەر، واتە باڵغ و ژیربێت، چونکە خیلافەت ناخرێتە ئەستۆی زارۆك و شێت و گەوج و گێل، چونکە شاوی نین، خیلافەت حوکمرانی و سەرپەرشتی و بەخەمەوەبوون و بەڕێوەبردنی کاروبارە و هەڵگرتنی بەپرسێتییە کە منداڵ و شێت خۆیان لە ژێر سەرپەرشتیارێتی کەسانی گەورە و ژیردان، ئیتر چۆن دەکرێنە خەلیفە؟! منداڵ و شێت و گەوج و گێل بەرپرسێتی هیچیان لەسەر نییە، خۆ نوێژیان لەسەرفەرز نییە ئیتر چۆن خەلیفایەتیان پێدەسپێررێت. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) منداڵ و شێت و خەوتووی بەخاوەن عوزر داناوە کە بەرپرسێتی فەرزیان

[1] ئەحمەد (٢٠٦٧٣)، شێخی ئەرنائوطیش بە سەحیحی داناوە.

[2] بوخاری (٤٤٢٥) (٧٠٩٩)، ترمذی (٢٢٦٢)، نەسائی (٥٣٨٨).

ناخرێته ئەستۆ، دەفەرموێ: (رُفِع القَلمُ عن ثلاثةٍ: عن الصَّبي حتَّى يحتلِمَ، وعن النَّائمِ حتَّى يصحو، وعن المجنونِ حتَّى يفيق)[1] واته: سێ پۆل خەڵك مەعفوون لەوەی فەرزیان لەسەر دانرێت: زارۆك تا زەمانی باڵغبوونی دێت، نووستوو تا خەبەری دەبێتەوە، شێت تا هزر و ژیریتی بۆ دەگەڕێتەوە/ چاك دەبێتەوە.

کەسێك خۆی هیچ بەرپرسێتییەکی فەرز و سوننەتی لەسەر نەبێت، بەدڵنیاییەوە ناشێت بکرێتە خەلیفە، چونکە خەلیفایەتی بەرپرسێتی تەواویی دنیا و قیامەتە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (كلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مَسْئُولٌ عَنْ رَعِيَّتِه، فَالْأَمِيرُ رَاعٍ عَلَى رَعِيَّتِه، وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُمْ، وَالرَّجُلُ رَاعٍ عَلَى أَهْلِ بَيْتِه، وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُمْ، وَالْعَبْدُ رَاعٍ عَلَى مَالِ سَيِّدِه، وَهُوَ مَسْئُولٌ عَنْهُ، وَالْمَرْأَةُ رَاعِيَةٌ عَلَى بَيْتِ زَوْجِهَا وَمَسْئُولَةٌ عَنْهُ)[2] واته: هەمووتان سەرپەرشتیاری ئەوەن وا لەبەردەستاندایە هەموو شتان لێیان بەرپرسن و لێتان دەپرسرێتەوە دەربارەیان. ئەمیر سەرپەرشتیارە و بەرپرسە لە ڕەعیەتەکەی. پیاو سەرپەرشتیاری ماڵەکەیەتی و بەرپرسەلێیان، ژن سەپەرشتیاری ماڵی مێردەکەیەتی بەرپرسە لێی.

---

[1] هیچ فەرموودەیەکم بەو لەفزە نەدۆزییەوە، بەڵام فەرموودەی تر هەن لەو شێوەیە کە ئەبو داوود (٤٤٠٣) و ئەحمەد (٢٤٦٩٤) و ترمذی (١٤٢٣) ریوایەتیان کردووە کە دەفەرموێ: (رُفِع القَلمُ عن ثلاثةٍ: عن النَّائمِ حتَّى يستيقظَ، وعن الصَّبي حتَّى يحتلِمَ، وعن المجنونِ حتَّى يَعقِلَ).

[2] ئەحمەد (٥٩٠١)، هەروەها بوخاری (٢٥٥٤) و موسلیم (١٨٢٩) و ترمذی (١٧٠٥) و ئەبو داوود (٢٩٢٨) بەکەمێك جیاوازی هێناویانەتەوە.

- هەروەها دەفەرموێ: (لَا يَسْتَرْعِي اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى عَبْدًا رَعِيَّةً، قَلَّتْ أَوْ كَثُرَتْ، إِلَّا سَأَلَهُ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى عَنْهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ، أَقَامَ فِيهِمْ أَمْرَ اللَّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى أَمْ أَضَاعَهُ؟ حَتَّى يَسْأَلَهُ عَنْ أَهْلِ بَيْتِهِ خَاصَّةً)[1] واتە: خوای گەورە ڕەعییەت (کۆمەڵە کەسێك) بە هەرکەسێك بدات واتە بیانکاتە بەرپرسیان -کەم بن یان زۆر- حەتمەن خوای گەورە لەڕۆژی قیامەتدا لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکات کە ئایا بەپێی دینی خوای گەورە ئاراستەی کردن و لەگەڵیاندا هەڵسوکەوتی کرد و پێیگەیاندوون، یان فەوتاندونی؟ تەنانەت لەیەك یەکی ئەندامانی خێزانەکەی خۆشی لێی دەپرسێتەوە و موحاسەبەی دەکات لەسەریان.

٤- زانستی:

مەرجە خەلیفە زانا بێت، پێش هەموو زانستییەك دەبێت شارەزایی لەئەحکامەکانی شەرعدا هەبێت، چونکە ئەو بەرپرسە لە ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنیاندا، حوکمی وڵاتیش بەو ئەحکامانە دەکات، ئاراستەی کۆمەڵگە و ئیدارەی دەوڵەت بەدینەکە دەکات، بۆیە هەر دەبێت شارەزاییەکی تەواوی لەدینەکەدا هەبێت، ئەگەر وانەبێت نابێت بکرێتە خەلیفە، هەندێك لەزانایان و شەرعناسان دەفەرموون: هەر ئەوندە بەس نییە کە شارەزای ئەحکامی شەرع بێت و موقەللید بێت، بەڵکو دەبێت لەئاستی موجتەهیددا بێت، چونکە بەڕاوبۆچوونی ئەو زانایانە خەلیفە دەبێت بتوانێت ڕاوبۆچوون هەڵسەنگێنێت و ئیجتیهادی

---

[1] ئەحمەد (٤٦٣٧)، شێخی ئەرنائوطیش لە (تخریج المسند)دا دەفەرموێ: (صحیح)ە.

خۆیان تێدابکات، بەڵام زۆرینەی دەفەرموون گەیشتنی بەئاستی موجتەهیدی مەرج نییە، هەبوونی شارەزایی لەئەحکامەکاندا بەسە، با موقەللیدی مەزهەبیش بێت.[1]

هەر ئەوەندە زانینە بەس نییە کە شارەزای ئەحکامی ئیسلام بێت، بەڵکو دەبێت ڕۆشنبیرییەکی قووڵ و بەرفراوانی دەربارەی دنیاش هەبێت، دەربارەی زانستییەکانی سەردەمی خۆی، ئەگەر لەیەکێکیاندا تایبەتمەندی (تەخەسوس)یشی نەبێت، دەبێت لەهەموویان بزانێت، دەبێت شارەزای مێژوو و جوگرافیای وڵاتان بێت، ئاگای لەهەواڵیان بێت، شارەزای دەستووری نێودەوڵەتی و یاسا و ڕێسای دیبلۆماسی و جۆری ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندییە سیاسییەکان هەبێت و سەری لەکوتلە بازرگانی و داراییەکان دەرچێت و بزانێت چۆن بەڕێوەدەبرێن (کورت و پوخت دەبێ مەوسوعی بێت).

٥- سەرڕاستی (العدالة):

مەرجە خەلیفە سەرڕاست و دادپەروەر و جێمتمانەبێت، چونکە ئەو لە پۆستێکدا دەبێت کە سەرپەرشتی هەموو دەزگا و پلە و ئاستەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەگەی دەکات.. سەرڕاستی (العدالة) لای شەرعناسان بریتییە لە

(١) المواقف (ل ٦٠٥)، المحلي (٦٣٢/٩)، أسنى المطالب وحاشية الشهاب (ل ١٠٨)، الملل والنحل (١٦٦/٤)، الموردي : الأحكام السلطانية ()، الفراء: الأحكام السلطانية (ل ٥)، المسامرة (١٦٣/٢)، الخلافة (ل ١٦).

پابەندبوون بە فەرزەکانی ئیسلام و سیفەتەکانی پیاوچاکی و دینداری و تەقواوە، کە دووربێــت لە گونــاح و تــاوان و هەر ڕەفتارێــك کە جــوامێریتیی لەکەدار دەکات.. هەندێکیان فەرموویانە دەبێ سەرڕاسـت مەلەکە بێـت، واتە بووبێـت بە سیفەتی کەسایەتی و سروشتی ئاوا ڕەفتاربکات، نەك زۆر لەخـۆی بکـات، بەڵام زۆرینەیـان دەفەرمـوون ئەگەر مەلەکەش نەبێـت و زۆرلەخـۆی بکـات وابێـت، دوایی لەسەری رادێت و ئەو سیفەتانەی بۆ دەبنە مەلەکەی سروشتی و ڕەوشـتی جێگیری..[1]

٦- شیاوێتی و لێهاتوویی:

خەلیفە دەبێت ئەوەندە لێهاتوویی تێدابێت کە بزانێـت و بتوانێـت ڕێـبەری بکات، بتوانێت وەکو فەرماندەی لێوەشاوە ڕەفتار بکـات.. دەبێـت ئەوەنـدە سـیفەتەکانی سـەرکردەیی تێـدا بێـت کە (بەس) بێـت بـۆ پێشــەوایەتی بـۆ ئاڕاسـتەوانێتی کـۆمەڵگە و بەڕێـوەبەرێتی و سیاسـەتمەداری تـا بتوانیـت ئیدارەی دەوڵەت ببات بەڕێوە، شەرعناسـان دەفەرمـوون لێهـاتوویی ئەوەیە کە لە هەر سیفەتێکی پێشەوایەتی و بەڕێـوەبەری و سـەرکردایەتی بڕێکـی (بەس)ی تێدابێت..

---

(١) الملـل والنحـل (١٦٧/٤)، مقدمـة إبـن خلـدون (ل ١٨٣)، المواقـف (٦٠٥ – ٦٠٦)، المسـامرة (١٦٢/٢-١٦٤)، الماوردي: الأحكام السلطانية (ل ٤)، الفراء: الأحكام السلطانية (ل ٦٢٥).

٧- لەش ساغی:

لەش ساغی واتە سەلامەتی هەستەوەرەکانی و ئەندامانی لەشی لەنوقوسانی و پەککەوتوویی وەکو کوێری، کەڕی، لاڵی، بێ دەست وقۆڵی، زانایان دەفەرموون نەقسانێتی ئەمانە لە چالاکی و توانای کەمدەکاتەوە یان تاتوانێت بەتەواوی هەست بکات و کار ئەنجامبدات.

٨- قورەیشێتی:

ئەمە مەرجێکە شەرعناسان تێیدا ڕاجوێن، جمهوری پێشەوایان (سێ لە چوار ئیمامەکە) ڕایان وایە کە قورەیشێتی مەرجە لە پالێوراوی خەلیفایەتیدا هەبێت، بەڵگەشیان ئەو فەرموودانەیە کە لەپێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) ڕیوایەت کراوە، وەکو:

- (الأَئِمَّةُ مِنْ قُرَيْش)[١] واتە: پێشەوایان/ خەلیفە دەبێ لە قورەیش بێت.

- (الأَئِمَّةُ مِنْ قُرَيْشٍ مَا إِذَا حَكَمُوا عَدَلُوا)[٢] واتە: ئەمیرەکان لە قورەیش دەبن، کە حوکمدەکەن دادپەروەر دەبن.

- (الْأَئِمَّةُ مِنْ قُرَيْشٍ إِنَّ لَهُمْ عَلَيْكُمْ حَقًّا، وَلَكُمْ عَلَيْهِمْ حَقًّا مِثْلَ ذَلِكَ، مَا إِنْ اسْتُرْحِمُوا فَرَحِمُوا، وَإِنْ عَاهَدُوا وَفَوْا، وَإِنْ حَكَمُوا عَدَلُوا، فَمَنْ لَمْ يَفْعَلْ ذَلِكَ مِنْهُمْ،

---

[١] حاكم و بەیهیقی و ئەحمەد و نەسائی، سەحیحە.

[٢] ئەحمەد و ئەبویەعلا و حاكم، (سەحیحە).

فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ، وَالْمَلَائِكَـةِ، وَالنَّـاسِ أَجْمَعِـينَ)[1] واته: پێشـەوایان/ خەلیفەکـان لە قورەیش دەبن، من حەقـم لەسـەرتانە، و ئەوانـیش (قـورەیش) حەقـی لەسـەرتانە، ئەوانە ئەگەر داوایـان لێبکرێـت بە بەزەیـیەوە دێـن بەدەنـگەوە، کە بەڵـێن دەدەن دەیبەنە سەر، کە حوکم/ دادوەری دەکەن دادپەروەردەبـن. هەرکەسـێکیان بـوو بە ئەمیـر و وای نەکـرد لەعنەتـی خـوای لـێ بێـت و فریشـتە و خەڵکـیش بـا هەرهەموویـان دوعایـان لێـبکەن کە خـوای گەورە لە رەحمەتـی خـۆی دووریـان بخاتەوە.

- (إنَّ هذا الأمْرَ في قُرَيْشٍ لا يُعَادِيهِمْ أحَدٌ، إلَّا كَبَّـهُ اللَّهُ عـلَى وجْهِـهِ، مـا أقَـامُوا الـدِّينَ)[2] واتە: ئەم پێشـــەوایەتیە دەبـــێ لە قورەیشـــدا بێـــت، هەرکەســـێك دوژمنداریێتیان بکات لەسـەری خـوای گەورە لەسـەر ڕوو ڕایدەکێشـێتە ئـاگری دۆزەخەوە.. مادام پێشەوا قورەیشیەکان دینەکە پیادە دەکەن، نابێـت کەس لێیـان هەڵگەڕێتەوە.

- (إنَّ هَذَا الأَمْـرَ فِي قُـرَيْشٍ مَـا إِذَا اسْـتُرْحِمُوا رَحِمُـوا وَإِذَا حَكَمُـوا عَـدَلُوا، وَإِذَا قَسَمُوا أَقْسَـطُوا فَمَـنْ لَـمْ يَفْعَـلْ ذَلِـكَ مِـنْهُمْ، فَعَلَيْـهِ لَعْنَـةُ اللَّهِ، وَالمَلَائِكَـةِ، وَالنَّـاسِ أَجْمَعِينَ)[3] واتە: ئەم پێشەوایەتییە هەر لە قورەیشـدا دەبێـت، ئەوان بەبەزەیـیەوە

---

[1] ئەحمەد (١٢٣٠٧)، نەسائی لە (السنن الكبرى) (٥٩٤٢)، تەبەڕانی لە (المعجم الأوسط) (٢١٧١) بەکەمێك جیاوازی، شێخی ئەرنائوطیش لە (تخريج المسند) بە (صحيح)ی داناوە.

[2] بوخاری (٣٥٠٠).

[3] ئەحمەد (١٩٥٥٩) ، بەززار (٣٠٦٩)، تەبەڕانیش لە (الصغير) و (الأوسط)دا هێنـاویەتییەوە و پیاوانی سەنەدەکەی جێ متمانەن.

بەهانای ئەو کەسەوە دەچن کە هاواریـان بـۆ دەهێنێـت، ئەوان ئەگەر حـوکمڕانی/ داوەریی بکەن دادپەروەرانە دەیکەن، کە دەسـکەوت (غەنـیمەت) دابەشـدەکەن، دادپەروەرانە دابەشیدەکەن، هەرکەسێکیان بەرپرس بێـت و وانەکـات دەکەوێـتە بەر لەعنەتی خوای گەورە و فریشتەکان و هەموو خەڵکـیش دوعـای لێـدەکەن و نەفرینی لێدەکەن.

- (أَمَّا بَعْدُ، يَا مَعْشَرَ قُـرَيْش، فَـإِنَّكُمْ أَهْـلُ هَـذَا الأَمْـرِ، مَـا لَـمْ تَعْصُـوا اللَّهَ، فَـإِذَا عَصَيْتُمُوهُ بَعَثَ عَلَيْكُمْ مَنْ يَلْحَاكُمْ كَمَا يُلْحَى هَذَا القَضِيبُ - لقضيب في يده - ثُمَّ لَحَا قَضِيبَهُ فَإِذَا هُوَ أَبْيَضُ يَصْلِدُ)[1] واتە: پاشـان، ئەرێ هـۆ گەلـۆی قورەیشـی، ئێـوە ئەگەر سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە نەکەن، هەر ئێوەش پێشەوای بەرپرسـی ئەم دینە دەبن، ئەمما ئەگەر سەرپێچی فەرمـانی خـوای گەورەتـا تێـداکرد، خـوای گەورە کەسـانێکتان دەنێـرێتە سـەر وەکـو قـامیش داتانماڵێـت - قامیشـێکی بەدەستەوە بوو، لەوکاتەدا پاکی کرد/ توێکلەکەی داماڵی - کە توێکەڵەکەی لـێ دارنی قەدەکەی سپی و لووس دەرکەوت کە هیچی پێوەنەمابوو..

- (اسْتَقِيمُوا لِقُرَيْشٍ مَا اسْتَقَامُوا لَكُمْ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَقِيمُوا فَضَعُوا سُيُوفَكُمْ عَلَى عَوَاتِقِكُمْ فَأَبِيدُوا خَضْرَاءَهُمْ، فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا فَكُونُوا زَرَّاعِينَ أَشْقِيَاءَ)[2] واتە: بە

---

[1] ئەحمەد (٤٣٨٠)، هەروەها ئەبو یەعلا (٥٠٢٤) و تەبەڕانیش لە (المعجم الأوسط) (٨٥١٣) بەکەمێك جیاوازی، شێخی ئەلبانیش لە (السلسلة الصحيحة)دا بە (صحيح)ی داناوە.

[2] ئەحمەد (٢٢٤٤٢) ، خەتیب (٣٦٧/٣)، تەبەڕانی لە (الأوسط) (٧٨١٥) و (الصغير) (٢٠١)، هەیثەمیش (١٩٥/٥) دەفەرموێ: پیاوانی سەنەدی (الصغير) جێ متمانەن، بەڵام شێخی ئەلبانی لە (السلسلة الضعيفة) (١٦٤٣) بە (ضعيف)ی داناوە.

ئەمیرێتی قورەیشەوە پابەندبن مادا ئەوان سەرڕاستانە پێوەی پابەندبن، ئەگەر سەرڕاستانە پێیەوە پابەندنەبوون، شمشێرتان لەشان بهێننە خوارەوە و سەوادیان ڕیشەکێش بکەن (ڕەشکوژیان بکەن/ قەتڵوعامیان بکەن)، ئەگەر واتان نەکەن ببن بە جوتیارێکی ماندوو باشترە.

- بەڵگەیەکی تری جمهوری پێشەوایان لەوەدا کە خەلیفە دەبێت لەقورەیش بێت کۆڕا (ئیجماع)ی یاوەرانە خوا لێیان ڕازی بێت، سەیدنا ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت لە ڕۆژی (سەقیفە)دا لەوەڵامی ئەنصاردا کە فەرموویان ئەمیرێك لە ئێمە و ئەمیرێك لە ئێوە (موهاجیرانی مەککە) ئەم فەرمووی: پێشەوا دەبێت لە قورەیش بێت، ئیتر لە داوەکەیان وەستان، جا سەیدنا ئەبوبەکر فەرمووی: (نَحْنُ الأُمَرَاء وَأَنْتُمْ الوُزَرَاء)[1] واتە: ئەمیر لە ئێمەو وەزیر لە ئێوە.

خەواریجەکان و هەندێك لە موعتەزیلە دەڵێن مەرج نییە خەلیفە قورەیشی بێت، بەڵکو هەرموسوڵمانێك - عەرەب بێت یان عەجەم - کە پابەندبوو بە قورئان و سووننەتەوە بۆی هەیە ببێت بە خەلیفە، بەڵگەی جمهور بەوە ڕەتدەکەنەوە کە گوایا فەرمودەی ئاحادن (یەك یاوەر گێڕاوێتیەوە)..تەنانەت (ضراری کوڕی عومەر) دەفەرموێ: خەلیفە قورەیشی نەبێت چاکترە، چونکە ئەوکاتە لادان و

---

[1] ماوردي: الأحكام السلطانية (ل ٥)، الفراء الحنبلي: الأحكام السلطانية (ل ٥)، الخلافة (ل ٦)، المسامرة (ل ١٦٤)، مقدمة إبن خلدون (٢/)، المواقف (ل ٦٠٦)، الملل والنحل (٤/٨٩)، المحلى (٩/٣٥٩)، أسنى الطالب (٤/١٩٠).

گۆڕینی ئاسانتر دەبێت مادام لە هۆزێکی تربێت کە لە قورەیش زەعیفتر و کەمتر بێت.

کە قورەیش لاواز و پەرتەوازەبوون و دەمارگیری وتەباییان لەناودا نەماوە و کەوتنە ژیانی حەوانەوە و دەوڵەمەندییەوە توانای هەڵگرتنی بەرپرسێتی خیلافەتیان نەما و عەجەم (فارس و تورك و...) زاڵبوون بەسەریاندا و دانان و لادانی خەلیفە کەوتە دەست ئەوان، بۆیە شەرعناسانی دوایی کەوتنە ڕاجوێیەکی زۆرترەوە لەسەر مەرجی قورەیشێتی، بۆیە هەندێکیان نکوڵیان هەرلەوە کرد کە مەرجێك بووبێت! ووتیان: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) کە فەرموویەتی: (إِسْمَعُوا وَأَطِيعُوا وَإِنِ اسْتُعْمِلَ عَلَيْكُمْ عَبْدٌ حَبَشِيٌّ كَأَنَّ رَأْسَهُ زَبِيبَةٌ)[1] واتە: گوێڕایەڵ و ملکەچ بن ئەگەر قولێکی حەبەشیش کرا بەئەمیرتان کەسەری وەکو دەنکە مێووژبێت. هەروەها کەسەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت بۆ خەلیفایەتی دوای خۆی فەرمووی: (لَوْ كَانَ سَالِمُ مَوْلَى أَبِي حُذَيْفَةَ حياً لَوَلَّيْتُهُ) ئەحمەد واتە: ئەگەر سالمی خزمەتکاری حوزیفە (کۆیلەکراوی ئازادکراوبوو) زیندووبووایە ئەوم دەکردە خەلیفە.. (دەمپالاوت بۆی)، سالم قورەیشی نەبوو.. هەروەها بەڵگەی تریان ئەوەیە کەسەیدنا عومەر دەیفەرموو: (إِنْ أَدْرَكَنِي أَجَلِي وَأَبُو عُبَيْدَةَ حَيٌّ اِسْتَخْلَفْته، فَإِنْ أَدْرَكَنِي أَجَلِي وَقَدْ مَاتَ أَبُو عُبَيْدَةَ اِسْتَخْلَفْت مُعَاذ بْن جَبَلٍ)[2] واتە: ئەگەر بگەمە سەرەمەرگ و ئەبوعوبەیدە زیندووبێت داوا

---

[1] بوخاری (٦٩٣).

[2] ئەحمەد (١/ ١٨) (١٠٨). ئیبنو حەڤەری عەسقەلانی لە (فتح الباري) (١٣/ ١٢٧) دەفەرموێ: پیاوانی سەنەدەکەی جێمتمانەن.

دەکەم بکرێتە خەلیفە، ئەگەر بگەمە سەرەمەرگ و ئەبوعوبەیدە کۆچی دوایی کردبێت داوا دەکەم مەعازی کوڕی جەبەل بکرێتە خەلیفە.. ئاشکرایە کە مەعاز لەپشتیوانانی خەڵکی مەدینەیە و نەقورەیشییە و نەمەککەیی.. بەڵگەی تریان ئەوەیە کە ئەمیرانی جەنگ: عبداللەی کوڕی رەواحە و زەیدی کوڕی حارثە و ئوسامەی کوڕ زەید هیچیان قوڕەیشی نەبوون و بووشنە ئەمیر.. بۆیە ئەبوبەکری باقلانی دەفەرموێ: هەر ئەوە بەسە بۆ بەڵگەهێنانەوە کە قوڕەیشێتی نابێت مەرج بێت کە ئێستا قوڕەیش هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە و بزربووە و هەموو کاروبارێك وا لەبەردەست عەجەمەکاندایە..[1]

ئەوانەی قوڕەیشێتیەکەیان بەلاوە مەرجە ئەم بەڵگانە رەت دەکەنەوە و دەڵێن: ڕیوایەتەکەی لەسەر ئەمیرێتی قوولی حەبەشییە لەسەرە خەلیفایەتی نییە، بەڵکو ئەمیرێتی وکاربەستی خواروترە، ئەوانەی سەیدنا عومەریش دەشێت ئیجتیهادی شەخسی خۆی بێت ودواتر ڕای گۆڕیبێت! بەئەمیر دانانی عبداللەی کوڕی رەواحە و دوو یاوەرە بەڕێزە ناوبراوەکانی تر ئەمیرێتی جەنگ و جیهاد بووە نەك ئەمیرێتی گشتی (خیلافەت).

- ئیبنوخەلدون رحمە الله شیکارێکی ووردەکارانەی مەرجی قوڕەیشێتییەکە وا دەکات کەهەموو پەیوەندی بەهەبوونی هێز و دەسەڵاتی ماددی ومەعنەویی ئەو زەمانەی قوڕەیشەوە هەبووە، کەدەمارگیر و تەبا و یەکبوون.

---

[1] (عون الباري) لەگەڵ (نیل الأوطار) (٨ / ٤٩٦)، مقدمة ابن خلدون (١٨٣).

دەفەرموێ: (لەبەرئەوەی کە قوڕەیش بڕبـڕەی پشـتی هـۆزی گەورەی (مُضَر ـ) بوون کە هەموو عەرەب ئیعترافیان بە هێـز و دەسـەڵاتیان دەکـرد، ئەگەر خەلـیفە لەغەیری ئەوان دیارییکرایە ئەگەری ڕێنەکەوتن و ئاژاوە زۆربوو کە ڕوو بـدات، چـونکە لەوانەبـوو تەسـلیم بەفەرمـانەکە نەدەبـوون و گوێڕایەڵییـان نەدەکـرد، هۆزەکانی تـریش لەتوانایانـدا نەدەبـوو ناچـاری ملکەچییـان بـکەن و نەشـدەکرا هــۆزێکی گەورەی مەرکەزیـــی نـــاوعەرەب بە نـــابەدڵی ڕاکێشرـــێتە ژێـــر دەسەڵاتێکەوە کە پێی ڕازی نەبوون، بۆیە حەتمەن خەڵکی یەکـدەنگ نەدەبـوون و زوو دووبەرەکـی ڕوویـدەدا.. ئەمەش ئەوەیە کە شـەرع نەیویسـتووە و ڕێـی لێگرتووە، بەڵام بە پێچەوانەوە کە قوڕەیش کارەکەی گرتەدەست ئاسـان توانیـان زاڵبن و ناکۆکی نەهـێڵن، بەهێـزی مەرکەزیـی مـاددی و مەعنەویـی خۆیـان زوو خەڵکەکەیـان هێنـایە ژێربـاری خـیلافەت و نەیانهێشـت دووبەرەکـی و ئـاژاوە ڕووبدات، نەیانهێشت کەس لەفەرمانیان دەرچێـت چـونکە لەتوانایانـدا بـوو ڕێ لەهەموو تەفرەقە و دووبەرەکی و پشـێوییەك بگـرن، بـۆیە مەرجـی قوڕەیشـێتی لەوسەردەمەدا لە جێـی خۆیـدابوو، زۆر کـاریگەربوو.. قـوڕەیش لەوسـەردەمەدا زۆربوون، تۆکمە و یەکبووبوون، دەمارگیر و پتەوبـوون، مەنـزیلەی ناوعەرەبیـان بەهێزبوو، لەناوەندی هۆز و جێگـا و ڕێگـای هەموانـدابوون، پیاوماقوڵیـان قسـە ڕۆیشـتوو بـوون، قـوڕەیش تەوەری کـۆکردنەوەی هەمـوو تیـرە و بەرەبابەکـانی مـوزەڕ (مُضر ـ)بوو، بـۆیە ئاسـان هەمـوو عەرەب هـاتنە ژێـر دەسـەڵاتیانەوە و دەوروبەرانیشـیان ملکەچییـان بـۆ دەسـەڵاتی مەرکەزیـی دینـەکە بە ئەمیرێتـی قـوڕیش دەربـڕی، تەنـانەت ئاسـان سـەربازی قوڕەیشـی دەبـووە فەرمانـدەی

لەشکرێك و ئاوا لەژێر فەرماندەیی قورەیش عەرەب کەوتنە جەنگ و جیهـاد نەك هەر دژ بە بەرهەڵستکارانی عەرەب بەڵکو بەرامبەر دوو دەوڵەتی زەبەللاحی ئەو سەردەمە: فارس و ڕۆم. تا قورەیش بەهێزما خیلافەتـیش بەهێزبـوو، کە قـورەیش لاواز و پەرتەوازەبوو خیلافەتیش لاوازبوو، کاریگەریی عەرەبـیش نامـا چ جـای قـورەیش و مەرجـی قورەیشـی بـوونی خەلـیفە، کەوابـوو مەرجـی قورەیشـێتی پەیوەندی بەهێز و پێزی ئەو زەمانەی قورەیشەوە هەبوو، شـەریعەتی ئیسـلامیش ئەحکـامێکی تێـدا دانەڕێـژراوە کە تـایبەت بێـت بەقەوم و نەوە و کـات وشوێنێکەوە، هەرکەسێك هێز و توانای کیفایەت (بەسبوون)ی هەبێـت قـابیلێتی خیلافەتی پـێ بسپێررێت. هەرکەسـێك ئەو سـیفەتانەی ئەو زەمـانەی قورەیشـی تێدا هاتە دیی، دەتوانین هەڵیبژێرین بۆ خـیلافەت، کە بـریتیە لەشـیاویی خـۆی و هێزی مەرکەزی و تۆکمەیی تیرە و هۆزەکەی.. بۆیە مەرجـی ئـێمە ئەوەیە لەسـەر کەسێك کە کاروباری موسوڵمانان دەگرێتە ئەستۆ لە قەومێك بێت کە خاوەن هێـز و تۆکمە و بەتوانابن، کە دەڕوانیتە خاڵی نهێنی خوایی لە خیلافەتـدا نابینیـت لەم خاڵە تێپەڕێت، چونکە خوای گەورە خەلیفەیاتی بـۆیە بڕیـار داوە تـا بەبریکـاریی ئەو کاروبـاری خواناسـی و خواپەرسـتی بچەسـپێت و کاروبـاری خەڵکـی و بەژەوەندیشـیانی پـێ ڕێکخرێـت و زیانیـان لـێ دوور بخـرێتەوە، ئەمـانەش بەکەسـێك دەکـرێن کە خـۆی لەخۆیـدا بەهێزبێـت و توانـای بەسـەر ئەم ئەرکەدا بشـکێت، (وجـود)یش شـاهێدی ئەمەیە، نابینرێـت کاروبـاری ئوممەتێـك یـان نەوەیەك ڕێکوپێك خرابێت و بەرژەوەندییان هاتبێتە دەسـت ئـیلا لەسـەر دەسـتی کەڵەپیاوانێکی هەڵکەوتوو و لێوەشـاوە و بەهێـز بـووە، کە توانیـوێتی زاڵ بێـت

بەسەرهەمواندا و بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، ئەگەری ئەوە کەمە فەرمانێکی شەرعی لەگەڵ کاروبارێکی وجوددا یەك نەگرنەوە).(١)

دیارە کە بۆچوونی ئیبنوخەلدوون ئەوەیەکە بۆیە قورەیشێتی بووە مەرجێکی خیلافەت لەبەرئەوەی قورەیشی ئەو سەردەمە بەهێز و زاڵ بوو، ئەم مافەی بەنەمانی هێزوزاڵێتی و دەسەڵاتەکەی نامێنێت، کەوابوو قورەیشێتی لەدیدی ئیبنوخەلدوونەوە بریتییە لە هەبوونی هێزی زاڵ و مەرکەزێتی لەدەست و دەوری پاڵێوراوی خیلافەتدا.

ئەمەش فەرامۆش نەکەین کە جمهوری شەرعناسان کە قورەیشێتییەکەیان بەمەرجی خەلیفە دanاوە، فەرمووشیانەکە خیلافەتی موسوڵمانی زۆردار (ئینقیلابچی) جائیزە با قورەیشیش نەبێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا دژی بەمەرجدانانی قورەیشێتییکەیانە، بەڵام هەنجەتیان ئەوەیە کە فەرموویانە زەرووڕەتی واقیعەکە ئەوەی خواستووە.

***

ئەمە ئەو مەرجانەیەکە دەبێت لە خەلیفەدا هەبێت، هەبوون یان ئیزافەکردنی مەرجی تر ڕێی لێ نەگیراوە، مادام بەرژەوەندیی دین و دنیای موسوڵمانان بیخوازێت.

---

(١) مقدمة إبن خلدون (ل ١٨٤ – ١٨٥).

بۆنموونە دەشێت تەمەنێکی دیاریکراو بۆ خەلیفەیـاتی دابنرێـت، کە بووترێـت مەرجە تەمەنی لەوەندە کەمتر نەبێت یان هەبـوونی بڕوانـامە یـان تایبەتمەنـدێتی (تخصص)ی زانستییەکی شەرعی یان ئەکادیمی (وەکو دەرچووی کـۆلێژی یاسـا یان سیاسەت بێت) یان هەر مەرجێکـی تر کە بەرژەوەندی زیاتری پـێ بێتەدیـی، یان بارودۆخی ئەوکاتە پێویستی بکات [(هەمـووی پەیوەسـتە بەبڕیـاری ئەهلـی شورای موسوڵمانانەوە)][1].

[1] نێوان ئەم [()] جوت کەوانەیە قسەی سەعید حەووایە لە دوای قسەی عبدالقادر عۆدە رحمە اللە. - و -

# بڕگەی سێیەم:

## دانانی خەلیفە:

خاڵی یەکەم: ڕێگای شەرعیانەی خیلافەت:

ڕێگـای شـەرعیانەی دانـانی خەلـیفە یەکە و نابێـت بەدوو، ئەویـش بـریتیە لە هەڵبژاردنــی لەلایەن (ئەهلــی حەل و عەقــد)ەوە کە ڕاوێژکــارانی ئــوممەت و هەڵکەوتــووانین، پاشــان قبــوڵ کردنــی کەســەکە خــۆی کە ببێــتە خەلــیفە. خیلافـەت گرێبەسـتە، لایەنێکـی خەلـیفەیە و لایەنەکەی تـری خـاوەن دیـدوڕای ئوممەتن، گرێبەست دوو مەرجی: خستنە پێشچاو و قبوڵ کردنی دەوێـت، خسـتنە بەرچاو لەلایەن ڕاوێژکاران و هەڵکەوتەکانی ئوومەتەوە (ئەهلی شـورا) دەبێـت کە بـریتییە لەهەڵبژاردنـی خەلـیفە، لەبەرامبەریشـدا خەلـیفە قبـووڵ دەکـات کە پۆستەکە وەرگرێت.

ئەمە ڕێگا شەرعییەکەی هەڵبژاردنی خەلیفەیەکە ئوممەت لەدوای کۆچی دوایـی کردنی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) گرتیانەبەر.. هەموو خەلیفە ڕاشیدە بەڕێزەکان ئاوا هەڵبژێران، دەتوانین بگەڕێینەوە سەرچۆنیەتی خیلافەت وەرگرتنی هەریەکێکیان و ئەوبارودۆخانەش دیراسـە بکەیـن کە بـوونە کـاتی هەڵبژاردنـی هەریەکەیان و دەشێت زانستیانە توێژینەوە بۆ هەریەکێکیان بکرێت.

- بەیعەتی سەیدنا ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت:

کاتێك پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) کۆچی دوایی کرد، پشتیوانان (ئەنصار: خەڵکی مەدینە) کۆبوونەوە لە کەپر و ساباتێك پێی دەوترا (سەقیفەی بەنوساعیدە) کە لەوەودوا بە(سەقیفە) ناسرا، ئەوانەی لەوێ بوون سەعدی کوڕی عوبادەیان هەڵبژارد تا ببێتە ئەمیر.. سەیدنا عومەری کوڕی خطاب خوا لێی ڕازی بێت کە هەواڵەکەی پێگەیشت چووە لای سەیدنا ئەبوبەکر و پێی ڕاگەیاند.. پێکەوە تەشریفیان برد و لەڕێگایاندا سەیدنا ئەبو عوبەیدەی کوڕی عامری کوڕی جەڕاحیشیان خوا لێی ڕازی بێت لەگەڵ خۆبرد، سەیدنا ئەبوبەکر ووتەیەکی کورتی بۆ ئامادەبووان دا و فەرمووی کە ئەم پلە و پۆستە ناشێت لەقورەیشدا نەبێت، پاشان دەستی سەیدنا عومەر و سەیدنا ئەبوعوبەیدەی بەرزکردەوە و فەرمووی یەکێك لەم دووپیاوەی بۆ هەڵبژاردن کە پڕاوپڕ شیاوبن، ئەوانیش هەردووکیان فەرموویان: بەخوا قەسەم بەسەر جەنابتدا نابین بەئەمیر، جەنابت باشترین کەسی موهاجیران جێنشینی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) بوویت لە پێشنوێژیدا، دەستت بێنە تا بەیعەتت بدەینێ، پێش ئەوەی ئەوان دەست بخەنە ناودەستی سەیدنا ئەبوبەکرەوە بەشیری کوڕی سەعد خوا لێی ڕازی بێت کە لەناودار و پیاوماقووڵانی ئەنصاربوو دەستی گەیاندە دەستی سەیدنا ئەبوبەکر بەیعەتی پێدا.. ئینجا پۆل پۆل خەڵکەکە کە هاتنە خزمەتی و بەیعەتیان پێدا، بۆ سبەینێ سەیدنا ئەبوبەکر تەشریفی بردە مزگەوت و خەڵکەکەی تریش بەیعەتیان پێدا کە بەیعەتی گشتی حسێبە.

ئەمە خەلیفەبوونی سەیدنا ئەبوبەکرە کە بەرەزامەنـدی موهـاجیران و ئەنصـار بوو، کە سەرەتا ئەهلی پرس و ڕاوێژی هەردوولا ڕازیبوون بەپاڵاوتن و هەڵبـژاردن و پاشـان بەیـعەت پێـدانی و سـەیدنا ئەبـوبەکریش بڕیـاری قبووڵکرنیـدا، ئەم هەڵبـژاردنەی سـەیدنا ئەبـوبەکر لەگەڵ فەرمـانی خـوای گەورەدا بەڕاوێژکردنـی موســـوڵمانانـدا گونجـــاوە کە دەفەرمـــوێ: ﴿وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ ۝٣٨﴾ الشـورى: ٣٨ واتە: کاروباری موسوڵمانان لەناوخۆیاندا بەڕاوێژە.

بێگومان گەورەتـرین و گـرنگترین کاروبـاری هاوبەشـی هەمـوو موسـوڵمانان دانـانی ئەمیـری گشـتییانە کە خەلـیفەیە و حوکمیـان دەگـرێتە دەسـت، بـۆیە هەردەبێت بەشوورا بێت.. پێویستە لەهەموو هەڵبژاردنێکی خەلـیفەدا موسـوڵمانان ئەو پـرس و ڕاوێـژە بەیەکتریـی بـکەن و لایەقـی ئەو وەسـفە خـواییەبن کە فەرموویەتی کاروباری موسوڵمانان بەڕاوێژە.

- بەیعەتی سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت:

کاتێك سەیدنا ئەبـوبەکر گەیشـتە سـەرەمەرگی، ڕاوێـژی بەزۆریـنەی یـاوەرانی دەوروبەری کردبوو کە کێ لەدوای خۆی شیاوە ببێتە خەلـیفە، ڕای خـۆی و زۆر لەوانیش لەسەر سەیدنا عومەری کوڕی خطاب خوا لێی ڕازی بێت کۆبوو، بـۆیە نـامەیەکی وەکـو وەسـێتنامە نووسـی کە تێیـدا نووسـیی: (أَمَّـا بَعْـدُ، فَـإِنِّي قَـدِ اسْتَخْلَفْتُ عَلَيْكُمْ عُمَرَ بْنَ الخَطَّابِ، وَلَمْ آلُكُمْ خَيْرًا) واتە: پاشان مـن بـۆ هێنـانەدیی خێر و چاکە بۆتان وا عومەری کوڕی خطاب دەکەمە خەلیفەتان دوای خۆم.

پاشان فەرمانییدا خەڵکەکە کۆبکرێتەوە و بۆیان بخوێندرێتەوە، کە بۆیان خوێندرایەوە سەیدنا ئەبوبەکر تەکانێکی دایەخۆی و لەخەڵکەکەوە دەرکەوت، ئینجا لێیانی پرسی: (أَتَرْضُونَ بِمَن اسْتَخْلَفْتُ عَلَيْكُمْ؟ فَإِنِّي مَا اسْتَخْلَفْتُ عَلَيْكُمْ ذَا قَرَابَةٍ، وَإِنِّي قَدِ اسْتَخْلَفْتُ عَلَيْكُمْ عُمَرَ فَاسْمَعُوا لَهُ وَأَطِيعُوا)[١] واتە: ڕازین بەوەکە دیاریم کردووە کە دوای خۆم ببێتە خەلیفەتان؟ من کەسێکی خزمی خۆمم دیاری نەکردووە، عومەرم دیاریکردووە.. سا ئێوەش گوێڕایەڵی بن و مەلکەچی فەرمانەکانی بن.. خەڵکەکەش ووتیان: (سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا) واتە گوێڕایەڵ و ملکەچین.

سەیدنا ئەبوبەکر پێش ئەوەی نامەکە بۆخەڵکی بنووسێت فەرمووی: (لَوْ تَرَكْتُهُ مَا عَدَوْتُ عُثْمَانَ، وَالْخِيرَةُ لَهُ - أي لعمر - أَنْ لاَ يَلِيَ مِنْ أُمُورِكُمْ شَيْئًا)[٢] واتە: ئەگەر عومەرم دەستنیشان نەکردایە(بۆ خەلیفایەتی) بێگومان وازم لە عوثمان نەدەهێنا، بەڵام عومەر بۆ ئەم کارە باشترە بەوەی هیچ کارێکتان بۆ جێ ناهێڵێ.

ئەوە سەیدنا ئەبوبەکر (کە کەسی یەکەمی ئوممەتە دوای پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) نایەوێت هەر بەڕای خۆی و پیاوچاکانی دەوروبەری خۆی بکات، کەسێکیان بۆدیاریدەکات بەڵام دانانی خەلیفە دەخاتەوە بەردەستی خەڵکەکە تا ڕازیین یان ڕەفزی کەنەوە، دیاریکردنەکەی خۆشی بەرەزامەندیی ئەوان لەسەیدنا عومەرەوە دەبەستێتەوە.. سەیدنا ئەبوبەکر زۆر سەرکەوتووبوو

---

[١] الطبري (التاريخ) (٢/٣٥٢-٣٥٣)، الخلال (السنة) (ل ٢٧٦).

[٢] إبن الأثير (الكامل في التاريخ) (٢/ ١٧٨- ١٧٩).

لەدیــاریکردنی ڕەزامەەنــدی ســەیدنا عــومەر خــۆی لەوەرگرتنــی پۆســتی خەلیفـایەتیەکە، لەڕەزامەنـدیی خەڵـکەکەش لەسـەیدنا عـومەر، ئەگەر سـەیدنا عومەر ڕازینەبووایە نەدەکـرا، ئەگەر خەڵـکەکەش ڕازی نەبوونـایە هەرنەدەبـوو، خەڵکەکەگومانی باشیان بە سەیدنا ئەبـوبەکر هەبـوو، بـۆیە لەدیاریکردنەکەشـی دڵنیابوون کە لەبەرژەوەنـدی دیـن و دنیـای ئـوممەتەکەیە، دەیـانزانی کە سـەیدنا ئەبـوبەکر لە سەرڕاسـتی دینـدارێتی و تەقواکـاریی خـۆیەوەیەتی کە لەو سـاتە سەختەی کۆتایی تەمەنیدا سەیدنا عومەری هەڵبژاردووە، دەزانێـت کە هەرئێسـتا کۆچی دوایی دەکات و دەکەوێتە بەر موحاسەبەی خوای تاك وپاك.

ئەوانەی وایان زانیووە کە سەیدنا ئەبوبەکر سەیدنا عومەری بەخەلیفەی دوای خۆی دانا/تەعین کـرد، بەهەڵەدا چـوون، چـونکە لەو پرسـکردنەی بەخەڵـکەکەی بێئاگان، یان خۆی لـێ لادەدەن، ئەگەر سەیدنا ئەبوبەکر بە بڕیار سەیدنا عـومەری تەعین بکردایە پرسی بەخەڵکەکەی نزیکـی خـۆی وپرسـی ڕەزامەنـدیی خەڵـکە گشتیەکەی نەدەکـرد، لێینەدەپرسـین ئایـا ڕازیـن بەسـەیدنا عـومەر یـان نـا، هەر دایدەنا و ئەوانیش هەردەبوو ڕازی ببن چونکە بڕیاری خەلیفەکەیانە، بەڵام سەیدنا ئەبـوبەکر دڵنیـابوو، خەڵـکەکەش دەیـانزانی کە دانـانی حەقیقـی خەلـیفە مـافی موسوڵمانانە بەگشتی نەك مافی خەلیفە ئەبوبەکر.. دیاریکردنی سەیدنا عومەر بـۆ بەرچاوڕوونی خەڵکەکەیە کە ئەوە لەبەرژەوەندیی خۆتانە، دڵنیابن ئەوە پـاڵاوتنە نەك تەعین کردن، لەمەزهەبە فیقهییەکاندا ئەوە ڕۆشـنە کە هەڵبـژاردن مـافی ئەو کەسانەیە کە مافی هەڵبژاردنیان هەیە و ناشێت لەکەس زەوت بکرێت.

سەیدنا ئەبوبەکر مافی نەبوو خەلیفە لەدوای خۆی تەعین بکات[1]، چونکە دەشیزانی کە ئەوەی لەپۆستی خەلیفایەتیدایە نوێنەری ئوممەتە، دەبێت وەکو نوێنەر ڕەفتار بکات، نوێنەریش مافی ئەوەی نییە نوێنەرێکی تر لەجێی خۆی بۆ ئوممەتەکە تەعین بکات، چونکە ئوممەتەکە خۆی دەتوانێ و مافی خۆشیەتی کە نوێنەری نوێ هەڵبژێرێت، لەولاشەوە ئوممەتەکە سەیدنا ئەبوبەکری بۆ پۆستی خەلیفایەتی هەڵبژارد تا ماوەی خیلافەتی بەمردنی یان نەتوانین و پەککەوتنی کۆتایی دێت، کەوابوو کە کۆچی دوایی کرد خەلیفایەتییەکەشی تەواو دەبێت و خاوەن ماف -ئوممەتەکەیە- خەلیفەیەکی تر بۆ جێگا بەتاڵەکەی دادەنێت، ئەمە مافی ئوممەتە نەك مافی سەیدنا ئەبوبەکر، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەوەیش وەکو ئەو ڕاوێژکارە شیاوانەی دەوروبەریی بۆی هەیە ناوی کەسێك دیاریبکات کە بەشیاوی خەلیفایەتی دەزانێت، ئوممەتەکە بۆی هەیە دیاریکراوەکەی ئەو هەڵبژێرێت، یان دیاریکراوی ڕاوێژکاران یان خۆیان کەسێکی تر دیاریکەن و تەرحی کەن بۆ هەڵبژاردن.. ئەگەر ئوممەت سەیدنا عومەری رەفزبکردایا جێگای هیچ گلەییەك نەدەبوو.

- ئەگەر ئەو ودیاریکردنەی سەیدنا ئەبوبەکر بۆ سەیدنا عومەر تەعین کردنی بووایە، ئیتر چ زەڕوورەتێك دەما بۆ شەرعێتی وەرگرتنی سەیدنا عومەر بە بەیعەتدانی خەڵکەکە؟ بەیعەتدانی خەڵکەکەیە کە سەیدنا عومەری کردۆتە

[1] لە سیستمی جاهیلییەتی عەرەبی سعودییەدا شا عبداللە کە لەکۆتایی ساڵی (٢٠١٤)دا مرد وەلی عەهدی هەبوو، واتە ئەوی لەدوای خۆی دەبێتە مەلیك، کەچی وەلی عەهدیشی تەعین کرد!

خەلیفە نەك دیاریکردنەکەی سەیدنا ئەبوبەکر، چونکە خیلافەت بەبێ بەیعەتی ئوممەت باتڵە.

ئەگەر ڕای ئەوانەش بەهەند وەربگیرێت کە پێیان وایە ئەوەی سەیدنا ئەبوبەکر کردی تەعین کردنی سەیدنا عومەربوو دەبێ ئەوە بهێنرێتەوە پێش کە دیاریکردن/ تەعین کردنەکە هەر بەپرسوڕاوێژی ئەو پیاوچاکانەی دەوروبەریی سەیدنا ئەبوبەکر بوون (کە عادەتەن لە دە مژدە پێدراوەکەی بەهەشت و شەرعناسانی وەکو مەعازی کوڕی جەبەل و سەردارانی ئەنصار بوون)، کە ئەمان ڕەزامەندییان بۆ سەیدنا ئەبوبەکر دەربڕی نامەکەی بۆ خەڵکەکە نووسی کە من عومەری کوڕی خطابتان بۆ دیاریدەکەم.

- ئەمەش دەبێت ڕەچاوبکرێت کە سەیدنا ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت زۆر لەوە گەورەتر و لەخواترستر و سەرڕاستترە کە لێی بوەشێتەوە فەرمانی ئەو ئایەتە کەنار بخات کە دەفەرموێ: ﴿وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ ٣٨﴾ الشورى: ٣٨، تەعین کردنی خەلیفە لەدوای خۆی پەك خستنی تەواوی ئەم ئایەتە و ئیلغاکردنەوەیەتی.. کەسێکی وەکو سەیدنا ئەبوبەکر حاشا وەلیلا ڕەفتاری واناکات دەقێکی قورئانی کەنارخات و لەئوممەتی ئەو سەردەمەش ناوەشێتەوە و ناومکینە لەسەر ئەوە بێدەنگ بێت کە کاری کردن نییە و پێشێل کردنی مافی ڕەوای خەڵکەکەشە لەهەڵبژاردنی خەلیفەیەکدا بۆخۆیان.

- بەیعەتی سەیدنا عوسمان خوا لێی ڕازی بێت:

کاتێك سەیدنا عومەر خوا لێـی ڕازی بێـت خەنـجەرە ژەهـراوییەکەی لێـدرا و یاوەران لێی کۆبوونەوە عەرزیان کرد کەسێك دیاری بکە تا لەدوای خـۆت ببێـتە خەلیفە، فەرمـووی: ئەگەر کەسـێك دیـاری بـکەم، ئەوە پـێش مـن لەمـن چـاکتر دیاریکراوە (مەبەستی سەیدنا ئەبوبەکربوو خوا لێی ڕازی بێت)، ئەگەر دیـاریش نەکەم پێش من لەمـن چـاکتر دیـارینەکردووە (مەبەسـتی پێغەمـبەری خـوا بـوو (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم))، خـوای گەورە دیـنەکەی نافەوتێنێـت.. ئیـتر خەڵـکەکە چـوونەدەرەوە.. بەڵام دواتـر زوو هـاتنەوە و عەرزیـان کـرد ئەی ئەمیرولمـؤمنین مەرجێـك دانـێ وکەسـێك دیـارییکە، فەرمـووی: نەمویسـت نەبەزینـدوویی بەکـۆڵمەوە بێـت و نەبەمردوویـی.. لەمـن گەڕێـن بـڕۆنە لای ئەو پیـاوانەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) کە فەرمووی ئەوانە ئەهلـی بەهەشـتن کە بریتین لە: عەلـی و عوسـمان و عبـدالرحمان و سـەعد و زوبیـری کـوڕی عەوام و تەلحەی کوڕی عوبەیدواللە. لەوان یەکێـك هەڵبژێـرن، ئەگەر ڕازیبـوو و کـردی، پشتی بگرن و یارمەتیدەری بن.

کاتێك سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت کۆچی دوایی کـرد میقـدادی کـوڕی ئەسوەد خوا لێی ڕازی بێت ئەو ئەهلی ڕاوێژانەی لەماڵی خاتووعائیشە خـوا لێـی ڕازی بێت - دوای مۆڵەت لێوەرگرتنی - کـۆکردەوە، تەڵـحە غائیـب بـوو، کەوتـنە موناقەشە و مونافەسەی مەسەلەکە، سەیدنا عبدالرحمانی کوڕی عەوف خـوا لێـی ڕازی بێـت فەرمـووی، کێتـان خـۆی لـێ دێنێـتەدەرەوە و پەیـمان دەدات کە

چاکترینتانی بۆ دیاریبکات.. هەموو بێدەنگ بوون، پاشان خۆی فەرمووی وا مـن خۆم لـێ هێنایە دەرەوە و خـۆمی بـۆ نـا پـاڵێوم.. ڕازیبـوون و پەیمانیـان دایـێ کە یارمەتیدەر و پشتیوان بن لەبەرنگـاریی کردنـی هەر کەسێکیاندا ئەگەر بـوو بە خەلیفە و گۆڕیی (سیستم و هەڵوێستی گۆڕیی).. پاشان پێیان فەرموو: ڕازین تۆ یەکێـك لە ئـێمە هەڵبژێریـت، ئەویـش پەیمانـی دانـێ کە یەکـێ هەڵبژێرێـت بـێ ڕەچاوکردنی خزمایەتی و نزیکی و بەرژەوەندی موسـوڵمانان لەبەرچـاو بگرێـت و بەس.

سەیدنا عبدالرحمان ماوەی سێ ڕۆژ بەناو هەموو پیاوە ناودارەکـانی یاوەرانـدا گەڕا و پرسی پێکردن، داوای ڕاوێژی لەزانایان و فەرماندەی لەشـکر و ئەشرافـی موهاجیران و ئەنصار کـرد، تەنـانەت شـەوی کۆتـایی سـێ ڕۆژەکە هەرنەخەوت، هەر ئەمی دەبینی وئەوی بەڕێ دەکرد تا نوێژی بەیانی هـات، ڕۆژی چـوارەم -کە مـــۆڵەتەکە تواوبـــوو- گەورە پیـــاوانی موهـــاجیران و ئەنصـــار و فەرمانـــدەی لەشـکرەکان و ئەهلـی فەزڵ و موسـوڵمانە کۆنەکـانی سـەرەتای وەحیـی هەمـوو لەمزگەوت کۆکردەوە، تا پڕبوو، پاشـان ڕووی کـردە خەڵـکەکە و فەرمـووی ڕای خۆتانم بۆدەربڕن، عەمماری کوڕی یـاسر خـوا لێـی ڕازی بێـت فەرمـووی: ئەگەر دەتەوێت خەڵکـی ڕاجـوێ نەبـن بەیـعەت بـدە بەعەلـی، میقـدادیش لایەنگیـری بۆچوونەکەی بوو.. ئیبنوسەرحان هەسـتا و فەرمـووی ئەگەر دەتەوێـت قـورەیش لەناوخۆیاندا دووبەرەکیان تێنەکەوێت، ئەوە عوسمان هەڵبژێرە و بەیعەتی بـدەرێ، عبداللەی کـوڕی ڕەبـیعەش لایەنگیـری بۆچـوونەکەی بـوو.. خەڵـکەکە کەوتـنە مقۆمقۆ و ڕاگۆڕینەوە یان موناقەشەی دوو بۆچوونەکە (کە دیـارە ڕای خەڵـکەکە

هاتبووه سەریەكێك بەو لەو دوو بەڕێزە: سەیدنا عەلی و سەیدنا عوسمان)، پاشان سەیدنا عبدالرحمانی ڕووی كردە خەڵكەكە و فەرمووی: دەزانن كەمن ڕاوێژم بەزۆر كەس كردوو ڕام وەرگرتوون، هۆ پۆلەبەڕێزەكەی یاوەرانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) نەهێڵن ڕامان جودا و دووربێت لەیەكتری.. ئینجا سەیدنا عەلیی بانگ كرد و دەستی گرت و فەرمووی: پەیمانی خوای گەورەت لەگەردندا بێت گە ئەگەر تۆ بوویت بە خەلیفە بەپێی قورئان و سووننەت بكەیت لەسەر داب و دەستوری دووخەلیفەی پێشین بڕۆیت، سەیدنا عەلی فەرمووی: ئومێدەوارم كەوابم و پەیمان بێت هەموو ووزە و تواناشم لەو ڕێیەدا خەرج بكەم. ئینجا بەسەیدنا عوسمانیشی وا فەرموو، ئەویش هەمان پەیمانی بەو شێوەیەدا، ئینجا سەیدنا عبدالرحمان سەری بۆ بن میچی (سەقفی) مزگەوتەكە بەرزكردەوە و دەستی ختستەناو دەستی سەیدنا عوسمانەوە و فەرمووی: خوایە گیان ببیستە و شاهێدیی بدە كەوا من ئەوەی لەگەردنمدا بوو ختستمە ئەستۆی عوسمان.. ئینجا بەیعەتی پێدا و ئامادەبووانیش هەموو بەیعەتیان پێدا.[1]

دوای بەیعەتی خەڵكەكە سەیدنا تەڵحە تەشریفی هێنایەوە، سەیدنا عوسمان پێی فەرموو: تۆ خاوەن ڕای خۆتیت، ئەگەر ڕازی نەبیت بۆت هەیە ڕەتیكەیتەوە. جا ڕەتیدەكەیتەوە، تەڵحە فەرمووی: بەڵێ.. پاشان پرسی: ئایا هەموو خەڵكی بەیعەتیاندا؟ سەیدنا عوسمان فەرمووی: بەڵێ، سەیدنا تەڵحە فەرمووی دەی سا منیش ڕازیم، نامەوێت لەكۆڕایەك دەرچم كە هەموو ڕایان لەسەرێتی.

---

(1) إبن الأثير (الكامل في التاريخ) (٣/ ٢٧-٢٨).

ئەمە ڕووداوەکەیە.. با سەرنج لەچەند خاڵێکی بگرین و وەکو حەقیقەتی خۆی تەماشای بکەین، تا زیاترمان لـێ دەرکەوێت:

یەکەم: خەڵکەکە داوایان لەسەیدنا عومەر کـرد کە کەسـێك بکـاتە خەلـیفەی دوای خـۆی، ئەویـش شـەش کەسـی بۆدیـاریکردن تـا لە ناوخۆیانـدا یەکێکیـان هەڵبژێـرن تـا کاروبـاری ئـوممەتەکە بگـرێتە دەسـت، هەنـدێك کەس وا لە باسـە مێژوویەکان گەیشـتووە کە ئەو بەڕێـزانەی ئەهلـی ڕاوێـژ بەسـەیدنا عومەرییـان ووتبێت کە خەلیفەیەکیان بۆ دوای خۆی تەعین کات، ڕاستی ئەوەیە کە داوایـان لێکرد کەسێك -کەخۆی بەچاکترینی دەزانێت- بۆ پۆستی خەلیفـایەتی بپاڵێوێـت، هەروەکـو کە سـەیدنا ئەبـوبەکر وایکـرد، چـونکە ئەوانـیش لەوە دڵنیـابوون کە لەڕووی شەرعییەوە ئەوە جائیز نییە کە خەلیفەی حـازریی خەلیفەیەکـی تـر بـۆ دوای خۆی تەعـین بکـات، بەڵام بـۆی هەیە کەسـێك کە بەشـیاوترینی دەزانێـت بپاڵێوێــت بــۆی، چــونکە خــیلافەت ئەبــێ بەبەیعەتــدانی ئەهلــی ڕاوێــژ کە هەڵکەوتــووانی ئــوممەتن شــەرعێتی وەردەگرێــت، کە وابــوو هەر دیــاریکردنی هەرکەسێك پێش بەیعەت پێدان -کە دوای هەڵبژاردنی دەبێت- بـریتیە لە پـاڵاوتن و بەس.. کە دەشــێت ئەهلــی ڕاوێــژ پەســەندی بــکەن و دەشــێت کەســێکی بەشیاوترین بزانن.

(ئەمــانە هەمــوو لازم و مەلزومــی یەکــن و بەیەکەوە بەســتراونەتەوە و یەك لەدوای یەکیش دێن، بەخەلیفەبوون بەبێ بەیعەتی تایبەتی ئەهلی ڕاوێژ و پاشـان خەڵکی بەگشتی شەرعێتی پەیدا ناکـات، بەیـعەت دان بەبـێ هەڵبـژاردن نابێـت،

هەڵبژاردن بەبێ پاڵاوتن نابێت، جا خەلیفەی پێشین بیپاڵێوێـت یـان ئەهلـی ڕاوێـژ یان ئوممەتی هۆشیاری حزبواللەیی..)

گومانی تێدا نییە کە دیاریکردنی سەیدنا عومەر خـوا لێـی ڕازی بێـت بـۆ ئەو پیاوچاکە شیاوانەی ئەهلی ڕاوێژ پاڵاوتن بـوو بـۆیە شـەش کەسـی دیـاریکرد تـا ئەوان خەلـیفە بپـاڵێون، چـونکە خـۆ ناکرێـت شەشـە کەسـی بەخەلـیفە تەعـین کردبێت، کەوابوو سەیدنا عومەر شەش هەڵکەوتەی پاڵاوت، تا کەسێك لەخۆیـان بۆ خەلیفایەتی بپاڵێون، ئەو شەش یاوەرە بەڕێزەش مـافی هەڵبژاردنـی خەلیفەیـان نەبوو، ئەگەر ئەوە مافی تەنها ئەوان بـووایە سـەیدنا عبـدالرحمانی کـوڕی عەوف سـێ ڕۆژ بەنـاو خەڵـکەکەدا نەدەگەڕا تـا دیـد و ڕایـان کۆکـاتەوە - سـێ ڕۆژ بەشەوەکانیشەوە - تەنانەت دەفەرموێ کە شەوی کۆتایی نەخەوتن و تـا نـوێژی بەیانی هەرخەریکی پرسوڕای خەڵکەکەبـوو.. ئەگەر شـەو شـەش بەڕێـزە مـافی تەعین کردنی خەلیفەیان هەبوایە، یان سەدنا عومەر مافی ئەوەی هەبوایە، سەیدنا عبـدالرحمان نەدەچـوو خەڵـکەکە لەمـزگەوت کۆکـاتەوە و قسـەی بـۆ بکـات و بپرسێت کە ئەوان کێیـان پـێ شـیاوترینە؟ ئەگەر هەڵبژاردنـی خەلـیفە مـافی ئەو شەش بەڕێزە بووایە، هەر زوو لەناوخۆیاندا دەگەیشتنە تەعین کردنـی یەکێکیـان و زەڕوورەت نەدەبوو ڕای خەڵکی وەرگرن و پاشان بەیعەتیان.

دیاریکردنی سەیدنا عومەر بۆ شەش کەسـەکە پاڵاوتنیـان بـوو (هەروەکـو کە سەیدنا ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت لە کۆبوونەوەکەی سەقیفەدا سەیدنا عـومەر وسەیدنا ئەبوعوبەیدەی پاڵاوت و فەرمووی ئێـوەش یەکێکیـان هەڵبژێـرن ئەگەر

پێتـــان شـــیاون)، دیـــاریکردنه‌که‌ی ســـه‌یدنا عبـــدالرحمانیش هه‌ر پـــاڵاوتن بـــوو، خه‌لیفایه‌تی سه‌یدنا عوسمانی خـوا لێـی ڕازی بێـت دوای ده‌ربڕینـی ڕای خه‌ڵکـی بوو، که‌ ئه‌وان ره‌زامه‌ندییان ده‌ربڕیی ئینجا سه‌یدنا عبـدالرحمان به‌یعه‌تـی دایـێ و پاشـان یـاوه‌رانی ئه‌هلـی ڕاوێـژ و ئینجـا ئامـاده‌بووانی ئـوممه‌ته‌که‌ی و پاشـان غایبه‌کان.. سه‌دانی ئه‌هلی ڕاوێژ له‌وکاته‌دا له‌ مه‌دینـه‌ بـوون، هه‌مووشـیان وه‌کـو ئه‌و شه‌ش به‌ڕێزه‌ شـیاوی پـاڵاوتن و دیـاریکردن بـوون، به‌ڵام ئـوممه‌ت مـتمانه‌ی له‌سه‌ر ئه‌و شه‌شه‌بوو، ئه‌و شه‌شه‌ش متمانه‌یان به‌سه‌رڕاسـتی سـه‌یدنا عبـدالرحمان بـوو، که‌ ئه‌م به‌یعه‌تیـدا، هه‌مـوو خه‌ڵـکه‌که‌ش به‌یعه‌تیـان دا، ئه‌وه‌ش سروشـتی مرۆڤه‌، له‌هه‌موو کات و شـوێن و نه‌وه‌یه‌کـدا خه‌ڵکـی متمانه‌یـان به‌که‌سـێك بـوو به‌قسه‌ی ده‌که‌ن دیدوڕێ و ڕاییان پێ په‌سه‌ند ده‌بێت.

- به‌یعه‌تی سه‌یدنا عه‌لی خوا لێی ڕازی بێت:

پاڵاوتنی خه‌لیفه‌ تاسـه‌رده‌می خیلافه‌تـی سـه‌یدنا عه‌لـی خـوا لێـی ڕازی بێـت چووبووه‌ قاڵبی ڕێسایی خۆیه‌وه‌، بۆیه‌ دیاریکردن و پاڵاوتن و هه‌ڵبژاردنی سـه‌یدنا عه‌لی زۆری نه‌ویست، به‌تایبه‌تی که‌ پێشتر خـیلافه‌ت هـاتووه‌ سـه‌ر هه‌ڵبژاردنـی یه‌کێك له‌م دوو شیاوترینه‌: سه‌یدنا عوسمان و سه‌یدنا عه‌لی، ئینجا سه‌یدنا عوسمان بـوو به‌خه‌لـیفه‌، که‌ ئه‌و کـۆچی دوایـی کـرد سـه‌یدنا عوسـمان ئه‌هلـی ڕاوێـژ و هه‌ڵکه‌وته‌کانی موهاجیران و ئه‌نصار هاتنه‌ خزمه‌ت سه‌یدنا عه‌لی و عه‌رزیان کـرد هه‌ڵتده‌بژێرین و به‌یعه‌تـت ده‌ده‌ینـێ، فه‌مـووی: مـن موحتـاجی خه‌لیفـایه‌تی نـیم، عه‌رزیان کرد: به‌ڵام خه‌لیفایه‌تی موحتـاجی جه‌نـابته‌، قبـووڵی نه‌کـرد.. بـۆ سبه‌ی

دیسان هاتنەوە و تکایـان لێکـرد وەریگرێـت، دیســان ڕەتیکـردنەوە، تـا ســێ ڕۆژ هەروا مانەوە، پۆڵ پـۆڵ ئەوان دەهـاتن و ئەم ڕەفـزی دەکـرد.. دوای سـێ ڕۆژەکە فەرمووی: دەی سا با لەمزگەوت بکرێـت، هەمـوو چـوونە مـزگەوت و خەڵـکەکە کۆبوونەوە (بـێ مونافیس) هەڵبژێررا و بەیعەتی پێدرا و بوو بەخەلیفە.[1]

- ڕێسای نەگۆڕی هەڵبژادنی خەلیفە:

تێگەیشتنی یـاوەران لەدیـنەکە و لەدەفقەکـانی حـاکمێتی و مومارەسـەکردنی چۆنیەتی هەڵبژاردنی چوار خولەفای بەڕێزی ڕاشیدین هەمـوو ئـوممەتی گەیانـدە ئەو ڕێسا سیاسییە کە لەئەنجـامگیریی ڕەفتـاری یـاوەرانەوە هـات، کە بـریتییە لەوەی کە بەیعەتـدان پـێش پـاڵاوتنی کەسـێك لەلایەن ئەهلـی ڕاوێـژەوە - یـان زۆرینەی ئەهلـی ڕاوێـژ - نابێـت، کەسـە پـاڵێوراوەکەش دەبێـت ڕازی بێـت، کە هەردوو لا لەسـەر پـاڵاوتنی کەسـێك ڕازیبـوون، پیـاو مـاقووڵ و هەڵـکەوتەی ئوممەت و ئامادەبوانی خەڵکی کۆدەبنەوە و بەڕەزامەنـدیی هەمـوان (ئـوممەت و ئەهلی ڕاوێژ و پاڵێوراوەکە) خەلیفە هەڵدەبژێررێت و بەیعەتی شەرعی دەدرێتـێ، هەر خەلیفەیەکیش کەسێکی تر بۆ دوای خۆی دیاریبکات کە ببێتە خەلـیفە، هەر پـاڵاوتنێتی و بەس، نەك تەعـین کردنـی، ئەگەر هەرسـێ لایەنەکە (ئـوممەت و ئەهلـی ڕاوێـژ و پـاڵێوراوەکەی خـۆی) ڕازیبـوون، بەیعەتـی دەدرێتـێ و دەبێـتە خەلیفەی موسوڵمانان.

---

[1] إبن الأثير (الكامل في التاريخ) (٣/ ٨٠).

عومەری کوڕی عبدالعزیز رحمه الله لەم ڕێسا شەرعییە باش گەیشتبوو، بۆیە کاتێك سولەیمانی کوڕی عبدولمەلیك کە خەلیفە بوو، لەسەر مەرگیدا بڕیاریدا عومەری کوڕی عبدالعزیز ببێتە خەلیفە، بڕیارەکەی نووسی و بەمۆری خیلافەتیش مۆری کرد، پاشان فەرمانیدا بە (ڕەجائی کوڕی حەیات) کە شەرعناسی ڕاوێژکاربوو کە خزمەکانی بۆ کۆبکاتەوە، کە هاتن سولەیمان بەڵێنی لێوەرگرتن کە ئەوکەسە بکەنە خەلیفە کە ئەم لەبڕیارەکەیدا - کە هێشتا نهێنی بوو - دیارییکردبوو، ئەوانیش بەڵێن و بەیعەتیاندا کە قبووڵیانە، کە سولەیمان کۆچی دوایی کرد ڕەجائی کوڕی حەیات خەڵکیی لەمزگەوتی (دابق) کۆکردەوە و پێی ڕاگەیاندن کە ئەمە نامەی سولەیمانی کوڕی عبدولمەلیکە کە بڕیاری تێدا داوە کێ لەدوای خۆی دەبێتە خەلیفە، بۆیە داوام لەئێوەشە بەیعەتی پێبدەن، منیش وەکو ئێوە نازانم ناونراوی ناو بڕیارەکە کێیە، خەڵکەکە بەیعەتیاندا و خۆشی لەگەڵیاندا، هەروەها خزم وکەسوکاری سولەیمان، ئینجا نامەکەی کردەوە و بۆی خوێندنەوە کە تێیدا نوسرابوو: (ئەم نامەیە لە ئەمیرولمؤمنین سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیکەوە بۆ عومەری کوڕی عبدولعەزیز نوسراوە، وا من کردمیت بە خەلیفەی دوای خۆم و دوای عومەریش یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك ببێت بە خەلیفە.. ئیتر ئێوەش گوێڕایەڵ بن، ملکەچی فەرمانەکانی بن، لەخوا بترسن و تەفرەقەتان تێنەکەوێت، دەنا دوژمن تەماعتان تێدەکات). کە نامەکەی خوێندەوە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز چووە سەر مینبەرەکە و فەرمووی: (بەخوا قەسەم پرس و ڕا بەمن نەکراوە کە بۆ ئەم کارە دانراوم و ئاگام لێی نییە، بۆیە ئێوە هەموو خۆتان سەربەستن کێ هەڵدەبژێرن). لەڕیوایەتێکی تریدا هاتووە کە

فەرمووی: (هۆ خەڵکینە، وا من موبتەلابووم بەم کارەوە، بێ ئەوەی ڕایەکی منی تێدابووبێت، بێ ئەوەی داوام کردبێت، بێ ئەوەی ڕاوێژی موسوڵمانانی تێدا کرابێت، ئەوا من ئەوبەیعەتەی داتان لەگەردنتانی دادەماڵم و بەیعەتم لە گەردنی کەستاندا نییە، سا بۆخۆتان کەسێك هەڵبژێرن تا ببێتە خەلیفەتان)[1].

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز رحمه الله باشترین پیاوچاکی ئەو سەردەمەی ئوممەت بوو، زاناو شەرعناس بوو، دینداریکی سەرڕاست و خاون تەقوابوو، زانیی کە ئەوەی سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك کردویتی لەسنووری پاڵاوتنی تێناپەڕێت، دەیزانی کە دەبێت ئەهلی ڕاوێژ کەسێك بپاڵێون و کەسەکە خۆی قبوڵی بێت و ئینجا بخرێتە پێشچاوی ئوممەت، ئەمما ئەوەی سولەیمان کردویتی ئەو بەیعەتەی لەخزمانی خۆی و لەخەڵکی وەرگیراوە، بەبەیعەتی شەرعی حسێب نییە، ئەسڵ بەبەیعەت هەژمار ناکرێت، چونکە بەیعەتدان بە نەزانراو (مەجهول) کە باتڵە، بۆیە رەفزی کرد و مەسەلەکەی وەکو ماف خستەوە دەست خاون مافەکە (ئەهلی ڕاوێژ و ئوممەت) تا بەسەربەستی و دوور لە ناچاربوون کەسێك هەڵبژێرن و بیکەنە خەلیفە.

[1] سيرة عمر بن عبدالعزيز (ل ٤٨ - ٥٤).

## خاڵی دووەم: ماوەی خیلافەتی کەسێك:

مادام خەلیفە نوێنەری ئوممەتەکەیە و هەڵبژێراوە تا دینەکەی خوا پیادە بکات و ئەحکامەکانی شەرع ڕاپەڕێنێت و کاروباری ئوممەتەکە لە چوارچێوەی شەرعدا ڕێکخات و ئوممەتەکە لەسەر دینداریی ئاڕاستەبکات، ئەمە کە لەئەسڵدا ئەرکی سەرشانی ئوممەتەکەیە بەڵام خەلیفەی لەجیاتی خۆی بۆ هەڵبژاردووە تا ببێتە تەوەری مەرکەزیی لێ کۆبوونەوەی ووزە و تواناکان بۆ بەجێهێنانی ئەحکامە شەرعییەکانی ئیسلام، کە ئەمە ئەرکی ئوممەتە و بەخەلیفەیەکی سپاردووە، کەوابوو ماوەی حوکمی خەلیفەکە کاتی نییە، بەڵکو بەردەوامە تا مردنی، مادام لەتوانایدا هەیە کاروبارەکانی هەڵسوڕێنێت، مادام شتێکی لێ دەرنەکەوتووە حوکمی لادانی پێبدرێت و مادام دانانیشی فەرزە ئیتر بۆچی لادرێت و بگۆڕدرێت بە کەسێکی تر؟

واقیعی مێژوویی ئوممەت ئەوە نیشان دەدات کە بەردەوامێتی حوکمی چاك وشیاو تا مردنی، جێگیربوونی بارودۆخ و پارسەنگی هێزی ئوممەتی پێوەیە، مانەوەی خەلیفە لەسەر حوکم تا مردنی کێشە و ناکۆیی و ناکۆکی کەم دەکاتەوە، کێبڕکێی شەڕەپاڵ لەسەر پۆستی خیلافەت دوورتر دەخاتەوە مەگەر لەڕووی شەرعی و واقیعییەوە پێویست بەلادانی بکات، ئەمیش حاڵەتەکانی

دیاریکراون بە: مردنی خەلیفە، لادانی، دەستلەکارکێشانەوە (ئیستیقالە)ی خۆی، کە ئەم دوو حاڵەتەی دووەم وسێیەمیان دەگمەن بووە.

لەمێژووی موسوڵمانادا ئەمانە ڕوویانداوە، ئاسایی ئەوە بووەکە خەلیفە تا مردن لەخەلیفایەتیدا ماوەتەوە. مەگەر خۆی ویستبێتی بەردەوام نەبێت وەکو کە حەسەنی کوڕی عەلی خوا لێیان ڕازی بێت وایکرد یان معاویەی کوڕی یەزید کە تەنازوولی لەخیلافەت کرد و نەیویست، یان لادانی خەلیفە و دانانی یەکێکی تر بخوازێت،ئەمەش ڕوویداوە، هەروەکو کە ئیبراهیمی کوڕی وەلید و مەروانی کوڕی محمد کە ئەمەویی بوون لە پۆستی خیلافەت لادران.

دەقێکی شەرعی ئاشکرا و ڕاشکاو نییە بفەرموێ دەبێت حوکمی خەلیفە تا مردنی بەردەوام بێت، بەڵام کۆڕا (ئیجماع)ی ئوممەتمان هەیە کە جێی دەق دەگرێتەوە، ئیجماعیش لەسەرچاوەکانی شەریعەتی ئیسلامە.[1]

خاڵی سێیەم: لادانی خەلیفە:

کە مافی خەلیفەیە تا مردنی لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە، مافی ئوممەتەکەشە کە هەرکاتێك دیتی پێچەوانەی مەرجەکانی ڕەفتاری نواندووە، لایدات و کەسێکی تر بخاتە شوێنی، چونکە هەڵبژاردنەکەی بەپێی چەند مەرجێك بووە و مەرجی

---

[1] کە دەڵێم کۆڕا (إجماع)ی لەسەرە ئەمیش فەرزی ناکات، بەڵکو بەردەوامبوونی حوکمی خەلیفە تا مردنی بەجائیز نیشان دەدات، ئەگەر موسوڵمانان بیانەوێت ماوەی حوکمی خەلیفە دیاری بکەن بۆیان هەیە و دەتوانن کات(ماوە) بکەنە مەرجی خیلافەت.

مەرجەکانیش پێوە پابەند بوونیان بووە، کە مادام پێیانەوە پابەندمابێت، ئەوە لەسەرکار و پۆستی بەردەوامە، ئەگەر مەرجەکانی شکاند شەرعێتی خیلافەتی لەدەست دەدات و پێویستە لادرێت.

- کەی خەلیفە لادەدرێت؟

ماوەردی رحمه الله (٤٥٠ك مردووە) دەفەرموێ: ئەگەر جێمتمانە نەما یان لەشی نوقسانی تێکەوت:

١- نەمانی جێمتمانەیی:

نەمانی جێمتمانەی شیاوێتی بەدەرکەوتنی گوناح دەبێت لێیەوە، واتە: فاسق بوونی، ئەمیش دوو بوارە:

أ- ئەگەر بەپێی هەوا و هەوەسی خۆی ڕەفتاری کرد: ئەگەر ڕەفتار (گوفتار وکردار)ێکی نواند کە پیچەوانەی شەرع بوو، لەبەر لاوازیی دینداریێتی و تین و تەوژمی حەز و ئارەزووی خۆی کەوتە دوای هەواو هەوەس و نەفسی خۆی و کەوتە زیناوە، یان شەڕابی خواردەوە، یان ماڵ و سامانی زەوت کرد.. ئەنجامدانی ئەم گوناح و تاوانانە ڕێ لەخەلیفە دەگرن و ئەگەر خەلیفە کردنی ڕێ لەبەردەوامبوونی حوکمرانییەکەی دەگرن، ئەگەر دوای بەیعەتپێدان و بەخەلیفەبوونی یەکێك لەمانە یان هاوشێوەیانی کرد و پێی زانرا ئەوە فاسق بووە و دەبێت لابدرێت، ئەگەر تۆبەی کرد و وازی لەو گوناحە/گوناحانە هێنا، دەبێت بەگرێبەستێکی نوێ ببێتەوە بەخەلیفە، ماوەردی و هەندێك لە شەرعناسان

دەفەرموون: دەبێت لەسەرەتاوە تێهەڵچێتەوە، ئەهلـی ڕاوێـژ بیپـاڵێونەوە و خـۆی ڕازی بێت و ئەمـمەتەکەش سەرپشـکانە هەڵیبژێرێـت و بەیعەتـی بـدرێتێ، دەنـا ناشێتەوە بۆی. هەندێك لە شەرعناسانی تر دەفەرموون: مادام لانەدرابێـت - دوای تۆبەکردنی - بۆی هەیە لەسەر خەلیفایەتی بەردەوامبێت.

ب- ئەگەر بەهۆی گومانی عەقائیدییەوە ڕەفتاری کرد:

خەلـیفە وەکـو هەر مرۆڤێکـی تـر دەشـێ بکەوێـتە گونـاحی هەوا و هەوەس (الشـهوات)ەوە، هەر وەکـو کە دەشـێت بکەوێـتە گونـاحی گومـان لەدیـنەوە (الشبهات)، ئەگەر خەلیفە ڕەفتارێکی (گوفتار یان کردار) نوانـد کە پـێچەوانەی عەقیدەی ڕاست و دروستبوو، تەماشا دەکرێت ئایا لەئەنجامی شلبوونی باوەڕێتی یان لە لێکدانەوە و بۆچوونی دیدو تێڕوانینی ڕێسا عەقیدەییەکانەوەیە، مـاوەردی دەفەرموێ دووەمیان هەر (فسقی عەقائیدیی)یە و وەکـو گونـاحی فسـقی هەوا و هەوەس حوکمی فاسق بوونی هەیە، ڕێ لەبەخەلیفەبوون دەگرێـت، هەروەکـو کە ڕێ لە بەردەوامبـوونی خیلافەتـی خەلـیفەی حـازری دەگرێـت، بەڵام هەنـدێك لەشەرعناسانی مەدرەسەی بەسرە دەفەرموون (فسقی عەقائیدی) نـابێتە هۆکـاری لادانی خەلیفە. هەندێك لە زانا و شەرعناس دەفەرموون لەهـیچ جـۆرە فسـقێکیان (فسـقی هەوا و هەوەس و فسـقی عەقائیـدی) خەلـیفە لانادرێـت مـادام نەچـۆتە سنووری ڕەفتاری کوفرینەوە.

ئەمما ڕەفتاری کوفرین ئەگەر لە خەلیفە دەرکەوت حەتمەن لادەدرێت، چـونکە بەڵگە لەسەری ڕۆشنە وکۆڕای ئوممەتیش لەسـەر ئەوەیە کە کـافر نابێـت ببێـتە

خەلیفەی موسوڵمانان، ڕیوایەتی فەرمووده‌كەی لای عوبادەی كوڕی صامت خوا لێی ڕازی بێت بەڵگەیە كە دەفەرموێ: (بَايَعْنَا رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى السَّمْعِ وَالطَّاعَةِ فِي مَنْشَطِنَا وَمَكْرَهِنَا وَعُسْرِنَا وَيُسْرِنَا وَأَثَرَةً عَلَيْنَا، وَأَنْ لا نُنَازِعَ الأَمْرَ أَهْلَهُ، قَالَ: إِلَّا أَنْ تَرَوْا كُفْرًا بَوَاحًا، عِنْدَكُمْ مِنَ اللَّهِ فِيهِ بُرْهَانٌ)[1] واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەیعەتی لێوەرگرتین لەسەر گوێڕایەڵی و ملكەچكردنمان بۆی لەو بزاوت و هەڵوێستانەی كەپێمان خۆشە و لەوانەشدا پێمان ناخۆشە، لەحاڵی دەوڵەمەندی وئاسوودەییماندا بێت یان لەحاڵی هەژاری و نارەحەتیمان بێت، كە دەبێت فەرمانی جەنابی بخەینە پێش دید و ڕای خۆمان و نەكەوینە ململانێ و شەڕەپاڵ لەسەر ئەمیرێتی و بەرپرسی، فەرمووی: مەگەر كوفری زەق و ئاشكرا لەئەمیرتانەوە ببینن كە بەڵگەكەتان لەدینەكەی خوادا هەبێت لەسەریی ئەوانەی ووشەی (كوفر) لەم ڕیوایەتەدا بە (گوناحی فسق) لێكدەدەنەوە، دەفەرموون دەبێت خەلیفەی پێ لادرێت. بەتایبەتی كە ڕیوایەتی تری هەیە كە دەفەرموێ (المعصية) یان (الإثم)ی لێوە ببینن.. دەفەرموون: مادام خەلیفە گوناحێكی وا گەورە و مونكەری لێوە دەركەوتووە كە خەڵكی دەزانن ئەوە پێچەوانەی بنەماكانی ئیسلامە، بۆیان هەیە نكووڵی لیبكەن و خەلیفەی لەسەركار پێ لادەن.[2]

---

[1] موسلیم (١٧٠٩)، بوخاریش (٧٠٥٦) بەلەفزی خۆی، وە هەریەك لە نەسائی (٤١٤٩) و ئیبنو ماجە (٢٨٦٦) و ئەحمەد (٢٢٧٢٥) بە كەمێك جیاوازی هێناویانەتەوە.

[2] نيل الأوطار (٨١/٧ و دواتر)، الخلافة (٣٨ و دواتر)، ماوردي: الأحكام السلطانية (ل ١٦)، الفراء: الأحكام السلطانية (ل ٤)، المسامرة (١٦٧/٢).

جمهوری شەرعناسان وەکو ڕێسایەکی گشتی ڕایان وایە کە موسوڵمانان بۆیان هەیە خەلیفە بەهۆی ئەنجامدانی گوناحی وا گەورە لابدەن، یان هەرهۆیەکی تر کە ڕایان لەسەری بێت وەکو ئەوەی بزاوت و هەڵوێستێکی ئەو، یـان بڕیـارێکی ئەو بووبێتە ئاڵۆزکردنی حاڵی موسوڵمانان و تێکدانی هێمنی و ئاشتی موسوڵمانان، یان دژوارییەکی لەسەر دینەکە پێ دروست بووبێـت، هەروەکـو کە مـافی خۆیـانبوو لەدانانیدا بۆ ڕاپەڕاندنی دین و ئیدارەی کاروباری موسوڵمانان.

لەگەڵ ئەوەدا کە شەرعناسـانی ئـوممەت لەسـەر ئەوە کـۆن کە خەلـیفە بەئەنجامدانی گوناحی گەورە و هاوشێوەی، یا بەئیهمال کردنی ئەرکـی خـۆی یـان نانەوەی کێشەی سەخت و ئاژاوە بـۆ موسـوڵمانان و لەناویانـدا دەبێـت لابـدرێت، بەڵام لەوەدا ڕاجویێ بوون کە ئەگەر زانرا کاردانەوەی لادانەکەی (فیتنە) و ئاژاوە و پشێوی لێدەکەوێتەوە، هەندێکیان دەفەرموون: ئەگەر فیتـنە و ئاژاوەشـی لێـوە پەیدا ببێت هەردەبێت لابدرێت (چونکە فیتنەی ڕەفتاری خۆی دژوارترە وگونـاح و دەسـتدرێژییەکانی زیـاتر دەبـن/ ئەمە ڕای ئیمامـی ئیبنـوحەزم و هاوڕایـانێتی). هەندێکی تریان دەفەرموون: سەبرگرتن لەسەریی زیانی کەمتر لێدەکەوێتەوە وەك لەشۆرش کردن بەرامبەری بۆلادانی، کـۆمەڵی سێیەمیشـیان دەفەرمـوون: ئەگەر چـی شـایانی لادانە، بەڵام مـادام فیتـنەی لێـدەکەوێتەوە لانادرێـت وگـوێڕایەڵی ناکرێت.

٢- نوقسان كەوتنی لەشی:

ماوەردی رحمە اللە ئەو نوقسانیانەی دەشێت تووشی لەشی خەلیفە ببن و ببنە هۆكاری لادانی سێ بەشن:

- یەكەم: نەمانی یەكێكە لە هەستەوەرەكانی (الحواس): بە مەرجێك كە ڕێ لە ڕێبەری و سەركردەێتی بگرێت، وەكو كوێربوون، ئەمما كەڕبوون و لاڵ بوون، لەسەرەتاوە ڕێ لە هەڵبژاردنی خەلیفە دەگرن، بەڵام ئەگەر دوای بەخەلیفەبوونی تووشیانبوو، ئەوە شەرعناسان لەسەر بەردەوامێتی یان لادانی راجوێن.

- دووەم: نەمانی ئەندامێكی لەشی: لەوانەی كە كاری پێ ئەنجام نەدرێت بەبێ ئەوان، وەكو نەمانی هەردوو دەستی، یان نەمانی هەردوو قاچی، ئەمما نوقسانیەك كە هەندێك كاری پێ ئەنجامنەدرێت (وەكو نەمانی دەستێك/ چاوێك /قاچێك) ئەوە شەرعناسان تێیدا راجوێن، هەیانە دەفەرموێ لادەدرێت لە خەلیفایەتی پێیان و هەندێكیان دەفەرموون لانادرێت پێی[١].

---

[١] وەكو لانەدانی آیة اللە خامەنەئی لەمەرجەعییەتی شیعە و سەرۆكی بالای ئێران كە دەستی ڕاستیشی لەكاركەوتووە.

- سێیەم: نوقسانی ڕەفتاری:

ئەمیش دوو جۆرە:

١- ژێر دەستەبوون و ڕێ لێ گرتنی: لەو کاتانەدا کە کۆمەڵە خەڵکێکی چەکدار و بەهێز گرتوویانە و ناهێڵن دەنگ و بڕیاری بەئوممەت بگات و ناتوانێت ئەرکی خەلیفایەتی خۆی جێبەجێ بکات، هەموو بڕیار و ڕەفتارێکی وا لەبەردەست ئەوانەدا کە گرتوویانە و ئەوان بڕیاری پێدەردەکەن، لەم حاڵەتەدا تەماشای بڕیار و ڕەفتارەکان دەکرێت، ئەگەر شەرعییانەبوون و زۆردارەکان دادپەروەرییان ڕەچاو دەکرد و ئاشتی و ئەمانیان دەپاراست، دەشێت حوکمی خیلافەتەکەی هەر لەدەستدا بمێنێت، ئەمما ئەگەر بڕیار و ڕەفتاری زۆردارانی دەوروبەریی، یان ئەوەی بەوی دەردەبڕن پێچەوانە شەرع بوو یان ستەمی لێدەکەوتەوە، یان ئاژاوە و پشێویی مافی خیلافەتەکەی هەردەمێنێت، بەڵام دەبێ هاوار بۆ ئوممەت بهێنێت و بڵێ رزگارم کەن.. ئەگەر توانرا رزگارکرێت ئەوە چاکە و بەردەوام دەبێت، ئەگەر نا مافی خیلافەتەکەی لەدەست دەچێت.

٢- دیل کەوتبێت: ئەگەر بە دیلبوونی کەوتبێتە دەستی دوژمنان، مافی خەلیفایەتییەکەی بەهەڵپەسێرراو دەمێنێت، چونکە دەشێت ئومێدیی رزگارکردنی هەبێت (بەهێرش کردنە سەر دوژمنەکان، یان بە ڕێکەوتن و دیل گۆڕینەوە و پارەدان و ڕێگای تری ڕێکەوتن)، ئەگەر ئەم ئومێدە نەما، یان هەواڵی نەما و نەزانرا ماوە یان نا، مافی خەلیفەیاتیەکەی لەدەست دەچێت، چونکە حوکمی

نەمانی زاڵتر دەبێت و ئوممەتیش ناشێت بــێ خەلـیفە بمێنێـتەوە، بـۆیە ئـوممەت بۆی هەیە کەسێکی تر بکات بەخەلیفە.[1]

[1] ماوردي: الأحكام السلطانية (ل ١٥-٢٠)، الفراء: الأحكام السلطانية (ل ٤-٦).

# بڕگەی چوارەم:

## هەڵبژاردنی خەلیفە:

دەتوانین بڵێین هەڵبژاردنی خەلیفە بەسێ قۆناغ تەواودەبێت:

- قۆناغی یەکەم: پاڵاوتن بۆ خەلیفایەتی (کاندیدکردن):

خەلیفەی پێشتر یان ڕاوێژکارانی هەڵکەوتەی ئوممەت کەسێك (یان زیاتر) بۆ خەلیفایەتی دەپاڵێون، وەکو ئەوەی کە سەیدنا ئەبوبەکر خوا لێی ڕازی بێت سەیدنا عومەر و سەیدنا ئەبوعوبەیدەی خوا لێیان ڕازی بێت لە کۆبوونەوەکەی سەقیفە پاڵاوت، یان پاڵاوتنی سەیدنا عومەر هەر لەوکاتەدا بۆ سەیدنا ئەبوبەکر کە خۆی و سەیدنا ئەبوعوبەیدە قبووڵیان نەکرد لەسەر ئەودا بپاڵێورێن، یان ئەوەی کە سەیدنا عومەر شەش کەسەکەی ئەهلی ڕاوێژی دیاریکرد.

- قۆناغی دووەم: قبووڵ کردنی پاڵاوتنەکە:

لەم قۆناغەدا ئەهلی ڕاوێژ و هەڵکەتەوانان یەکێك لە پاڵێوراوان - ئەگەر زۆر بوون - دیاریدەکەن، یان ڕازیدەبن بەدیاریکردنی پێشتری لەلایەن خەلیفەی

پێشووەوە یان لەلایەن ڕاوێژکارێکەوە یان لەلایەن ئوممەتەوە[1]، وەکو ڕازیبوونی خەڵکەکە بە پاڵاوتنی ئەبوبەکر یان پاڵاوتنی سەیدنا عوسمان لەلایەن خەڵکەکەوە کە سەیدنا عبدالرحمانی کوڕی عەوف سێ شەو و سێ ڕۆژەکە بەسەریاندا دەگەڕا و ڕای وەردەگرتن.

- قۆناغی سێیەم: بەیعەتپێدان:

ئەمە قۆناغی وەرگرتنی پۆستی خیلافەتە، کە دەشێت هەر لەوکاتەدا کە بە کەسەکە ووتراوە کە ئوممەت یان ئەهلی ڕاوێژ ڕایان هاتۆتە سەر تۆ کە ببیت بەخەلیفە و ئەویش ڕەزامەندی دەردەبڕێت و ئەهلی ڕاوێژ یەکسەر هەر لەوکات و شوێنەدا بەیعەتی دەدەنێ، یان دەشێت دواتر بخرێت، چونکە بەیعەت پێدانی سەیدنا ئەبوبەکر هەر لەوساتەی کۆبوونەوەکەی سەقیفەدابوو، بەیعەت پێدانێ سەیدنا عوسمانیش دواکەوت، هەروەها بەیعەت پێدانی سەیدنا عەلی خوا لێیان ڕازی بێت.

بەیعەت پێدان ڕەفتارێکی گرنگ و کاریگەریی ئیسلامییە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) مومارەسەی دەکرد، یەکەمین بەیعەت لە ئیسلامدا، بەیعەتدانی ئەنصارییەکانی مەدینەبوو کە لە مەککە بە پێغەمبەری خوایان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دا کە بە (بەیعەتی یەکەمی عەقەبە) ناسرا، کە حەفتا

---

[1] نوسەری ڕەحمەتی بۆچوونی تایبەتیی خۆی لە پەراوێزی ژمارە (٢)ی لاپەرە (٣٧٠)ی کتێبەکەدا نووسیوە، کە دەشێت دواتر بۆی دروست بوو بێت، لەبەر گرنگی و زۆریی پەراوێزەکە پێم باشبوو بیخەمە کۆتایی ئەم باسەی قۆناغەکانەوە، وا لەنێوان دوو کەوانەی ئاوادا (( )).

کەسی ئەهلی مەدینە بەیعەتیان  بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دا کە پێی فەرموون: (عَلَى السَّمْعِ وَالطَّاعَةِ فِي النَّشَاطِ وَالْكَسَلِ، وَالنَّفَقَةِ فِي الْعُسْرِ وَالْيُسْرِ، وَعَلَى الْأَمْرِ بِالْمَعْرُوفِ وَالنَّهْيِ عَنِ الْمُنْكَرِ، وَأَنْ تَقُولُوا فِي اللهِ لَا تَخَافُونَ لَوْمَةَ لَائِمٍ، وَعَلَى أَنْ تَنْصُرُونِي إِذَا قَدِمْتُ عَلَيْكُمْ، وَتَمْنَعُونِي مِمَّا تَمْنَعُونَ مِنْهُ أَنْفُسَكُمْ وَأَزْوَاجَكُمْ وَأَبْنَاءَكُمْ، وَلَكُمُ الْجَنَّةُ)[1] واتە: بەیعەتم بدەنێ لەسەر گوێڕایەڵی و ملکەچیی فەرمانم لەهەموو حاڵەتەکان لە چوستی و سیستیتاندا و لەسەر بەخشین لەماڵ و سامانتان لەحاڵەتی هەبوونی و نەبوونی (دەوڵەمەندی و هەژاری)تاندا، هەروەها لەسەر فەرمان بەچاکە و بەرهەڵستی کردن لەخراپە و لەسەر بەرگریکردن لەدینەکە و گەیاندنی بێ ئەوەی لە لۆمە/گلەیی لۆمەکاران بترسن، هەروەها لەسەر لەسەرکردنەوە و سەرخستنم و داڵدەدان و پاراستنم ئەگەر هاتمە لاتان (ناوشار و هۆزەکانتان لەمەدینە)، نەهێڵن دژواریم بێتە ڕێ، هەروەکو کە ماڵ و منداڵەکانتان لەهەموو دژوارییەك ئەپارێزن، پاداشتیشتان حەتمەن بەهەشت دەبێت.

- خوای گەورە دەربارەی بەیعیتی ئافرەتان دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ يُبَايِعۡنَكَ عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشۡرِكۡنَ بِٱللَّهِ شَيۡـٔٗا وَلَا يَسۡرِقۡنَ وَلَا يَزۡنِينَ وَلَا يَقۡتُلۡنَ أَوۡلَٰدَهُنَّ وَلَا يَأۡتِينَ بِبُهۡتَٰنٖ يَفۡتَرِينَهُۥ بَيۡنَ أَيۡدِيهِنَّ وَأَرۡجُلِهِنَّ وَلَا يَعۡصِينَكَ فِي مَعۡرُوفٖ فَبَايِعۡهُنَّ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُنَّ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ١٢﴾ الممتحنة: ١٢ واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر ئافرەتە موسوڵمانەکان هاتنە خزمەتت تا بەیعەتت

---

[1] ئەحمەد (١٤٤٥٦)، بەززار لە (مجمع الزوائد) (٦/٤٩)، ئینو حیببان (٦٢٧٤)، هەریەك لە شێخی ئەرنائوط لە (تخريج المسند) (١٤٦٥٣) و (تخريج صحيح ابن حبان) (٧٠١٢)، وە شێخی ئەلبانیش لە (السلسلة الصحيحة) (١/١٣٣) بە (صحيح)یان داناوە.

پێبدەن کە پەیمان بێت هاوبەش بۆخوای تاك و پـاك دانـانێن و دزی نـاکەن و زینـا نـاکەن وکـۆرپەلەی سـکیان لەبارنـابەن و بوختـان بـۆ ئەم و ئەو هەڵنابەسـتن و لەکردەوەتدا کە چاکن سەرپێچیت ناکەن، سا تۆش بەیعەتیان لـێ وەرگرە و داوای لێخۆشبوونیان لەخوای گەورە بۆ بکە، خوای گەورە لێخۆشبوو و بەبەزەییە.

- یاوەران خوا لێیان ڕازی بێت بەیعەتیان لەسەر سەرخستنی ئیسلام و هیجرەت و جیهاد بەپێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەدا، لەغەزای حودەیبییەدا -کە نەشـقەوما - بەڵام هەر لەسـەرتایەوە بەیعەتیـان پێـدا کە لەجەنـگ هەڵنـایەن و خۆدەگرن.

- ئیبنو عومەر خوا لێیان ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: (كُنَّا إِذَا بَايَعْنَا رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّم) عَـلَى السَّـمْعِ وَالطَّاعَـةِ يُلَقِّنُنَـا هُـوَ: فِـيمَا اسْـتَطَعْتَ)[1] واتە: کە بەیعەتمان لەسەر گوێڕایەڵی وملکەچێتی فەرمان بە پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەدا، جەنابیشی پێی دەوتین: ئەوەندەی لەتواناتدابێت.

- ئەسـڵی بەیعەتـدان ئەوەیە کە لەسـەر قورئـان و سـوونەت و سـەلماندنی و چەسپاندنی حەق و دادپەروەری بدرێت کە دەبێت ئەمیر/ خەلیفە بیگرێتە ئەستۆ، ئینجا ئەهلی ڕاوێـژ و هەڵکەوتەوانـانی ئـوممەت بەیعەتـی لەسـەر گـوێڕایەڵی و ملکەچێتـی دەربڕینـی دەدەنـێ کە فەرمانەکـانی جێبەجێـدەکەن، مەرجـیش نیـیە هەموو ڕاوێژکاران ئامادەی بەیعەتەکە ببن، یان هەموویان بیدەن.

---

[1] ئەحمەد (٥٥٣١)، بوخاری (٧٢٠٢)، موسلیم (١٨٦٧)، ئەبو داوود (٢٩٤٠)، ترمذی (١٥٩٣)، نەسائی (٤١٨٧)، لەفزەکەش هی ئەحمەدە.

- که بەیعەت دەدرێتە هەڵبژێرراوێك بۆ خەلیفایەتی ئیتر بەڕەسمی دەبێتە خەلیفە و جێبەجێکردنی هەموو شەرع و بەڕێوەبردنی کاروباری موسوڵمانان دەبێتە ئەرکی ڕۆژانەی، لەو ساتەوە بەرپرسە لە سەلماندن و چەسپاندنی ئەحکامەکانی قورئان و سووننەت و چەسپاندنی دادپەروەری لەناو ڕەعییەتەکەیدا، هەموو موسوڵمانان ئەوانەی بەیعەتیان داوە و ئەوانەی نەیانداوە (لەبەر دووری و ئامادەنەبوونیان) بەتایبەتی ئەهلی ڕاوێژ و هەڵکەوتووان پێویستە بەگوێڕایەڵی و ملکەچییەوە لەخزمەت ئەمیر/ خەلیفەکە دابن و لەسنووری شەرعدا فەرمانەکانی وەرگرن و جێبەجێبکەن.. ڕاوێژکاران دەشێت کاتی پاڵاوتنی کەسەکە بەیعەتیان پێدابێت، ئتر مەرج نییە بەیعەت بدەنەوە، ئوممەتەکەش متمانەی بەوانەیە کە بەیعەتیان پیداوە کە پێشتر وەکو هەڵکەوتەی ئوممەت: زانا و شەرعناس و فەرماندە و سیاسەتمەدار و بیرمەندی ویندار ناسراوبوون بەیعەتدانی ڕاوێژکاران بە خەلیفە پەیمانە و لەگەردنی ئوممەتەکەشدا دەبێت چونکە ئەهلی ڕاوێژ نوێنەری ئوممەتن ئەگەر چی یەك یەکی تاکی ئوممەت هەڵینەبژاردوون. دوای ئەم بەیعەتدانە ئیتر کەس نەلە ئەهلی شورا و نە لەئوممەت بۆی نییە یاخی ببێت و فەرمانی جێبەجێ نەکات چونکە ئیسلام ئەوەی بە (غەدر) ناساندووە و حەڕامە، غەدر خیانەتکارییە لە بەیعەت و پەیمان و بەڵێن (نەك دەستدرێژی، کە لە کوردییدا دەوترێت غەدریی لێکرد واتە: زوڵمی لێکردن)، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (إنَّ لِكُلِّ غادِرٍ لِواءً يُعرَفُ بِقَدْرِ غَدرَتِه، وإنَّ أكبَرَ الغَدرِ غَدرُ أميرِ عامَّةٍ)[1] واتە: هەر کەسێك لەوانەی

---

[1] ئەحمەد (٦٠٩٣)، شێخی ئەرنائوطیش لە (تخريج المسند)دا دەفەرموێ: (صحيح)ە.

غەدر دەکەن (پەیمان و بەیعەت دەشکێنن) لەڕۆژی قیامەتدا ئاڵای غەدریـان لاوە هەڵدەکرێت پێوەی دەناسرێت کە ئا ئەمانە بەیعەتیان هەڵوەشاندۆتەوە، گەورەترین پەیمان شکاندنیش ئەوەیە کە بەرامبەر ئەمیری کۆمەڵەی ئیسلامیەکە بکرێت.

هەروەها دەفەرموێ: (مَن خَلَعَ يَدًا مِن طَاعَةٍ، لَقِيَ اللَّهَ يومَ القِيامَةِ لا حُجَّةَ لـه)[1] واتە: هەر کەسێك خۆ لەو بەیعەتە راپشکێنێت کە بە ئەمیـری داوە و ملکەچێتـی بۆ دەرنەبڕێت، لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ هەنجەتێکی نابێت، بڵێ لە بەرفلان هۆ یـان فیسار شت بوو لێی قبوڵ ناکرێت، چونکە بەیعەت هەڵوەشاندنەوە عوزری نییە.. ئەسـڵ لە بەیعەتدانـدا وایە کە بەیعەتـدەرەکە دەسـت دەخـاتە ناودەسـتی ڕاسـتی بەیعەتپێدراوەکەوە و ڕستەکانی بەیعەتەکە دەڵێتەوە، قورئـانی پیـرۆز نمـوونەی شێوازی بەیعەتی هێناوەتەوە کە دەفەرمـوێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ ٱللَّهَ يَدُ ٱللَّهِ فَوۡقَ أَيۡدِيهِمۡۚ ﴾ الفتح: ١٠ واتە: ئەوکەسانەی کە بەیعەتـت پێـدەدەن لە حەقیقەتـدا بەیعەت بەخوای گەورە دەدەن، دەستی خوای گەورە لەسەردەستیانە.

پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (مَنْ بَايَعَ إِمَامًـا، فَأَعْطَـاهُ صَفْقَةَ يَدِهِ، وَثَمَرَةَ قَلْبِهِ، فَلْيُطِعْهُ مَا اسْتَطَاعَ)[2] واتە: هەرکەسێك بەیعەتی بە ئەمیـر/ خەلیفەیەکـدا و دەسـتی خسـتە ناودەسـتی لەنـاخی دڵیـیەوە خۆشەویسـتی و

---

[1] موسلیم (١٨٥١).

[2] ئەبـو داوود (٤٢٤٨)، هەروەهـا موسـلیم (١٨٤٤) و نەسـائی (٤١٩١) و ئیبنـو ماجـە (٣٩٥٦) و ئەحمەد (٦٨١٥) بەکەمێك جیاوازی هیناویانەتەوە.

گوێڕایەڵی و پشتیوانی لێکردنی بۆ تەرخان کرد، ئەوەندەی دەتوانێت ملکەچی بێت.

- لەسیرە و سوننەتدا ڕیوایەت زۆرە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) لەکاتی بەیعەت وەرگرتنیدا دەستی پاکی دەخستە دەستی بەیعەتدەرەکە و جاربووە کە سەیدنا عومەری خوا لێی ڕازی بێت ناردووە[1] بۆ وەرگرتنی بەیعەت لە ئافرەتان (بێگومان دەست ناخرێتە دەستی ئافرەتەوە لە بەیعەت وەرگرتنیدا). لەدوای زەمانی پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) بەیعەت وەرگرتن هەروابووە، خەلیفە بەیعەتی لە ئامادەبووان وەردەگرت و جێگر و نوێنەری والیەکانیشی لەوکەسانەی دووربوون یان بەکۆڕی بەیعەتەکەدا ڕانەگەیشتوون.

((من وا دەبینم بۆ ئەم سەردەمەی ئێستای ئێمە دەبێت ئەو کەسانە ببنە ئەهلی ڕاوێژ و بەیعەتدەرانی گشتی کە چالاکوانی ڕێی هێنانەوەی حوکمی ئیسلامیین، کە هەوڵدەدەن بە بانگەواز و کۆمەڵکاری و جیهاد خیلافەتی ئیسلامیی دابمەزرێتەوە، کە بەپێی یاسا و ڕێسا شەرعییەکان ڕاوێژکاری و پاڵاوتن و هەڵبژاردنی ئاسایی دەبێت، لەوانەیە ئەم قۆناغە توول بکێشێت و پاشان بۆ قۆناغی دووەم ئوممەت بکەوێتە سەر دوو ڕاوبۆچوون:

---

[1] نوسەر لەپەراوێزدا نوسیویەتی: (دەشێت ڕاوێژ بەئافرەتیش بکرێت کە لەماڵەوەیە و بەیعەتی لێ وەربگیرێت دوای هەڵبژاردن، ئەمە تەنها لەمەسەلەی خەلیفەدا دەبێت). پێم وایە ئەم ڕایەش دەستکاریکردنێکی دەوێت، چونکە ناشێت ئەم هەموو ئافرەتە خوێندەوار و ڕۆشنبیر و هۆشیارە ئاوا بەشداری مەسەلەیەکی چارەنوسسازی وابکەن. - و -

ڕای یەکەم ئەوەیە کە یەك حزبی ئیسلامی لەهەموو ئوممەتەکەدا دروست ببێت، ئەوکاتە ئەوانەی کەسێك یان کەسانێك بۆ پۆستی خیلافەت دەپاڵێون و هەڵدەبژێرن دەستەی باڵای سەرکردایەتی ئەم حزبە ئوممەتیە دەبێت، واتە حزبواللەکە دەپاڵێوێت و ئوممەتەکە هەڵدەبژێرێت.

ڕای دووەم ئەوەیە کە حزبی ئیسلامی زۆر و جۆراوجۆر لە ئوممەتەکەدا پێك بێن و هەرحزبەکەیان نوێنەری خۆی بۆ پۆستی خەلیفایەتی بپاڵێوێت و ئوممەتەکەش یەکێکیان لێ هەڵبژێرێت.

ئێستا کە ئوممەتی ئیسلامی زۆر زۆربووە و جوگرافیای وولاتەکان زۆر بەرفراوان بووە، حەتمەن بنەما و ڕێساکانی حوکم و هەڵبژاردنی خەلیفە و دیاریکردنی ڕاوێژکاران و نوێنەرانی ئوممەت و ڕادەران پێویستی بە دارشتنەوەیەکی تر وئیزافاتی تر هەیە[1]...))

- مەسەلەی خۆپاڵاوتن بۆ خەلیفایەتی:

ئەهلی ڕاوێژ دەبێ ئاگایان لەو خاڵە گرنگەبێت کە کەسێك هەڵنەبژێرێت یان بەیعەت نەدەنە کەسێك کە خۆی خۆی پاڵاوتووە و دەیەوێت بگاتە پلەی

(١) ئەمە شتێك نییە نەکرێت، خۆ چین و هیندستان لە ملیار کەس زیاترن و هەڵبژاردنیشیان تێدا دەکرێت، لەچین وەکو ڕای یەکەمە کە نووسەری ڕەحمەتی باسی کردووە کە یەك حزب هەبێت و پاڵێوراوانی شورا ڕایان لێوەبێت پاشان خەلیفە، لەهیندستانیش وەکو ڕاو دووەمە و هەر حزبە و لەناوچەکانی خۆیانەوە پاڵێوراو هەڵدەبژێرن، لە هیندستان لەساڵی (٢٠١٤)دا (٣٦٧) ملیۆن کەس بەشداریی هەڵبژاردنی کرد کە زیاتر لەمانگێکی خایاند.

خەلیفایەتی وسووره لەسەری، چونکە داواکردنی پلە و پۆست و بەرپرسێتی و سووربوون لەسەریی مەکرووهە ئەگەر حەرامیش نەبێت[1].. زۆرینەی هەرەزۆری ئەوکەسانەی خۆ بۆ پلە و پایەی ئەمیرێتی و خەلیفایەتی دەپاڵێون وسوورن لەسەر گەیشتنە دەسەڵات، لەڕۆحی خۆبەلزانین و حەزی سەرکردایەتی و گیانی کوێخایەتیانەوە دێت، زۆرینەش وادەبێت کە کێشە و تەنگژەی زۆری لێدەکەوێتەوە و دەبێتە مایەی فەساد و دووبەرەکی..

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) بەرهەڵستی لەوە دەکرد و ڕێی دەگرت لەکەسێك کە خۆی هەوڵبدات بۆ ئەمیرێتی و فەرماندەیی.. ئەبو موسای ئەشعەری خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێ کە جارێك چووە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دیتی دوو پیاوی لەخزمەتدان لەئامۆزاکانی خۆی، یەکێکیان عەرزی کرد: (يَا رَسُولَ اللهِ، أَمِّرْنَا عَلَى بَعْضِ مَا وَلاَّكَ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ، وَقَالَ الآخَرُ مِثْلَ ذَلِكَ، فَقَالَ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم): إِنَّا وَاللهِ لاَ نُوَلِّي عَلَى هَذَا العَمَلِ أَحَدًا سَأَلَهُ، وَلاَ أَحَدًا حَرَصَ عَلَيْهِ)[2] واتە: ئەی پێغەمبەری خوا لەوکارەی خوای گەورە خستوێتیە بەردەستت، ئێمەش بکە بە ئەمیری شتێکی (کاتی زەکات کۆکردنەوەبوو)، ئەوی تریشیان هەروای داواکرد، بەڵام جەنابی فەرموی: بەخوا

---

[1] ئەگەر ئەهلی ڕاوێژ کەسێکییان پاڵاوت بۆ پۆستی خیلافەت یان سەرکردایەتی حزبێکی ئیسلامی بۆی پاڵاوت و ڕازی بوو، شیاوە و بەر ئەو بەرهەڵستییانە ناکەوێت و بۆی هەیە بکەوێتە (حەملە)ی هەڵبژاردنی خۆی و کەسب کردنی دەنگی دەنگدەران. - ن -

[2] بوخاری (٧١٤٩)، موسلیم (١٧٣٣).

قەسەم ئێمە کەسێك ناکەینە بەرپرسی کارێـك کە خـۆی داوای بکـات، نایـدەینە کەسێکیش سووربێت لەسەریی (لـێی وەردەگرینەوە).

- عبدالرحمانی کوڕی سەمورە خوا لێی ڕازی بێت دەگێـڕێتەوە کە پێغەمـبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) پێـی فەرمـوو: (يـا عَبْـدَ الـرَّحْمَنِ بـنَ سَـمُرَةَ، لا تَسْـأَلِ الإمارَةَ، فإنَّكَ إنْ أُعْطِيتَها عن مَسْأَلَةٍ وُكِلْـتَ إلَيْهـا، وإنْ أُعْطِيتَهـا عـن غـيرِ مَسْـأَلَةٍ أُعِنْـتَ عليهـا)[1] واتە: عبـدالرحمان خـۆت داوای ئەمیرێتـی مەکە، ئەگەر لەسـەر داوای خۆت بتدرێتێ هاوکاری ناکرێیت و یارمەتیت نادەن لەسەری، بەڵام ئەگەر بێ داوای خۆت دایانیتێ هاوکاری دەکرێیت تێیدا و یارمەتی دەدرێیت (تـا تێیـدا سەرکەوتوو ببیت)..

- ئەبوهورەیرە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) فەرمـووی: (إنَّكُـمْ سَتَحْرِصُـونَ عَـلَى الإمَـارَةِ، وَسَـتَكُونُ نَدَامَـةً يَـوْمَ القِيَامَـةِ، فَـنِعْمَ المُرْضِـعَةُ وَبِئْسَـتِ الفَاطِمَـةُ)[2] بوخـاریی و نەسـائی واتە: ئێـوە سـووردەبن لەسـەر بەدەسـتهێنانی ئەمیرێتـی لەدنیـادا، بەڵام لە قیامەتـدا هەرپەشـیمانی و حەسرەتکێشـانی بەدوادادێـت، شـیردەرێکی چـاك و لەشـیر بڕینەوەیەکی بەد..

---

(١) موسـلیم (١٦٥٢)، بوخـاری (٧١٤٦) (٦٦٢٢)، ترمـذی (١٥٢٩)، ئەبـو داوود(٢٩٢٩)، ئیبنـو حیببان (٤٤٨٠)، لەفزەکەش هی موسلیمە.

(٢) بوخاری (٧١٤٨)، وە نەسائی (٥٤٠٠) و ئیبنو حیببان (٤٤٨٢) بەلەفزی خۆیان هێناویانەتەوە.

ئەمە بەشێوەیەکی گشتی کە شیاوە و داوای دەکات، ئەمما ئەو کەسەی کە لاوازە و سوورە لەسەریی شیاوی نییە و هەر هەوڵی لۆ دەدات، کە ناشتوانێت بیخاتە ئەستۆی و مافی ئەمیرێتییەکە نادات، دەبێ ڕێی لێ بگیرێت و بەرپرسێتی نەدرێتێ.

ئەبوزەڕ خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە کە عەرزی پێغەمبەری خوای کرد: (يَا رَسُولَ اللهِ، أَلاَ تَسْتَعْمِلُنِي؟ قَالَ: يَا أَبَا ذَرٍّ، إِنَّكَ ضَعِيفٌ، وَإِنَّهَا أَمَانَةُ، وَإِنَّهَا يَوْمَ القِيَامَةِ خِزْيٌ وَنَدَامَةٌ، إِلاَّ مَنْ أَخَذَهَا بِحَقِّهَا، وَأَدَّى الذِي عَلَيْهِ فِيهَا)[1] واتە: ئەری ئەی پێغەمبەری خوا نامکەیتە بەرپرسی کارێك؟ فەرمووی: تۆ لاوازیت و بەرپرسێتیش ڕاسپاردەیەکە، لەڕۆژی قیامەتیشدا دەبێتە مایەی پەشیمانی و حەسرەتکێشان، مەگەر کەسێك بەحەق وەریگرتبێت و شیاوی بووبێت و ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەری بەڕاست و دروست و ڕەوایی ئەنجامیبدات.

---

[1] موسلیم (١٨٢٥).

## بڕگەی پێنجەم:

## ئەرك و مافی خەلیفە:

ئەگەر ئەهلی ڕاوێژ کەسێکیان بۆ خەلیفایەتی پاڵاوت و هەڵبژارد، یان ئەوان پاڵاوتیان و ئوممەت هەڵیبژارد و پاشان بەیعەتی درایێ، یان حزبواللەی ئوممەت بیپاڵێویت و ئوممەت هەڵیبژێرێت ئینجا بەیعەتی بدرێتێ، کە بەرەسمی ئاوا بوو بەخەلیفە کۆمەڵێك ئەرکی دەکەوێتە سەر کە دەبێت جێبەجێیان بکات کە بەرپرسیارێتییەکی ئێجگار زۆری کاروباری ئوممەتی دەکەوێتە سەرشان و دەبێت فەرمانیان لەسەر دەرکات و سۆراغی ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانیشی بکات، لەبەرامبەریشدا کۆمەڵێك مافی لەسەر ئوممەت فەرزدەبێت و ئەوانیش دەبێت پێوەی پایەندبن مادام ئەمیش بە ئەرکەکانیەوە پابەندە.

خاڵی یەکەم: ئەرکەکانی خەلیفە:

ئەرکی خەلیفە زۆر زۆرە، بەڵام دەشێت لەدوو خانەدا پۆلێن بکرێن:

یەکەمیان: پیادەکردنی ئیسلامەکەیە.

دووەمیان: بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتە ئیسلامیەکەیەتی کە دەبێت لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا ئاڕاستەی بکات.

کە دەڵێین بەرێوەبردنی کاروباری دەوڵەتە ئیسلامیەکەیەتی و بەپێ ئەحکامی ئیسلام ئاڕاستەی دەکات، مەبەستمان ئەوەیە کە لەڕێگای ئەنجومەنی ڕاوێژکارانەوە و بەپرس و ڕای ئەوان ئیدارەی بدات، چونکە ئیسلام بەتایبەتی ڕاوێژکاریی لەسەر ئەمیر و والی و خەلیفە فەرزکردووە، هەروەها لەسەر موسوڵمانان بەگشتی، بۆیە دەبێت خەلیفە و کاربەدەستانی باڵای دەوڵەتی ئیسلامی ڕاوێژ بە هەڵکەوتووانی ئوممەت بکەن و ڕاوبۆچوونیان ڕەچاوبکەن، بۆنموونە ئەگەر زۆرینەیان شتێکیان پێ پەسەندبوو، یان بزاوت و هەڵوێستێکیان پێ چاك/ خراپ بوو پێویستە خەلیفە و کاربەدەستانی ڕایان وەربگرن.

هەندێك لە شەرعناسان هەوڵیانداوە ئەرکی خەلیفە لە دە خاڵدا کۆبکەنەوە، کە ئەمانەن:

١- پاڕاستنی دینەکە لەسەر دیدوڕێی ڕەسەنی خۆی: واتە لەسەر ئەو ڕوانگە و پێناسە و ڕێسایانەی سەلەف (یاوەران و تابیعین و تابیعی تابیعین) بۆ

پاڕاستنی دین لە ئینحراف دایانڕشتووە، کە بەزاراوەی سەردەم دەبێت بە پاڕاستنی ئیسلام بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و ڕەوا.

٢- داوەریی کردن لەنێوان لایەنی ناکۆکیدا: مەبەست لەمە دامەزراندنی دادگا و تەعین کردنی قازیی شارەزا و لێوەشاوە و دامەزراندنی دەزگای چاودێری و یەکلاکردنەوەی کێشەیە بەپێی ئەحکامەکانی شەرع تا دادپەروەری لەنێوان ئوممەتەکەدا بچەسپێت (هەموو هەست بە (ئەمانی قانوونی) بکەن کە بەسەریانەوەیە).

٣- دابینکردنی ئەمان و ئاشتی و هێمنی: کە شەرعناسان ناویان ناوە (حماية البيضة والذب عن الحوزة) واتە: دابین کردنی ئەمانی ناوخۆ، تا خەڵکی بێ ترس و خەم خەریکی کاروباری ڕۆژانەی خۆیان بن و بوێرن و بتوانن لەئەماندا سەفەربکەن و بۆ کوێیان ویست بچن.

٤- چەسپاندنی سزا شەرعییەکان: تا بوار لەسەر تاوانباران کەم بکرێتەوە و هەلی تاوانکاری بۆ لادەران نەڕەخسێت، لەهەمان کاتدا مافی خەڵکی بە پاڕێزراوی دەمێنێت و خەڵکی دڵنیا دەبن کە ئەگەر کەسێك یان لایەنێك مافی پێشێلکردن دەتوانن سکاڵا بەرزبکەنەوە و مافی خۆیان وەرگرنەوە (چەسپاندنی سزاکان هەموو جۆرە سزای هەموو جۆرە تاوانێك دەگرێتەوە، لەکوشتنەوەی قاتڵەوە تا دەگاتە هەشتا جەلدەلێدانی کەسێك کەتۆمەتی داوێنپیسیی خستۆتە سەر کەسێکی پاك بێ بەڵگە).

٥- پاراستنی سنووری دەوڵەت: بەدانانی هێزی سەربازیی شیاو و تفاقی جەنگ و شێواز و هۆکاری بەرگری تا دوژمنانی دین و ئوممەت جورئەتی دەستدرێژییان بۆسەر خاك و خەڵکی ئیسلامیان لا دروست نەبێت، بەواتای سەردەم: مسۆگەرکردنی دابینکردنی ئەمانی دەرەکی.

٦- جیهادکردن دژی بەرهەڵستکاران: جیهادکردن دژی ئەو لایەنانەی ڕێ لە بانگەوازی خوایی دەگرن، یان ناهێڵن ئیسلامیان بگاتێ، نەموسوڵمان دەبن و نەجزیەش دەدەن و لەحاڵەتی تین و فشاری دوژمندارانەدا دەبنە دژی دین و ئوممەت.

٧- کۆکردنەوەی زەکات و فەیئ و سامانی بەیتولمال: بێ ئەوەی تین و فشاری ئابووری بەسەر ئوممەتەکە دروست بکات و بێ ئەوەی مافی هەژاران لە بەیتولمالی دەوڵەمەندی دەوڵەتدا بفەوتێنێت.[1]

٨- دیاریکردنی مووچەی هەموو کەسێکی ڕەعیەتەکەی: خەلیفە نابێت بهێڵێت کەس لەڕەعیەتەکەی - موسوڵمان و کافریان - موحتاج ببێت، بەرپرسە لەمووچە بۆ بڕینەوە یان دەبینکردنی بژێویی ساڵانەی تاك تاکی ڕەعیەتەکە، هەرکەسە و بەپێی شایستە و شیاوێتی کاروپلە و بەرپرسێتی خۆی کە دەبێ لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا بیاندرێتێ (وەکو مانگانە یان وەرزیی، یان ساڵانە).

---

[1] مەرجەعییەتی ڕابەر لەئێراندا (آیة الله خامەنەئی) بەیتولمالی تایبەتی هەیە کە (٩٥ ملیار) دۆلاری تێدایە.

٩- تەعین کردنی کەسی شیاو لەشوێنی شیاویدا: بەتایبەتی بەرپرسانی باڵای دەوڵەت و ئاڕاستەوانانی ئوممەت و فەرماندەکانی سوپا و داوەر و والیی هەرێمەکان و زەکاتەوانان و... هتد. لە کەسانی دیندار و دەستپاك و لێوەشاوە.

١٠- سەرپەرشتیارێتی شەخسی خۆی: ڕاستەوخۆ خۆی سەرپەرشتی هەندێك دەزگا و کۆبونەوە و چۆنیەتی ڕاپەڕاندنی کاروبار و ئەحکامەکان بکات و نزیك بێت لەحاڵ و بارودۆخی ڕەعیەتەکەی و ئاڕاستەوانی ڕۆژانەی ئوممەت و کاربەدەستانی دەوڵەتەکە بێت، تا کاربەدەستانیشی چاوی لێبکەن و وابن..

ئەمە ئەرکەکانی خەلیفەیە لەدیدوڕای هەندێك لە شەرعناسانی (فقهی دەستوری)یەوە[1] کە وەکو ووتمان دەشێت بخرێنە دوو خانەی: پیادەکردنی دینەکە و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت بەئەحکامی شەرع.

---

[1] الفراء: الأحكام السلطانية (ل ١١)، الماوردي: الأحكام السلطانية (ل ١٥).

خاڵی دووەم: مافەکانی خەلیفە:

دەشێت مافەکانی خەلیفە لەدوو خانەدا کۆبکرێنەوە:

یەکەمیان: مافی سەرخەڵکەکە.

دووەمیان: مافی لەسامانی بەیتولمالی موسوڵمانانداا.

مادام ئەو ئەرکەکانی سەرڕاستانە جێبەجێدەکات، دەبێت ئەم دوومافەشی بۆ دابین بکرێت.

١- مافی خەلیفە لەسەر ڕەعییەتەکەی:

مافی خەلیفە لەسەر ڕەعییەتەکەی گوێڕایەڵی وملکەچییە بۆی، بێگومان لەچوارچێوەی کاروباری شەرعیدا.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩﴾ النساء: ٥٩ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی فەرمانی خوای گەورە و گوێڕایەڵی فەرمانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) و کاربەدەستانی خۆتان بن، ئەگەر ناکۆکییەکتان کەوتە نێوانەوە خێرا بیگەڕێننەوە بۆ خوا و پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) (قورئان و سوونەت)، ئەگەر ڕاستدەکەن و باوەڕتان بە

خوای گەورە و ڕۆژی قیامەت هەیە.. ئاخر ئەوە دید و هەڵوێستی ڕاست و ڕەوایە..

گوێڕایەڵی و ملکەچی دەربڕین بۆ خەلیفە و نوێنەرانی دەبێت لەسنووری شەرعدابێت، دەبێت لەحوکمی ئەوکاروبار و مەسەلانەشدا کە ناکۆکی دەکەوێتە نێوان تاك و کۆی ئوممەتەوە یان دەزگا و ڕێکخراوەکانی دەوڵەتەوە، بگەڕێنەوە سەر قورئان و سووننەت.. ئەگەر فەرمانی خەلیفە یان جێگر و نوێنەرەکانی شەرعییانە بوون، ئەوا گوێڕایەڵیان بۆ دەربڕێت و جێبەجێدەکرێن، ئەگەر ناشەرعی بوون، وەلا دەنرێن و ئیهمال دەکرێن، چونکە گوێڕایەڵی عەبد لە شتێکدا ناکرێت کە پێچەوانەی شەرع بێت. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) ئەمەی ڕۆشن و ڕاشکاوانە و ئاشکرایانە فەرمووە: (لا طَاعَةَ في مَعْصِيَةِ الله)[1] واتە: گوێڕایەڵی هیچ کەسێك لە سەرپێچی فەرمانی خوادا ناکرێت (ناشێت گوناح بێت و لەبەر خاتری کەسێك بیکەیت).

- هەروەها دەفەرموێ: (إنَّما الطَّاعَةُ في المَعروفِ)[2] واتە: گوێڕایەڵی لەفەرمانی چاك (شەرعیدا) دەکرێت.

---

(1)(1) هەر شەشیان (واتە: بوخاری و موسلیم و ئەبو داوود و ترمذی و نەسائی و ئیبنو ماجە) جگەلە ترمذی: بوخاری (٧٢٥٧)، موسلیم (١٨٤٠)، ئەبو داوود (٢٦٢٥)، نەسائی (٤٢٠٥)، ئەحمەد (٧٢٤).

(2) وەکو پێشوو.

- هەروەها دەفەرمویٚ: (عَلَى المَرْءِ المُسْلِمِ السَّمْعُ والطَّاعَةُ فِيما أحَبَّ وكَرِهَ، إلَّا أنْ يُؤْمَرَ بمَعْصِيَةٍ، فإنْ أُمِرَ بمَعْصِيَةٍ، فلا سَمْعَ ولا طاعَةَ)[1] واته: گوێڕایەڵی و ملکەچی دەربڕین بۆ ئەمیر/ والی/ خەلیفە فەرزە لەوەی پێت خۆشە و لەوەشدا کە پێت ناخۆشە، لەهەموو فەرمانێکدا، مەگەر فەرمانێك بێت بۆ ئەنجامدانی گوناحێك، ئەو کاتە نەگوێڕایەڵی دەکرێت و نەگوێی پێدەدرێت.

- هەروها: (إِنَّهُ سَيَلِي أَمْرَكُمْ مِنْ بَعْدِي رِجَالٌ يُطْفِئُونَ السُّنَّةَ، وَيُحْدِثُونَ بِدْعَةً، وَيُؤَخِّرُونَ الصَّلاَةَ عَنْ مَوَاقِيتِهَا، قَالَ ابْنُ مَسْعُودٍ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، كَيْفَ بِي إِذَا أَدْرَكْتُهُمْ؟ قَالَ: لَيْسَ يَا ابْنَ أُمِّ عَبْدٍ طَاعَةٌ لِمَنْ عَصَى اللَّهَ - قَالَهَا ثَلاَثَ مَرَّاتٍ)[2] واته: دوای من کەسانێك کاروبارتان دەگرتنەدەست کە ڕێبازی من دەکوژێننەوە و بیدعەی داهێنراوی خۆیان (دیدوڕێی بیدعە) دەگرنەبەر و نوێژ لەکاتی خۆیدا ناکەن، دوایدەخەن. ئیبنومەسعود خوا لێی ڕازی بێت پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر گەیشتمە ئەو زەمانە دەبێت چی بکەم؟ فەرمووی: ئەی کوڕەکەی ئوم عەبد (نازناوی دایکی عبداللەی کوڕی مەسعوودە خوا لێی ڕازی بێت) گوێڕایەڵی لەسەرپێچیکردنی فەرمانی خوای گەورەدا ناکرێت.. سێ جاری ئاوای فەرموو.

---

[1] هەر شەشیان جگەلە ئیبنو ماجە: موسلیم (١٨٣٩)، بوخاری (٧١٤٤)، ئەحمەد (٩٧/٩)، ئەبو داوود (٢٦٢٦)، ترمذی (١٧٠٧)، نەسائی (٤٢١٧).

[2] ئەحمەد (٣٧٩٠)، ئیبنو ماجە (٢٣٣٢)، ئەحمەد شاکر لە (مسند أحمد) و ئەلبانیش لە (صحيح ابن ماجه) بە سەحیحیان داناوە.

ئـاوا قورئـان وسـوونـنەتی بنبـڕانە گـوێڕایەڵیکردنی خەلـیفە و کاربەدەسـتانیان ڕوون کـردۆتەوە کە حەتمەن دەبێـت لەفەرمـانی شـەرعیدا بێـت نەك لە تـاوان و گونـاح و سـەرپێچیی فەرمـانی خـوای گەورەدا، کەسـیش بـۆی نیـیە فەرمـانی پێچەوانەی شەرع دەرکات و بڵێ مادام بەیعەتتان داوەتێ دەبێ جێبەجێیکەن.

٢- مافی خەلیفە لە سامانی بەیتولمالی موسوڵمانانندا:

مـادام خەلـیفە جێگـری ئـوممەتە و بـۆ جێبەجێکردنـی کاروبـاری ئـوممەت و دەوڵەتـی ئیسـلام لێبـڕاوە، حەتمەن مـافی خـۆیەتی کـرێ لەسـەر کارەکـانی وەربگرێت، مادام کار و ئەرك ناهێڵێت بەکاسبی کردنەوە خەریـك بێـت و هەمـوو کاتێکی بۆ ئاراستەی ئوممەت و بەڕێـوەبردنی دەوڵەت تەرخـان کـردووە، دەبێـت مووچەی (بەس)ی لە بەیتولمالی گشتی موسوڵمانانەوە بۆ دیاریبکرێـت کە بەشـی خۆی و ماڵ و منداڵی بکات.. ئەمە جگە لەوەی کە وەکـو هەرتـاکێکی ئـوممەت مافی لەدەسـتکەوت و سـامانی گشـتیدا هەیە لەدەسـکەوت و فەیـئ و هیـتر کە بەسەر خەڵکیدا دابەش دەکرێت (لێرەدا نەقڵ کردن لە مامۆستا عبدالقادر عـۆدەی ڕەحمەتیەوە کۆتایی هات).

# باسی سێیەم:

# نیشتیمان

## بڕگەی یەکەم:

## نیشتیمانی ئوممەتی ئیسلامی هەموو سەرزەمینە:

نیشتیمانی ئوممەتی ئیسلامی هەموو سەرزەمینە، چونکە زەمین هی خوای گەورەیە و موسوڵمانیش عەبدی خوایە و ئوممەتەکەش ئەو عەبدە خواویستانەن کە مەنهەجی خوای گەورەیان هەڵگرتووە بەهەموو مرۆڤایەتی بگەیێنن.

- خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ ﴿٥٥﴾﴾ النور: ٥٥ واتە: خوای گەورە بەڵێنی بەوکەسانەتان داوە کە باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە کە لەسەرزەمیندا بریکارێتی پێغەمبەرەکانی بکەن (عليهم السلام) بۆگەیاندنی پەیامی خوای گەورە.

- ﴿وَلَقَدۡ كَتَبۡنَا فِي ٱلزَّبُورِ مِنۢ بَعۡدِ ٱلذِّكۡرِ أَنَّ ٱلۡأَرۡضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ ٱلصَّٰلِحُونَ ﴿١٠٥﴾﴾ الأنبياء: ١٠٥ واتە: بەتەئکید لە زەبوور (پەیامی سەیدنا داوود (عليه السلام)) دا نووسیوومانە/ بڕیارمان داوە هەروەکو کە لەقورئانیش جەختمان لێکردۆتەوە کە دەسەڵاتدارێتی سەرزەمین دەکەوێتە دەست عەبدە پیاوچاکەکانم.

لەم ڕووانگە عەقائیدییەوە خوای گەورە سەرزەمینی هەموو کردووە بە موڵکی موسوڵمانان تا بیکەنە نیشتیمانی خۆیان، وەرگرتنی ئەم مافی

خاوەنێتییەشی لەسەرفەرزکردوون، بەڵام فەرزێتییەکەی بەڕادەوبڕی توانایـانەوە بەندە لەهەموو کات و شوێنێك دا هەموو نەوەکـانی ئـوممەتی ئیسـلامی دەبێـت هەموو ڕەنجێکیان لە نەخشـەدانان و ڕاپەڕانـدنی بـخەنەگەڕ، دەبـێ هەمیشـە لە حاڵەتی خۆبەهێزکردندابن و ئامادەیی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنیان هەبێت.

- خوای گەورە دەفەرمویێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قَاتِلُوا الَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ الْكُفَّارِ وَلْيَجِدُوا فِيكُمْ غِلْظَةً ﴿١٢٣﴾﴾ التوبة: ١٢٣ واتە: ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە جەنگ دژی ئەو کافرانە بەرپابکەن کە لێتانەوە نزیکن، با توندوتیژیشتان تێدا بەدیی بکەن.

- هەروەها: ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ ﴿٣٩﴾﴾ الأنفال: ٣٩ واتە:جەنگ وجیهادیان دژ بەرپابکەن تادین کزکردن نەمێنێت (کەس لەدین پاشگەز نەکرێتەوە ورێ لە دینداریی نەگیرێت) ودەسەڵاتی سەروەرێتی بۆ دینەکەی خوادەبێت کە ئەحکامی شەرع حوکمی هەموو گۆشە وکەنارێکی ژیان دەکات.

ئەو (فتنە)یەی قورئان ئاماژەی پێدەکات بەردەوامە و هەرهەیە مادام حوکم بەشەریعەتەکەی خوا نەکرێت، کاتێك هەموو جیهان بەئەحکامی شەرع حوکمڕانی دەکرێت و خواویستان جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوە دەبێت، ئەوکاتە، تەنها ئەوکاتە ئاشتی باڵ بەسەرزەویدا دەکێشێت، چونکە ئیسلام خۆی ئاشتیە و ئاشتی بەبێ ئیسلام نییە..

- خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَقُولُواْ لِمَنۡ أَلۡقَىٰٓ إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَٰمَ لَسۡتَ مُؤۡمِنٗا ٩٤﴾ النساء: ٩٤
واتە: ئەوکەسەی موسوڵمانێتی لەڕووتاندا ڕاگەیاند مەڵێن تۆ موسوڵمان نیت.[١]

- خوای گەورە کە ئەم فەرزەی خستۆتە ئەستۆی موسوڵمانان لەسەرکەوتنیش بێ خەمی کردوون، بەڵێنی پێداون کە دینەکە بەسەرکەوتوویی دەپارێزێت و بۆ بڵاودەکاتەوە: ﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ٩﴾ الصف: ٩
واتە: خوای گەورە نێرراوەکەی خۆی بەرێنمایی خواناسییەوە نارد و دینی حەق و ڕاست و ڕەوای پێدا تا بەسەر هەموو دینەکانی سەربخات ئەگەرچی موشریکەکانیش پێیان ناخۆش بێت.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) دەفەرموێ: (لَيَبْلُغَنَّ هذا الأمرُ ما بلَغَ اللَّيلُ والنَّهارُ)[٢] واتە: بەئەکید ئەم دینە دەگاتە هەر شوێنێك کە شەو و ڕۆژی دەگاتێ.

- هەروها دەفەرموێ: (ا يَبْقَى عَلَى ظَهْرِ الْأَرْضِ بَيْتُ مَدَرٍ وَلَا وَبَرٍ إِلَّا أَدْخَلَهُ اللهُ كَلِمَةَ الْإِسْلَامِ)[٣] واتە: ماڵێکی خانوونشین و ماڵێکی دەوارنشین لەم سەرزەمینەدا نامێنێت کە ووشەی ئیسلامەکە (بانگەوازی ئیسلامی) پێنەگات..

---

(١) ئەوە تەفسیری نوسەری ڕەحمەتییە کە (السلام)ەکەی بە (الإسلام) لێکداوەتەوە.
(٢) ئەحمەد (١٦٩٥٧)، تەبەرانی لە (الکبیر) (١٢٨٠)، بەیهیقی لە (السنن) (١٨١/٩)، بوخاریش لە (التاریخ) (١٥٠/٢)، شێخی ئەرنائوطیش لە (تخریج المسند)دا بە سەحیحی داناوە.
(٣) ئەحمەد (٢٣٨١٤)، بوخاری لە (التاریخ الکبیر) (١٥١/٢)، ئیبنو حیببان (٦٦٩٩) و (٦٧٠١)، تەبەرانی لە (الکبیر) (٦٠١/٢٠)، شێخی ئەرنائوطیش لە (تخریج المسند) بە (صحیح)ی داناوە.

ئەم بەڵێنە حەتمەن دێتەدی و ان شاء الله ئەو کاتە هەموو دنیا بەئیسلام بەختەوەر دەبێت و موسوڵمانان هەست دەکەن کە سەرزەمین هەمووی نیشتمانی خۆیانە کە بێ سنوور و بێ بەربەست تێیدا دێت و دەچێت و ئەمانی ئیسلامی بە سەرەوە دەبێت.. ئەوکاتەش کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئاسوودە دەژییێت.

## بڕگەی دووەم:

## جیهان دووجۆر وڵاتە: دارولئیسلام و دارولکوفر:

پێشتر و ئێستا و تا ئەوکاتەی حوکمی ئیسلام بەسەر هەموو جیهاندا ڕادەگات، وڵاتان دەبن بەدوو بەشەوە: دارولئیسلام و دارلکوفر یان دارولحەرب.. دارولئیسلام ئەو وڵاتەیە کە دەسەڵاتی حوکمڕانیی تێیدا بەدەست موسوڵمانانەوەیە کە بەئەحکامی ئیسلامی حوکم دەکەن. دارولحەرب (دارولکوفر)یش ئەو وڵاتەیە کە لەژێر دەسەڵاتی حوکمڕانی موسوڵماناندا نییە و بەئەحکامی ئیسلامی حوکم ناکرێت. نیشتمانی دینی موسوڵمانان ئەو دارولئیسلامەیە، لەهەر جێیەك بێت و لەلایەن هەرقەوم و ئەهلی زمانێکەوە بەڕێوەببرێت، چونکی موسوڵمان بەخاکی وڵاتێکەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو بەعەقیدەکەیەوە پەیوەستە کە باوەڕی پێی هێناوە و دڵنیایە کە وڵاتیشی ئەو دەوڵەتەیە کە ئەحکامەکانی شەرع حوکمی دەکات.. خوای گەورە زەمی ئەوکەسانە دەکات کە مانەوەیان لەووڵاتەکەیاندا پێ چاکتربوو وەك لە هیجرەت و جیهاد کە خوای گەورە فەرمانی پێدابوون.

دەفەرموێ: ﴿وَلَوۡ أَنَّا كَتَبۡنَا عَلَيۡهِمۡ أَنِ ٱقۡتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ أَوِ ٱخۡرُجُواْ مِن دِيَٰرِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٞ مِّنۡهُمۡۖ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ فَعَلُواْ مَا يُوعَظُونَ بِهِۦ لَكَانَ خَيۡرٗا لَّهُمۡ وَأَشَدَّ تَثۡبِيتٗا ٦٦﴾ النساء: ٦٦ واتە: کە ئێمە ئەوەمان لەسەرفەرزکردن کە موسوڵمانەکانیان کافرەکانیان بکوژن و هیجرەت بکەن،

وولات جێبهێڵن، کەچی نەیانکرد، تەنها کەمێکیان ئەم فەرمانەیان جێبەجێکرد، ئەگەر ئەو ئامۆژگاریانەیان بکردایەکە دەکران چاکتربوو بۆیان و زیاتر جێگیر و پارسەنگ دەبوون.

که دارولئیسلام وولاتی موسوڵمانە، ئایا دەبێت هیجرەت بکات بۆی، ئەگەر لەدەرەوەی ئەوێ دەژیا؟

- حەنەفییەکان دەفەرموون: هیجرەتکردن لەدارولکوفر و دارولبیدعەوە بۆ دارولئیسلام فەرزە.

- ماوەردیی (لەشافیعییەکانە) دەفەرموێ: (ئەگەر لەو وولاتەی لێیەتی دەیتوانی دینەکەی پیادەبکات، ئەوە وولاتەکەی دەبێتە دارولئیسلام (!) بۆیە مانەوە لەوێ و نیشتەجێبوونی چاکترە لە بەجێهێشتنی، چونکی ئومێد هەیە کە خەڵکی تر بەرەو ئیسلام بهێنێت).

- ئیبنوحەجەر رحمه الله لە (فتح الباري)دا لە بەغەوییەوە نەقڵی کردووە کە فەرموویەتی (هیجرەت کردن کۆتایی نایات مادام جەنگ و جیهاد بەرامبەر کافران بەرپابکرێت، مادام لەدنیادا دارولکفر هەیە هیجرەتکردن لەوێوە لەسەر موسوڵمان فەرزە، چونکی مەترسی ئەوە هەیە کە لەدینەکەی پاشگەزی بکەنەوە و ڕێی دینداریی لیبگرن.

بەمانایەکی تر ئەوەیە کە ئەگەر وا تەسەور کرا کە داڕووڵکوفر لەسەرزەمیندا نەماوە، ئەوکاتە هیجرەتیش نامێنێت، چونکە هۆکار و پاڵنەری هیجرەت کـردنەکە نامێنێت.

- حەنبەلیەکان دەفەرموون: (ئەگەر دەیتوانی لەدارولکـوفردا دینداریی خـۆی بکات و دینەکەی پیادەبکات سووننەتە بۆی هیجرەت بکـات بـۆ دارولئیسـلام تـا بتوانێت لەوێ بەشداریی جیهاد بکات و ژمارەی موسوڵمانان زیاتر بکات).
لەبۆچوونی ئەماندا هیجرەت کردن سـوونەتە مـادام موسـوڵمانەکە لەدارولکـوفردا دەتوانێـت دینـی خـۆی پیادەبکـات، ئەمـا ئەگەر نەیتـوانی دیـنەکەی بەئاشـکرا پیادەبکـات و نـاوچەکەش ئەهلـی کـوفر یـان بیـدعەی تێـدا دەسـەڵاتداربوو کە نەیاندەهێشـت فەرزەکـان جـێ بەجـێ بکـا، یـان لە ئەمانـدا نەبـوو، دەترسـا یـان لەناچارکردنی ئەهلی کوفر دەترسا کە بیچەوسێننەوە و ناچاری بکەن و تەنـازوول لەهەنـدێك لەئیسـلامەکەی بکـات، یـان دەترسـا کە منداڵ و نەوەکـانی لەسـەر ئیسلام پەروەردە نەبـن، لەم حاڵەتـانەدا هیجـرەت کردنـی لەسـەر فەرزە، چـونکە خوای گەورە دەفەرموێ:

- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمۡۖ قَالُواْ كُنَّا مُسۡتَضۡعَفِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ قَالُوٓاْ أَلَمۡ تَكُنۡ أَرۡضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٗ فَتُهَاجِرُواْ فِيهَاۚ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ٩٧ إِلَّا ٱلۡمُسۡتَضۡعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ وَٱلنِّسَآءِ وَٱلۡوِلۡدَٰنِ لَا يَسۡتَطِيعُونَ حِيلَةٗ وَلَا يَهۡتَدُونَ سَبِيلٗا ٩٨ فَأُوْلَٰٓئِكَ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَعۡفُوَ عَنۡهُمۡۚ ٩٩ ﴾ النسـاء: ٩٧ - ٩٩ واتە: ئەوکەسـانەی لەدارولکـوفردا مـانەوە تـا مـردن زوڵمیـان لەنەفسـی خۆیـانکرد، فریشتەکان لێیاندەپرسن: ئەرێ ئێوە چی و چـۆن بـوون؟ بـۆچی وا چارەنووسـتان

دۆزەخە؟ دەڵێن: داماو و بێ دەسەڵات و موستەزعەف بووین و لەووڵاتی خۆماندا دەچەوسێنراینەوە، فریشتەکان لێیان دەپرسن، چما سەرزەمینی خوای گەورە ئەوەندە پان و پۆڕ و بەرفراوان نەبوو جێگای ئێوەی لەشێوێنێکی تردا لێ ببێتەوە؟ بۆچی هیجرەتتان نەکرد؟ جێ نیشتەجێی ئەوانە ئاگری دۆزەخە و بەڕاستی چارەنوسێکی بەدیان دەبێت، جگە لەو موستەزعەفە حەقیقیانە لەپیاو و ئافرەت و زارۆکی بێچارە و لاوازکراو کە نەتوانای هیجرەتەکەیان هەبوو، نەشارەزای ڕێگای قوتاربوونیش بوون، حەتمەن خوای گەورە رەحم بەوانە دەکات و لێیان دەبووریێت.

- ئەو کەسانەی لەدارولکوفردا دەمێننەوە و هیجرەت ناکەن بۆ دارولئیسلام ئەگەر بکەونە ژێر تین و فشاری ئەهلی کوفر و بچەوسێنرێنەوە، موسوڵمانانی دارلئیسلام بۆیان هەیە هەقیان نەبێت و لەسەریان نەکەنەوە، ئەگەر ئەو کەسانەی دەیانچەوساندنەوە خاوەن پەیمان بوون لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دارولئیسلامدا، چونکیە پاراستنی ڕێکەوتن و هاوپەیمانێتیەکە گرنگە.

خوای گەورە ئەمە دەکاتە ڕێسای هەتا هەتایی موسوڵمانان و دەفەرموێ: ﴿وَإِنِ ٱسۡتَنصَرُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ فَعَلَيۡكُمُ ٱلنَّصۡرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٌۗ ﴿٧٢﴾﴾ الأنفال: ٧٢ واتە: ئەگەر ئەوموسوڵمانانەی لەدارولکوفر ماونەتەوە و هیجرەتیان بۆ دارولئیسلام نەکردووە لەژێر تین و فشار و ئەشکەنجەدا هاواریان بۆ هێنان کە لەسەرمان بکەنەوە، فەرزە لەسەرتان بەهانایانەوە بچن، مەگەر لەژێردەسەڵاتی لایەنانی هاوپەیمانتاندابن، ئەوە لەسەرکردنەوەیانتان لەسەر فەرز نییە.

## برگەی سێیەم:

## دارولحەرب (دارلکوفر) دەشێت دوو جۆر بێت:

١- دارولحەربی هاوپەیمان: واتە پەیمان لەنێوان ئێمە و ئەواندا هەیە و ڕێککەوتووین لەسەر ئەماندان بەیەکتریی، هەندێکە لەشەرعناسان بەبەشێکی سەربەخۆی دادەنێن و ناوی دەنێن (دارالعهد).

٢- دارولحەربی بێ پەیمان: کە هیچ پەیمانێك لەنێوان ئێمە و ئەواندا نییە.

دەشێت دارولئیسلامیش چەند بەشێك بێت:

١- دارولعەدل: ئەو وڵاتەیەکە ئیسلام حوکمی دەکات، خەلیفەی شەرعی هەیە و ڕەعییەتەکەی لەئەماندان و سوونەت تێیدا پارێزراوە.

٢- دارولبەغی: وڵاتێکە هەر ئەحکامی ئیسلام حوکمی دەکات، بەڵام دەسەڵات لەدەست ئەوانەدایە کە دژی خەلیفەی شەرعی شۆڕشیان کردووە و ئەو ناوچەیان بۆخۆیان دابڕیووە.

٣- دارولبیدعە: ئەو وڵاتەیە کە بیدعەچی لێیدا باڵادەستە و حوکمیان بە بیدعەکەی خۆیانە، بەڵام هەرموسوڵمانن.

٤- دارورڕیددە: ئەو وڵاتەیە کە خەڵکەکەی لەئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە، یان دەسەڵاتدارانی مورتەددن، یان خەڵکەکەی هەر کافربوون، بەڵام کەوتبوونە ژێر

دەسەڵاتی حوکمی ئیسلام و پەیمانیان لەگەڵ ئەهلی ئیسلامدا هەبوو، دوایی پەیمانەکەیان شکاند و خۆیان دەسەڵاتیان گرتەوە دەست.

٥- دارولئیسلامی داگیرکراو: کە پێی دەڵێن (الدارلمسلوبة): ئەو وولاتەیە کە لەژێر سایەی ئیسلام و موسوڵماناندابوون، بەڵام کافرانی دووره دەستی دەرەکی هاتنەسەریی و داگیریان کردووە. پێشتر دارولئیسلام بووە.

ئەم پێنج بەشە لەسەر ڕای ئیمامی ئەبوحەنیفە هەرپێنجیان دارولئیسلامن ئەگەر سێ شتیان تێدا نەبێت:

- ئیمامی ئەبو حەنیفە رحمەالله دەفەرموێ: ئەگەر دەسەڵاتدارانی دارولحەرب دەستیان گرت بەسەر یەکێك لەجۆری وولاتەکانی دارولئیسلامماندا، یان خەڵکی وولاتێکمان لەئیسلام هەڵگەڕانەوە و ئەحکامی کوفریان تێدا چەسپاند (کردیانە دەستوور و یاسا)، یان ئەهلی زیمە (ئەهلی کیتاب) بوون و پەمانەکەیان هەڵوەشاندەوە کە لەگەڵماندا بەستبوویان و دەسەڵاتیان بەسەر وولاتەکەیاندا گرت، هیچ لەم حاڵەتانە وولاتەکە لەسیفەتی دارولئیسلامێتییەکەیەوە ناکات بەدارولحەرب تا سێ سیفەتی تێدا نەیەتەدی:

١- ئەحکامی کوفری تێدا بچەسپێنرێت و هیچ لایەنێکی ئەحکامی ئیسلامی تێدا نەمابێت، نەکەم نەزۆر.

٢- سنووری بەسنووری دارولکوفرەوە بێت، نەك بەسنووری دارولئیسلام، یان وولاتێکی تری غەیره ئیسلامی لەنێوانماندابێت.

٣- موسوڵمان یان ئەهلی زیممەی ئێمەی بەئەمان تێدا نەبێت، بەئەمانی ئیسلام (کە خۆیان بتوانن بۆخۆیانی مسۆگەر بکەن)، نەك ئەوان ئەمانیان دابێتە موسوڵمان یان ئەهلی زیممەکانمان.

لە دید و پێناسەی ئیمامی ئەبوحەنیفەوە هیندستان و فەلەستین و تورکستان بەشێکن لە دارولئیسلام، هەورەها ئەو وڵاتانەمان کە کۆمەڵە مورتەددێك دەیبەن بەڕێوە، یان حزبێکی کافر دەسەڵاتی تێدا گرتۆتەدەست، یان دیکتاتۆرێکی کافر، کەلە ئەسڵدا ئەم وڵاتانە دارولئیسلام بوون، ئیمامی ئەبوحەنیفە ئیعتیراف بەسەربەخۆیی و جودابوونەوەی ئەم وڵاتانە ناکات و پێی وایە هەر بەدارولئیسلامی ماون، بەزاراوەی سیاسی سەردەم ئەم وڵاتانە ئیعتیرافی سیاسیان پێ ناکرێت و ناڵێین دارولئیسلام نەماون، ئەوە کە بەهێزی چەکداریی دایانبڕیوە و جودایان کردۆتەوە ئەحکامی کوفریان بەسەردا چەسپاندووە وامان لێناکات بڵێین بوون بە دارولکوفر، چونکە دەبێت هێز پێکەوە بنێین و بەزەبری چەك بیخەینەوە سەردارولئیسلام.

- بەڵام دوو قوتابیە بەڕێزەکەی کە ئیمامی ئەبویوسف و ئیمامی محمدی شەیبانین ڕای جیاوازیان لەوحاڵەتانەدا هەیە، دەفەرموون: هەموو دارولئیسلامێك بەیەك مەرج دەبێتە دارولکوفر، ئەویش سەروەرێتی ئەحکامەکانی وڵاتەکەیە. مادام ئەحکامی کوفر تێیدا باڵادەست بووە و دەچەسپێنرێت، بۆتە دارولکوفر (دارولحەرب).. لە پێناسەی ئەم دوو ئیمامە بەڕێزەوە ناتوانین هیچ وڵات و

**دەوڵەتێکی جیهانیی سەردەم بە دارولئیسلام بناسێنین مەگەر هەندێکی زۆرکەم و گچکە، ئەویش ئەگەر شلگیریمان تێداکرد.**

**بەهەر حاڵ ئەو وڵاتەی کەموسوڵمان بەهی خۆیی دەزانێت و خۆی بەموڵکی ئەو دەزانێت دارولعەدلە.**[1]

---

[1] نوسەری ڕەحمەتی چونکە خۆی حەنەفی بوو زیاتر لەدید و جۆچوونی حەنەفییەکانەوە پێناسە دەکات، لەم مەسەلەیەش وایە. دکتۆر عبدالقادر عبدالعزیز لە کتێبی (الجامع للعلم الشریف)ەکەیدا بەشێکی باسی لەسەر دارولئیسلام و دارولکوفر نووسیوە، هەرچەندە کەمە بەڵام زۆر چر و گشتگیرە، پێم وایە خوێندنی ئەو بەسە، الحمدلله کردوومە بەکوردی. - و -

## بڕگەی چوارەم:

## ئەگەر خەلیفە و خیلافەتمان نەما؟

ئەگەر ووتمان دارولعەدل نەماوە، موسوڵمانان خەلیفەیان نەماوە، ووڵاتەکانیان بەئەحکامی ئیسلام حوکم ناکرێت، خەڵکەکەی بەشەریعەتی ئیسلامەوە پابەند نابن، بێگومان ئەوکاتە ووڵاتەکان دەبنە داروڕڕیددە یان دارولبیدعە یان دارولفسوق.. لەم حاڵەتانەدا فەرزی زەمانە لەسەرموسوڵمانان، بەتایبەتی لەسەر ئەهلی حەل وعەقد ئەوەیە کە هەوڵبدەن دارولعەدل بهێننەوەکایەوە، بەوەی خاك و خەڵك و دەسەڵاتی سیاسی ووڵات و سەروەرێتی یاسا بکەوێتەوە ژێردەستی ئیسلام و موسوڵمانانی دیندار و شیاو ببنە کاربەدەستی، چونکە بەهیچ کلۆجێك جائیز نییە موسوڵمانان یەك سەعاتیش بێ خەم دوور لەخیلافەت و دارولعەدلەکەیان دانیشن.. لەم حاڵەتانەشدا حوکم ئەوەیە کە شافیعییەکان فەموویانە: (ئەگەر خەلیفە دیارنەما ئەحکامی خیلافەت دەکەوێتە بەردەست شارەزاترین کەسی ئەو زەمانە).. لانی کەم دەبێت ئەم جۆرە حوکمڕانییە زۆر خێرا بهێنرێتەوە ووڵات تا ببێتە زەمینەی کۆمەڵکاریی ئوممەت بۆهێنانەوەی خیلافەت و سەروەرێتی شەریعەت.. بەڵام بێگومان ئا ئەم قۆناغەش (وا سەخت بووە و کار لەکار ترازاوە) کە دەبێت چەندین قۆناغی تر و کاری تری بۆدیارییبکرێت (وەکو هەبوونی دیدوڕێی مەنهەجی وکۆمەڵکاریی ئوممەتی مەرکەزیانە و کەسبکردنی

تاك و پەروەردەكردنيان لەسەر مەنهەج و كۆمەڵكارييەكە و هيجرەت و جيهاد بـۆ پێكەوەنانەوەی دارولئيسلامێكی گچـكە بەخـاكی ئـازادو خەڵكـی خواويسـت و دەسەڵاتێكی سياسی و سەروەرێتی شەرع.. والله اعلم).

## بڕگەی پێنجەم:

## دەبێت دارولعەدلیش بەرفراوانتر بکرێت:

ئەگەر جۆری وولآتەکانی دارولئیسلام هەموویان بوون بەیەك دارولعەدل، ئەرکی گەورەی خەلیفەکەی ئەوە دەبێت کە ئامادەسازی (الإعداد) لەدەوڵەت و ئوممەتەکەیدا بگەیێنێتە ئاستێکی بەتوانا تا بتوانێت جیهاد ڕاگەیێنێت، دەبێت بوار و مەساحەی بانگەوازی خوایی بەرفراوانتر بکات، زیاتر ڕێکی بخات و هانیبدات تا سنوری داولعەدل بەرفراوانتر ببێت، تاهەموو جیهان دەبێتە دارولئیسلام و گەلان دەبنە ئوممەتی ئیسلامی..

ئەمما لەحاڵەتێکدا کە جۆری دارولئیسلاممەکان دارولعەدل نەبوون، یەکەمین فەرزی سەرشانی موسوڵمانان ئەوەیە کە دارولعەدلەکە پێك بهێننەوە و خەلیفەی خۆیان بۆ هەڵبژێرنەوە و ئینجا دەست بکەن بە گۆڕانکاری لەجۆری دارولئیسلامەکاندا تا دەیکەنەوە بەدارولعەدل، ئەمەش حەتمەن بەهۆکار و شێواز و چۆنیەتیەك دەکرێت کە هاوشان و بەرابەری واقیعەکە بێت و زیاتر تا بەسەریدا زاڵ بێت بەوە دەبێت کە حکومەتە مورتەددەکان لادەن و ڕادەن، حکومەتە ستەمکار و بیدعیەچییەکان لادەن و ڕادەن، جەنگ و جیهاد بەرامبەر حکومەتە کافرە داگیرکەرەکان ڕاگەیێنن و خاك و خەڵکە ژێردەستەکە ئازادکەنەوە، ئاوا تا دارولعەدلەکە دامەمەزرێننەوە، ئنجا دەتوانن بۆ

بەرفراوانکردنی بانگەواز و جیهادی دارولـعەدلەکە لێببـڕێن، لەگەڵ ڕەچـاوکردنی واقـیعەکەدا تـا زەمیـنن لەژێردەسـتی سـتەمکاراندا دەردەهێـنن کە دەسـەڵاتی حاکمێتی خوای گەورەیان بۆ خۆیان زەوت کردووە.

هەرکاتێك دارولعەدل هاتەوە پێشێ هەمـوو کاربەدەسـتانی موسـوڵمان دەبێـت گوێڕایەڵ و ملکەچی فەرمانی شەرعییانەی خەلیفە و ئیـدارە شـەرعییەکەی بـن، هەرکەسێك گوێڕایەڵی ئاوا دەرنەبڕێت بە (بـاغی) هەژمـار دەکرێـت، واتە: یـاخی ڕاپسـکاو لە حـوکمی شـەرعی، بەزاڵـم و سـتەمکار حسـێب دەکرێـت و جەنـگ بەرپاکردن لەدژیی ڕەفتـارێکی شـەرعی دەبێـت تـا ئەوکـاتەی دەهێنرێـنەوە ژێـر سـایەی دارولـعەدل و خەلـیفە شـەرعییەکە، ئەگەر ڕێکەوتـن و پەیمانـی پێشـتر لەنێواندا نەبوو، یان مەترسی ئەوە هەبوو کە شەڕێکی سەختی بێ هوودەی لـێ بکەوێتەوە، چونکە یەکێتـی جوگرافیـایی خـاکی دارولـعەدل هەروەکـو یەکێتـی ئوممەتە ئیسلامییەکەیە و هەردووکیان دەبێـت بەیەکپـارچەیی بمێننەوە، دەبێـت هەر پارچە خاکێکی دارولعەدل و هەر کۆمەڵە خەڵکێکی بەزۆری زۆرداریی لـێ جودا بکـرێتەوە، ئـوممەت و خـیلافەتەکەی دەبێـت لەزەوتکارانیـان بسـێننەوە و بیانهێننەوە سەر دارولعەدل..

سەیدنا عەلی خوا لێی ڕازی بێت جەنگـی دژی معـاویە خـوا لێـی ڕازی بێـت لەسەر ئەمە ڕاگەیاند..

ئەمانەی باسمانکردن هەموویان فەرزن، هیچ فەرزێکیش لەئیسلامدا بەشێوەی کاتیی (موەقەت) نەبێـت لەکارناخرێـت، ئەویـش لەوکـاتەدایە کە هێـزو توانـای

دارولعەدل (لەدید وتێڕوانین و پێناسەی ئیسلام خۆیەوە) بەرابەر هێز و توانای جۆرە وولاتەکانی تری دارولئیسلام و دارولکوفر نابێت، کە دڵنیا دەبین ئەگەر بچینە جەنگەوە لەگەڵیاندا حەتمەن تێکدەشکێین، لەم حاڵەتەماندا جەنگیان دژ بەرپا ناکەین کە بۆیان بچینە مەیدانەوە، بەڵکو شێوازی تری بەرەنگاربوونەوەیان دەگرینەبەر، بەتین و فشاری سیاسی و دیبلۆماسیەوە بۆ جەنگی پارتیزانی دژیان. دەشێت لەبێهێزی و لاوازیماندا ناچاربین لەسەر هەندێك داخوازیمان بێدەنگ بین و بەشێوەیەکی کاتی هەندێك کێشەی نێوانمان نەکەینە مایەی شەڕبەرپابوونیان. شەرعناسانی ئیسلام باسیان کردووە کە لەوکاتانەی دەوڵەت و ئوممەتمان لاواز و بێهێزە دەشێت لەگەڵ دوژمنانمان وا ڕێکەوین کە سامانمانیان بدەینێ تا لەبەرامبەردا لەدەستدرێژییان ئەمین بین تا بەهێز دەبینەوە.

پێویستە لێرەدا دوو خاڵ تێبینی بکەین:

١- ئەوەی هێز و تواناماني پێ دەکێشین تەرازووی ئیسلامەکەیە: نەك دید و پێناسەی دید و دینی تر، لەتەرازووی ئیسلامدا هەریەك پیاوی موجاهیدی ئێمە بەرامبەر دووپیاوی جەنگاوەری ئەوانە، ئینجا دەمێنێتەوە ئەو هێز و توانا و تفاق و کەرەستانەی لەجەنگدا بەکاردێن کە دەبێت زۆر ووردەکارانە ئەوەی خۆمان بەوانەی ئەوان بەراورد بکەین تا بزانین تا چ ڕادەیەك بەرابەرین، ئایا ژمارەمان، تفاق و کەلوپەلمان، چەکمان - لەدیدی ڕوونی ئیسلامیماندا - چەندە و بەرامبەرانمان چین و چۆن و چەندن؟ دەبێت گشتگیرانە هەموو خاڵێکی هێز و لاوازی ڕەچاوبکەین پاشان بڕیاری خۆمان بدەین، دەبێ حساب بۆ هەموو هێزێك

بکەیــن کە دەشــێت بەرامــبەر بەهێــز و توانــای خــۆی کــۆی بکــاتەوە، یــان بەهاوپەیمانێتی و پەیوەندییەکانی دەتوانێت هێزی تر بهێنێتە ریزی خۆی؟ دەبێت ووردەکارانە حساباتی سەربازی و ئەمنی و ئابووریی بارودۆخی سیاسی ناوخۆ و دەرەوە بکەین، کار و کاردانەوەی هەموو بزاوت و سرەوتێکمان دیراسە بکەین.

بۆ نموونە: ئەگەر ئێمە جەنگ وجیهادمـان ڕاگەیانـد زلهێـزە نێودەوڵەتیەکـان هەڵوێستیان چی دەبێت؟ ئەگەر ئـێمە جەنـگ و جیهادمـان بەرامـبەر ووڵاتێکـی سەربەخۆ ڕاگەیانـد (کە ئەنـدامی نەتەوە یەکگرتووەکـان بێـت) ئایـا هەڵوێسـتی سیاسیی دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهـان و ڕێکخراوەکانیـان چـی دەبێـت کە دەبیـنن ئێمە تەدەخولی سەربازیمان کردۆتە سـەر ووڵاتێکـی سـەربەخۆ؟! لەوانەیە ئەوان گەلەکۆمەکێمان لـێ بکەن و هێزی سـەربازییان بێنـنە بەرامبەرمـان و دەوڵەت و ووڵاتە هاوسێکانمان بەجارێك لـێ هانبدەن.. بۆیە دەبێـت هەمـوو شـتێك دیراسـە بکرێت دوای زانینی تەواوی هێز و تواناکانی خۆمان و ئەوان.

شەرعناسانی مالیکی دەفەرموون هێزی کاراوکردە حسێبە نەك ژمـارە زۆریـی، ئەمەش دەبێـت ڕەچاوبکرێـت چـونکە تاکێـك یـان فڕۆکەیەکـی جەنگـی کە دوو کەس/ یان یەك فڕۆکەوانی تێدایە بەهێزترە لە هەزاران جەنگاوەری بێ چەکـی دژ و کاریگەرە.

٢- ئەم قۆنــاغی لاوازی و موســـتەزعەفێتییەکەمان مانــای ئەوە نیـــیە کە تەسلیمی ببین و بڵێین بۆمان ناگۆڕێت، نا، فەرزە لەسـەرمان هەوڵبـدەین، ڕەنجـی زۆرتر بدەین تا لاوازییەکەمان چارەسەربکەین، ڕەنجی زیاتریش بـۆ دەسـتهێنانی

هێز، هێزی پیاوی موجاهیدی جەنگاوەر، هێـزی چەك و تفـاقی سـەربازی، هێـزی دارایی، پەیداکردنی ئەمانەش فەرزە، چونکە فەرزی تریان پـێ دێتەدیـی: (وما لا یـتم الواجـب إلا بـه فهـو واجـب)، بەپێێـی ئەم ڕێسـا فیقهـیە بەدەسـتهێنانی ئەو پێکهاتانەی هێزی جیهادیش فەرزە، چونکە هەرچی شتێك کە فەرزێك بەو نەبێت نایاتەدیی پەیداکردنی ئەویش فەرزە.

## بڕگەی شەشەم:

## پاك كردنەوەی ریزەكانمان لە دووڕوو دەغەڵ و زەندیقان:

یەكەمین ئەركی خەلیفە وكاربەدەستانی دارولعەدل پاك كردنەوەی كۆمەڵگەكەیانە لەدووڕوو زەندیق و بیعدەچیی دەغەڵ و مورتەددان، بەریشەكێشكردنی (كوشتنی) مولحیدە زەندیق و وجودی و ئەو فاسقە چاوقایمانەی كە بەئاشكرا گوناحی گەورە دەكەن كە زۆر لەشەرعناسان فەموویانە كوشتنی موسوڵمانی گوناحكار جائیزەكە گوناحەكەی بە بەرەڵایی و چاوقایمییەوە دەكات (یان بازرگانی بەگوناحەكانەوە دەكات وەكو گەوادی)، ئەمە لەخانەی تەمێكردندایە (باب التعزیر)، واتە بەكوشتنی ئەو خەڵكی تری هاوشێوەی ئەو چاوترسێن دەبن (ئەمە زیاتر لە باب التعزیز لەكتێبە فیقهییەكاندا باسكراوە)[1]. بەڵام ئەم ریشەكێشكردنە دەبێ بەپێی فەتوای رۆشن و بڕیاری ئاشكرا و ڕاشكاوبێت، ئەمە ئەسڵە، بەڵام دەشێت بارودۆخی بزاوت و وجودمان یان لاوازیمان ناچارمان بكات سەبرێكی لەسەر بگرین.

---

[1] شێخ صالح بن لحێدان لەگەورە زانایانی حەرەمەینە و (٤١) ساڵ قازی باڵای عەرەبستان بوو، كە لەوەڵامی پرسیارێكدا لەتەلەفزیۆندا ووتی: دەشێت خاوەن كەناڵی تەلەفزیۆنی كە كە ڕەواج بەزینا و فەساد دەدات لە (باب التعزیر)دا بكوژرێت، دواى دادگاییكردنی، لەچی بۆ سبەینێ مەلیك عبداللەی مورتەد لەقازێتی لایدا. - و -

ئەگەر ئەهلی دارولعەدل زووتر دەسپێشخەرییان لەمانە نەکرد، دەشێت ئەوان دەسپێشخەریی بکەن و شۆڕش و کۆدەتا (ئینقیلاب) ئەنجامبدەن، یان پشێویی وا بنێنەوە کە ببێتە ئاژاوەی ناو دانیشتوان و دەوڵەت و ئوممەت فریای چارەسەری نەکەون.. ئەم ریشەکێشکردنە زەروورییە، بێ ئەمە زەحمەتە حوکمی ئیسلام خۆی بگرێت، چونکە دوژمنانی دەرەکی زۆرن و ئاسان دەتوانن دوژمنانی ناوخۆ و تەنانەت موسوڵمانانی ساویلکەش دژی دەوڵەتە ئیسلامیەکە و کاربەدەستانی بخەنە سەنگەری دژایەتیانەوە.

- خوای گەورە بە پێغەمبەرە بەڕێزەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و یاوەران دەفەرموێ: ﴿وَفِيكُمْ سَمَّٰعُونَ لَهُمْ ۗ﴾ التوبة: ٤٧ واتە: لەناوتاندا هەیە پیشەی گوێگرتنە لەکافران و بڵاوکردنەوەی قسە و قسەڵۆکیانە.. جا کە لەوسەردەمەدا لەریزی یاوەراندا گوێبیستی ئاوای دوژمن هەبووبێت لەناو ریزەکانی ئێمەدا دەبێت چەند زۆربن؟

- هەروەها دەفەرموێ: ﴿۞ لَّئِن لَّمْ يَنتَهِ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ وَٱلْمُرْجِفُونَ فِى ٱلْمَدِينَةِ لَنُغْرِيَنَّكَ بِهِمْ ثُمَّ لَا يُجَاوِرُونَكَ فِيهَآ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٦٠﴾ مَّلْعُونِينَ ۖ أَيْنَمَا ثُقِفُوٓا۟ أُخِذُوا۟ وَقُتِّلُوا۟ تَقْتِيلًا ﴿٦١﴾﴾ الأحزاب: ٦٠ - ٦١ واتە: ئەگەر ئەو دووڕووانە و دڵ نەخۆشەکان و موسوڵمانە ووره ڕوخاو و دەروون بەزیووەکان کە ئاسان بەقسەی دوژمن فریودەخۆن واز لەو قسە و قسەڵۆکە (شەڕی واتە وات و پڕوپاگەندە بۆکردنە) نەهێنن زاڵت دەکەین بەسەریاندا بەشێوەیەك کە ماوەیەکی کەم تەحەمولی دەسەڵاتتان بکەن و پاشان دوورکەونەوە لێتان، ئەوانە مەلعوونن، نەفرین لێکراون، دوورن لەرەحمەتی

خوای گەورە، لەهەرکوێ بن، لەهەرجێیەك بەردەستکەوتن سزایان کوشتن و ریشەکێشکردنیانە.. ئەمە فەرمانە و جێبەجێکردن دەخوازێت.

ئەوی دارولئیسلام لەناوەوە هەڵدەکۆڵێت و دەبێتە مایەی لاوازبوون و دارِمانی ئەو مورتەدد و دوورِووانەن کە بواریان بۆ دەکرێتەوە و ناکوژرێن، ئەو موسوڵمانە فاسقە گوناحکارە بەرەڵایانەن کە گوێ بە دین و شەرع و سزا نادەن. ئەمانە پێویستە رِەفتاری توندوتیژیان بەرامبەر بنوێنرێت.. ئەمما غەیرە موسوڵمان کە لەناو کۆمەڵگەکەدا دەژین دەبێت شێوازێکی دەستووری و چۆنیەتییەکی یاسایی دیارییکرێت بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا کە ئەوانیش لەئەماندابن و ئاسوودەبن و ئێمەش لەئەمان و ئاسوودەییدا بین لێیان.. هەموو ئەمەش بە فەتوای شەرعناسان و یاسا و رِێسا و دەستووری دارولئیسلامەکە دەبێت، ئەمانە خاوەن ماف و ئەرکن و ناخرێنە خانەی کافر و موشریك و مورتەددە شەرِانیەکانەوە.. سنووری خۆیان لەشەرعدا بۆ دیاریکراوە کە دەبێ ئەوانیش و دەوڵەت و ئوممەی ئیسلامیش پێوەی پابەندبێت.

# بڕگەی حەوتەم:

## ویلایەتی تایبەت بەمەزهەب و زمان:

ووتمان دەشێت دارولئیسلام هەموو سەرزەمین بگرێتەوە، یان زیاتر لە جوگرافیای ئێستای موسوڵمانان بەرفراوانتر ببێت، هەروەکو کە دەشێت ناوچەیەکی بچووکی وولاتێك بێت، دەشێت ناوچەیەك بێت کە هەموو دانیشتوانەکەی بەزمانەکەی بدوێن، هەروەکو کە دەشێت چەندەها قەوم و زمانی جیاوازبن و لەدارولئیسلامێکدا بژین، یان دەشێت ناوچەکە هەمووی لەسەر مەزهەبێکی فیقهی بن، هەروەکو کە دەشێت یەك ناوچە بێت بەڵام چەندین مەزهەبی فیقهیان هەیە، لەحاڵەتی زۆر بەرفراوانی دارولئیسلام و هەمە جۆری زمان و مەزهەبدا ئایا دەشێت دابەشبوونی ئیداریشی بەگوێرەی زمان و مەزهەب بێت؟ ئایا دەشێت سنووری ویلایەتەکانی بەپێی دیاردە و بەربەستە جوگرافییەکان بێت (چیا و ڕووبار و دەریا)؟ یان بەرەچاوکردنی بەرژەوەندیی ناوچەیەك (وەکو ئەوی چاندن پیشەیانە یان بازرگانی سەرسنوورن، یان دانیشتوانی دورگەیەکن)، یان دانیشتوانی ناوچەیەك یەك قەوم و یەك زمانن ئایا دەشێت ویلایەتی خۆیانیان هەبێت؟ یان مەزهەبیان یەکە؟ یان ئیعتیهاد دەکاتە سەر دیدوڕای خەلیفە و ئەنجومەنی شوراکەی؟ ئەگەر غەیرە موسوڵمانان لەهەرێمێکدا بوون کە لەشکری ئیسلام ناوچەکەیانی فەتح کردبوو، خستبوویە

سەر دارولئیسلام، بەڵام حەزیـان دەكـرد ویلایەتێكـی خۆیانیـان هەبێـت، سـەربە دەوڵەتی خەلیفە بن، ئەحكامی شـەرع یاسا و دەسـتوریانە، جـزیە و ئیلتیزامـاتی تری داراییان دەدەنە بەیتولمال و سەودا و مامەڵەی بازاڕیـان لەگەڵ موسـوڵمانانـدا بەپێـی شــەرعە و بــواری موســوڵمانانیان داوە بــانگەوازی ئیســلام لەناویانــدا بڵاوبكەنەوە، بەڵام دەیانەوێت لەلایەنی ئیدارییەوە ویلایەتی خۆیان هەبێـت، ئایـا ڕێیان پێدەدرێت؟

دەقێكی شەرعیمان بۆ حوكمی ئەمانە لەبەردەستدا نییە كە پێشـتر لەخولەفـای ڕاشیدینەوە بۆمان مابێتەوە، كە دەبـێ بە دەستووری ئەوانەوە پابەنـدبین، چـونكە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّم) دەربارەیـان دەفەرمـوێ: (عَلَـيْكُمْ بِسُـنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ بَعْدِي عَضُّـوا عَلَيْهَـا بِالنَّوَاجِـذِ)[1] واتە: پێویسـتە لەسەرتان ڕێبـازی مـن و ڕێبـازی خەلـیفە ڕاشـیدە هیدایەتـدراوەكانی دوای مـن بگرنەبەر، قەپی پێداكەن و توند بیگرن.

هەرچییەك كە هاتەپێش كە لەدیـدوڕێ و ڕای ئەم خەلـیفە بەڕێـزانەدا نەبێـت دەبێت شەرعناسان ئیجتیهادی تێـدا بـكەن و حـوكمێكی شـەرعی بـۆ بـدۆزنەوە. هەروەهــا بەســەرنجدان لەچــۆنیەتی بەڕێــوەبردنی دەوڵەتــی ئیســلامی و ئاڕاســتەكردنی ئــوممەتی ئیســلامی لەمەودای ئەم هەزار و قســور ســاڵەی ڕابوردوویدا تا ببێتە خاڵێكی بەرچاوڕوونی لای شەرعناسانی سـەردەم تـا بـگەنە شێوازی سیستمێكی شیاوی بەڕێوەبردن.

---

[1] ئەبو داوود (٤٦٠٧)، ترمذی (٢٦٧٦)، ئیبنو ماجە (٤٢)، ئەحمەد (١٧١٤٤).

# برگەی هەشتەم:

## والی و کاربەدەستی ویلایەتەکان:

١- خەلیفە والیی بەرپرسی ویلایەتەکانی دادەنا، ویلایەتەکان بەپێی واقیعی سەردەمی خۆیان دابەشبووبوون، بۆ نموونە: میسر- پێش ئیسلام ویلایەتێکی سەربەخۆی ڕۆمانی بوو، دوای فەتحی ئیسلامیش هەروا بەویلایەتی سەربەخۆ مایەوە، یان ویلایەتێکی وەکو خوراسان قەومی بوو، دانیشتوانەکەی فارس بوون، هەرواش بەویلایەتی سەربەخۆ مایەوە، یان چەند ناوچەیەکی سەربەخۆ کرانە یەك ویلایەت وەکو ویلایەتی شام کە معاویی کوڕی ئەبوسوفیان (خوا لێیان ڕازی بێت) بوو بەوالی لەوێ.

٢- خەلیفەکان سووربوون لەسەر ڕازیبوونی دانیشتوانی ویلایەتەکان لەوالیەکانیان، سکاڵایان بەرامبەر هەر والییك بکردایە، خەلیفە والیەکەی لادەدا و یەکێکی تری دادەنا، ئەمە ڕێسای سەیدنا عومەر بوو خوا لێی ڕازی بێت، تەنانەت کە والیەکەش لەسەرحەق بووایە و مەزڵوم بوایە لایدەدا، هەر وەکو سەیدنا سەعدی کوڕی ئەبووەققاصی لادا خوا لێی ڕازی بێت (کە لە دە مژدە دراوەکەی بەهەشت بوو)، گرنگی ئەمە دیارە کە ڕازیبوونی خەڵکی لەبەرپرسانیان لەپێشترە و دەبێت بەهەند وەربیگرێت، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) هۆشداریی داوەتە هەمووان کە ناشێت یەکێك لەپێشنوێژییدا

ببێتە ئیمام لەکاتێکدا مەئموومەکانی بیبوغزێنن، یان حەزیان لە ئیمامەتی کردنەکەی نەبێت.

دەفەرموێ (مَنْ أَمَّ قَوْمًا وَهُمْ لَهُ كَارِهُونَ فَإِنَّ صَلَاتَهُ لَا تُجَاوِزُ تَرْقُوَتَهُ)[1] واتە: هەرکەسێك ببێتە ئیمامی نوێژ بۆ خەڵکانێك کە حەزیان لەئیمامەتییەکەی نەبێت، نوێژەکەی لە ئاستی شانی خۆی باڵاتر نەڕۆیشتووە (واتە بەرزنەبۆتەوە تا خوای گەورە قبوڵی کردبێت). ئاشکرایە کە پێشنوێژی ئەمانەتێکی زۆرگرنگی ئیسلامە، کەوابوو دەبێت ڕەعییەتەکە لە والییەکایان ڕازی بن.

٣- خەلیفەکانی ڕاشیدین باڵاترین ئاستی یاوەرانیان بەوالی دادەنا، بەو ئیعتیبارەی کە ڕاقیترین ئاستی پەروەردەیان وەرگرتووە، ئەگەر چی ئەهلی ویلایەتەکەش هەموو موسوڵمان بوونایە، چونکە ئەوەیان لەبەرچاو دەگرت کە خەڵکەکە نەوموسوڵمانن و ماویانە زیاتر لەئیسلام تێبگەن، بۆیە ئەوان نەوموسوڵمان کە حەتمەن پێویستیان بەسەرپەرشتی و ئاڕاستە و خۆشەویستی و برایەتی زیاتر هەبوو، ئەم یاوەرە باڵایانەش لەئاستی ئەو بەرپرسیارێتیە مەزنەدابوون.

ئەم سێ تێبینیەمان باسکرد تا ڕووناکی زیاتر بخەینە سەرئەم باسەمان، تێبینیەکی تریشمان هەیە باسی بکەین کە سروشتی کۆمەڵگە ئیسلامییەکەی ئەوسەردەمەیە، لەسەردەمی خیلافەتی ڕاشیدیندا هەموو ئوممەتەکەی یەك دیدی

[1] تەبەڕانی (٢/٢٨٢، ٢١٧٧)، ئیبنو عەساکیر (١١/٢٩٢)، عبدالرزاق (٢/٤١١، ٣٨٩٣)، ئیبنو ئەبی شەیبە (١/٣٥٧، ٤١٠٨).

فیکرییان هەبوو، یەك دید و تێڕوانینی عەقائیدییان هەبوو، کەسەکانی هەموو پەروەردەکراوی چەندەها ساڵەی ئیسلام بوون بۆیە لادان لەدیدوڕێ لەکەسەوە دەرنەکەوت، مەگەر بەدەگمەن، دواتر دیدی فیکری و ڕوانگەی عەقائیدی و ڕێبازی مەزهەبی و مەدرەسەی ڕەفتار و ڕەوشت هاتنەکایەوە.

دوای ئەم تێبینیانە دەڵێین: ئەمڕۆ خەڵکی لە جیهانی ئیسلامییدا سەدان ساڵە لەسەر دیدوڕێی ئیسلام گۆش دەبن، هەر وڵاتە و هەزاران زانا و شەرعناس و هەڵکەوتەی ئیسلامیی تێدایە کە تێگەیشتوون و پێگەیشتوون، واقیعی ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامی قەوم و زمان و مەزهەبی زیاتری تێدایە و زۆر شوێن و زۆربەش لەئوممەت لەسەریەك مەزهەبن یان ئەهلی یەك زمان و قەومن.

لەبەرامبەر ئەم واقیعەدا، ئایا هیچ بەربەستێکی شەرعیی هەیە ڕێ لەوە بگرێت کە لەدابەشبوونی ئیداریی ویلایەتەکاندا -لەم زەمانەدا- ئەمانە ڕەچاوبکرێت؟ وا نازانین هیچ بەربەستێك هەبێت، دەشێت ئەوناوچەیەی بەزمانێك دەدوێن (وەکو کوردستان) ببنە ویلایەتێك، ئەو ناوچەیەی یەك مەزهەبیان هەیە ببنە ویلایەتێك، وەکو ئەوەی ناوچەیەکی شیعەنشین ببێتە ویلایەتێك، تا ناوچەیەکی تر کە لەسەرمەزهەبێکی ترە (وەکو مەزهەبی شافیعی/ ئەندۆنیسیا) ببێتە ویلایەتێك.. هەرویلایەتەو والی و کاربەدەستانی خۆیان هەڵبژێرن، لەگەڵ گوێڕایەڵی دەسەڵاتی مەرکەزیی خیلافەت و سەربەوێ بوونیان چونکە خەلیفەی هەموان لەوێیە.. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر تێبینییەکانی پێشوو دەبینین هیچ بەربەستێك نییە ڕێ لەوە بگرێت ویلایەتەکان ئاوا پێك بێن،

بیگومان ئەگەر خەلیفە ڕازیبوو، ئەوەش بەرژەوەندیی زیاتری دەهێنایە دیی.. گرنگ ئەوەیە حەز و ڕای دانیشتوانی هەرێمەکان بەهەند وەربگیرێن وحسابیان بۆ بکرێت، بەڵام دەبێ زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکە ئاوایان بوێت، چونکە لەوانەیە ناوچەیەك ئەهلی زمانی جیاواز مەزهەبی جیاوازی تێدابێت، بشیانەوێت لەگەڵ ناوچەیەکی تردا ویلایەتێك لەسەر بناغەی برایەتی دینی دابمەزرێنن.. حەتمەن ئەگەر زانرا سەرکەوتوودەبێت ڕەزامەندییان بۆ دەردەبڕرێت..

دەبێ ئەوە تێبینی بکرێت کە هێزی کردەوەیی (سوپا و ئەمن و دەزگاکانی تری هێز) هەردەبێت مەرکەزیی بن و لەژێردەستی خەلیفە خۆیدابن، نەك هێزەکانیش بەسەر ویلایەتەکاندا دەبەشببن. ئەمیان مەترسی هەیە کە گیانی یاخیبوون و جوداخوازیی لەویلایەتێکدا دروست بکات و پشت بەم هێزە سەربازییە دەوڵەتییەی خۆی ببەستێت (بۆیە لەم سەردەمەشدا لەهەموو وولاتێکدا سوپا لەهەموو ناوچەکانە و مەرکەزیی بەدەست سەرۆکی حکومەت یان سەرۆکی دەوڵەتە).

ئەمە بەنیسبەت ڕەعیەتە موسوڵمانەکەوە، ئەمما ڕەعیەتە غەیرە موسوڵمانەکان، بەشێوەیەکی گشتی شەرعناسانی ئیسلام ڕایان وانەبووە کە غەیرە موسوڵمانەکان لەناوچەیەکدا کۆببنەوە کە هێزێك بۆخۆیان پێك بهێنن، تا دوایی نەبنە کێشە بۆ خۆشیان و بۆ دەوڵەت و ئوممەتەکەش، ئەمما غەیری ئەو خەمە بەلایانەوە ئاسایی بووە کە غەیرە موسوڵمان پێکەوە (بۆنموونە لەگەڕەکێکدا یان گەورەتر و گچکەتردا) بژین.

## برگەی نۆیەم:

## والی ئەمیری ویلایەت و نوێنەری خەلیفەیە:

بێگومان هەردەبێت کەسێك دەسەڵاتدارێتییە ئیدارییەکان بگرێتەدەست، هەرئەمیرێك کە بەوالی دەسەڵاتداری ویلایەتێك دادەنرێت، نوێنەری خەلیفەیە، دەبێت سیفەت و مەرجی تایبەتی تێدابێت، چونکە ماف و ئەرك و دەسەڵاتی وەکو ماف و ئەرك و دەسەڵاتی خەلیفەیە لە ویلایەتەکەیدا - لەگەڵ هەندێك جیاوازییدا - بۆیە والی بەرپرسە لە دوو ئەرکەکە: پیادەکردنی ئیسلام و بەڕێوەبردنی ویلایەتەکەی بەپێی ئەحکامی شەرع.. کە دەبێت ئاگای لە حاڵ و ئەحوالی دانیشتوان بێت و بەخەمیانەوە بێت و چاودێریی کاربەدەستانی ویلایەتەکەی وورد بکات.

سەیدنا عومەر خوا لێی ڕازی بێت ساڵانە والییەکانی خۆی کۆدەکردەوە (دوای حەجکردنیان) و موحاسەبەی دەکردن، یان ئامۆژگاریی و ئاراستە.. جارێك بە نوێنەری خەڵکەکەی فەرموو: (خەڵکینە بەخوا قەسەم من والیم بەسەرتانەوە دانەناوە تا ئازارتان بدەن یان سامانتان زەوت بکەن، من ناردوومن تا دینەکەتانتان تێبگەیێنن و سووننەتتان بۆ ڕوون بکەنەوە، هەرکەسێکتان لێیدرا، یان سامانی لێ سەندرا با سکالاڵی بگەیێنێتە من، بەوخوایەی گیانی منی بەدەستە بەدەستی

خۆم هەقی دەسێنمەوە).. لەڕیوایەتێکی تردا هـاتووە (هـۆ خەڵکیـنە، مـن والـی و کاربەدەستتانم بەسەرتانەوە دانەناوە تا نارەحەتتان بکەن و سامانتان لـێ بسـەنن، من ناردوومن تا داوەریی نێوانتان بکەن و سامانی بەیتولمالتان بەهەقیـانەت لـێ بەش بکەن، هەرکەسێك شتێکی بەرامبەر کراوە با هەستێتە سەرپێ و بیڵێت)[1].

---

[1] ئەبو داوود گێراویەتییەوە.

## برگەی دەیەم:

## هەرکەس وولاتی خۆی بکاتە دارولعەدل:

ئەرکی سەرشانی هەموو موسولمانانە، هەریەکەیان لە وولاتی خۆیەوە هەولبدات سەرەتا وولاتەکەی خۆی بکاتە دارولعەدل، پاشان ئەم دارولعەدلانە یەکبگرن و وولات و دەولەتەکەی ئیسلام پێك بهێنن، ئینجا ویلایەتەکانیان لێ پێك بهێنرێت بەشێوەیەك کە دانیشتوانی هەر ویلایەتێك ڕازی بن، هەر ویلایەتێکیش دەبێ یاسا و دەستووری ناوچەی خۆی هەبێت، ویلایەتی مەرکەزیی کە پایتەختە و خەلیفەی لێیە دەستووری گشتی هەیە کە چاودێری و سەرپەرشتی هەموو ویلایەتەکانی لێوە دەکرێت، دەشێت ئیتر تەفسیلاتێك کە واقیعەکە دەیخوازێت لەقورئان وسوونەتەوە وەرگیرێت و بۆیان بکرێتە یاسا و ڕێسای دەستووریی.. دەشێت سیستمی کۆنی خیلافەتی ئیسلامی لەسەردەمەکانی رابووردوودا سەرچاوەیەکی باش بن بۆ واقیعی ئەمڕۆش، هەروەها ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی موسولمانان و بەهەندوەرگرتنی ڕاوبۆچوونی هەلکەوتووانی هەرویلایەتێکیش.

پێویستە بەردەوام هۆشمان لەوەبێت کەهەولدان بۆ هێنانەوەی خیلافەتی ئیسلامی فەرزە، دەشێت لە قۆناغی یەکەمیدا حکومەتی ئیسلامی لەهەر وولاتێکی ئیستای موسولماناندا پێك بهێنرێت و ڕێ لەوە بگیرێت کە لەهەندێك

تەفسیلاتی یاسا و ڕێسا و دەستووری حکومەتکانیاندا جیاوازبن، چونکە واقعی هەریەکەیان جیاوازە.

پاشان دەکرێت ئەم حکومەتە ئیسلامیانە یەکبگرن و دارولعەدلە فەرزەکە پێکەوەبنێن، شێواز و چۆنیەتی ئەم یەکگرتنە زۆر و جیاوازە و ئیعتیماد دەکاتە سەر هێز و لاوازی و شیاو و نەشیاوی واقیعی.

دەبێت داولعەدلەکە کۆتایی بەم بارودۆخە نامۆیانەی ئوممەتی ئیسلام بهێنێت و بەو شێواز و هۆکارانەی بۆی دەلوێن گۆڕانکارییان تێدا بکات تا هەموو واقیعەکە ئیسلامیانە دەبێت.

ئینجا ئەم دەوڵەتە ئیسلامییە کە دارولعەدلی خیلافەتە پێویستە بانگەوازی خوایی -بەپێی توانا- بەجیهاندا بڵاوبکاتەوە.

ئەم کارانە و کارکردن بۆ هێنانەدیی ئەم فەرزانە، فەرزە، لەسەرشانی یەك یەکی موسوڵمانانە و دەبێت بەو هۆکارانەی لەتواناياندایە هەوڵی بۆ بدەن (خوای گەورە یارمەتیدەر بێت، چونکە بەڵێنی داوە).

*** *** ***

دوای ئەوەی لە ئوممەت و خیلافەت و نیشتمان دواین، ئینجا پێویستە بێینە سەر باسی سیاسەتەکانی دەوڵەتی خیلافەت کە لەم نیشتمانە و بەسەر ئەم ئوممەتە و بەچاودێریی خەلیفە جێبەجێدەکرێن.

# ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| پێشەكی | ٥ |
| باسی یەكەم: ئوممەت | ٢١ |
| بڕگەی یەكەم :ئوممەت ئیماندارانی مێژووە | ٢٣ |
| بڕگەی دووەم :نیشانەكانی یەك ئوممەتی ئیسلامی | ٢٧ |
| بڕگەی سێیەم :ڕەگەزنامە و ناسنامەی موسوڵمان عەقیدەكەیەتی | ٤٦ |
| بڕگەی چوارەم :نەوەی یاوەران نموونەی باڵای ئوممەتی ئیسلامین | ٧٠ |
| بڕگەی پێنجەم :كۆڕا (ئیجماع)ی ئوممەت حەقە | ٧٥ |
| بڕگەی شەشەم :پەیامی ئیسلام بۆ هەموو مرۆڤایەتییە | ٧٩ |
| بڕگەی حەوتەم : موسوڵمان لە ئینتیماكردنیدا بۆ ئوممەتی ئیسلام ئازاد نییە | ٨٢ |
| بڕگەی هەشتەم: ڕاوێژكاریی (شورا) سیما و سیفەتی ئەم ئوممەتە ئیسلامییەیە | ٨٥ |
| بڕگەی نۆیەم :ئادابی ئوممەت ڕێ لە تەفرەقەی دەگرێت | ١٠١ |
| بڕگەی دەیەم :ئەو كەسەی بەشداری چالاكی سیاسیی ئیسلامی دەكات دەبێت پێگەیشتووبێت | ١٠٤ |
| باسی دووەم :خیـــلافەت | ١٠٧ |
| بڕگەی یەكەم :سیما و سیفاتی خیلافە | ١٠٩ |

| | |
|---|---|
| بڕگەی دووەم :مەرجەکانی خەلیفە | ١٦٥ |
| بڕگەی سێیەم : دانانی خەلیفە | ١٨٢ |
| بڕگەی چوارەم :هەڵبژاردنی خەلیفە | ٢٠٧ |
| بڕگەی پێنجەم :ئەرك و مافی خەلیفە | ٢١٨ |
| باسی سێیەم :نیشتیمان | ٢٢٧ |
| بڕگەی یەکەم : نیشتیمانی ئوممەتی ئیسلامی هەموو سەرزەمینە | ٢٢٩ |
| بڕگەی دووەم :جیهان دووجۆر وولاتە: دارولئیسلام و دارولکوفر | ٢٣٣ |
| بڕگەی سێیەم :دارولحەرب (دارلکوفر) دەشێت دوو جۆر بێت | ٢٣٧ |
| بڕگەی چوارەم :ئەگەر خەلیفە و خیلافەتمان نەما؟ | ٢٤١ |
| بڕگەی پێنجەم :دەبێت دارولعەدلیش بەرفراوانتر بکرێت | ٢٤٣ |
| بڕگەی شەشەم :پاك کردنەوەی ریزەکانمان لە دووڕوو دەغەڵ و زەندیقان | ٢٤٨ |
| بڕگەی حەوتەم :ویلایەتی تایبەت بەمەزهەب و زمان: | ٢٥١ |
| بڕگەی هەشتەم :والی و کاربەدەستی ویلایەتەکان: | ٢٥٣ |
| بڕگەی نۆیەم :والی ئەمیری ویلایەت و نوێنەری خەلیفەیە | ٢٥٧ |
| بڕگەی دەیەم :هەرکەس وولاتی خۆی بکاتە دارولعەدل | ٢٥٩ |
| ناوەڕۆك | ٢٦١ |

zadyreman